نەوام چۆمسکی

# ڕۆنانە سینتاکسییەکان

وەرگێڕانی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠٢٠

* ناوی کتێب:ڕۆنانە سینتاکسییەکان
* نووسینی: نەوام چۆمسکی
* وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوللا خۆشناو
* تاپیپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
* دیزاینی ناوەوە: وەرگێڕ
* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠٢٠
* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٦٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر

ژمارە( )

## پێشەکی (کوردی)

نــەوام چۆمســـکی نووســـەر و بیرمەنــدێکی گــەورەی جیهانە، خاوەنی سەدەها کتێب و لێکۆڵینەوە و وتار و کۆڕ و سـیمینار و چاوپێکەوتنـە، بیرمەنـدێکی فـرە ئایـدۆلۆژیا و فـرە ڕەهەنـدە، بـە جـۆرێ لـە بوارەکـانی زمـان، سیاسـەت، پەیوەنـدیی نێودەوڵـەتی و میـدیا خـاوەنی بۆچـوونی کـارا و گرنگە.

چۆمسـکی لـە بـواری زمانەوانیـدا دوای بڵاوکردنـەوەی کتێبــی (**ڕۆنــانە سینتاکســییەکان**) لە ســاڵی ١٩٥٧ لەلایەن ناوەنـدی چـاپ و پەخشـی مۆتـان نـاوی دەرکـرد، چونکـە چۆمسکی بەهۆی ئەم کتێبەوە توانی شۆڕشـێکی گـەورە لـە بــوای زمانەونیــدا بــەرپا بکــات، بــەجۆرێک ئاراســـتەی زمانەوانی گۆڕی و بـەرگێکی نـوێی بـە زمـان بەخشـی، ئەم کتێـبە تـا ئێسـتا وەرگێـڕدراوەتە سـەر زۆربەی زمانەکـانی جیهــان، بۆیــە ئێمــەش بــۆ زیــاتر خزمــەتکردنی بــواری زمانــەوانی بــە گشــتی و زمــانی کــوردی بــە تایبــەتی و پڕکردنەوەی بۆشایی لە کتێبخانـەی کوردی ئـەم کتێبـەمان وەگێڕا سەر زمانی کوردی، بەو هیوایـەی خزماتێکمـان بـە بواری زمانەوانی گەیاندبێت.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە ئەوە بکەین، کە بەڕاستی شارەزابوون لە تیۆرەکەی چۆمسکی کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو تاڕادەیەک ئەستەمە، بۆیە ئێمە لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە هەوڵمانداوە خوێنەرانی کورد بە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئاشنا بکەین، بۆ ئەوەی زیاتر شارەزایی لە بواری ڕستەسازی پەیدا بکەن.

**نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

**کوردستان/ هەولێر**

**٢٠٢٠/٣/١**

## پێشەکی وەرگێڕ(عەرەبی)

سالّی ١٩٥٧ مێژووی سەرهەلّدانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەیە، کە مێژووی بلاّوکردنەوەی کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (نەوام چۆمسکی). گرنگی کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) لەوەدایە، کە بە یەکەم دەستوور هەژمار دەکرێت بۆ ئەو تیۆرەی چۆمسکی دایهێناوە. ئەم تیۆرە شۆڕشێکی لە بواری زمانەوانیی لە ئەمریکا و (بەشێوەیەکی کەمتریش) لە ئەوروپا بەرپاکرد و بووە هۆی هێنانی چەمکی زمانەوانیی تازە، لەوانە بۆ نموونە سیستەمی ڕێزمان (بەو شێوەیەی هەندێکجار چۆمسکی ناوی دەبات) توانستی کەسێکە لەسەر بەکارهێنانی بێسنووری ئامڕازە سنووردارەکان؛ هەروەها گرنگیدانە بە خەسلّەتە گشتی و هاوبەشەکانی زمانەکان لەجیاتی جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی نێوان زمانەکان، هەروەک چۆن لە قوتابخانەی بونیادگەریدا تێبینی دەکرێت، واتە ئەم قوتابخانەیە باوەڕی بە تیۆری زمانەوانیی گشتی هەیە. بە هەمان شێوە گرنگی بەو توانا عەقلّییە دەدات، کە لەپشت پرۆسەی ئاخاوتنەوەیە، کە چۆمسکی بە(توانست)(Competence)

ناوزەدی دەکات و لە ڕواڵەتە دەرەکییەکەی ئاخاوتن جیای دەکاتەوە، یان ئەوەی کەسێک لە لە ڕووی کردەییەوە لەم توانستـــت زمـــانەوانییە قــۆرخی دەکـــات، چۆمســـکی ئەم ڕواڵەتــەی بــە (دەســتکەوت) (Performance) نــاوزەد دەکــات. چۆمســکی (توانســـت) بەوە پێناســـە دەکــات، کە کـۆمەڵە یاسـایەکی عەقڵییـیە، بەهـۆیەوە کەسێک دەتوانێـت ژمـــارەیەکی بێســـنووری ڕســـتەکان بەرهەم بهێنێـــت. لەبەرئەوە چۆمسـکی هەوڵـدەدات نمـوونە زمـانەوانییەکەی لەسـەر ئەم بنەمـایە بونیـاد بنێت و سیستـەمی ڕێزمـانی لە تیـۆرەکەی وا لێبکـات، کە ببێـتە کـۆمەڵە یاسـایەکی ڕوون، بەهۆیەوە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بهێنێت، کە بۆیـان هەیە لەو زمـانە بەکارهـاتبن، کە ئەو ڕێزمانەیـان لـێ داتاشـراوە. چۆمســـکی ئەم یاســـا ڕێزمانیـــانەی بە (ڕوون) نـــاوزەد کـــــــردووە، ئەمەش خەســــــڵەتێکی جەوهەریـــــــیە لە سیستـەمەکەیدا؛ **یەکەم** شـتی ئەم سیسـتەمە مانـای ئەوەیە، کە پیـــادەکردنی ئەم ڕێزمـــانە پێویســـتە بەشـــێوەیەکی دینـامیکی بێـت وەک هاوکێشـەکانی ماتماتیـک، کە دەکـرێ ئامێرێک ئەنجامیان بدات، بەجۆرێ پێویست ناکات مرۆڤ شـــرۆڤەیان بکـــات. **دووەم** شـــتی ئەم یاســـایانە لە زەخیرەیەکی زمـانەوانی سنووردارەوە بەرهەم دێن، بەڵام

دەبنە ڕەنگدانەوەی زەخیرەیەکی زمانەوانی بێسنوور، واتە ئەم ڕێزمانە لەسەر ئەو زەخیرە سنووردارە جێبەجێ نابێت، کە تەنها لێوەی بەرهەم هاتووە، بەڵکو لەسەر هەموو زەخیرە زمانەوانییەکەی ئەو زمانەی مەبەستمانە جێبەجێ دەبێت. ئەم تیۆرە وەک هەر تیۆرێکی دیکەی ئێستا لە بواری زانستەکاندا بەکاردەهێنرێت، تەنها چەند بونیادێکی زمانەوانی وەسف و پۆلێن ناکات، بەڵکو لەوە دەترازێت و دوورتر هەنگاو دەنێت، و تیۆرەکان (یان یاساکان) دەکرێ هەموو بونیادە زمانەوانییەکان پێشبینی بۆ بکات، کە شرۆڤە و وەسفیان بۆ کراوە. ئەمەش هەروەک خوێنەر درکی پێدەکات کارێکی مەزنە لە هەموو زمانێکدا، لەبەر ئەوە ئەو شتەی نووسەر لەم کتێبەیدا پێشکەشی دەکات، تەنها ژمارەیەکی کەمی یاسا ڕێزمانییەکانن، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریانیگرتووە، کە دەکرێ ببنە بەڵگەیەک بۆ بونیادنانی سیستەمێکی گشتگیر بۆ ئەم زمانە و زمانەکانی دیکە.

ئەم قوتابخانەیە بەشێوەیەکی خێرا پێشڤەچوونی بەخۆوە بینی و بووە جێگرەوەی قوتابخانەی بونیادگەری لە بواری توێژینەوەی زماندا، و لە ساڵی (١٩٦٥) گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن، لەو کاتەی چۆمسکی کتێبێکی بە

ناونیشانی (چەند لایەنێک لە تیۆری ڕستەسازی) نووسی، ئەم قوتابخانەیە لە ئەمریکا و ئەورووپا و زۆر شوێنی جیهان بڵاوبووەوە و تا وای لێهات لە ئێستادا بووەتە گرنگترین تیۆری زمانەوانی. پاش ئەم مێژووەش هەندێک جیاوازی لە بیر و بۆچوونی هەوادارانی دەرکەوتن و ئەم قوتابخانە سەرەکییە چەند لقێکی لێ بووەوە، گرنگترینیان قوتابخانەکەی (چۆمسکی)یە، کە بە (تیۆری پێوەری فراوان ـ Extended Standard Theary) دەناسرێت، هەروەها تیۆری (واتاسازی بەرهەمهێنان Semantics-Generative)، کە (ج.لاکۆف) و (ج. د. ماکولی) و چەند کەسانێکی دی ڕابەرایەتی دەکەن.


تیۆری زمانەوانی، کە چۆمسکی لەم کتێبەیدا پەرەی پێدا، پشت دەبەستێت بەو تیۆرە زمانەوانیانەی لە جیهانی ڕۆژئاوا پەرەیان پێدەدا، بە تایبەت لە ئەمریکا، کە ناودارترینیان تیۆری بونیادگەرییە، کە شێوازی شیکردنەوەی بۆ پێکهاتە ڕاستەوخۆکانی بە شێوە دێرینەکەی خۆی و هەندێک لە تیۆرە لۆجیکییەکان پەیڕەوکرد (واتە ئەو تیۆرانەی لە لۆجیکناسی)ەوە هەڵهێنجاون.

بێگومـــان خــوێنەری عەرەب ئەگــەر شــارەزای بیــروڕا زمانەوانییەکـانی ڕۆژئـاوا نـەبێ، ئـەوا نـاوەڕۆکی ئەم کتێبـە بەشـــێوەیەکی نـــامۆ دێـــتە پـــێش چـــاو، هۆکـــاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە جەوهەرییەی لە نێوان ئەو تیـــۆرە زمـــانەوانییەی لەســـەری ڕاهـــاتووە لای عەرەب (ڕستەســازی عەرەبــی) و شــێوازی ڕۆژئــاوایی پڕۆســەی شـیکردنەوە بـۆ بونیـادە زمـانەوانییەکە دەگرێتـەوە. لەبەر ئەوە وای دەبینم بـۆ یارمەتیدانی خـوێنەر زۆر بەسـوودە، کــە کــورتەیەکی گشــتی دەربــارەی هەردوو شــێوازەکە پێشکەش بکەین، ئەمەش بۆ لابردنی هەندێ نامۆیی لەسـەر تیۆرەکەی چۆمسکی.

پەیوەنــدی نێــوان توخمەکــانی بونیــادی زمــانەوانی لە ڕستەسـازی عەرەبی پشت بە کۆنترۆڵکردنی ئەم توخمـانە دەبەستێت لەگەڵ یەکدیدا، ئەمەش لە زمانەوانیی هـاوچەرخ بە (پاشــکۆیی depen dency) یـان (کـۆنترۆڵکردن ــ governance) ناوزەد دەکرێت، عەرەبەکان پێیان دەوت (هۆکـــار) و (کـــارتێکراو)، بیروبۆچـــوونێکی بـــاویش هەیە دەربــارەی ئەم پەیوەنــدییە دەڵێــت: (هەمــوو توخمێــک لە بونیاددا کـار لە تـوخمەکەی دی دەکـات، تەنها یەک تـوخم نەبێت، کە سـەربەخۆ دەبێت)، نـاکرێ هـیچ توخمێک پشـت

بە زیاتر لە یەک توخم ببەستێت (واتە نابێ ببێتە (کارتێکراو) بۆ زیاتر لە یەک (هۆکار) ). ئیتر بونیادی ئەم ڕستەیە بۆ نموونە:(کوڕەکان سەردانی برادەری عەلییان کرد)، لەم حاڵەتەدا بەم جۆرەیە: (سەردانی کرد) توخمێکی سەربەخۆیە (هیچ ئامڕازێک کاری تێنەکردووە، و (کوڕەکان)یش (بکەر)ە سەر بە توخمی (سەردانی کرد)نن، و (برادەر)یش سەر بە (کار)ەکەن، کە (سەردانی کرد)ە، (بەرکارەکە کارەکەی کەوتۆتە سەر)، پاشکۆی توخمی (برادەر)یش (دیارخەر)ە، ئەم وێنەیەی خوارەوە ئەم پەیوەندییانە ڕوون دەکاتەوە:

**کوڕەکان سەردانی برادەری عەلییان کرد.**




ئەم تیۆرە بۆ ئەو زمانانە گونجاوە، کە حاڵەتەکانی شیکردنەوە لە ڕێگەی گۆڕینی کۆتایی وشەکان بەکاردەهێنن، وەک زمانەکانی عەرەبی و لاتینی، بەڵام لەگەڵ زۆربەی ئەو زمانانەش ناگونجێت، کە کەمتر کۆتایی وشەکانیان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، وەک زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێکی دی ئەوروپی هاوچەرخ. ئەگەر بڕوانینە ئەو شتانەی بەرانبەر بە ڕستەی عەرەبی دەبنەوە، کە پێشتر لە زمانی ئینگلیزیدا باسمانکرد:

(the boys visited Alis Friend)

**( کوڕەکان سەردانی برادەری عەلییان کرد)**

دەبینین کۆتاییەکانی هەموو وشەکان جگە لە (Ali's) چەسپاوە، ئاماژە بە شوێنەکەی خۆی لە پرۆسەی شیکردنەوەکەدا ناکات، لەبەر ئەوە ئەو شێوازانەی پەرەیان پێدرا بۆ شیکردنەوەی بونیادی ئینگلیزی بە پلە یەک پشت دەبەستێت بە شوێنی توخمەکە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕێژەیی چەسپاوە لە پێکهاتەی زمانەوانیدا، لەم شێوازانە وەک شێوازی شیکردنەوەی پێکهاتە ڕاستەخۆکان، کە زمانەوانی ئەمریکی ناسراو (بلۆمفیلد) لە سالانی سییەکانی سەدەی بیستەم هێنایە ئاراوە، پاشان هەوادارانی ئەو لە قوتابخانەی بونیادگەریی پەرەیان پێدا،


ئیتر بووە گرنگترین شێوازەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی تا قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە سەریهەڵدا. بە گوێرەی ئەم شێوازە دەتوانین ڕستەکەی پێشووتری زمانی ئینگلیزی، کە باسمان کرد، بۆ دوو بەش شرۆڤە بکەین:(The boys) و تەواوی ڕستەکە، پاشان the (boys) بۆ ئامرازی (the) و (boys) دابەشدەکەین، دواتر ناوەکەی کۆتای بۆ بنەمای boy و نیشانەی کۆ(s) دابەش دەکەین، بەڵام بەشی دووەمی ڕستەی visited Ali's friend ، کە دابەش دەبێتە سەر کار visited و ئەو شتانەی دەمێنێتەوە، هەروەها کار دابەش دەبێتە سەر بنەما visit و نیشانەی ڕابووردوو ed، بەڵام Ali's friend دابەش دەبێتە friend و Ali's ، هەروەها Ali's دابەش دەبێتە سەر بنەمای Ali و نیشانەی خاوەنداریەتی(s). ئەم پەیوەندییە هەرەمیانە دەکرێ لەم وێنەیەی خوارەوە ڕوون بکرێنەوە:




ئەوەش تێبینی دەکرێت، کە پەیوەندی نێوان توخمەکانی پێکهاتەی ئەم فرێزە The boys پێکهاتەیەکی گەورەن، کە لە پێکهـاتەی بچـووک پێکـدێن، هەروەک لەم وێنەیـەدا دەردەکەوێت:

<table>
<tr><td rowspan="2">The</td><td>boy</td><td>S</td></tr>
<tr><td colspan="2">Boys</td></tr>
<tr><td>The</td><td colspan="2">boys</td></tr>
</table>

بەگشـتی شـێوازی پـارچەکردنی دوانەیـی لەم تیـۆرەدا بەکـــــارهێنراوە، چۆمســـــکی ئەم شـــــێوازەی لە ڕووی جەوهەرەوە پەیـڕەو کـردووە، پاشـان پەرەی پێـدا بـۆ ئەو شـتەی بە (ئامـاژەی فرێـز) (phrase marker) نـاوزەد دەکرێت، کە دەکرێ بەشـێوەی دەرەختێکی سـەراونخوون وێـنەی بکێشـین، ئەنجـام بونیـادی فرێـزەکەی سـەرەوە بە بۆچـــــوونی (چۆمســـــکی) دەردەکەوێـــــت، کە ئەمەیە (ناوهێنانەکان لە ڕستەسازی ئاساییەوە وەرگیراون)




ئەمـانەی وتمـان، گرنگتـرین ئەو دژوارییانـەی خـوێنەر بەرەنگاریـان دەبێـتەوە، کە سـەختی و دژواری جیـاوازی

هەردوو تیۆرەکەیە، بەڵام دژوارییەکانی دیکە بچووکترن و هەنـــــدە گەورە نـــــین، کە لە بەکارهێنـــــانی شـــــێوازی یەکـــــلاکەرەوەی ورد بەرجەســـــتە دەبێـــــت بـــــۆ ئەو وەســـــفکردنەی پشـــــت بە یاســـــا و هێمـــــا و کورتەکـــــان دەبەستێت. مەبەست لەم شێوازە هەوڵدانە بۆ زانستیبوون، کە لە شـــێوازی ماتماتیـــک و زانســـتە ڕووتەکـــان نزیـــک دەبێتەوە. بۆیە پێویستە توێژەری زمانەوانی ڕابێت لەسـەر بەکارهێنـــانی ئەم شـــێوازە بە شـــێوەیەکی زانســـتی لە توێژینەوەی زماندا.

خوێنــدنەوەی ئەم کتێبــە پێویســتی بە هەوڵــدان هەیە، بەڵام سـوودێکی زۆر بەوانە دەگـات، کە دەیخـوێننەوە. ئەم کتێبە بنەمـایەکە بـۆ تیـۆرە زمانەوانییەکانی بەرهـەمهێنان و گوێزانـــەوە، کە زۆر بڵاوبـــوونەتەوە، گرنگییـــان تەنهـــا تــوێژینەوەی زمــان نــاگرێتەوە، بەڵکــو چەنــدەها بــابەتی دیکەش دەگرێتەوە، وەک ئەدەب و ڕەخنە و دەروونناسـی.

پەراوێزەکـانی ئەم کتێبـە دوو بەشــن: پەراوێزەکـانی نووسەرەکە و پەراوێزەکانی وەرگێڕ.

لە کۆتاییشــدا هەر کتێبێــک وەرگێڕدرابێــت، کەلــێن و خەوشــی هەر تێــدا دەبێــت، کتێبــە بەهادارەکـان لەوانەیە کەلێنەکـانی لە دەقە وەرگێــڕدراوەکە زیــاتر بێــت، بەڵام

ئەوەی دەبێـتە پاسـاوی وەرگێـڕانەکە، لـەم حـاڵەتەدا ئەو سـوودە گەورەیەی دەیگەیەنێـت، کە مـرۆڤ لە ئەنجـامی خوێنـدنەوەی کتێبەکـەدا دەسـتی دەکەوێت. بەو هیـوایەی خوێنەر لەم کتێبەدا دەستی بگاتە هەندێک لەو سـوودانەی، کە زانیارییە زمانەوانییەکانی دەوڵەمەند بکات.

د.یوئێل یووسف عەزیز
زانکۆی مووسڵ ـ مووسڵ
١٠/ ٤/ ١٩٨٥

# پێشکەشکردن

ئەم توێژینەوەیە بە مانایەکی فراوان باس لە ڕۆنانە سینتاکسییەکان دەکات (بۆ جیاکردنەوەی لە واتاسازی) بە مانا تەسکەکەشی باسی لێوەدەکەین (بۆ جیاکردنەوەی لە یەکە دەنگییەکان یان فۆنەتیک و وشەسازی). ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکان بۆ بونیادنانی تیۆرێکی گشتی لەمەڕ بونیادی زمانەوانی، کە بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە داڕێژرابێت،[1] بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی ئەم جۆرە تیۆرە. هەوڵدان بۆ دارشتنێکی وردی زمانەوانی پاڵنەرێکی بەهێزی هەیە، کە لە گرنگیدان بە وردەکارییە لۆجیکی و ئارەزووی پاککردنەوەی شێوازە پتەوەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی دەترازێت.

نموونەکانی بونیادی زمانەوانی، کە بەوردی داڕێژراون، لەوانەیە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت چ ئەرێنی و چ نەرێنی لە پرۆسەی دۆزینەوەی خۆیان، چونکە دارشتنێکی وردی نەگونجاو ئەگەر پەرەی پێ بدەین و بیگەیەنینە ئەنجامێکی ناپەسەند، زۆرجار دەبنە یارمەتیدەر بۆ دۆزینەوەی

١ ـ مەبەست لە دارشتنی ڕووکەشیانە؛ وەسفکردنی پەیوەندی نێوان هێماکانی زمانە بەبێ باسکردنی ماناکانی ئەم هێمایە (وەرگێڕ).

سەرچاوەی نەگونجاندن، ئیتر بەم شێوەیە باشتر و قوڵتر لــە پێــدراوە زمانەوانییــەکان تێدەگــەین. لــە ڕوانگــەی ئەرێنیشــەوە ئــەو تیــۆرەی بەشــێوەیەکی ڕووکەشــیانە دادەڕێــژرێن، لەوانەیــە ڕێکــاری چارەســەری کێشــەکان بەشــێوەیەکی دینــامیکی پێشــکەش بکــات، جگــە لــەو مەسەلانەی تیۆرەکە لە پێناویدا داڕێژراون. چەمکە لێڵـەکان پشت بە گومـان دەبەستن، ناگەنـە ئـەنجامێکی نامـەعقوڵ و ڕاســت و دروســت، چونکــە لــەم حاڵەتــەدا ئــەو ســوودە ناگەیەنێت، کە مەبەستمانە، ئەویش لە هەردوو ڕووەوە.

من وایدەبینم هەندێک زمانەوان گرفتیان هەیە لـە بـەهای پێشڤەچوونی تەکنیکی ورد دەربارەی تیۆرە زمانەوانییەکە، لەوانەیـە درکیـان بـەو سـوودە نـەکردبێت، کـە لـە شـێوازی توندا هەیـە لـە بـواری پێشنیازی تیۆرێک لـە تیۆرەکـان، و بـەوردی پیادەکردنیـان لەسـەر مـاددە زمانەوانییەکـە، بـەبێ ئـەوەی هــەوڵ بـدەین خۆمـان لـەو ئەنجامـە ناپەسـەندانە بپـارێزین، کـە لـە لادانـی هەڕەمـەکی یـان لـە داڕشـتنێکی ســەرپێیەوە دروســت دەبێــت. ئەنجامــە تۆمارکراوەکــانی خــــوارەوە بــــەهۆی چەنــــد هــــەوڵێکی هۆشــــیارانەوە پێیگەیشتووین، بۆ پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە بەشێوەیەکی ڕێکوپێـک، لێـرەدا پێویسـتە جـەخت لەسـەر ئـەم ڕاسـتییە

بکەینەوە، چونکە لەوانەیە خوێنەر لەبەر هەڕەمەکیبوونی شێوازی توێژینەوەکە درکی پێنەکات.

لێرەدا ئێمە توێژینەوە لە سێ نموونەی بونیادی زمانەوانی بەتایبەت دەکەینەوە، هەوڵیش دەدەین کەلێن و خەوشەکانی دیاریبکەین. بۆیە نموونەیەکی پەیوەندی تیۆری سادەی زمانمان بەرچاو دەکەوێت و نموونەیەکی دیکەی بەهێزتریش دەبینین، کە بەشی هەرە زۆری گرتۆتەخۆ لەوەی ئێستا ناسراوە بە (شیکردنەوەی پێکهاتە ڕاستەوخۆکان)، ئەم دوو نموونەیە ناتوانن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست مەرامەکانی وەسفی ڕێزمانی بپێکن. تاوتوێکردنی ئەم دوو نموونەیە و پیادەکردنیان چەند ڕاستەقینەیەکی بونیادی زمانەوانی دەردەخەن و بە هەمان شێوەش ژمارەی کەلێنەکانی تیۆری زمانەوانی ئاشکرا دەکەن، بەتایبەتی بێدەسەڵاتی ئەم تیۆرە لەوەی پەیوەندییە دیاریکراوەکانی نێوان ڕستەکان شرۆڤە بکات، وەک پەیوەندی نێوان (بکەر دیار) و (بکەر نادیار)، لەبەر ئەوەی نموونەی سێیەم پەرەی پێدەدەین، نموونەی گوێزانەوەی بونیادی زمانەوانی، کە لە زۆر ڕووەوە توانای لە نموونەی پێکهاتە ڕاستەوخۆکان زیاترە و دەتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی ئەم پەیوەندییانە شرۆڤە

بکات(کـه ئاماژەمـان پێـدان)، ئەگـەر تیـۆری گوێزانـەوە بەجوانی دابڕێژین و لەسەر زمانی ئینگلیزی بەبێ کۆسپ پیـادەی بکـەین، دەبینـین لـە کـاتی خوێندنەوەیـدا دەبێتـە یارمەتیدەرمان بۆ ناسینی ژمارەیەکی زۆر لە دیاردەکان، بەڵام نەک ئەو دیاردانەی نموونەکە لە پێناویدا داڕێژراون. بـە کـورتی دەبینـین وەسـفی ڕووکەشـیانە بـۆی هەیـە لـە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی سوودمان پێ بگەیەنێت.

لە ماوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا سوودم لەو گفتوگۆ زۆرانە وەرگرت، کە لەگەڵ (زلیک ئاس هاریس) ئەنجاممدا. بۆیە زۆر لە بیروڕا و بۆچوونەکانی خزێنرانە دووتوێی ئەم کتێبەوە، لەبەرئەوە ئاماژەی تایبەتییان بۆ ناکـەم. توێژینـەوەکانی (هـاریس) لـە بـواری بونیـادی گوێزانەوە لە ڕا و بۆچوونێکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاماژەمان پێدان، لە کۆپلەکانی (١٥) و (١٦) و (١٩)ی سـەرچاوەکاندا پـەرەیان پێـدرا. هـەروەها ڕەوشـی توێژینەوەکـە لـەژێر کاریگـەری نووسـینەکانی (نلسـن گودمـان و دەبلیـو ڤـی کواین)دایـە، بـەڵام بەشـێوەیەکی کەمتر، بە هەمان شێوە بەشی زۆری ئەم توێژینەوەیەم بە دوور و درێـژی لەگـەڵ (مـۆریس هالـە)دا باسـکرد و زۆر سـوودم لـە تێبینـی و پێشـنیازەکانی بینـی. هەریـەک لـە

(ئەریک لینبرک) و (شفلەر ویهواشو بارهلیل) ڕەشنووسی یەکەمی توێژینەوەکەیان خوێندەوە و ژمارەیەکی زۆر لە بیرورڕا ڕەخنەییە بەهادار و پێشنیازە گرانبەهاکانیان پێشکەشکرد، کە پەیوەستن بە ناوەرۆکەکەیەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە تیۆری گوێزانەوە و بونیادی گوێزانەوەی زمانی ئینگلیزیدا هەرچەندە کورتە، بەڵام بۆی هەیە ببێتە بنەمایەک بۆ زۆر لە گفتوگۆکان، کە زۆربەی کات لە نێوان هەردوو ساڵی (١٩٥١) و (١٩٥٥) ئەنجام دراون، ئەویش کاتێک ئەندامی نوێی کۆمەڵەی دۆستانی ئەکادیمی بوو لە زانکۆی هارڤارد. لەبەرئەوە خوازیارم سوپاسی ئەم کۆمەڵەیە بکەم، بۆ ئەو خزمەتانەی لە ڕووی ئازادی سازدانی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشیان کردم.

# پێشەکی

ڕستەسازی(سینتاکس)[1] باس لەو پرەنسیپ و کردانە دەکات، کە بەهۆیەوە ڕستەکانی ناو زمانە هەمەجۆرەکان بونیاد دەنرێن. ئامانجی ئەم توێژینەوە ڕستەسازییە بونیادنانی سیستەمێکی ڕێزمانییە[2]، بە شێوەیەک بکرێتە ئامرازێک لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئەو ڕستانەی سەرقاڵی شیکردنەوەیانین. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە زمانەوانان گرنگی بە مەسەلەی دەستنیشانکردنی ئەو خەسڵەتە سەرەکیانە بدەن، کە سیستەمەکانی یاسای سەرکەوتوو پشتیان پێدەبەستێت. بۆیە پێویستە لە

---

١ - ڕستەسازی(Syntax) لەگەڵ وشەسازی و سیستەمی یاساکان (ڕێزمان) جیاوازی هەیە. (وەرگێڕ).

٢ ـ زۆرجار وشەی Grammar بۆ (ڕستەسازی) وەردەگێڕدرێت، کەچی ناتوانرێت بەکاربهێنرێن، چونکە بە مانایەکی دی بەکاردەهێنرێن (بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١) )، کەچی بەکارهێنانی وشەی (ڕێزمان) گرفتی زۆری تێدایە، یەکەمیان ئاماژە بۆ کۆ دەکات، ئەگەر بمانەوێت Grammar وەربگێڕین، زەحمەت دەبێت، لەبەرئەوە وا باشترە سیستەمی یاساکان(ڕێزمان) بەکاربهێنین، کە زاراوەیەکی ئەوتۆیە دەتوانین لە شێوازی ناسراوی و نەناسراوی بەکاری بهێنین. (وەرگێڕ).

ئـەنجامی کۆتـایی ئـەم توێژینەوانـە بگەینـە ئـەوەی تیـۆری بونیـــادی زمانـــەوانی دابمـــەزرێنین، کـــە ئامڕازەکـــانی وەسـفکردنی چەنـد سیسـتەمێکی یاسـاکان بـەکاریان بێنن، ئینجـــا بـــە شـــێوازێکی ڕوون لێـــی بکۆڵرێنـــەوە بـــەبێ ئاماژەکردن بە هیچ زمانێکی دیاریکراو. یەکەم ئـەرکی ئـەم تیـۆرە دەسـتەبەرکردنی ڕێگایـەکی گشـتییە بـۆ هـەڵبژاردنی سیسـتەمی یاسـاکان بـۆ هـەموو زمانێـک، ئـەویش کاتێـک تـــوێژەر زەخیرەیـــەکی (Corpus) دەوڵەمەنـــدی لـــە ڕستەکانی ئەم زمانە هەبێت.

بیرۆکـەی سـەرەکی لـە تیـۆری زمانـەوانی بریتییـە لـە (ئاســتی زمانــەوانی)، ئاســتی زمانــەوانی ئاســتی یەکــە دەنگییەکان (فۆنـــەتیک) بێـــت یـــان ئاســـتی وشەســـازی (مۆرفۆلـۆجی) یـان پێکهاتـەی فرێزەکـان بێـت، کـەچی لـە ڕووی کرۆکــەوە کۆمەڵــە ئــامڕازێکی وەســفییە، کــە بــۆ بونیادی سیستەمی ڕێزمان دابیندەکرێت، کە لـە شـێوازێکی دیــاریکراو پێکــدێت بــۆ گوزارشــتکردن لــە گوتــەکان، دەشـتوانین دەسـەڵاتی تیـۆرە زمانەوانییەکـە دیاریبکـەین، کاتێـک تونـد و ورد دەبـین لـە پەرەپێـدان بـە شـێوەکانی سیسـتەمی یاسـاکان، بـە مـەرجێک لەگـەڵ ئـەو کۆمەڵـە ئاستانەدا یەکبگرنەوە، کە تیۆرەکە لـە دووتوێیـان دەگرێت،

پاشـان توێژینـەوە بکـەین دەربـارەی ئەگـەری بونیادنـانی سیســـتەمێکی یاســـایی ســـادە و کـــارای زمانـــە سروشـتییەکان[1]، کـە لـە شـێوەی پێشـووی سیسـتەمی یاسـاکانەوە وەرگیـرا بێـت. لێـرەدا بـەم شـێوەیە لـە ژمارەیـەکی جۆراوجـۆری چـەمکی بونیـادی زمانـەوانی دەکۆڵینەوە، پاشان چەند ئاستێکی زمانەوانی یەک لەدوای یەک باس دەکەین، کە ئاڵۆزییان زۆرتر دەبێت و یەکانگیر دەبێـت لەگـەڵ وەسـفی ڕێزمـانی بـەتواناتر و لێهـاتووتر. لێـرەدا هەوڵـدەدەین ئـەوە ڕوون بکەینـەوە، کـە تیـۆری زمانـەوانی کـەمتر لـە سـێ ئاسـت لـەخۆ ناگرێـت، ئـەویش ئەگەر بۆی هـەبێت سیستەمی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزیمان پێ ببەخشێت، کە سوودی بۆ بابەتەکە هەبێت.

---

١ - ئـەو زمانانـەی کۆمەڵگـە مرۆییـەکان بـەکاریان دەهێـنن، وەک جیاکردنەوەیـەک لـە زمانـە دەسـتکردەکان، بـۆ نموونـە وەک زمـانی ئەلیکترۆنی(کۆمپیوتەر) (وەرگێڕ).

لــــه كۆتاییـــدا پێشـــنیاز دەکـــەین ئـــەم توێژینـــەوە ڕووکەشـــییە[١] ڕووتـــەی بونیـــادی زمـــان ســـوودی بـــۆ توێژینەوەی واتاسازی[٢] هەیە.[٣]

---

١ - بڕوانە پەراوێزی (یەکەمی ئەم کتێبە) دەربارەی توێژینەوەی ڕووکەشیانە.

٢ - لێرەدا واتاسازی بەرانبەر بە (semantics) لە زمانی ئینگلیزدا. (وەرگێڕ).

٣ ـ لە بەشی شەشەمدا باسمان لەو پاڵنەرە کرد، کە ئەمجۆرە توێژینەوەیەی وا لێکردووە بەم ڕێچکەیەدا بڕوات، کە لێرەدا باسمانکردووە.

(٢)

# سەربەخۆیی سیستەمی ڕێزمان

**١-٢:** لێرە بەدواوە ئیتر وا دادەنێم زمان (سنووردار بێت یـــان ســـنووردار نـــەبێت) کۆمەڵـــە ڕســـتەیەکە، هـــەموو ڕستەیەک درێژییەکـەی تێیـدا سـنووردارە و لـە کۆمـەڵێک توخمی سنووردارەوە سـەرچاوەی گرتـووە، هـەموو زمانـە سروشـتییەکان بـە شـێوازە گۆکراوەکـەی بێـت یـان بـە شـێوازە نووسـراوەکەی بـەم چەمکـە بـە زمـان هـەژمار دەکـرێن، مـادام هـەموو زمـانێکی سروشـتی ژمارەیـەک فۆنیمی دیاریکراوی هەیە (یەکە دەنگییەکان) یان (پیتەکانی ئـەلفوبێ)، دەکـرێ هـەموو ڕسـتەیەک بـە ژمارەیـەک فـۆنیم یـان چەنـد (پیتێـک) بەرجەسـتە بکرێـت. بـە هـەمان شـێوە دەتوانین کۆمەڵە ڕستەیەکی هەندێک سیستەمی ماتماتیک، کە بەشێوەیەکی ڕووکەشیانە داڕێژراون، بە زمان هـەژمار بکەین. ئامانجی سەرەکی شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ هـەر زمانێـــک (ز ـــــ L)جیاکردنـــــەوەی نێـــوان زنجیـــــرە ڕێزمانییەکانە،[١] کـە لـە ڕسـتەی زمـانی (ز ــ L) و زنجیـرە

---

[١] - زنجیرەی (Seguence) واتای بەدوایەکهاتنی چەند توخمێکە بە شێوەیەکی ئاسۆیی یان ستوونی، (چۆمسکی) ئەم زاراوەیەی زۆر بەکارهێناوە.

نارِێزمانییەکان پێکدێت، کە لە زماندا (ز ــ L) بە ڕستە دانانرێت، هەروەها توێژینەوەی بونیادی زنجیرە ڕێزمانییەکانە. بەمجۆرە سیستەمی ڕێزمانی زمان (ز ــ L) دەبێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی هەموو زنجیرە ڕێزمانییەکانی زمانی (ز ــ L) و بەرهەمهێنی زنجیرە نارێزمانییەکان. یەکێک لە ڕێگاکانی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی سیستەمی ڕێزمانی پێشنیازکراوەکانی زمان (ز ــ L) ئەوەیە لە سەرەتاوە دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە ئایا زنجیرەکانی سیستەمی بەرهەمی دەهێنێت، ئایا ڕێزمانییە یاخود نەء: واتە بە هەمان زمان ئایا لای گوێگر پەسەندکراوە یاخود نەء؟. لێرەدا دەتوانین چەند هەنگاوێک بنێین بۆ دابینکردنی پێوەرێکی ئاکاری بۆ ڕێزمانیبوون، تاکو ئەم دەسەڵاتە بخەینە بەر تاقیکردنەوە، با گریمانە بکەین بۆ مەرامەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە شارەزاییمان لە ڕستەی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزیدا هەیە، پاشان پرسیار بکەین، کە چ جۆرە سیستەمێکی ڕێزمانی بۆی هەیە ئەم کارە ئەنجام بدات و ئەم بە شێوازێکی کارا ڕستانە بەرهەم بهێنێت، کە ڕێگا بەرانبەر توێژەر ڕۆشن بکاتەوە، بەم شێوەیە مەسەلەیەکی زانراومان ڕووبەڕوودەبێتەوە، کە شرۆڤەی چەمکێکی ئاساییە، لەم

حاڵەتەدا چەمکی (ڕێزمان) لە زمانی ئینگلیزدا بەشێوەیەکی گشتی چەمکی (ڕێزمان)ە.[1]

تێبینــی ئــەوە دەکرێــت لــەپێناو دەستنیشــانکردنی ئامانجەکانی سیستەمی ڕێزمان بەشێوەیەکی گرنگ، بەسە بـۆ مـرۆڤ شـارەزایەکی بەشـەکی لـە ڕسـتە و نارِسـتەدا هــەبێت،[2] واتــە ئێمــە لــەم گفتوگۆیــەدا دەڵێــین هەنــدێک زنجیرەی ئەوتۆ لە فۆنیمەکان پێکهاتبێ، بێگومان بە ڕستە هـەژمار دەکـرێن، هەنـدێک زنجیـرە فۆنیمـەکانی دی ڕسـتە نـین، بێگومـان لـە زۆر حاڵەتـدا دەکەوێتـە نێـوان ئـەم دوو حاڵەتەوە، با سیستەمی ڕێزمانی واز لێ بێنـین، تـاکو خـۆی گوزارشـت لـە خـۆی بکـات، ئەگـەر سیسـتەمی ڕێزمـانی بـە شێوازێکی سادە دابنرێت و زنجیرە ڕستەییەکان بگرێتـەخۆ و زنجیرەکانی ڕستە نین هەڵاوێر بکرێت، بێگومان ئەمە بە خەسڵەتێکی ئاسایی لە خەسڵەتەکانی شـرۆڤەکردن هـەژمار

[1] - لە تیۆری چۆمسکی گۆکردنی زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە ئەو بە پێوەری زۆر لە بابەتە زمانەوانییەکانی دەزانێت. (وەرگێڕ).

[2] - نارِستە (non-sentences) ئەو زنجیرە نارِێزمانییانەیە، کە ڕستەی ناو زمان نین، کە لێرەدا باسیان دەکەین.

دەکرێـت.[١] ئیتـر بـەم شـێوەیە ژمارەیـەکی دیـاریکراوی حاڵەتـە ڕوون و ئاشـکراکانمان دەسـتدەکەوێت لەسـەر پێوەری دەسەڵاتی هەر سیستەمێک لە سیستەمی ڕێزمـان. ئەگـەر مەسـەلەکە پەیوەنـدی بـە یـەک زمانـەوە هـەبێت بـە تـەنها و بـەبێ زمانـەکانی دی. ئەمـە تاقیکردنەوەیـەکی لاوازی دەسەڵاتمان پێدەبەخشێت، مادام ژمارەیـەکی زۆری

---

[١] - بۆ نموونە تێبینی ئەمە بکە:

N. Good man, The Structure of appearance (Cambridge, 1951), pp 5-6.

تێبینـی ئـەوە دەکرێـت بـەدیهێنانی مەرامـەکانی سیسـتەمی ڕێزمـان، ئەگەر تیۆرێکی زمانـەوانیمان لەبەردەستدابێت، تـەنها پێویسـتی بـە زانینێکـی بەشـەکی دەربـارەی ڕسـتەکان (واتـە زەخیـرە) هەیـە، چونکـە تیـۆری زمانـەوانی پەیوەنـدی نێـوان ڕسـتە تێبینیکراوەکـان و کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕێزمانی دیاریدەکات، واتە (ڕستە ڕێزمانییـەکان) بە پشتبەستن بە (ڕستە تێبینیکراوەکان) دیاریدەکات و هەندێک لـە خەسـڵەتەکانی ڕسـتە تێبینیکراوەکـان و چەنـد خەسـڵەتێکی سیستەمەکانی ڕێزمان دەستنیشـان دەکات. تیـۆری زمانـەوانی ـ بـە قسەی کواین Quine ڕوونکردنەوەیەکمان پێشکەش دەکات بۆ ئـەو شتەی ئەگەری ئەوەی هەیە لە زماندا بوونی هەبێت لەسـەر بنـەمای (ئەو شتانەی بوونیان هەیە سەرباری سادەیی ڕێزمـان کـە وەسـفی بەرهەمەکان و ئەو شتانە دەکەن، کە بوونیان هەیە).

هەمەچەشنەی سیستەمەکانی ڕێزمان دەتوانێت چارەی حاڵەتە ڕوونەکان بکات بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

ئەمە دەکرێ بگشتێندرێت، تاکو ببێتە مەرجێکی بەهێز، ئەگەر جەخت بکەینەوە سەر ئەوەی حاڵەتە ڕوونەکان پێویستە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست چارەسەر بکرێن، ئەویش بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی ڕێزمان هەموویان بە یەک شێواز دامەزرێنراون. ئەمەش وا دەگەیەنێت هەریەکە لە سیستەمی ڕێزمان پەیوەندی بە زەخیرەی ڕستەکانی ناو ئەو زمانەوە هەیە، کە وەسفی دەکات، بەهۆیەوە پەیوەندییەکی پێشوەخت بۆ سەرجەم سیستەمەکانی ڕێزمان دیاریکراون، کە تیۆرێکی دیاریکراو دەستنیشانی دەکات. بەم شێوەیە تاقیکردنەوەیەکی زۆر بەهێزمان دەستدەکەوێت بۆ دەسەڵاتی تیۆری زمانەوانی، کە هەوڵدەدات ڕوونکردنەوەیەکی گشتی بە چەمکی (ڕستەی ڕێزمانی) ببەخشێت بەگوێرەی (ڕستەی تێبینیکراو) و بە هەمان شێوەش بۆ سیستەمی ڕێزمانی، کە بەپێی ئەم تیۆرە دارێژراون. ئەمەش مەرجێکی مەعقولە، مادام ئێمە تەنها گرنگی نەک بە زمانە جیاوازەکان دەدەین، بەڵکو گرنگی بە سروشتی گشتی زمانیش دەدەین، بەڵام قسەکردن لەم بابەتە سەرەکییە

کێشـــەی زۆرە، کــە لــە بابەتــە ســـەرەکییەکە دوورمـــان دەخاتەوە.

**٢ـ٢:** ئایا ئـەو بنەمایـە چییـە لـە جیاکردنـەوەی زنجیـرە ڕێزمانییـــەکان و زنجیـــرە ناڕێزمانییـــەکان پشـــتی پـــێ ببەسـتین؟ لێـرەدا هـەوڵ نـادەم وەڵامێکـی تـەواو بـۆ ئـەم پرسـیارە پێشـکەش بکـەم (تێبینـی بکـە لـە ٦-٧)، بـەڵکو خوازیـارم وەڵامـی چەنـد پرسـیارێک بدەمـەوە، کـە خۆیـان دەسـەپێنن، یەکـەم ڕوون و ئاشـکرایە ڕسـتە ڕێزمانییـەکان ناکرێ بە چەند گوتەیەک دەستنیشـان بکرێن، کە لـە کاتی جێبـــەجێکردنی کـــاری مەیدانیـــدا لـــەژێر دەســـتی زمانەوانانـــدان.[1] سیســـتەمی ڕێزمـــانی هـــەر زمانێـــک ڕەنگدانـەوەی زەخیرەیـەکی دیـاریکراوی هەڕەمـەکی گوتـە تێبینیکراوەکانـە، تـا کۆمـەڵێک گوتـەی ڕێزمـانی بێسنوورن. سیسـتەمی ڕێزمـان بـەم چەمکـە ڕەنگدانـەوەی ئاکـاری قسـەکەرەکە دەتوانێـت ــ پشـت ببەسـتێ بـە شـارەزایی

---

١ - لـەم بابەتـەدا چۆمسـکی وەڵامـی زمانەوانـە بونیادگـەرەکان دەداتـەوە Structura lists کـە لـە پڕۆژەکەیانـدا زەخیرەیـەک لـە ڕسـتەی ڕاسـتەقینەیان توێژیوەتـەوە، بـەو واتایـەی ئـەم ڕسـتانە گوزارشت لە زمان دەکەن، کە پێویستە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت (وەرگێڕ).

سنووردار لە هەرڕەمەکی زمان ـ ژمارەیەکی بێسنوور لە ڕستەی تازە بەرهەمبهێنێت یان لێیان تێ بگات، بگرە هەر شرۆڤەیەکی بۆ چەمکی (ڕێزمانی لە زمانی (ز ـ L) )، واتە هەر خەسڵەتێکی ڕێزمانی لە (ز ـ L)، کە پشت بە گوتە تێبینیکراوەکە لە (ز ـ L)دا ببەستێت، ئەم حاڵەتە دەکرێ وای بۆ بڕوانرێت، کە شرۆڤەیەک بۆ لایەنە سەرەکییەی ئاکاری زمانەوانی بکات.

**٢ـ٣:** دووەم؛ ناکرێ چەمکی (ڕێزمانی) پێناسە بکرێت بەوەی هەموو شتێک(واتای هەبێت)، یان هەموو شتێکە (ناوەرۆکی بێت) بەپێی هەر چەمکێکی واتایی، هەردوو ڕستەی (١) و (٢) هیچ مانایەکیان نییە، کەچی هەر قسەکەرێک بە زمانی ئینگلیزی دەزانێت تەنها ڕستەی یەکەم ڕێزمانییە:

1- Colerless green ideas sleep furiously.

١ـ ئەو بیروبۆچوونە سەوزانەی بێ ڕەنگن بەتوندی دەخەون.

2- Furiously sleep ideas green colorless.

٢ــ بەتونـدی دەخـەوێت سـەوزەکە، کـە بـێ ڕەنگـە بیروبۆچوونەکان.[٢]

بـە هـەمان شـێوە هـیچ هۆیـەکی واتـایی لـە ئـارادا نییـە وامان لێ بکات، کە ڕستەی (٣) لـە ڕسـتەی (٥) بـە باشـتر بزانین، یاخود ڕسـتەی (٤) لـە ڕسـتەی (٦) باشـتر بـزانین، هەرچەندە ئەم دوو ڕستەیە (٣) و (٤) لە زمـانی ئینگلیـزی تەنها ڕێزمانین.

3-have you abook on modern music?

٣ــ ئایـا کتێبێکـت دەربـارەی مـۆزیکی هاوچـەرخ لا دەستدەکەوێت؟

4-the book seems interesting.

٤ـ وا پێدەچێت کتێبەکە مایەی گرنگیپێدان بێت.

5-read you abook on modern music?

---

[١] - بەدوایەکداهاتنی وشەکان لەم ڕستەیەدا تێبینی بکە (٢)، کە وای لێدەکات نارێزمانی بێت، کەچی ڕستەی (١) ڕێزمانییە، هەرچەندە بێ واتایە، ئەمەش چۆمسکی مەبەستێتی بیپێکێ، کاتێک دەڵێت واتا و ڕێزمان دوو شتی جیاوازن، هەوڵیش دەدات ئەم مەسەلەیە لەم برگەیەدا بسەلمێنێت.(وەرگێڕ).

٥ـ لەلای هاوچەرخ مۆزیک کتێب خوێندووتە؟

6-The child seems sleeping.

٦ـ وا پێدەچێت منداڵەکە دەخەوێت.[١]

ئـەم جـۆرە نموونانـە ئـەوە ڕوون دەکەنـەوە، کـە هــەر توێژینەوەیەک دەربارەی پێناسەکردنی (ڕێزمانی) پشت بە واتــا ببەســتێت، ئــەوا هیچــی لــێ شــین نابێــت. لــە بەشــی حەوتەمدا دەبینین چەند هۆکارێکی بونیادی قووڵ هەیـە بۆ جیاکردنەوەی (٣) و (٤) لە (٥) و (٦)، بەڵام پێش ئـەوەی شـرۆڤەی ئـەم جـۆرە ڕاسـتەقینانە بکـەین، پێویسـتە تیـۆری بونیادی ڕێزمانی پەرەی پێ بدەین و بیگەیەنینە دوورتر لە سنوورە ناسراوەکانی ئێستای.

**٢ـ٤:** سـێیەم؛ بیرۆکـەی (ڕێزمـانی لـە زمـانی ئینگلیزیـدا) بـەهیچ شـێوەیەک بـە بیرۆکـەی (ڕێـژەی بـەرزی ئەگـەری ئاماری لە زمانی ئینگلیزیدا) دەستنیشان ناکرێت، ئیتر با لە ڕاستەقینەکە دوورنەکەوینـەوە ئەگـەر بڵێین ڕسـتەی (١) و

[١] - لە هەردوو ڕستەی (٥) و (٦)دا ڕەچاوی ئەوە کراوە، کە هەردووکیان دەبێ بەگوێرەی سیستەمی ڕێزمانی زمانی عەرەبی نەبن و وەک هەردوو ڕستەکەی زمانی ئینگلیزی بن. (وەرگێڕ).

ڕستەی (٢) یان هەر بەشێکیان لە زمانی ئینگلیزیدا نەهاتوون، کەواتە لە هەر نموونەیەکی ئاماری ڕێزمانی دەبینین، کە هەردوو ڕستەکە پەراوێز دەخرێن، ئەویش لەبەر هەمان هۆکار، بەو واتایەی هەردووکیان لە زمانی ئینگلیزییەوە دوورن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕستەی (١) هەرچەندە خاڵییە لە واتا، کەچی هەر ڕێزمانییە، کەچی ڕستەی (٢) بەو شێوەیە نییە، جا ئەگەر هەردوو ڕستەکە پێشکەشکران بە قسەکەرێکی زمانی ئینگلیزی، ئەوا ڕستەی (١) بە ئاوازێکی ئاسایی ڕستەکە دەیخوێنێتەوە، کەچی ڕستەی (٢) بە ئاوازێکی خوارتر دەخوێنێتەوە لەگەڵ هەر وشەیەک لە وشەکانی، ئەمەش ڕەهەندێکی ئاوازدارە لە زنجیرەی وشە نەبەستراوەکاندا بەکارهێنراوە. قسەکەر هەموو وشەیەکی ڕستەی (٢) بە واژەیەکی سەربەخۆ دەزانێت، هەوڵیش دەدات ڕستەی (١) زیاتر لە ڕستەی (٢) بە بیردا بێتەوە و لە کاتێکی کەمتردا فێری ببێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە نەتوانێت دوو وشە لە وشەکانی هەردوو ڕستەکە نەبیستبێ، یان گوێی لێ نەبووبێت، کە پێکەوە لە ئاخاوتنێکی ڕاستەقینەدا باسیان کرابێت. با نموونەیەکی دی باس بکەین:

لــە I saw afragle______ (ببیـنم ــ فشــەڵ)، لەوانەیــە وشــەی whale (حــوت) و وشــەی (of) (لــە) یەکسـان بێـت (واتـە سـفر) بێـت لـە دووتـوێی شـارەزایی زمانەوانی پێشووی قسەکەرەکە، لەگەڵ ئەوەشدا قسـەکەر دەزانێـت بـەکارهێنانی یـەکێک لـەم دوو وشـەیە بـە تـەنها دەبێتــە هــۆی دروســتبوونی ڕســتەیەکی (ڕێزمــانی)[1]. بێگومـان ئێمـە نـاتوانین پشـت بـەو ڕاسـتییە ببەسـتین کـە ڕســتەیەکی وەک (١) دەکــرێ لــە کــاتی ئاخاوتنــدا لــە بوارێکی نەگونجاودا بەکاربهێنرێت، لە کاتێکدا ڕستەی (٢) قـەت بـەکارناهێنرێت، چونکـە ئـەم بنەمایـەی جیاکردنـەوەی نێوان (١) و (٢) مەبەستمانە دەستنیشانی بکەین.

کەواتــە ڕوون و ئاشــکرایە توانــای مــرۆڤ لەســەر دامەزراندن و زانینی گوتـەی ڕێزمـانی پشـت بـە بیرۆکـەی ئەگـەری ئامـاری و هاوشـێوەکانی نابەسـتێت. زمانـەوانان فێربوونــە هەمیشــە واژەی ڕێزمــانی ئــەو ڕســتانەی پــێ نــاوزەد بکــەن، کــە بــەکاردەهێنرێن، یــان ئەگــەری

---

[1] - واتە (نەهەنگێکی فشەڵم بینی، ڕستەیەکی ڕێزمانییە، لە کاتێکدا (ببینم کەسێک فشەڵ) ڕستەیەکی ناڕیزمانییە (وەرگێڕ).

بـــەکارهێنانیان هەیـــە[1]، ئەمـــەش فەرمانێکـــە بـــووە هـــۆی دروستبوونی شڵەژاوییەک لـە مەسـەلەکەدا. گرنگـە بزانین ئەو شتانەی ئەگەری بوونیان هەیە، واتای ئەوەیە ئەگـەری ڕوودانیان زۆرە، ئەو جیاوازییە وردەی زمانەوان لە نێوان ڕێزمـانی و نارێزمـانی ئـەنجام دەدەن،[2] هۆکارەکـەی ئـەو هەستەیە کـە واقیعـی زمـان ئـاڵۆزە و ناتوانرێت وەسفێکی تەواوی بدرێتێ، لەبەر ئـەوە پێویستە زمانـەوان ڕازی بیت کە بە کۆپییەک ڕێکبخات، کە شوێنی ئەگەری (سفر)ی تێدا بگرێتەوە، بە هـەمان شێوە ئەگـەری دروستبوونی شوێنی

---

١ - ئەم بۆچوونە لە تیۆری بونیادگەریی و چەند تیۆرێکی دیکەدا هاتووە. (وەرگێڕ).

٢ . پاشان پێشنیاز دەکەین، کە ئەم جیاکردنەوە وردە دەکرێ ئاراستەی بیرۆکەی ئاستەکانی ڕێزمان ببرێت، بەڵام ئەمە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە، کە لێرەدا باسی دەکەیەن، چونکە هەردوو ڕستەی (١) و (٢) لە دوو ئاستی جیاوازی ڕێزمانین، هەرچەندە پلەیەکی نزمتری ڕێزمانیت بەخشییە ڕستەی (١)، کە لە (٣) و (٤) نزمتر نیت بۆ نموونە، لەگەڵ ئەمەشدا هەردوو ڕستەکە لە یەک ئاستی مەودای ئامارین لە زمانی ئینگلیزی، ئەم بۆچوونەش لەسەر ژمارەیەکی زۆری ڕستە هاوشێوەکان پیادە دەبێت.

هـەموو ئەگـەرە باڵاکـان بگرێتـەوە.[1] کـەچی ئێمـە تێبینـی دەکـەین ئەمـە ڕاسـت و دروسـت نییـە، و شـیکردنەوەی بونیادگـەری ناتوانێـت وا لێـی تێبگـەین کـە پوختـە و کورتەیەکی ڕێکخراوە، کە لەڕێگەی ڕوونبوونـەوەی چەند مەشـخەڵێکی تەماوییـە لـە وێنـە ئاماریـیە تەواوەکەدایـە. ئەگەر زنجیرەکان لە درێژە دیاریکراوەکان بەپێی ئەگەری ئامـاری دیاریبکـەین، لەبـەر ئـەوەی لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هــاتووە، ئــەوا دەبینــین زنجیــرە ڕێزمــانی و زنجیــرە نارێزمانییەکان لە هـەموو بەشـەکانی لیسـتەکەدا پەرتـەوازە دەبن، وا پێناچێت پەیوەندییەک لە نێوان ئەگەر و ڕێزماندا بوونی هەبێت. توێژینەوەکانی واتایی و ئاماریی هەرچەندە گرنــگ و بەســوودە، کــەچی وا پێــدەچێت، کــە هــیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەسـەلەی دەستنیشـانکردن یان جیاکردنەوەی گوتە ڕێزمانییەکان هەبێت. لەبەر ئەوە وا گومـان دەبـەم، کـە سیسـتەمی ڕێزمـان پەیوەنـدی بـە واتــاوە نییــە و ئــەو نموونانــەی پشــت بــە ئەگــەرەکان

1.C.F.Hockelt, Amanual & phonology (Baltimore 1955), p.10.

دەبەستن، بۆچوونێکی قووڵمان لە هەندێک مەسەلەی سەرەکی دەربارەی ڕۆنانی ڕستەسازی پێنابەخشن.[٢]

---

[١] . پاشان لە هەردوو بەشی هەشتەم و نۆیەم دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندی نێوان واتا و ڕستەسازی ، پێشنیاز دەکەین ئەم پەیوەندییە ناکرێ لێی بکۆڵدرێتەوە مەگەر پاش ئەوەی ڕۆنانە سینتاکسییەکە لەسەر بنەمای سەربەخۆ دەستنیشان بکرێت. لەو باوەڕەشدام هەمان شت جێبەجێ دەبێتە سەر پەیوەندی نێوان توێژینەوە ڕێزمانی و ئامارییەکانی زمان، ئەگەر سیستەمی ڕێزمانمان پێشوەخت بەخشییە زمانێک، ئەوا دەتوانین لە بەکارهێنانی زمان لە ڕووی ئامارەوە بە چەندەها شێواز بکۆڵینەوە، لەم کاتەدا پەرەپێدانی نموونەکانی ئەگەری بۆ بەکارهێنانی زمان بەسوود دەبێت(ڕۆنانی سینتاکسی زمان جیایە)، بڕوانە:

B.Mandelbrot, Structure formelle des textes et communication: deux etudes, word 10, 1-27(1954).

ب . ماندلبرو، ( البنية الشكلية للنصوص و الاتصال: دراستان, مجلة ورد ١٠, ص ١-٢٧ (١٩٥٤).

H.A.Simon, on a class of skew distribution functions, Biometrika 42. 425- 440(1955).

زۆرجار پیاو هەوڵدەدات پەیوەندییەکی ئاڵۆزتر لە نێوان بونیادی ئاماری و ڕێزمانی دروست بکات، لەو نموونە سادەیەی ئەگەری، کە پێشتر ڕەتمان کردەوە، باسیش لەوە ناکەم ئەم جۆرە پەیوەندییە

ناکرێ بیری لێ بکەینەوە، بەڵام من هیچ پیشنیازێک نازانم، کە کەلێنی ڕوونی تیادا نەبێت، بەتایبەتی ببینە هەریەکە لە (ن) دەتوانین پەتێک بدۆزینەوە، وشەکانی (ن) لە ناویدا لەوانەیە لە سەرەتای ڕستە ڕێزمانییەکەیە، کۆتایی وشەکانی (ن) لە ناویدا لەوانەیە کۆتایی ڕستەیەکی ڕێزمانی بێت، کەچی دەبێ لە (ج٢) جیا بێت، بڕوانە نموونە زنجیرەییەکانی جۆری The man who.........are hare (ئەو پیاوەی کە... ئامادەین) لێرەدا دەکرێ بۆشایی (...) گوزارشتێکی کردەیی بێت، کە درێژیەکی هەڕەمەکی هەبێت، بڕوانە هەمان شێوە، کە ئێمە دەتوانین چەندەها زنجیرەی نوێ و تازەمان دەستکەوێت، بەڵام ڕێزمانین بۆ ئەو جۆرانەی لە وشەکان پێکهاتوون، بۆ نموونە زنجیرەیەکی خەسڵەتە درێژترەکان کە لە زنجیرەیەکەوە دروست کرابێت کە لەم بوارەدا هاتووە I saw a ..... hause (خانوویەکم بینی .....) هەوڵەکانی شرۆڤەکردنی جیاوازی نێوان ڕێزمانی و ناڕێزمانییەکان، هەروەک لەم دوو ڕستەیەدا (١) و (٢)دا هاتووە لەسەر بنەمای هاتنی پرسێک لە ڕستە یان پلەی ئەگەری زنجیرەی پۆلینەکانی پێچەوانە بە چەندەها ڕاستەقینە.

(٣)

# تیۆری یەکەمی زمانەوانی

**٣ـ١:** ئەگەر پێشوەخت گریمانەی ئەوەمان بکەین، کە چەند ڕستەیەکی ڕێزمانی ئینگلیزی بوونیان هەیە، پێویستە ئێستا پرسیار بکەین، کە ئەو ڕێگەیە چییە بۆی هەیە ئەم کۆمەڵە بەرهەم بهێنێت (ئایا ئەو گریمانە کامەیە، کە دەتوانێت شرۆڤەیەکی گونجاو بۆ بونیادی ئەم بەرهەمانەی گوتەکان پێشکەش بکات)، دەتوانین هەر ڕستەیەک لەم کۆمەڵە بە زنجیرەیەک لە فۆنیمەکان هەژمار بکەین، کە درێژییەکی سنووورداری هەبێت. زمان سیستەمێکی ئاڵۆزی هەیە، ڕوون و ئاشکراشە هەر هەوڵێک بۆ پێشکەشکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵە زنجیرەیەکی ڕێزمانی فۆنیمەکان، دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی ڕێزمانی فرە ئاڵۆزی بێکەڵک و بێسوود، لەبەر ئەم هۆکارە و چەندەها هۆکاری دی، وەسفی زمانەوانی بە گوێرەی سیستەمی (ئاستەکانی نوێنەرایەتی) دەبێت، واتە لەجیاتی ناوهێنانی ڕۆنانی فۆنیمی[1] ڕستەی ڕاستەوخۆ، زمانەوان چەند توخمێک بۆ

---

[1] - فۆنیم (کۆیەکەی فۆنیماتە)،بریتییە لە یەکەی دەنگی، لە وشەی (وقف) شەش فۆنیم هەیە، کە ئەمانەن: و، بزوێن، ق، بزوێن، ف، بزوێن، سێیانیان لەو فۆنیمانە دەنگی نەبزوێنن، سێ بزوێنیشیان

(ئاستە باڵاکان)ی وەک مۆرفیمەکان(یەکەکانی وشەسازی) دادەنێت، هەروەها بەشێوەیەکی جیاواز ناوی ڕۆنانی مۆرفیمی ڕستەکان و ڕۆنانی فۆنیمی مۆرفیمەکان دەهێنێت، دەشتوانین زۆر بەئاسانی بۆمان دەربکەوێت، کە وەسفی هاوبەش بۆ ئەم دوو ئاستە ئاسانتر دەبێت لە وەسفی ڕاستەوخۆی بونیادی فۆنیمی ڕستەکان.

با لێرەدا لە شێواز هەمەجۆرەکانی وەسفی ڕۆنانی مۆرفیمی ڕستەکان ڕابمینین،[1] پرسیار دەکەین ئایا

---

تێدایە، بەڵام وشەی (وقف) بە یەکەیەکی وشەیی(مۆرفیم) لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی (وشەسازی) هەژمار دەکرێت (وەرگێڕ).


[1] - لە پەراوێزی پێشوودا وشەی (وقف)مان بە نموونە هێنایەوە و وتمان یەکەیەکی وشەسازییە و مۆرفیمە، کەچی وشەکە لە چەند مۆرفیمێک پێکدێت، بۆ نموونە وشەی (کتبوا)، ئەم وشەیە لە مۆرفیمی (کتب) و مۆرفیمێکی دی پێکدێت، کە واوی (کۆ) مۆرفیمی یەکەم سەربەخۆیە و خۆی بە تەنها دەتوانێت دەربکەوێت، بەڵام مۆرفیمی دووەم بە لکاویی دەردەکەوێت، لەوانەشە مۆرفیم لە چەند شێوە و ڕواڵەتێکدا دەربکەوێت، بۆ نموونە مۆرفیمی کۆ لە زمانی عەرەبیدا شێوەی (المذکر السالم و المؤنث السالم و جموع التکسیر) وەردەگرێت، هەروەها مۆرفیم لە چەند فۆنیمێک پێکدێت، کەچی پەیوەندییەکەیان ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو ناڕاستەوخۆیە، لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزە و لێرەدا بواری باسکردنیمان نییە. (وەرگێڕ).

سیستەمی ڕێزمان چییە، کە پێویستە بەکاریان بێنین بۆ بەرهەمهێنانی هەموو زنجیرەی مۆرفیمەکان (یان وشەکان)، کە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی ڕێزمانی پێکدێنن ـ ئەمەو هیچی تر.

یەکێک لە خواستەکانی سیستەمی ڕێزمان ئەوەیە سنووردار بێت، کەواتە ئەم سیستەمە نابێ تەنها لیستێک بێت بۆ کۆکردنەوەی زنجیرەی مۆرفیمەکان (یان زنجیرەی وشەکان)، مادام ژمارەی ئەم زنجیرانە لە زماندا بێسنوورە. لێرەدا نموونەیەکی تیۆری ناسراوی گەیاندنەکان لە زماندا هەیە، کە دەتوانێت پەلمان بکێشێت بۆ ڕێگای سەرکەوتن بەسەر ئەم سەختییەدا، با وا گریمانە بکەین، کە ئامێرێکمان هەیە چەند حاڵەتێکی ناوخۆیی سنوورداری لەخۆگرتووە، هەروەها با گریمانە بکەین ئەم ئامێرە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەویش لەڕێگەی هێمایەکەوە لەو هێمایانەی هەن (بۆ نموونە وشەیەکی ئینگلیزی). یەکێک لەم حاڵەتانانە حاڵەتی یەکەمە: پاشان لە زنجیرە حاڵەتێک دەستپێدەکات (کە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دی بازدەدات وشەیەک بەرهەم دەهێنێت)، تاکو دەگاتە حاڵەتی کۆتایی، زنجیرەی وشەی بەرهەمهاتووەکان بە (ڕستە)

ناوزەد دەکرێن، هەر ئامێرێک لەم ئامێرانە زمانێک دەستنیشان دەکات، واتە کۆمەڵە ڕستەیەک بەم شێوازە بەرهەم بێت، هەموو زمانێک بۆی هەیە بەمجۆرە ئامێرە سنووردارە بەرهەمهاتبێت بە زمانی خاوەن حاڵەتە سنووردارەکان ناوزەدی بکەین، دەشکرێ خودی ئامێرەکە بە سیستەمی ڕێزمانی خاوەن حاڵەتە سنووردارەکان ناوزەد بکەین، بە هەمان شێوە دەکرێ گوزارشت لە سیستەمی ڕێزمانی خاوەن حاڵەتە سنووردارەکان بکەین بەم دەربڕینە (وێنەکێشانی حاڵەتەکان)[1]، بۆ نموونە سیستەمی ڕێزمان تەنها دوو ڕستە بەرهەم دێنن ( The man comes) (پیاوەکە دێت)، (The men come) (پیاوەکان دێن)، هەروەک لەمەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

**(٧)**





[1] -C. E. Shanon and W. Weaver, The Mathematical theory of communication (Urbana, 1949),pp.15 f.

دەکرێ ئەم سیستەمەی ڕێزمان پەرە پێ بدەین، تاکو بگاتە ئەو حاڵەتەی ژمارەیەکی بێسنووری ڕستە بەرهەمبهێنێت، ئەویش بە زیادکردنی چەند بازنەیەکی داخراو بۆی، بەمشێوەیە ئیتر سیستەمی ڕێزمانە سنووردارەکانی بەشێکی زمانی ئینگلیزی، کە دوو ڕستە لەخۆ دەگرێت، پێشووتر باسمانکردن، لەگەڵ The old man comes (پیاوە پیرەکە دێت) و ( The old old man comes) (پیاوە پیر پیرەکە دێت)، ( The odl men come): (پیاوە پیرەکان دێن) ( The old old man come) (پیاوە پیر پیرەکان دێن). بەم هێڵکاریانەی خوارەوە گوزارشتیان لێ دەکەین[1]:

---

[1] - ئەم وێنەیەی سەرەوە لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکە ناگونجێت، چونکە لەم دەزگایەدا (سیستەمی ڕێزمان) پێویستە (ئاوەڵناو) پاش (وەسفکراو) بێت و ژمارە و ئاماژەکانی نێر و مێ لە پاشیدا بێت، ئیدی وێنەکە بە زمانی عەرەبی بەمشێوەیەی لێ دێت و ئاراستەکەش لە چەپەوە بۆ لای ڕاست دەپارێزرێت.

(٨)





ئەگــەر وێنــەی حاڵەتــەکانمان دەســتبکەوێت، دەتــوانین ڕســتەیەک بەرهــەم بێنــین، ئــەویش بــە شــوێنپێهەڵگرتنی هێڵەکە لە خاڵی دەستپێکردنەوە بۆ لای چەپ، تاکو خاڵی کۆتایی لەلای ڕاست، هەمیشە بەدوای ئاراستەی تیرەکە بکەین. ئەگەر بگەینە خاڵی وێنەکە، دەتوانین لەوێوە لە ڕۆیشــتن بــەردەوام بــین لــەو هێڵــەی لــە خاڵەکــەوە دەردەپەڕێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەگەر بەم هێڵەدا تێپەڕین، پێشوەخت ڕۆنانی ئەو ڕستەیەی دەمانەوێت یان نەء. ئیتر بەم شێوەیە هەموو (خاڵێکی لقدار) لەم وێنەیەدا لەگەڵ حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی ئەو ئامێرەی ئاماژەمان پێدا یەکدەگرێتــەوە، هــەروەها دەتــوانین لــە حاڵەتێکــەوە بــۆ

حاڵـەتێکی دی بازبـدەین، ئـەویش بـە پـەیڕەوکردنی چەنـد شـێوازێک، بــە هــەمان شـێوە دەتـوانین هــەر ژمارەیــەکی بمانـەوێت لـە بازنـە داخراوەکـان و لـە هـەموو درێژییـەکان بـەکاربهێنین. ئـەو ئامێرانـەی زمانـەکان بەرهەمـدێنن، بـەم شێوازە لە ماتماتیکدا بە (پرۆسەکانی مـارکۆڤ دەناسـرێت، کـە خـاوەن حاڵـەتی سـنووردارن)، ئەگـەر ویسـتمان ئـەم نموونــە تیۆرییــە بەرابیــەی پەیوەنــدیی زمانــەوانی تــەواو بکــەین، ئــەوا ئەگــەرێک بــۆ هــەموو گواســتنەوەیەک لــە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دی دەستنیشان دەکەین، ئیتر لـەم حاڵەتــەدا دەتــوانین (گومانــەکان)ی هــەموو حاڵەتــەکان هـەژمار بکـەین، بـە هـەمان شـێوەش دەتـوانین (نـاوەرۆکی زانیارییـەکان) بـۆ هـەر زمانێـک دەستنیشـان بکـەین، بـەو واتایـەی گومانـە لەگـەڵ ئەگـەری بـەکارهێنانی لـە چەنـد حاڵـەتێکی دیـاریکراودا[1]. لەبــەر ئــەوەی لێـرەدا ڕۆنــانی

---

[1] - واتــە هــەر کاتێـک پلــەی گومــان بــەرز بێـت، ئــەوا ڕێـژەی زانیارییەکانیش زۆرتر دەبن، بەڵام ئەگەر پلەکانی گومان کەم بوون (کە واتای بەرزبوونەوەی باوەڕی تـەواو دەگەیـەنێت)، ئـەوا ڕێژەی زانیارییـەکان کـەمتر دەبـن، بـۆ نموونـە بۆشـاییەکەمان لـە نموونـەی (١): سـڵاو.......... لێـرەدا دەتـوانین بۆشـاییەکەمان بـەڕوونی بـۆ دەربکەوێت: (سڵاوتان لێبێت)، کەواتە (لێبێت) بەهایەکی زۆر کـەمی

ڕێزمانی زمان نەک ڕۆنانی ئاماریی، کەواتە ئەم گشتاندنە بە لامانەوە گرنگ نییە.




ئەم چەمکەی زمان توانایەکی بەرزی هەیە و گشتییە، ئینجا ئەگەر وەریبگرین و کاری پێبکەین، ئەوا دەبێ بڕوانینە قسەکەرەکە، بەهۆی ئەوەی لە ڕووی کرۆکەوە

---

زانیاری هەیە لە گوزارشتی: سڵاوتان لێبێت، کەچی لە (٢) بۆشاییەکە ڕێژەیەکی بەرزی زانیاری هەیە؛ (٢) پیاوەکە وتی......... لەبەرئەوەی ناتوانین بەڕوونی و ئاشکرایی پێشبینی ئەو بۆشاییە بکەین، کە لە بۆشاییەکەدایە، چونکە ئەگەرەکان زۆرن، واتە پلەی گومان بەرزە.(وەرگێڕ).

ئـامێرێکی لـەو جۆرەیـە، کـە باسـمانکرد. کاتێـک قسـەکەر خوازیاری ئەوە دەبێت ڕستەیەک بەرهـەم بهێنێت، دەست بە حاڵەتی یەکەم (دەستپێکردن) دەکات، پاشـان حەواڵـەی حاڵــەتی دووەم دەبێــت، کــە بژاردەکــەی وشــەی دووەم دەستنیشــان دەکــات. هــەموو حاڵــەتێکیش قســەکەر پێـدا تێدەپەڕێت بە کۆت و بەندەکانی ڕێزمـان هـەژمار دەکرێت، کە هەڵبژاردنی وشەکەی دواتر لای ئەو خاڵە لـە گوتەکـەدا دەستنیشان دەکات.[1]

لەبەر گشتێتی ئەم چەمکە زمانەوانییە و بەکارهێنانی لـە بوارێک، کە پەیوەندی بە زمانی پەیوەندییەوە هەیـە، گرنگـە ئـەو ئەنجامانـە بپشـکنین، کـە لـە حاڵـەتی وەرگرتنـی ئـەم بۆچوونـە لـە توێژینـەوەی ڕێزمـانی زمـانێکی وەک زمـانی ئینگلیـزی بـە نموونـە دەسـتماندەکەون، یـان لـە سیسـتەمی ماتماتیک بەشێوەیەکی ڕواڵـەتی داڕێژرابێت. هـەر هـەوڵێک بــۆ بونیادنــانی سیســتەمی ڕێزمــان، کــە حاڵــەتێکی سـنووورداری لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هـەبێت، لـە سـەرەتاوە ڕووبەڕووی ئاستەنگی ترسناک و ئـاڵۆزی دەبێتـەوە، ئەمـە مەســەلەیەکە لای خوێنــەر شــاراوە نییــە، هــیچ گرنـگ و

---

[1] - ئەمە لە بنەڕەتدا ئەو نموونە زمانەوانییەیە، کە (هۆکت) لە کتێبی سیستەمی دەنگی(فۆنەتیک) . پەرەی پێداوە: (بالتمیور ١٩٥٥)، ل ٢.

پێویست نییە نموونەی بۆ بهێنینەوە، ئەویش بەهۆی ئەم گوزارشتە گشتییەی خوارەوە دەربارەی زمانی ئینگلیزی هاتووە:

## ٩ـ زمانی ئینگلیزی خاوەن حاڵەتێکی سنووردار نییە.

واتە ئەستەمە ئەگەر نەڵێین زۆر زەحمەتە، کە ئامرازێک دابمەزرێنین لەو جۆرەی لەسەرەوە وەسفمان کرد لە هەردوو وێنەی (٧) یان (٨)دا، بۆی هەیە هەموو ڕستە ڕێزمانییەکانی زمانی ئینگلیزی بەرهەم بهێنێت، نەک ئەوانی دی، ئینجا ئەگەر خوازیاری ئەوە بین (٩) ڕوونبکەینەوە، پێویستە خەسڵەتە ڕێزمانییەکانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی وردتر دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەوە وەسفکردنی چەند خەسڵەتێکی ڕێزمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدەین، کە ئاماژە بە دەربڕینی (٩) دەکات، دەتوانین لە زمانی ئینگلیزیدا بە تیۆرێکی دابنێین، ئەویش ئەگەر کۆمەڵە ڕستەیەک لەم زمانە دەستنیشان بکەین، ئەویش دەستنیشانکردنێکی پەسەند، با بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی لە کۆپلەی دووەم لە بەشی دووەم ئاراستەمانکرد، گوزارشتی (٩) دەڵێت دەکرێ ڕۆنانی مۆرفیمی ڕستەکان ڕاستەوخۆ بەکاربێنین، ئەویش بە

بـەکارهێنانی ئامڕازێـک وەک کێشـانی وێنـەی حاڵەتـەکان، چـەمکی پرۆسـە زمانەوانییەکـەی مـارکۆڤ کـە پێشـووتر باسمانکرد قبوڵکراو نییە.

**٣ـــ٢:** دیـــاریکردنی هـــەر زمانێـــک بـــە زانینـــی (ئەلفوبێ)یەکەیـە،[١] (واتـە زانینـی ژمارەیـەکی سنووورداری ئـەو هێمایانـەی ڕسـتەکانی ئـەو زمانـەی لـێ دروسـت دەکـرێن)، بـە هـەمان شـێوە ڕسـتە ڕێزمانییـەکانی لـێ پێکـدەهێنرێن. پـێش ئـەوەی زمـانی ئینگلیـزی ڕاسـتەوخۆ بپشـکنین، بـا بـاس لـە چەنـد زمانێـک بکـەین، کـە (ئەلفوبێ)یەکـەی تێیـدا لـە دوو پیـت (أ، ب) پێکهاتبێـت و ڕستەکانی بەم شێوەیە دەستنیشان بکرێن (١٠ ـ (١)، (٢)، (٣) ):

**(١٠)**

**(١) أب، أ أ ب ب، آ آ آ ب ب ب،.... بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ڕستانەی لە ژمارەی (ن) پیکهاتوون، لە (أ)ەوە ژمارەی (ن)یان بەدوادادێت و هیچی تر.**

---

[١] - مەبەستی چۆمسکی لە ئەلفۆبێ وشەکانی زمانە (وەرگێڕ).

**(٢) أأ، ب ب، آ ب ب أ، ب أ أ ب، أأأأ، ب ب ب ب، أ أ ب ب أ أ، أ ب ب ب ب أ،... بەگشتی سەرجەم ڕستەکان لەو هێڵە دروستبوونە لە هێڵی (س)، کە لەدوایاندا دێت و وێنەیەکی ئاوێنەین (وێنەیەکی پێچەوانە) لە (س) دەبەخشێت نەک وێنەی دی.**

**(٣) أأ، ب ب، أ ب أ ب، ب أ ب أ، أأأأ، ب ب ب ب، أ أ ب أأ ب، أ ب ب أ ب ب،... بە گشتی هەموو ئەو ڕستانەی لە هێڵی (س) لە (أ) یان (ب) پێکهاتوون، هێڵێکی یەکسان لە (س)یان بەدوادا دێت نەک هی دیکە.**

لێرەدا دەتوانین بەئاسانی ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە هەموو زمانێک لەم سێ زمانە زمانی حاڵەتە سنووردارەکە نییە، بە هەمان شێوە ئەو زمانانەی لە جۆری (١٠)ن، کە تیایاندا (أ) و (ب) بەدوای یەکدا نایەن، بەڵکو دەچێتە ناو یەکتی دیکەوە، یەک حاڵەتیان نییە بەپێی مەرجە گشتییەکان.[١] ئەوەی ڕوونە لە زمانی ئینگلیزیدا لقە بەشی

[١] - بڕوانە ئەم وتارەم:

Three models for the de, scviption of language, L.R.E.Transactions on information The ory, vol. I T

لەئارادان، کە لە کرۆکدا شێوەیەکیان هەیە لە (١٠ ــ ٣) دەچــن، بــا گریمانــە بکــەین کــە ڕ١، ڕ٢، ڕ٣... ڕســتەی هەواڵگەیاندن بن لە زمانی ئینگلیزیدا، کەواتە ئەم جۆرە ڕستانە لە زمانی ئینگلیزیدا دەبینین بۆ نموونە:

**(١١)**

**(١) (ئەگەر بەشی١، کەواتە بەشی٢). If s1,Then S2.**

**(٢)(بەڵام بەشی٣، یان بەشی٤) Either S3, or S4.**

**(٣) (ئەو پیاوەی وتی بەشی ٥ ئەمڕۆ دەگات).**

**The man who said that s5 is arriving to day.**

لە (١١ـ ١) ناتوانین (یان) لەجێی (کەواتە) دابنێین، لە (١١ـ٢) ناتوانین (کەواتە) لە شوێنی (یان) ب دابنێین و لە (١١ ـ ٣) ناتوانین کارێک بەشێوەی کۆ (دەگەن) لەجیاتی کارێک لەسەر شێوەی (تاک)(دەگات) دابنێین. لە هەموو حاڵەتێک لەم حاڵەتە بەدوداییانەدا لە نێوان وشەکانی

---

2- Proceedings of the symposium on information theory,Sept., 1956.

هەردوولای وێرگولەکەدا هەیە (واتە (ئەگەر) ـ (کەواتـە) و (یـان) ــ (یـاخود) و (پیاوەکـە) ــ (دەگـات) )، بـەڵام ئێمـە دەتوانین ئەم وشانەی پشت بە یەکدی دەبەستن، ڕستەی گوزارەیـــان تێبخزێنینـــە ڕ ١ ، ڕ ٣، ڕ ٥، لەوانەشـــە ئـــەم ڕستە گوزارەییە یەکێک بێت لەم ڕستانە (١١ـ ١ـ٣)، ئەگەر لـە (١١ــ١) وەرگـرین، ڕ ١ وەک (١١ــ ٢)، ڕ ٣ وەک لـە (١١ـ٣)دا، ئەوا ئەم ڕستەیەمان دەستدەکەوێت:

**١٢ـ** ئەگەر (١١ـ٣) یان ڕ٢، کەواتە ڕ ٢، لەوانەیە ڕ٥ لـە (١١ــ٣) یـەکێک بێت لـە ڕسـتەکانی (١١)، کەواتـە ڕوون و ئاشـکرایە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا زنجیـرەی وەک (أ + ڕ١+ ب)مان دەستبکەوێت، وەک دەبینین پەیوەندی لەنێوان (أ) و (ب)دا هەیـــــە، دەتـــــوانین ڕ١ وەک زنجیرەکـــــی دی هەڵبژێرین، کە بەشەکانی ڕ (١) + ڕ ٢ + د لەخۆ بگرێت، ئیتـر بەمشـێوەیە ئـەو کۆمەڵــە ڕسـتەیەی بـەم شـێوەیە دروست دەبن (تێبینی (١١) بکرێت، کە ژمارەیـەک ئەگـەر بـۆ ئـەم پێکهاتەیـە هەیـە ــ بـۆ نموونـە لـە (١١)دا هــەموو ئەگــەرەکان ناگرێتــەوە)، هــەموو خەســڵەتەکانی وێنــە ئاوێنەییـە (پێچەوانە)کـەی لـەخۆگرتووە، کـە لـە (١ــ ٢)دا بینیمان، ئیتر (١ــ ٢) لـەو زمانانـە لادەبرێن، کـە حاڵـەتێکی سنووردارییان هەیە، بـەم شـێوەیە چەنـد جـۆرێکی جـودا لـە

نموونـەکانی ئـەم حاڵەتـە بێسـنووورە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا دەبینێت. بەگوێرەی ئەم ئاراسـتە گشـتییە دەتـوانین ڕاسـتی و دروستی فرێزی (٩) بسەلمێنین، بەپێی گریمانەی ئەوەی ئـەو ڕسـتانەی لـە جـۆری (١١) و (١٢)ن، بەشـێکن لـە زمـانی ئینگلیـزی، کـەچی ئـەو ڕسـتانەی دژ بـەو بەدوایەکداهاتنەی ناومان هێنان لە (١١) (نموونەکەی یان ڕ١، کەواتـە ڕ٢ هتـد)، تێبینـی ئـەوە دەکـەین زۆر لـەو ڕستانەی شێوەی (١٢)یان هەیە هتد..، نامۆن و نائاسـایین (دەتوانین زۆرجار نائاساییەکەیان کەمتر بکەینەوە، ئەویش لـە حاڵەتێکدا ئەگـەر (whenever) (هەرچەنـدە) دابینـین if (بە گوێرەی گریمانـە) (on the assumption that) it is the case that (لە حاڵـەتی) لـەجیاتی (if) (ئەگـەر) بـەبێ ئـەوەی کرۆکـی قسـەکەمان گـۆڕانی بەسـەردا بێت)، ئەم ڕستانەش هەموو ڕستەی ڕێزمانین و بە ڕەچاوکردنی پرۆسەکانی ڕۆنانی ڕستە پێکهێنراون، کە پرۆسەی سادە و سـەرەتایین و تەنانـەت لـە سـادەترین کتێبـەکانی ڕێزمـانی ئینگلیزیدا بەرچاومان دەکەون و دەشتوانین لێیان تێبگـەین، بگرە دەتوانین مەرجی سادەیان بۆ بهێنینەوە، کـە ڕاسـت و دروسـتییەکەیان دەستنیشـان بکـەن. لـەم حاڵەتـەدا ئاسـان نییـە بیـر لـە پاڵنـەرێک بکەینـەوە، کـە وامـان لێبکـات ئـەم

ڕستانە لە کۆی ڕستە ڕێزمانییەکانی زمانی ئینگلیزی جیا بکەینەوە، کەواتە ڕوون و ئاشکرایە تیۆرەکانی ڕۆنانی زمانەوانی تەنها پشت بە پرۆسەکانی مارکۆڤ و وێکچووەکانی ببەستێت، شرۆڤە بە توانستی قسەکەری ئینگلیزی نادەن لە بواری بەرهەمهێنانی گوتەی نوێ و تێگەیشتن لێی، بە هەمان شێوە ڕەتکردنەوەی زنجیرەیەکی دی، بەو حیسابەی بەشێک نەبێت لە زمانی ئینگلیزی.

**٣-٣:** با بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڵێین ئەو پرۆسانەی بۆ پێکهێنانی ڕستەی ئینگلیزی باسمانکردن، ناتوانین ئەنجامیان بدەین زیاتر لە کەرەتەکانی (ن) بۆ ژمارەیەکی چەسپاوی (ن)، ئەوەش وا لە زمانی ئینگلیزی دەکات، کە زمانێک بێت یەک حاڵەتی سنوورداری هەبێت، ئەم جۆرە کۆت و بەندە هەڕەمەکیانە خزمەت بە هیچ مەرامێکی بەسوود ناکات، وەک ئەوەی بۆ نموونە ئاستی باڵا لە زمانی ئینگلیزی بە کەمتر لە یەک ملیۆن وشە دابنێین. ئەگەر ئەم پرۆسانە بێکۆتا بن، ئەوا دەتوانین پیادەنەکردنی ئەم تیۆرە بەراییە لەسەری بسەلمێنین، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسانە کۆتاییان هەبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین ئەستەمبوونی پیادەکردنی ئەم تیۆرە بەراییە لەسەریدا بسەلمێنین، بەڵام ئەگەر پرۆسەکان کۆتاییان هەبوو، ئەوا

دەتوانین سیستەمێکی ڕێزمانی خاوەن حاڵەتی سنووردار بونیاد بنێین، لەم حاڵەتەدا لیستێک بەم ڕستانە تۆمار بکەین، ئیتر لیستەکە لە ڕووی کرۆکەوە بە سیستەمی ڕێزمانی هەژمار دەکرێت، کە حاڵەتێکی سنوورداری هەیە، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت. لێرەدا سیستەمی ڕێزمان ئاڵۆز دەبێت، تا ئەو ڕاددەیەی دەبێتە سیستەمێکی بێسوود. بە گشتی ئێمە دەڵێین زمانە بێسنوورەکان هیچ کۆتاییەکیان نییە، تاکو بە سادەیی وەسفیان بکەین، ئەگەر سیستەمی ڕێزمان ئامرازی دووبارەبوونەوەی تێدا نەبێت (ئەڵقەیەکی بەتاڵ وەک لە (٨)دا هاتووە لە سیستەمی ڕێزمانی سنووردار)، ئەوا ئەم سیستەمە ئاڵۆز دەبێت و بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، ئەگەر ئامرازی دووبارەبوونەوەشی لەهەر جۆرێک تێدا بێت، ئەوا دەتوانین زۆر ڕستە بەرهەم بهێنێت، کە لە ڕووی ژمارەوە بێسنوورن.

بەکورتی: ئەم شێوازەی لێرەدا پێشنیازکراوە بۆ شیکاری ڕێزمانیانە بە گوێرەی پرۆسەکەی مارکۆڤ، دەربارەی حاڵەتە سنووردارەکە، ڕستە لە چەپەوە بۆ ڕاست بەرهەم دەهێنێت، وا پێدەچێت شێوازەکە دەگاتە کۆتاییەکی داخراو ـ هەروەک ئەو پێشنیازانەی لە بەشی

دووەمدا ڕەتمانکردنەوە، ئەگەر سیستەمی ڕێزمانی لەم جۆرە سەرجەم ڕستە ئینگلیزییەکان بەرهەم بهێنێت، ئەوا بە هەمان شێوە زۆر لە ڕستە ناڕێزمانییەکان ـ ناڕستەکان بەرهەم دەهێنێت. ئەگەر ئەم سیستەمە هیچ ڕستەیەکی ئینگلیزی بەرهەم نەهێنێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا متمانەمان بەوە دەبێت، کە ژمارەیەکی بێسنووری ڕستە ڕاستەقینەکان بوونیان هەیە و ڕستە درۆیین و پرسیارە ڕاستەکان و ئەوانی دیکە ئەم سیستەمە بەرهەمیان ناهێنێت.

چەمکی سیستەمی ڕێزمان، کە پێش کەمێک ڕەتمانکردەوە، گوزارشت لە سنوورە خوارەکانی تیۆرە زمانەوانییەکە دەکات، کە شایانی توێژینەوەیەکی وردە. سیستەمی ڕێزمان خاوەن حاڵەتێکی سنوورداری سادەترین ڕێکخستنەکانی سیستەمی ڕێزمانییە، کە بە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی سنوورداری ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان، ژمارەیەکی بێسنووری ڕستەکان بەرهەم بهێنێت. بینیمان ئەم جۆرە تیۆرە زمانەوانییە سنووردارە بێکەڵکە، لەبەرئەوە پێویستە بەدوای ڕێکخستنێکی بەتواناتری سیستەمی ڕێزمانی و شێوەیەکی تیۆری زمانەوانی ڕوونتردا بگەڕێین، هەروەها پێویستە بیرۆکەی

(ئاستی زمانەوانیی نوێنەررایەتی) پەرە پێ بدەین، کە لە سەرەتای ئەم کۆپلەیەوە باسمانکرد. لەم حاڵەتەدا دەبینین کەمتر لە یەک ئاستی زمانەوانی نییە و ناکرێ ئەم بونیادە سادەیەی هەبێت، واتە ناکرێ لەسەر یەک ئاست بە لای کەمییەوە هەموو ڕستەیەک، گوزارشت لە زنجیرەیەکی سنووورداری توخمەکان بکات لە هەر جۆرێک بێت، کە لە چەپەوە بۆ ڕاست بەشێوەیەکی ئاسان بەرهەم دێت، ئەگینا هیچ ئومێدێکمان نییە لەوەی کۆمەڵێکی سنووورداری ئاستەکانمان دەستبکەوێت، کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێکخرا بێت و بە شێوازێک پێکهێنرابێت، کە بتوانین هەموو گوتەکان لەگەڵیدا بەرهەم بهێنین، لەڕێگەی ناوهێنانی هەموو زنجیرە ڕێپێدراوەکان بۆ بەرزترین ئاستی ئەو توخمانە و باسکردنی هەر توخمێک بۆ بەرزترین ئاست لەڕێگەی باسکردنی توخمەکانی ئاستی دووەم، ئیتر بەم شێوەیە تاکو دەگاتە ئەوەی لە کۆتاییدا باسی پێکهێنانی فۆنیم بکەین، دەربارەی توخمەکانی ئەو ئاستەی دەکەوێتە پێش ئاستی خوارتر[1]. لە سەرەتای

[1] - لێرەدا ئەلتەرناتیڤی سێیەم هەیە، کەوا دەخوازێ بیرۆکەی ئاستی زمانەوانی بهێڵرێتەوە، بەو حیسابەی شێوازێکی هێڵکاری سادەی نوێنەرایەتی گوزارشتکارییە و بەرهەمهێنانی لە یەک کەمتر

بەشی سێیەم پێشنیازی ئەوەمان کرد، کە ئاستەکان پێویستە بەم شێوەیە دەستنیشان بکرێت، تاکو وەسفی کۆمەڵە زنجیرەیەکی ڕێزمانی فۆنیمەکان دەستنیشان بکرێت. ئەگەر وەسفی زمانێک لە زمانەکان بە شێوازێکی بەرایی لە چەپەوە بۆ ڕاست لە توانایدا هەبێت بە پشتبەستن بە یەک ئاست (واتە ئەگەر زمان خاوەن یەک حاڵەتی سنووردار بیت)، بێگومان دەتوانین ئەم وەسفە

---

نییە، لەم جۆرەی ئاستی چەپ بۆ ڕاست وەک ئامرازێک، کە توانایەکی بەهێزتری هەیە لە پرۆسەکانی مارکۆف، کە خاوەن حاڵەتی سنووردارە، لێرەدا چەندەها زەحمەتی هەیە دێنە پێش بیرۆکەی ئاستی زمانەوانی، کە پشت بە بەرهەمهێنان دەبەستێت لە چەپەوە بۆ لای ڕاست، ئەویش لە ڕووی وەسفی ئاڵۆز و پێویستی بە توانای شرۆڤەیی (بڕوانە بەشی هەشتەم)، لەبەرئەوە وا پێدەچێت بەردەوامبوون لەسەر ئەم ئاراستەیە نەزۆکە و ئەنجامی نییە، سیستەمەکانی ڕێزمان باسیان لێوە دەکەین، کە لە چەپەوە بۆ ڕاست بەرهەم ناهێنرێت، پڕاوپڕە لەگەڵ ئەو پرۆسانەی بەراییان کەمترە لە پرۆسەکانی مارکۆفدا، کە خاوەن حاڵەتی سنووردارە، کەچی لەوانەیە توانایان کەمتر بێت لەو ئامرازەی پێویستمان پێیەتی، بۆ بەرهەمهێنانی زمانی ئینگلیزی لە چەپەوە بۆ ڕاست، بۆ زانینی زیاتر تێبینی ئەو وتارەم بکە، کە نووسیومە لەژێر ناونیشانی (سێ نموونە بۆ وەسفکردنی زمان).

سادە بکەینەوە، بە دامەزراندنی ئاستی بەرزتر لەمە، بەڵام ئەگەر ویستمان زمانی خاوەن حاڵەتی بێسنوور وەک زمانی ئینگلیزی بەرهەم بهێنین، پێویستیمان بە شێوازی جیاواز لە ڕووی کرۆکەوە دەبێت، هەروەها پێویستیمان بە چەمکی گشتگیرتر دەربارەی (ئاستی زمانەوانی) دەبێت.

(٤)

# ڕۆنانی فرێز

**٤ـ١:** وەسـفی زمانـەوانی لەسـەر ئاسـتی ڕستەسـازی هەمیشـە بـە گـوێرەی شـیکردنەوە بـۆ بەشـەکانی خـۆی ئەنجام دەدرێت (شیکردنەوە)، با ئێستا پرسیار بکەین، کە لـەم جـۆرە وەسـفکردنە چ شـێوە و شـێوازێکی سیسـتەمی ڕێزمـان گریمانـە دەکرێـت. تێبینـی دەکـەین ئـەم شـێوە تازەیەی سیستەمی ڕێزمان لە کرۆکدا توانای زیاترە لە نموونـەی حاڵەتـە سـنووردارەکەی لـە سـەرەوە ڕەتمانکردەوە، هەروەها چەمکی (ئاستی زمانەوانی) کە پێیـەوە بەسـتراوەتەوە، لـە چەنـد ڕوویـەکی ناوەرۆکـەوە لەگەڵیدا جیاوازە.

با ئێستا نموونەیەکی سادەی شێوە تازەکەی سیستەمی ڕێزمـان بهێنینـەوە، کـە پەیوەنـدی بـە شـیکردنەوە بـۆ پێکهاتەکانی هەیە:

١٣-

1- Sentence $\rightarrow$ Np + Vp

2- Np $\rightarrow$ T + N

3- Vp $\rightarrow$ Verb + Np

4- T $\rightarrow$ The

5- N $\rightarrow$ man, ball, etc

6- V→ hit, etc

(ڕێزمانی ئینگلیزی وەک لە سەرەوە هاتووە، لە چەپەوە بۆ ڕاست دەخوێندرێتەوە، کەچی ڕێزمانی عەرەبی کە لە خوارەوە نووسراوە، لە لای ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێندرێتەوە).

١- ڕستە ← فریزی ناوی + فریزی کاری

٢- فریزی ناوی ← ئامراز + ناو

٣- فریزی کاری ← کار + فریزی ناوی

٤- ئامراز ← ەکە

٥- ناو ← پیاو، تۆپ، هتد.

٦- کار ← لێدان، وەرگرتن، هتد.

با وایدابنێین ئێمە هەموو یاسایەکی ڕێزمان X → y (س ← ص) لە (١٣)، بەوەی فەرمانێکە بە نووسینەوەی دووبارەی X (س)، بەوەی (Y)ە و (١٤)ش داتاشینی ئەم ڕستەیەیە: The man hit the ball (پیاوەکە لە

تۆپەکـــەی دا)،[1] ئـــەو ژمارانـــەی لـــە لای ڕاســـتی دێرەکانــەوەن، (هێڵێـک) لــە نموونــە ئینگلیزییەکــە (لــەلای چەپیشــەوە نموونــە عەرەبییەکــە) داتاشــینەکە ئامــاژە بــە یاسایەکی ڕێزمـانی دەکـات لـە تێکڕای یاسـاکانی سـەر بـە سیسـتەمی ڕێزمـانی (١٣)، کـە بـۆ بونیادنـانی ئـەو دێـرە (هێڵەکە) لە هێڵەکەی پێشوو[2].

---

[1] - ڕاسـتتر ئەوەیـە بڵێین: پیاوەکـە لـە تۆپەکـەی دا، بـەڵام وامـان بـە باشتر زانی لێرەدا وەرگێڕانەکـەی دی دابنێین و لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەی ئـەم توێژینەوەیـە بـە هـەمان شـێوە وەرگێڕانەکـەی دیکـەمان بـەکارهێناوە، ئـەویش لەبـەر نزیکبوونـەوەی لـەم پێکهاتەیـەی ڕسـتە ئینگلیزییەکە شرۆڤەی دەکەین، ئەم وەرگێڕانە (پیاوەکە لـە تۆپەکـەی دا) ئــەو یاســا ڕێزمانییــەی باســی لێــوە دەکــەین، زیــاتر ڕوونــی دەکاتەوە(وەرگێڕ).

[2] - ڕێزمانی نمرەکراوەکانی سیستەمی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی، کە ئاماژەی پێدەدەین، هەمیشە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا کۆکراوەتەوە و بە شێوەیەکی گونجاو لە بەشی (١٢)، پاشکۆکە، بەڵام هێماکان لە هەموو گفتوگۆکانماندا بەکاریان دەهێنین دەربارەی ڕۆنانی ئینگلیزی ئەوە لە بەشی(١١)دا باسمانکردووە، پاشکۆی (١) بڕوانە: harwood لەم وتارەیدا:

Axiomatic syntax: the construction and evaluation of a syntactic calculus. Languaoje 31, 409, 413 (1955).

---

لێرەدا سیستەمێک وەسف دەکات بۆ شکردنەوەی جۆرەکانی وشە، کە لە شێوەکەیدا لەو سیستەمە دەچێت، کە لە خوارەوە پەرەمان پێدا بۆ ڕۆنانی فریێزەکە، بەڵام سیستەمەکەی تەنها گرنگی بەو پەیوەندییە دەدات، کە لەنێوان (T + N + Verb + T + N)دا هەیە (ئامراز + ناو + کار + ئامراز + ناو) ( The + man + hit + the + bal)(ەکە + پیاو + لێدان + ەکە + تۆپ ) لەو نموونەیەی لە (٣) ـ (١٥) باسمانکرد، واتە لێرەدا سیستەمی ڕێزمان هێڵی دەستپێکردنی لەخۆگرتووە: ئامراز + ناو + کار + ئامراز + ناو؛ و ڕێزمانی ئەوەی لە (١٣ ـ ٤ ـ ٦) ئاماژەپێکرا. کەواتە ئەم سیستەمە کەم توانستە لە تیۆرە بەراییەکەی لە بەشی سێیەم باسمانکرد، چونکە ناتوانێت زمانێکی بێسنوور بە بەکارهێنانی سیستەمی ڕێزمانی سنووردار بەرهەم بهێنێت. گفتوگۆکردنی هارود لە ڕووی شێوەوە (ل ٤٠٩ ـ ٤١١) باس لە شیکردنەوەی جۆرەکانی وشە دەکات، لە کاتێکدا دەبینین پراکتیزەی زمانەوانی (ل٤١٢) نموونەیەکە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتە ڕاستەوخۆکان، لەگەڵ هەژمارکردنی جۆرەکان CL...m بەوەی جۆری زنجیرەی وشەکانە، کەچی ئەم فراوانبوونە لە پیادەکردندا لەگەڵ گفتوگۆی ڕووکەشیانە ناگونجێت، بۆ نموونە ڕێکارە پێشنیازکراوەکانی پوختەی دەسەڵات یەک پێشنیاز ناگرێتەخۆ، کە بەرگە بگرێت بەبێ پاکنووسکردن بەرانبەر بەم شرۆڤە نوێیەی شێوەیە.

Sentence

1- Np + V

2- T+ N + Vp

3- T + N + verb + Np

4- The + N + verp + Np

5- The + man + verb + Np

6-The + man + hit + Np

2-The + man + hit + T + N

4-The + man + hit + the + N

5-The + man + hit + the + ball

ڕستە

1- فرێزی ناوی + فرێزی کاری

2- ئامراز + ناو + فرێزی کاری

3- ئامراز + ناو + کار + فرێزی ناوی

4- ەکە + ناو + کار + فرێزی ناوی

5- ەکە + پیاو + کار + فرێزی ناوی

6- ەکە + پیاو + لێدان + فرێزی ناوی


٢ـ ەکە + پیاو + لێدان + ئامراز + ناو


٤ـ ەکە + پیاو + لێدان + ەکە + ناو

٥ـ ەکە + پیاو + لێدان + ەکە + تۆپ

ئیتر بەم شێوەیە دێری دووەم لە (١٤) لە دێری یەکەم پێکدێت، ئەویش بە دووبارە نووسینەوەی ڕستەکە، بەو حیسابەی فریزێکی ناوی + فریزی کاری بەپێی یاسای (١) لە (١٣)دا، دێری سێیەم لە دێری دووەم پێکدێت، ئەویش بە دووبارە نووسینەوەی فریزی ناوی، بەو حیسابەی ئامراز + ناو بەپێی یاسای (٢) لە (١٣) هتد. دەتوانین گوزارشت لە داتاشینی (١٤) بە شێوازێکی ڕوون بکەین، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەم وێنەیەی خوارەوە:

**-١٥**




ڕستە
ف.ک
ف.ن
کار
ف.ن
ئامراز
ناو
لێدان
ئامراز
ناو
ەکە
پیاو
ناو
ناو

وێنەی (١٥) بۆ خوێنەر زانیاری کەمتر لە داتاشینی (١٤) پێشکەشدەکات، ئەویش لەبەرئەوەی ناوی ئەو ڕێکخستنە ناهێنێت، کە ڕێزمانەکەی لە (١٤) بەکارهێنراوە. ئەگەر داتاشینی (١٤)مان دەستبکەوێت، ئەوا دەتوانین (١٥) بە شێوازێکی دەگمەن دابمەزرێنین، بەڵام ئەمە پێچەوانەکەی ڕاست نییە، چونکە دەتوانین داتاشینێک بنووسین، کە لە (١٥)دا کورتی بکەینەوە، ئەویش بە پەیڕەوکردنی پراکتیکێکی دیکەی یاساکانی ڕێزمان. وێنەی (١٥) تەنها ئەو بەشە کرۆکیانەی (١٤) لەخۆدەگرێت، بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فرێزی (شیکردنەوە بۆ پێکهاتەکان)ی ڕستەی داتاشراوی (پیاوەکە لە تۆپەکەی دا)، هەموو زنجیرەیەکی وشەکانی ئەم ڕستەیە پێکهاتەکەی لە ڕەهەندی (Z)(ز)دایە. ئەگەر توانیمان ئەم زنجیرەیە بگەڕێنینەوە بۆ یەک خاڵ لە (١٥)، کە پێی دەوترێت خاڵی بنەڕەتی (Z)(ز)، پاشان زنجیرە (hit the ball) (لە تۆپەکەی دا)، ئەوا دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ (Vp) (فرێزی کاری) لە (١٥)؛ کەواتە (hit the ball) (لە تۆپەکەی دا) (Vp) (فرێزی کارییە لە ڕستە داتاشراوەکە، بەڵام (man hit) (پیاوێک لێی دا) بە زنجیرەیەک هەژمار دەکرێت، کە ناکرێ جارێکی دی

بگەڕێنرنێتەوە بۆ یەک خاڵ لە (١٥)؛ کەواتە (man hit) لە پێکهاتەکانی ڕستە داتاشراوەکە نییە، کە پێشووتر باسمانکرد.

بەگشتی دوو داتاشین بەوە ناوزەد دەکەین، کە هاوشێوەی یەکدین ئەگەر بکرێ بۆ یەک وێنە لە جۆری (١٥) بگۆڕدرێن، لەوانەشە هەندێکجار سیستەمی ڕێزمان بوار بدات داتاشینی ناهاوشێوە بۆ یەک ڕستە دابمەزرێنێت. لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی)[1] لەئارادا هەیە، ئەگەر سیستەمی ڕێزمان ڕاست و دروست بێت، ئەوا ئەم ڕستە زمانەوانییە دەبێ

---

١ ـ بۆ زانینی هەندێ نموونە دەربارەی ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی بڕوانە بەشی هەشتەم، هەروەها بڕوانە ئەم دوو وتارەی من، کە نووسیومە:

the logical structure of Linguistic theory mimy'opy'ophe-d)fow.

C.F.Hockelt Two models of grammatical description, Linguistics Today,Word 10. 210-233(1954).

R.S.Wells Immediate constitueuts Language 23, 81 – 117(1947).

تەمومژ بێت (واتە زیاتر لە یەک شرۆڤە هەڵبگرێت)، پاشان دێینەوە سەر ئەم بیرۆکە گرنگەی ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی.

بێگومان (١٣) پێویستی بە یەک گشتاندن هەیە، لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە یاسایەک بە بواریکی دیاریکراوەوە ببەستینەوە، دەکرێ ئامرازی (T) جارێکی دی بنووسرێتەوە، ئامرازی نەناسراوی (a) ئەگەر ناوەکەی دوای خۆی لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوازی تاک هاتبێت، ناشکرێ جارێکی دی بنووسرێتەوە، بەم شێوەیە (a) ئەگەر ناوەکە بە شێوازی (کۆ) بێت، بە هەمان دەکرێ شێوە کارەکە (hits) (لێدەدات) جارێکی دی بنووسرێتەوە، ئەگەر ئەو ناوەی لەپێشیدا دێت (man)(پیاو) بێت، نەک (men)(پیاوان). ئیتر هەرچی چۆنێک بیت، ئەگەر بمانەوێت دووبارە نووسینەوەی x(س) بە شێوازی (y)(ص) لە دەوروبەری w – z (ز – و)، ئەوا دەتوانین ئەم یاسایە بخزێنینە سیستەمە ڕێزمانییەکەی:

**(١٦)**

$$Z + X + W \rightarrow Z + Y + W$$

**(ز + س + و ← ز + ص + و)**

بۆ نموونە ئەو کارانەی لە تاک و کۆدا هەن، لەجیاتی نووسینی (hit → verb) (کار ← لێدان)، لەبەرئەوەی یاسایەکی دیکەیە لە (١٣)، بۆیە دەبێ ئەم یاسایە بەکاربێنین:

(١٧)

NP sing + verb → NP sing + hits

**فرێزی ناوی ـ تاک + کار ← فرێزی ناوی ـ تاک + لێدەدات)**

یاسایەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە (verb)(کار) جارێکی دی بە شێوەی (hits) (لێدەدات) لە دەوروبەری فرێزی ناوی ـ تاک دەنووسرێتەوە، بە هەمان شێوە یاسای(١٣ـ ٢) پێویستە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی NP sing (فرێزی ناوی ـ تاک) و Np – pl (فرێزی ناوی ـ کۆ)ش بگرێتەوە،[١] ئەمە گشتاندنێکی ڕوون و سادەیە بۆ

[١] - لە سیستەمی ڕێزمانی گشتیدا لەجیاتی (٢.١٣) کۆمەڵە یاسایەکی ڕێزمانی دانانرێن، کە ئەم شتانە لەخۆبگرن:
فرێزی ناوی ← (فرێزی ناوی ـ تاک)
( فرێزی ناوی ـ کۆ)

ئەو شتانەی لە ژمارە (١٣)دا هێنامانەوە، بەڵام پێویستە یەک خەسڵەت بپارێزین لەو شتانەی لە (١٧)دا هاتوون، واتە پێویستە جارێکی دی تەنها یەک هێما بۆ هەموو یاسایەک بنووسین، بەشێوازێکی دی دەتوانین بڵێین کە x (س) لە (١٦) پێویستە یەک هێما بێت، وەک T (ئامراز)

---

فرێزی ناوی ـ تاک ← ئامراز + ناو + B (+ فرێزی بەند ـ ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە)
فرێزی ناوی ـ کۆ ← ئامراز + ناو + S (+ فرێزی بەند ـ ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە)
لێرەدا ( S) مۆرفیمە بۆ تاک لە کار و لە کۆدا بۆ ئەم ناوانە (boys ' comes)، و B بۆ تاک لە ناودا و کۆش لە کاردا ( – come boy). لەم گفتوگۆیەشدا هەموو ئاماژەیەک بۆ کەسی یەکەم و دووەم پەراوێز دەخەین. دەستنیشانکردنی پاشکۆی ژمارەی ناو و کارەکان گومان لە گرنگییەکەیدا هەیە.
ئەمەی نووسەرەکە وتی لەسەر زمانی ئینگلیزی پیادە نابێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا پێویستە یاسایەکە بگۆڕدرێت و (دوانە)ش بخرێتە سەری هەروەک لە خوارەوەدا دیارە:
فرێزی ناوی← (فرێزی ناوی ـ تاک)
(فرێزی ناوی ـ دوانە)
(فرێزی ناوی ـ کۆ)
پاشان یاسایەکی دیکە بۆ کارەکان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناودا دادەڕێژرێن.(وەرگێڕ).

یان Verb (کار)، نەک زنجیرەیەک بێت، وەک N + T (ئامراز + ناو). ئینجا ئەگەر بەم مەرجەوە پابەند نەبین، ئەوا ڕۆنانی فریز لە ڕستە داتاشراوەکانمان بۆ دەرناکەوێت لەو نیگارانەی پەیوەندییان بەم ڕستانەوە هەیە، کە لە جۆری (١٥)ن، وەک لەسەرەوە هاتووە.

لێرەدا دەتوانین وەسفێکی گشتگیرتری شێوەی سیستەمی ڕێزمان بکەین، کە پەیوەندییان بە تیۆری ڕۆنانی زمانەوانییەوە هەیە، کە پشت بە پرۆسەی شیکردنەوەی پێکهاتەکانی دەبەستێت. هەموو سیستەمێک لە سیستەمەکانی ئەم ڕێزمانە، دەتوانین بە کۆمەڵێکی سنوورداری (خ) دەستنیشانی بکەین لە هێڵەکانی دەستپێکردن و ژمارەیەکی سنوورداری (ق) لە (دارشتنی ڕێنماییەکان) لە جۆری X → Y (س ← ص)، کە لە کاتی نووسینی X (س) دەخویندرێتەوە، بەو حیسابەی Y (ص)ە، لە (س)دا مەرج نییە یەک هێما بێت، کەچی ناتوانین هیچ هێمایەک لە (س) بنووسین، بەو حیسابەی (ص)ە. لە سیستەمی ڕێزمانی (١٣) یەک ڕەگەز لە کۆمەڵەی (خ) لە هێڵی دەستپێکردن هەیە، ئەویش ڕستەیە. کۆمەڵەی (ق) لە ڕێزمانی (١) ـ (٦) پێکدێت، لەوانەشە چەمکی (خ) فراوان بکەین، تاکو بۆ نموونە ڕستەی

هەواڵگەیانــدن و ڕســتەی پرســیاری بگرێتــەوە، بــەو گوزارشتەی دوو هێمای دیکەن. ئەگەر سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق) بــەکاربێنین، لــەم حاڵەتــەدا دەتــوانین داتاشــینێک دەستنیشــان بکــەین، بــەوەی زنجیرەیــەکی ســنووورداری هێڵەکانــە و بــە هێمــای دەســتپێکردنی (خ) دەســتپێدەکات. هەموو هێڵێک لە زنجیرەکەدا لە هێڵی پێشوو داتاشراوە، ئەویش بە پیادەکردنی دارِشتنێک لە ڕێنماییەکانی کۆمەڵەی (ق). بەم شێوەیە ئیتر(١٤) بە داتاشین هەژمار دەکەین، بە هــەمان شــێوە زنجیرەکــە لــە پێنج هێڵ پێکدێت، هــەر پێنج هێڵەکــەی یەکەمــە لــە (١٤)، هەنــدێک داتاشــین هــەن، کــە داتاشینی کۆتایین، واتە هێڵەکەی کۆتــایی نــاتوانین جــارێکی دی بــە پیــادەکردنی ڕێزمــانی (ق) بیاننووســینەوە. لێــرەدا داتاشینی (١٤) تەواوبووە، بــەڵام ئــەو زنجیرەیــەی لــە پێنج هێڵەکــەی یەکــەم لــە (١٤) پێکهــاتووە، داتاشــینێکی کۆتــایی نییــە، ئەگــەر هێڵەکــە دێــری کۆتــایی بێــت لــە داتاشــینێکی کۆتاییدا، کە بە هێڵی کۆتایی هەژمار دەکەین. هێڵی  + hit + The + ball + the + man (پیاو + ەکە + تۆپ + ەکە + لێدان)(پیاوەکە لە تۆپەکەی دا)، کە هێڵی کۆتاییە لــە سیســتەمی ڕێزمــانی(١٣). هەنــدێک سیســتەمی ڕێزمــانی جۆری (خ، ق) هێڵی کۆتــایی نییــە، کــەچی گرنگیپێدانمان لــە

سیستەمەکانی ڕێزماندا قۆرخ دەبێت، کە هێڵی کۆتاییان هەیە، واتە ئەوەی وەسفی زمانێک لە زمانەکان دەکات و کۆمەڵێک هێڵ بە زمانی کۆتایی ناوزەد دەکرێت، ئەگەر کۆمەڵەکە لە چەند هێڵێکی کۆتایی سیستەمێکی ڕێزمانی پێکبێت لە جۆری (خ، ق)، هەموو سیستەمێک لە سیستەمەکانی ئەم ڕێزمانە، زمانێکی کۆتایی دەستنیشان دەکات (لەوانەیە زمانێکی بەتاڵ بێت، کە ڕستەی تێدا نییە)، هەموو زمانێکی کۆتایی؛ سیستەمێکی دیاریکراوی ڕێزمان لە جۆری (خ، ق) بەرهەم دەهێنێت، ئیتر ئەگەر زمانێکی کۆتاییمان هەبوو بە سیستەمە ڕێزمانییەکەیەوە، ئەوا ئەوکاتە دەتوانین ڕۆنانی فریزی هەموو ڕستەی زمانەکە دووبارە بکەینەوە(واتە هەموو هێڵێک کۆتایی بە سیستەمی ڕێزمانی دێت)، ئەویش لەڕێگەی تویژینەوەی وێنەکانی سەر بە جۆری (١٥)، هەروەک لە سەرەوە بینیمان، هەروەها دەتوانین پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی ئەم زمانانە بەشێوەیەکی شێوەیی دەستنیشان بکەین، بە گوێرەی وێنەکانی تایبەت بە خۆیەوە.

**٤ـ٢:** لە بەشی سێیەم باسمان لە چەند زمانێک کرد، کە بە (زمانەکانی حاڵەتە سنووردارەکان) دەناسرێت، کە بە

بــەکارهێنانی پرۆســـەکانی مـــارکۆڤی خـــاوەن حاڵـــەتی سنووردار بەرهەم دێت. ئێستاش دەستدەکەین بە زمانە کۆتاییەکان و باس لەو زمانانە دەکەین، کە بە بەکارهێنانی سیســـتەمەکانی جـۆری (خ، ق) بەرهـــەم دێـت. ئـەم دوو جۆرەی زمان بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەم شێوەیە:

**تیۆری:** هەموو زمانێک حاڵەتێکی سنوورداری هەیە، کە زمانێکــە کۆتــایی هــاتووە، بــەڵام هەنــدێک لــە زمانــە کۆتاییهاتووەکان زمانی خاوەن حاڵەتی سنووردار نین،[1] ئەم تیۆرە مانای ئەوەیە وەسفکردن بەپێی ڕۆنانی فرێز، توانای وەسفکردنی زیاترە بە گوێرەی تیۆرە بەراییەکەی، کە لە بەشی سێیەمدا باسمانکرد. نموونەی ئەم زمانە کۆتاییهاتووانــەی زمــانی خــاوەن حاڵــەتی ســـنووردارن، هەردوو نموونەی (١٠-١) و (١٠ ـ ٢)، کە هەردووکیانمان لە بەشی سێیەم باسکرد. زمانی (١٠ ــ ١) تەنیا لە سەرجەم ئەم هێڵانە پێکهاتووە (أ ب، أ أ ب ب، أ أ أ ب ب ب، دەکرێ بەرهەم بهێنرێن، ئەویش بە بەکارهێنانی سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق) لە (١٨)دا.

---

١ ـ بۆ شارەزابوون لە بەڵگەکانی ئەم تیۆرە و تیۆرەکانی تر هاوشێوەی دەربارەی توانای ڕێژەیی سیستەمی ڕێزمان، بڕوانە ئەم وتارەم((سێ نموونەی وەسفی زمان)).

(١٨)

**خ : ز**

**ق : ز ← أ ب**

**ز ← أ ز ب**

ئەم سیستەمەی ڕێزمان هێڵێکی دەستپێکردنی هەیە ز (هەروەها (١٣) هێڵێکی دەستپێکی ڕستەیی هەیە) و دوو یاسای هەیە. زۆر ئاسانە تێبینی ئەوە بکەین هەموو داتاشینێکی کۆتاییهاتوو لە (١٨) دادەمەزرێت و بە هێڵی زمانی (١٠ ـ ١) کۆتایی دێت، هەروەها هەموو ئەم هێڵانە دەتوانین بەم شێوازە بەرهەمیان بهێنین، بە هەمان شێوە زمانەکانی جۆری (١٠ـ٢) دەکرێ بەرهەم بهێنرێن، ئەویش بە بەکارهێنانی سیستەمەکانی ڕێزمانی (خ، ق)، کەچی (١٠ـ ٣) ناتوانین بەرهەمیان بهێنین بە بەکارهێنانی ئەم شێوە ڕێزمانە، مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەم یاسا ڕێزمانیانە کۆت و بەندێک لەخۆ بگرن، کە پشت بە دەوروبەرەکە ببەستن.[١]

---

[1]_ on certain formal properties of grammer, Information and Control 2. 133 – 167(1959).

لە بەشی سێیەم وتمان هەردوو زمانی (١٠ ــ ١) (١٠ ــ ٢) لەگەڵ بەشە لقەکانی زمانی ئینگلیزی وەکیەکن، لەبەر ئــەوە نموونــەی پرۆســەی مــارکۆڤ دەربــارەی حاڵەتــە سنووردارەکە بۆ زمـانی ئینگلیـزی دەسـتنادات. ئێسـتاش تێبینی دەکەین نموونەی ڕۆنانی فریژ لەم جۆرە حاڵەتانـەدا شکست ناهێنێت، ئەمەش سەلماندنێک نییە بۆ بەکەڵکبوونی نموونـەی ڕۆنـانی فریژەکـە، کـەچی ئـەوە دەردەخـات، کـە بەشـی زۆری زمـانی ئینگلیـزی نـاکرێ وەسـف بکـرێن بـە بـەکارهێنانی نموونـەی پرۆسـەی حاڵەتـە سـنووردارەکە، بـەڵکو دەکـرێ وەسـف بکـرێن بـە بـەکارهێنانی ڕۆنـانی فرێزەکە.

لـە حاڵـەتی (١٨)دا تێبینـی دەکرێـت، کـە ئێمـە دەتـوانین بڵێین هێڵی (أ أ أ ب ب ب) لە زمانی (١٠ ـ ١)دا بۆ نموونە، أ ب بریتییـە لـە (ز) و (أ أ ب ب) هــەر (ز)ە و (أ أ أ ب ب ب) هەر (ز) خۆیەتی،[١] کەواتە ئەم هێڵە سێ فرێزی لـەخۆ گرتــووە، کــە هەریەکــەیان (ز)ن، بــەڵام ئــەم مەســەلەیە گرنگییـەکی کـەمی هەیـە. گرنـگ ئەوەیـە ئێمـە تێبینـی ئـەوە بکـەین، کاتێـک ئـەم زمانـەمان دانـا، ئـەوا هێمـای (ز)مـان

[١] ـ واژەی (هەر خۆیەتی)، ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییە دەکات، کە لە (١.٤) هەبوو، ئەویش بە بەکارهێنانی وێنەی (١٥).

تێخزاندووه، کە لە نێوان ڕستەکانی ئەم زمانەدا بوونی نییە، ئەمە ڕاستەقینەیەکی جەوهەرییە دەربارەی ڕۆنانی فریز، کە خەسڵەتی ڕووت وەردەگرێت.

بە هەمان شێوە لە حاڵەتی (١٣) و (١٨) و (لە هەموو سیستەمێکی ڕۆنانی فریز) تێبینی دەکەین، کە یەک هێڵی کۆتاییهاتوو ژمارەیەکی زۆری هێڵە هەمەجۆرەکان نوێنەرایەتی دەکەن، بۆ نموونە لە حاڵەتی (١٣)دا دەبینین، کە هێڵی کۆتاییهاتوو (the man hit the ball) ئەم هێڵانە پێکی دەهێنن: ڕستەکە ـ فریزی ناوی + فریزی کاری، ئامراز + ناو + فریزی کاری، و هەموو هێڵەکانی دی لە (١٤)، بە هەمان شێوە ئەم هێڵانە نوێنەرایەتی دەکەن: فریزی ناوی + کار + فریزی ناوی، ئامراز + ناو + لێدان + فریزی ناوی؛ کە بۆی هەیە لە داتاشینەکانی دیکەدا بێت، کە بە چەمکەکەی پێشوو لەگەڵ (١٤)دا هاوشێوەیە. کەواتە هەموو ڕستەیەک لە ڕستەکانی زمان لەسەر ئاستی ڕۆنانی فریز کۆمەڵە هێڵێک گوزارشتی لێدەکەن، نەک یەک هێڵ، هەروەک لە ئاستی فۆنیمەکان یان مۆرفیم یان وشەکانیشدا بەدیدەکرێت. بەم شێوەیە ئیتر ڕۆنانی فریز ئەگەر بە ئاستێکی زمانەوانی هەژمار بکرێت، ئەوا خاوەن ڕواڵەتێک دەبێت، کە لە ناوەرۆکدا

جیـاوازە لــە هەنـدێک ئاســت، کــە پێویسـتییان پــێ هەیــە، هەروەک لە کۆپلەی کۆتایی بەشی سێیەمدا بینیمان. لێرەدا نــاتوانین ڕێکخســتنێکی هـــەرەمی هێڵــە هەمـــەجۆرەکان دابڕێـژین، کـە گوزارشـت لـە ( the man hit the ball)(پیاوەکـە لـە تۆپەکـەی دا) دەکـەن، هـەروەها نـاتوانین سیستەمی ڕۆنانی فرێز بکەینە کۆمەڵە ئاستێکی سنووردار، کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕێکخراوە، هەموو ڕستەیەک بـە هێڵێک لە هەموو ئاستێکی ئەم ئاستە بەشەکیانە دادەنرێت، بـۆ نموونــە هــیچ شــێوازێک نییــە بــۆ ڕێکخســتنی (NP) (فرێــزی نــاوی) و VP (فرێــزی کــاری) هـــەر یـــەکێک سەبارەت بە ئەوی دی. فرێزە ناوییەکان دەچنە نـاو فرێـزە کارییەکانـــەوە، هـــەروەها فرێـــزە کارییـــەکان لـــە زمـــانی ئینگلیزیدا دەچنە نـاو فرێـزە ناوییەکانـەوە،[1] کەواتـە ڕۆنـانی

١ - ئەمە لە زمانی عەرەبیشدا دروستە بەپێی تیۆری زمانەوانی، کە ئێمە باسی دەکەین، لە ڕستەی (کوڕەکە لە تۆپەکەی دا)، (کوڕەکـە) فرێـزی ناوییـە و (لـە تۆپەکـەی دا) فرێـزی کارییـە، فرێـزی کۆتـایی فرێـزی نـاوی لـەخۆ دەگرێت، کـە (تۆپەکە)یـە، بڕوانـە وێنـەی (١٥). فرێزی کاری لـە فرێـزی ناویدا هـاتووە وەک: (ئـەو کـوڕە هـات، کـە بینیم)، فرێزی (ئەو کوڕەی بینیم)، فرێزی ناوییە و فرێـزی کـاری لەخۆ دەگرێت، کە (بینیم)ە. (وەرگێڕ).

فریز پێویسته به یەک ئاست دابنرێت، که کۆمەڵه هێڵێک بۆ هـــەر ڕســـتەیەکی زمـــان گوزارشـــتی لێـــدەکات. لێـــرەدا وەکیەکبوونێکی تەواو لـه نێوان هێڵـه گوزارشتلێکراوەکاندا هەیـــه، کـــه بژاردەیـــەکی ڕاســـت و دروســـتن لەگـــەڵ ئـــەو وێنانەی له (١٥)دا هەن.

**٤-٣:** با وا دابنێین لـه تواناماندا هەیه سـەرجەم زنجیره ڕێزمانییـــەکانی مـــۆرفیمی زمانێـــک لـــه زمانـــەکان بەرهـــەم بهێنین، بـه بـەکارهێنانی سیستەمی ڕێزمـانی (خ، ق). تـاکو سیسـتەمی ڕێزمـانی تـەواو بکـەین، پێویسـته نـاوی ڕۆنـانی فۆنیمی ئەم مۆرفیمانه (یەکەکانی وشەسازی) بهێنین، تـاکو سیســـتەمی ڕێزمـــانی زنجیـــره ڕێزمانییـــەکان فۆنیمـــەکانی زمانێـــک بەرهـــەم بهێنـــین. کـــه دەکـــرێ ئـــەم بەشـــه بـــه مۆرفۆفـۆنیم (وشــه ــ دەنگ)نـاوی بـەرین، دەتـوانین بـه بـــەکارهێنانی کۆمەڵـــه ڕێزمانێـــک لـــه جـــۆری دووبـــاره نووسـینەوەی X (س) گوزارشـتی لـێ بکـەین، بـەوەی(Y) (ص)ه، بۆ نموونه له زمانی ئینگلیزیدا:

(١٩)

1- walk → wak

2- take + past → (tuk)

3- hit + past → (hit)

4- (D) + past →(...D) + (id)

لێره D= (T) یان (d)

5- (cunv) + past → (…cunv) + ( T )

(لێرەدا cunv دەنگێکی نەبزوێنی بێدەنگە)

6-past→ (d)

7- take→ (tayk)

......هتد[1].

---

[1] - ئەم یاسایانە یەکەکانی وشەسازی(مۆرفۆلۆجی) لە پیادەکردنی یاساکانی ڕۆنانی فریزەوە بەرهەم هاتوون بۆ یەکەی دەنگی(فۆنەتیک) دەگۆڕێت، کە دەتوانرێت گۆبکرێن، هەروەک لەم نموونە عەرەبییەدا هاتووە:

١. ک ت ب + ڕانەبردوو / یـ ک ت ب / (بڕوانە دەنگەکان و فۆنیمەکانی نێوان هێلی لار/١).

٢. ک ت ب + ڕابردوو / ک ت ب /

٣. ال + دەنگی شەمسی / ال/

٤. ال + دەنگی قەمەری / ا / یان هاوشێوەی (وەرگێڕ).

یان هاوشێوەی، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، ئەم ڕێزمانە دەستنیشان بکرێت وەک یاسای(٢)، کە پێویستە لەپێش یاسای (٥) یان (٧)ەوە بێت، ئەگینا پیادەکردنی یاساکە پەلمان دەکێشێت بۆ شێوازی ناڕێزمانی، وەک (thyut) لەجیاتی شێوازی ڕابردوو / Tuk / کاری Take ، کە لە ڕێزمانی وشەسازی ـ دەنگسازیدا پێویست نییە، دووبارە یەک هێما لەکاتی پیادەکردنی هەر یاسایەک بنووسینەوە.

ئێستا دەتوانین بواری داتاشینەکانی ڕۆنانی فرێز فراوانتر بکەین، ئەویش بەجێبەجێکردنی یاسای (١٩)، تاکو پرۆسەیەکی یەکگرتوومان دەستبکەوێت بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی فۆنیمی لە هێڵی دەستپێکەوە، ڕستەکە، لەوانەشە بەم هۆیەوە جیاکردنەوەی نێوان ڕۆنانی فرێز و ئاستەکانی خوارەوە هەڕەمەکی بێت، لەڕاستیدا جیاکردنەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕوونادات. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە وەک بینیمان ئەوەیە، کە خەسڵەتە شێوەییەکانی ڕێزمانی Y → X (س ← ص) ئاماژە بۆ ڕۆنانی فرێز دەکات، جیاوازە لەگەڵ خەسڵەتە شێوەییەکانی ڕێزمانی وشەسازی ـ دەنگسازی هەیە، یان فاینەڵە بۆ فۆنیمەکان، چونکە لە ڕێزمانی جۆری یەکەم

پێویستە جارێکی دی دووبارە یەک هێما بۆ هەر یاسایەکی ڕێزمانی بنووسرێتەوە، دووەم: ئەو توخمانەی لە ڕێزمانی (١٩)دا دەردەکەوێت، دەکرێ پۆلێن بکرێن بۆ کۆمەڵێکی سنووردار لە ئاستەکان (وەک فۆنیم و مۆرفیم و مۆرفۆفۆنیم)، هەر یەکێک لەم ئاستانە بەراییین، واتە یەک هێڵ لە توخمەکانی ئەم ئاستانە پەیوەندی بە هەموو ڕستەیەکەوە هەیە، بەو حیسابەی ئەم ئاستە گوزارشتی لێ دەکات، مەگەر لە حاڵەتەکانی ڕەگەزدۆزی نەبێت. هەموو هێڵێک لەم هێڵانە گوزارشت لە یەک ڕستە دەکات، کەچی ئەو توخمانەی لە ڕێزمانییەکاندا دەردەکەوێت، ئاماژە بۆ ڕۆنانی فریز دەکات، ناکرێ پۆلێن بکرێن بۆ ئاستێکی بەرزتر و دانەیەکی دیکەش بۆ ئاستە نزمەکە، بەو شێوازەی باسمانکرد، پاشان دەبینین هۆکارێک هەیە گرنگترە بۆ ئەنجامدانی ئەم دابەشکردنە بۆ ئاستێکی بەرزتر لە ڕێزمانی ڕۆنانی فریز و ئاستی خوارتری ئەو ڕێزمانەی چەند هێڵێک لە مۆرفیمەکان دەگۆڕێت بۆ هێڵی ئەوتۆ، کە لە فۆنیمەکان دروستبوونە.

خەسڵەتە شێوەییەکانی سیستەمی ڕۆنانی فریز بابەتێکی گرنگە بۆ سازدانی توێژینەوە، هەروەها ئاسانە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە شێوەی سیستەمی ڕێزمانی لەمە زیاتر

پێویستە و لە توانایدا هەیە، هەروەها زۆر ئاسانە تێبینی بکەین سوودی ڕێکخستنی ڕێزمانی کۆمەڵەی (ق) تاکو هەندێکی جێبەجێ بێت بۆ نموونە لەپێش هەندێکی دیکە، بێگومان پێویستە سەرجەم یاساکانی جۆری (١٧) جێبەجێ بکرێت، پێش جێبەجێکردنی هەر یاسایەکی دی، وەکو دووبارەکردنەوەی نووسینی فرێزی ناوی، بەو حیسابەی فرێزی ناوی + ئامرازی پەیوەندی + فرێزی ناوی و .....هتد، ئەگینا سیستەمی ڕێزمان نارستە بەرهەم دێنێت (واتە ڕستەی نارێزمانی)، هەروەک لەم نموونەیەدا بەدی دەکرێت:

(the men near the truck begins work at eight).

(ئەو پیاوانەی لە نزیک ترێلەکەدان، کار لە کاتژمێر هەشت دەسپێدەکات).

بەڵام فراوانکردنی بەم ئاراستەیەدا پەلمان دەکێشێت بۆ هەندێک بابەت، کە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە.

# (٥)

# دەستنیشانکردنی وەسفی ڕۆنانی فرێز

**٥ـ١:** پێشـووتر باسـی دوو نموونـەی ڕۆنـانی زمانمـان کـرد، نموونەیـەکیان تیـۆری پەیوەندییەکـە پشـت بـە ئـەو بیرۆکـە دەبەسـتێت، کـە زمـان لـە پرۆسـەکەی مـارکۆڤ دەچێت، هـەروەها لـە یـەکێک لـە ماناکانیدا لەگـەڵ کـەمترین ئاستی تیۆری زمانـەوانی هاوشـێوەیە، هـەروەها نموونـەی ڕۆنانی فریز پشت بە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە دەبەستێت، بۆ بەشە ڕاستەوخۆکانی خۆی. بینیمان پرۆسەی یەکـەم بـە کـــەڵکی مەرامـــەکانی سیســـتەمی ڕێزمـــانی نایـــەت، دووەمیشـیان توانـای زیـاترە لـە یەکـەمیان و کەلێنـەکانی نموونەی یەکەم لەخۆ ناگرێت، بێگومان هەندێک زمان هەن بـە مانـا گشـتییەکەی زمـان نـاتوانین وەسـفیان بکـەین بـە بەکارهێنانی ڕۆنانی فریز، بـەڵام نـازانم ئایا خـودی زمـانی ئینگلیـــزی دەکەوێتـــە دەرەوەی چوارچێـــوەی ئـــەو شیکردنەوەیەی لـە دەرەوەی ڕۆنـانی فریزدایـە یـاخود نـەء، هەرچی چۆنێک بێت لـەو بـاوەڕەدام هۆکـاری دی هـەن بـۆ ڕەتکردنـەوەی ڕۆنـانی فریـز، چونکـە بـە کـەڵکی وەسـفی زمانەوانی نایەت.

بـەهێزترین سـەلماندن بکـرێ بەهۆیـەوە بێکـەڵکی تیـۆری زمانەوانی بسەلمێنرێت ئەوەیە، کە ڕوونی بکەینەوە نـاکرێ لەسـەر زمانـە سروشـتییەکان پیادەیـان بکـەین، هـەروەها

سەلماندنێکی لاوازتر هەیە بۆ سەلماندنی بێکەڵکی، وا باشترە مرۆڤ ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی خراپ پیادە دەبێت، واتە هەموو سیستەمێکی ڕێزمانی بەپێی ئەم تیۆرە ئاڵۆز و هەڕەمەکی دەبێت و هیچ جۆرە زانستێکمان بۆ دەستەبەر ناکات، هەندێک شێوازی زۆر سادە هەن بۆ وەسفکردنی ڕستەکانی ڕێزمان، کە لەگەڵ سیستەمەکانی ڕێزمانی پەیوەست بەم تیۆرەوە ناگونجێن، هەندێک خەسڵەتی شێوەیی بنەڕەتی زمانە سروشتییەکان هەن، کە ناکرێ بۆ سادەترکردنی سیستەمەکانی ڕێزمان بەکاربهێنرێن، دەتوانین زۆر لەم بەڵگانە کۆبکەینەوە، کە شێوەی سیستەمی ڕێزمانی دەسەلمێنن، کە لەسەرەوە دامانڕشتن، بیرۆکەی سیستەمی زمانەوانی، کە پشتی پێ دەبەسترێت، لە ڕووی کرۆکەوە بێسوودە.

تاکە ڕێگا بۆ تاقیکردنەوەی بەکەڵکهاتنی ئەو نموونەیەی ئێستا هەمانە، هەوڵدانێکە بۆ پیادەکردنی نموونەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ وەسفکردنی ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەگەر توێژینەوە لە چەند ڕستەیەک بکەین، بە مەرجێ ڕستەی سادە نەبن، بەتایبەتی ئەگەر هەوڵبدەین شێوازێکی ڕێکخراوی ڕێزمان دەستنیشان

بکەین، کە ئەم ڕستانە بەرهەم دێنن، یەکسەر خۆمان لە بەرانبەر سەختی و ئاستەنگ و کۆمەڵە مەسەلەیەکی ئاڵۆز دەبینینەوە، سەلماندنی ئەم قسەیە پێویستی بە کۆششێکی زۆر و شوێنێکی فراوان هەیە، لێرەدا دەتوانم بڵێم ئەم قسەیەم دەکرێ بسەلمێنرێت و کەسانی دیکەش پێ قەناعەت بهێنرێت،[1] لەجیاتی ئەوەی بەم ڕێگایەدا تێپەڕین، لێرەدا بە کورتی باس لە حاڵەتە سادەکان دەکەین، کە بەهۆیانەوە دەتوانین سیستەمەکانی ڕێزمان لە جۆری (خ، ف) باشتر بکەین. لە بەشی هەشتەمدا شێوازێکی سەربەخۆ پێشنیاز دەکەم بۆ سەلماندنی بێکەڵکی شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکان بۆ بەشە بچووکەکانیان، بەو حیسابەی ئەم شێوازە ئامرازێکە بۆ وەسفکردنی ڕۆنانی ڕستەی ئینگلیزی.

**٥ـ٢:** کردەی بەستنەوە لە هەموو کردەکانی تر زیاتر سوودی بۆ دروستکردنی ڕستەی تازە هەیە. ئەگەر دوو ڕستە وەربگرین:

١ ـ بۆ شیکردنەوەیەکی درێژی ئەم پرسە، بڕوانە ئەم وتارەم: (ڕۆنانی لۆژیکی تیۆری زمانەوانیی).

ز + س + و، ز + ص + . ئەگـــەر (س، ص) لـــە پێکهاتە ڕاستەقینەکانی ئەم دوو ڕستەیە بێت، دەتوانین بە گشتی ڕستەیەکی تازە دروست بکەین: ز ـ س + and + ص ـ و، بۆ نموونە دەتوانین دوو ڕستە دروستبکەیتن (٢٠ یان ب) ڕستەیەکی تازەیە (٢١).

**(٢٠)**

1- the secne – of the movie – was in Chicago

(دیمەنی ـ فیلمەکە ـ لە شیکاگۆ)

2-the scene – of the play – was in Chicago

(دیمەنی ـ شانۆکە ـ لە شیکاگۆ).

**(٢١)**

the scene – of the movie and the play – was in Chicago

(دیمەنی ـ فیلمەکە و شانۆکە ـ لە شیکاگۆ)

بەڵام ئەگەر هەردوو (س) و (ص) لە پێکهاتەکانی ئەم دوو ڕستەیە نەبن، ئەوا بەگشتی ناتوانین ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەین.[1]

---

١ - ئەم دوو نموونەیە (٢١) و (٢٣) دوو حاڵەتی نامۆن، کە ئەگەرەکانی (بەستنەوە) ڕوون دەکەنەوە، چەندەها حاڵەتی دی هەن، کە زۆر ڕوون نین، ئەوەی ڕوونە ڕستەی john enjoyed the book and liked the play (جۆن پەرتووکەکەی بەدڵ بوو و شانۆکەشی حەزی لێبوو)، ئەم ڕستەیە لەمانە پێکهاتووە: (فریزی ناوی + فریزی کاری + and + فریزی کاری)، بێگومان ئەم ڕستەیە ڕاست و دروستە، کەچی زۆر کەس گومانیان لە ڕێزمانیبوونی بۆ نموونە ئەم ڕستەیە هەیە، John enjoyed and my friend liked the play (جۆن بەدڵی بوو و برادەرێکیش حەزی لە شانۆکە کرد)، (ئەمەش هێڵێکە ئەم شێوەیەی هەیە: فریزی ناوی + کار + and + کار + فریزی ناوی). ڕستەی کۆتایی (بەستنەوە)کە سنووری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان دەبەزێنێت، وەک ئەم ڕستە ئەلتەرناتیڤە حاڵەتێکی سروشتی نییە ( John enjoyed the play and my friend liked it) (جۆن شانۆنامەکەی بەدڵ بوو و برادەرەکەشم حەزی لێ بوو)، لە کاتێکدا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی باشتر بۆ ڕستەکەی یەکەم نییە. ئەم جۆرە ڕستانە تیایاندا (بەستنەوە) سنووری پێکهاتەکان دەبەزێنێت، هەمیشە خەسڵەتی فۆنیمی لەخۆ دەگرێت، وەکو بوونی هەڵوەستە درێژەکان (لەم نموونەیەدا لە نێوان the , liked) و هێزی بەرانبەر

و ئـاوازە و پاراسـتنی بـەهای بزوێنـەكان و لانـەبردنی دەنگـە نەبزوێنەكانی كۆتایی وشەكە لە ئاخاوتنی خێرادا، ئەم خەسڵەتانە لە ڕسـتە ناڕێزمانییەكانـدا هەیـە، وا پێـدەچێت باشـترین ڕێگـا بـۆ وەسفكردنی ئـەم حاڵەتـە ئـەم وەسفەیە: ئەگـەر بمانـەوێت ڕسـتەی ڕێزمانی لەڕێگەی (بەستنەوە) پێكبهێنین، پیویستە پێكهاتـەی تاكیانـە بە (بەستنەوە) بكەین، بەڵام ئەگەر جووتەكان (بەستنەوە) بكەین لـە پێكهاتـەكان، كـە سـەرەكین (واتـە بەشـی سـەرەوەی وێنـەی (١٥) ئەنجامەكـەی ڕسـتەی نیمچـە ڕێزمـانین، هەرچەنـد دەرچـوون لـە ڕۆنـانی پێكهاتـەكان تـەواوبێت بـە بـەكارهێنانی (بەسـتنەوە)، ئـەوا ڕستە بەرهەمهاتووەكە ڕێزمـانیبوونی كـەمتر دەبێـت، لـە هـەردوو حاڵەتیشدا هەریەكە ئەگەر ئەم جۆرە ڕستانە هەڵاوێر بكەین ( john enjoyed and my friend liked the play) (جۆن بـەدڵی بـوو و برادەرەكەشـم حـەزی لـێ بـوو)، بـەو حیسـابەی ناڕێزمانییـە یـان ئەگەر بیخەینـە نـاو گفتوگۆكـە، بـەو حیسـابەی ڕێزمانییـە، ئـەوا هـیچ گرنگییـەكی نابێـت، بەهـەرحاڵ جـۆرێكی جیاكـاری (وتەكـەكان) پێكدەهێنێت دەربارەی ( John enjoyed the play and my friend liked) (جۆن شانۆكەی بەدڵ بوو و برادەرەكەشم حـەزی لێ بوو) و..... هتد، لێرەدا ڕۆنـانی پێكهاتەكـەی وەكخـۆی جێهێشـت، ئیتر بەمشێوەیە ئەنجامەكانمان ڕاست و دروست دەردەچن، یاسـای (بەستنەوە) جـەخت لـەوە دەكاتـەوە، كـە پێویسـتە ئامـاژە بـەڕوونی ڕۆنـانی فرێـز بكـەین، مـادام ئـەم جیاكارییـە پێویسـت دەكـات لـە سیستەمی ڕێزمانیدا باس بكرێت.

بـۆ نموونــه نــاتوانین ڕســتەی (٢٣) لــە (٢٢ یــان ــ ب) پێکبهێنین.

**(٢٢)**

**(أ) the - liner sailed doun the - river**

**(کەشتی ـ ەکە چووە ناو ڕووبار ـ ەکە)**

**(ب) the - tugboat chugged up the - reiver**

**(کەشتی ـ ەکە لە ڕووبار ـ ەکەدا ڕۆیشت).**

**(٢٢)**

**(أ) the - liner sailed down the - river**

**(کەشتی ـ ەکە لە ڕووبار ـ ەکەدا ڕۆیشت).**

**(ب) the - tougboat chugged up the - river**

**(کەشتی ـ ەکە لە ڕووبار ـ ەکەدا ڕۆیشت).**

**(٢٣)**

**the - liner sailed down the and tugboat chugged up the - river**

**(کەشتی ـ ەکە چووە ناو و بەلەمەکەش لە ڕووبار ـ ەکەدا ڕۆیشت).**

بە هەمان شێوە ئەگەر (س، ص) لە پێکهاتەکان بێت، بەڵام جیاواز بن (واتە لە وێنەی (١٥) ئەگەر هەریەکەیان یەک بنجیان هەبێت، بە هێمایەکی جیاواز ئاماژەی بۆ کرا)، بە گشتی ناتوانین ڕستەیەکی نوێ لەڕێگەی (بەستنەوە)وە دروست بکەین، بۆ نموونە ناتوانین (٢٥) لە (٢٤ ـ أ ، ب) دروست بکەین.

**(٢٤)**

**(أ)**

**the scene - of the movie - was in Chicago**

**(دیمەنی ـ فیلمەکە ـ لە شیکاگۆ)**

**(ب)**

**the scene - that - I wrote - wasia Chicago**

**(دیمەنەکە ـ کە نووسیم ـ لە شیکاگۆ)**

(٢٥)

**the scene - of the movie and that I wrote - was in Chicago**

**(دیمەن ـ فیلمەکە و ئەوەی نوسیم ـ لە شیکاگۆ)**

بگـــرە ئەگـــەری دروســـتبوونی (بەســـتنەوە) باشـــترین پێـوەرە بـۆ دەستنیشـانکردنی یەکـەم بـۆ ڕۆنـانی فرێزەکـە، هەروەها دەتوانین بەشێوەیەکی سادە وەسفی (بەستنەوە) بکـەین، ئەگـەر لـە هـەوڵی ئـەوە دابـین پێکهاتـەکان بـە شێوازێک دابمەزرێنین، کە ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێ ببێت:

**(٢٦)**

**ئەگـــەر ڕ١، ڕ٢ دوو ڕســـتەی ڕێزمـــانی بـــن و (ڕ١) جیـاوازی لەگـەڵ(ڕ٢)دا هـەبێت، تـەنها لـەوەی (س) دەردەکـەوێت لـە (ڕ١) و (ص)یش لـە (ڕ٢) دەردەکـەوێت (واتـــــە ڕ١= س و ڕ٢ =ص) ، هـــــەروەها س و ص هـەردووکیان لـە یـەک جـۆری پێکهاتـەکانن لـە ڕ١ و ڕ٢ لـەدوای یەکـدی: کەواتـە ڕ٣ ڕسـتەیە، چونکـە لێـرەدا ڕ٣**

**لـەجیاتی س ب س and + ص لـە ڕ١، بەرهـەمهاتووە، واتە (ڕ٣ = س + and + ص...).**

ئـەم یاسـایە پێویسـتی بـە هەمواركردنەوەیـەكی دیكـە هەیە، لەگـەڵ ئەوەشـدا سیسـتەمی ڕێزمـانی تـا ڕاددەیـەكی زۆر سـادەیە، ئـەویش ئەگـەر هەسـتین بـە دامەزرانـدنی پێكهاتەكان بە شێوازێك ئەم یاسایە (٢٦)ی بەشێوەیەك لـە شـێوەكان لەگـەڵ بگونجێت. واتـە باسـكردنی دابەشـكردنی (and) لەڕێگەی هەمواركردنەوەكانی ئەم یاسایە ئاسـانترە لـە ناوهێنـانی دابەشـكردنی ڕاسـتەوخۆ بـەبێ داڕشـتنی ئـەم یاسـایە. بـەڵام ئێمـە ئێسـتا ئـەم ئاسـتەنگەمان ڕووبەڕوودەبێتـەوە: ئێمـە دەتـوانین ئـەم یاسـایە (٢٦) یـان هاوشێوەكانی لە سیسـتەمی ڕێزمـانی (خ، ق) ڕۆنـانی فرێـز بخزێنینـە نـاوی، ئـەویش لەبـەر هۆكـاری هەنـدێك كـەلێنی سەرەكی، كە لە سیسـتەمی ئـەم ڕێزمانـەدا بـەدی دەكرێت. یاسـای (٢٦) خەسـڵەتێكی سـەرەكی هەیـە، ئـەویش جێبەجێكردنییـەتی لـە ڕ١ و ڕ٢ بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕسـتەی تازە (ڕ٣)، كەوا دەخوازێت شێوەی ڕاستەقینەی هـەردوو ڕسـتەی (ڕ١) و (ڕ٢) بزانرێـت، هـەروەها ڕۆنـانی پێكهاتـەكانیان درك پێبكرێـت ــ واتـە پێویسـتە شـێوەی كۆتـایی ئـەم دوو ڕسـتەیە بـزانین و بەهـەمان شـێوەش

پێویستە مێژووی داتاشینیان بزانین، کەچی هەموو یاسایەک لە یاساکانی $X \rightarrow y$ (س ← ص)ی سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق) پراکتیزەکردنەکەی بە هێڵێک لە هێڵەکانەوە بەندە لەسەر بابەتە ڕاستەقینەکەی ئەو هێڵە> بەڵام ئایا چۆن ئەم هێڵە شێوەکەی ئێستای بەشێوەیەکی زنجیرەیی وەرگرتووە(واتە مێژووی هێڵەکە)، ئەمە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەگەر هێڵەکە ئەم هێڵە بەشەکییە لەخۆ بگرێت X (س)، ئەوا ئەم یاسایە $X \rightarrow y$ (س ← ص) لەسەری پیادە دەبێت، ئەگەر ئەمە نەبێت، ئەوا یاساکەی لەسەر جێبەجێ نابێت.

دەکرێ ئەمەی وتمان بە شێوازێکی دی گوزارشتی لێ بکەین، سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق) بۆمان هەیە بە پرۆسەیەکی بەرایی هەژماری بکەین بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەکان، نەک لە (چەپەوە بۆ لای ڕاست)، بەڵکو لە (سەرەوە بۆ لای خوارەوە)، با گریمانەی ئەوەش بکەین، کە سیستەمێکی ڕێزمانیمان هەیە بۆ ڕۆنانی فریزەکە ئەمەیە:

**(٢٧) خ: ڕستە**

**ق: س١ ← ص١**

**س ن ← ص ن**

کەواتە دەکرێ گوزارشت لەم سیستەمی ڕێزمانە بکەین بە ئامێرێک، کە ژمارەیەکی سنووورداری لە حاڵەتە ناوخۆییەکان تێدا بێت، بە هەردوو حاڵەتی دەستپێک و حاڵەتی کۆتایی هێنانەوە. ئەم ئامێرە لە حاڵەتی دەستپێک دەتوانێت تەنها توخمەکە ـ ڕستەکە بەرهەم بهێنێت، پاشان بۆ حاڵەتێکی تازە بجووڵێت، لەوکاتەدا دەتوانین هەر هێڵێک ص ع بەرهەم بهێنێت، ئەگەر یاساکە: ڕستەکە ص ع یەکێک بێت لە یاساکانی ق لە(٢٧). ئەگەر گریمانە بکەین ص ٤ بریتییە لە هێڵی ... س غ ...... ، کەواتە ئامێرەکە دەتوانێت هێڵەکە بەرهەم بهێنێت..... ص غ..... بە پیادەکردنی ئەم یاسایە س غ ← ص غ، بەم شێوەیە ئامێرەکە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە تاکو هێڵی کۆتایی پێشدەکەوێت. لەم حاڵەتەدا ئیتر لە حاڵەتی کۆتاییدا دەبێت بەمشێوەیە داتاشینەکان بە گوێرەی چەمکەکانی بەشی چوارەم بەرهەم دێت، گرنگ ئەوەیە حاڵەتی ئامێرەکە بەگشتی ئەو هێڵە دەستنیشانی دەکات، کە خودی ئامێرەکە بەرهەمی دەهێنێت (واتە هەنگاوی کۆتایی لە

داتاشیندا) بەشێوەیەکی وردتر دەڵێین، کە ئەو حاڵەتەی کۆمەڵە لقەکەی توخمەکانی س ع دەستنیشانی دەکەن بە (لای ڕاستی) ڕێزمانی (ق)، کە ئەو هێڵە لەخۆی گرتووە کە بەم دواییە بەرهەمهاتووە. بەڵام یاسای (٢٦) پێویستی بە ئامێرێکی بەتواناتر هەیە، کە دەتوانێت بڕوانێتە دواوە بۆ هێڵەکانی پێشووی داتاشینەکە تاکو چۆنێتی بەرهەمهێنانی هەنگاوەکەی دواتر لە داتاشینەکەدا بەرهەم بهێنێت.

یاسای (٢٦) بە هەمان شێوە لە ڕووی کرۆکەوە بە چەمکێکی دیکە تازەیە، چونکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئاماژە بۆ دوو ڕستەی جودا دەکات ڕ١ و ڕ٢، بەڵام لە سیستەمی ڕێزمانی جۆری (خ، ق) هیچ ڕێگایەک نییە بکرێ بەهۆیەوە ئەم ئاماژە دوانەییە بخزێنرێتە ناو سیستەمەکەوە. جێبەجێنەکردنی ئەم خزاندنە ناوەی یاسای (٢٦) بۆ سیستەمی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم شێوەیەی سیستەمی ڕێزمانی هەرچەندە ئەستەم نییە لە زمانی ئینگلیزیدا جێبەجێ بکرێت، کەچی بێگومان بێکەڵک و بێسوودە بەو چەمکەی لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێدا. ئەم یاسایە پەلماندەکێشێت بۆ سادەکردنێکی گەورە و فراوان لە سیستەمی ڕێزمانیدا:

بگره یەکێک لە باشترین پێوەرەکانی چۆنێتی دروستکردنی پێکهاتـــەکان پێشکەشـــدەکات، پاشـــان دەبینـــین کۆمەڵـــە یاســـایەکی ڕێزمـــانی هـــەن، کـــە لـــە جـــۆری ئـــەم تـــەرزە گشتییەن، وەک یاسای (٢٦) کە ئەو ڕۆڵە دوانەییە ئـەنجام دەدات، کە باسمانکرد.

**٥ـ٣:** لـە سیسـتەمی ڕێزمـانی (١٣)دا یـەک شـێوازمان پێشکەشـکرد بـۆ شـیکردنەوەی تـوخمی (کـار)، ئـەویش دووبـارە نووسـینەوەیەتی، بـەو حیسـابەی (hit) (لێـدان) بڕوانـە (١٣ــ ٦)، بـەڵام ئـەم توخمـە هەرچەنـدە ڕەگێکـی چەسـپاوی هەیـە (وەک لـە take دا دەیبینـین) بـۆی هەیـە چەند شێوەیەکی دیکەی زۆر وەربگرێت، بۆ نموونە:

has + been + taken will + take, has + taken, takes is + being +taken…etc

توێژینـــەوە لـــە (کـــارە یاریـــدەرەکان) مەســـەلەیەکی جەوهەرییـە لـە بـواری پەرەپێـدانی سیسـتەمی ڕێزمـانی زمانی ئینگلیزیدا، دەبینین ئاکاری ئـەم کارانـە پێوەریانـەن، دەکرێ بە ئاسانی وەسف بکرێن، ئەگەر لە گۆشـەنیگایەکی جـوداوە بـۆی بـڕوانین، کـە جیـاوازی لەگـەڵ ئـەوەدا هەیـە

پێشتر پەرەمان پێدا، لە کاتێکدا وا پێدەچێت ئاکاری ئەم کارانە ئاڵۆز بن، ئەگەر بخوازین ڕاستەوخۆ بیخزێنینە ناو سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق)ەوە.

با یەکەمجار تێبینی کارە یاریدەرەکان بکەین، کە هێزدار نین، بۆ نموونە وەک (has) لە ڕستەی (John has read the book)دا هەیە، نەک does لە (John does read books)، کە هێزدارە.[1]

دەتوانین بەکارهێنانی ئەم (کارە یاریدەرانە) لە ڕستەی هەواڵگەیاندن دەستنیشان بکەین، ئەویش بە خستنەسەری ئەم یاسا ڕێزمانیانە بۆ سیستەمی ڕێزمانی (١٣).

**(٢٨)**

**(١) (کار ← کاری یاریدەدەر + کار) verb → aux + v**

**(٢) (کار) v → hit, take, walk, read, etc ← لێیدا، بردی، ڕۆیشت، خوێندی...هتد).**

**(٣) aux → c (m) (have+en) (be+ing) (be+en)**

---

١ ـ لە (٧ ـ ١) دەگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکردن لەبارەی کاری یاریدەدەری هێزداری (do).

(کاری یاریدەدەر ← ث (م) (have + en) (be+en) (be+ing)

**m (م) → will, can, may, shall, must (٤)**

**(٢٩)**

**(١)c(ث)←(S) لە بواری فریزی ناوی ـ تاک).**[٢]

(o) لە بواری فریزی ناوی ـ کۆی ڕابردوو.

(٢) گریمانە دەکەین، کە AF (پاشگر) یەکێکە لەم پاشگرانە: ڕابردوو s,ing,ene,e هەروەک چۆن گریمانە دەکەین کە (V) (کار) گوزارشت لە یەکێک لەم هێمایانە دەکات: m (م) یان V (کار)، یان have یان be (واتە نوێنەرایەتی هەر ڕەگەزێک لە گوزارشتی کار لە پۆلی پاشگر نابێ)، کەواتە ( پاشگر ← کار← کار + پاشگر# )

---

١ ـ لێرەدا وا دادەنێین، کە (١٣ـ٢) سنوورەکەی فراوانکردووە، هەروەک ئەو شێوازەی لە پەراوێزەکانی تر هەیبوون.

# Af + V → V+Af[1] ، لێرەدا ئەم هێمایە # ئاماژە بە سنووری وشەکە دەکات[2].

(٣) لەجیاتی هێمای + و گۆڕینی بۆ هێمای # جگە لەو هێمایەی لە بواری (کار) ـ پاشگردا هاتووە، ئەم هێمایە # لە سەرەتا و لە کۆتاییدا دابنێ.

هێماکانی (٢٨ ــ ٣) بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێن: پێویستە توخمی (C) (ث) هەڵبژێرین، بۆمان هەیە

---

١ ـ بە گوێرەی ئەم یاسایە شوێنی پاشگر لە کار گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەکەوێتە دواوە.

٢ - ئەگەر بخوازین تیۆری ڕێزمانی دارشتنێکی وردتری بۆ بکەین، پێویستە شرۆڤەی ئەم هێمایە # بکەین، بەو حیسابەی ئامرازی گەیەنەرە لەسەر ئاستی وشەکان، بەڵام هێمای (+) ئامرازی گەیەنەرە لەسەر ئاستی ڕۆنانی فرێز، لەم حاڵەتەدا یاسای(٢٩) دەبێتە بەشێک لە پێناسکردنی پرۆسەی گواستنەوەی چەند توخمێک لەسەر ئاستی ڕۆنانی فرێز (کە لە کرۆکیدا وێنەگەلێکە لە جۆری (١٥) بۆ چەند هێڵێک لە وشەکان، بۆ شارەزابوون لە دارشتنێکی وردتر، بڕوانە وتارەکەم بە ناونیشانی: ڕۆنانی لۆجیکی تیۆری زمانەوانی.

سفر(هیچ) هەڵبژێرین یان یەكێک یان زیاتر لەو توخمە دانراوانەی نێوان دووكەوانە بە هەمان پۆلێن هەڵبژێرین[1].

لە یاسای (٢٩ ـ ١)دا پەرە بە C (ث) دەدەین و دەیكەینە یەكێک لەم سێ مۆرفیمە (S ∅ ، ڕابردوو)، پێویستە تێبینی ئەو كۆت و بەندانەش بكەین، كە دەوروبەرەكە دەیانسەپێنێت، ئەمەش نموونەیەكە بۆ پیادەكردنی ئەم ڕێزمانە، كە لە داتاشینێک پێكدێت لەسەر تەرزی (١٤) لەگەڵ لابردنی هەنگاوەكانی یەكەم.

30-the + man + verb + the + book

(پیاو + ەكە + كار + پەرتووک + ەكە) كە لە (١٣) (١) ـ (٢٥) دەستماندەكەوێت.

The + man + aux+ v+ the + book

---

١ - C توخمێكی زۆرەملێیە، كەچی توخمەكانی دی كەوتوونەتە نێوان دوو كەوانەوە بەپێی ئارەزووە، لەوانەشە لە ڕستەكەدا نەهاتبێت، لە بواری كاری یاریدەرەكاندا پێویستە پارێزگاری لە توخمەكانی ناوی بكەین، بكەر Must (بە هەمان شێوە كارەكانی جۆری m (م) لەپێش (have) و كاری (have) پێش (be) دێن، ئەگەر ئەم كارانە پێكەوە كۆ ببنەوە، ئەوا پۆلێنكردنەكەیان بەم شێوەیە دەبێت must have been (وەرگێڕ).

(پیاو+ ەکە + کاری یاریدەدەر + خوێندی + پەرتووک+ ەکە) (٢٨ ـ ٢)

The + man + c + have + en + be + ing + read + the + book

(٢٨ ـ ٣) لێرەدا ئەم توخمانە هەڵدەبژێرین C, have + en + be+ ing

The + man + s + have + en + be + en + read + the + book

(٢٩ـ ١)

The + man + have + s # be + en # read + ing # the + book

**(٢٩ـ ٢)** سێ جار

The # man # have + s # be + en # read + ing # the # book #

**(٢٩ـ ٣)**

لێـرەدا یاسـا رِێزمانییـە مۆرفۆفۆنیمییـەکانی ١٩... هتـد گۆڕدراون، دێری کۆتایی ئەم داتاشینە بووە بە:

**31**-The man has been reading the book.

بە پیتی فۆنیم (دەنگ)، دەتوانین بە هەمان شێوە فرێزەکانی کاری یاریدەدەرەکانی دی بەرهەم بێنین، پاشان باس لە کۆتە سەربارەکان دەکەین، کە پێویستە بسەپێندرێتە سەر ئەم یاسا ڕێزمانیانە، تاکو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بهێنن، تەنها وەک تێبینی دەکەین یاسا مۆرفۆنیمییەکان (وشەسازی ـ دەنگسازی)یەکان یاسای وەک will + past → would, will + s → will لەخۆ دەگرن، دەشتوانین ئەم یاسایانە پەراوێز بخەین، ئەگەر دووبارە (٢٨ ــ ٣) بنووسینەوە، بە شێوەیەک (C) (ث) یان (m)(م) نەک هەردووکیان، پاشان بۆ یاسای (٢٨ ـ ٤) ئەم فۆڕمەلانە بدەینە پاڵی would, could, might, should، لەم حاڵەتەدا هەندێک لەو یاسایانەی (پاشیەکهاتنی کاتەکان) دەستنیشان دەکەن ئاڵۆزتر دەبن، هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو پێشنیازە و پەراوێزخستنی ئەوی دی هیچ گرنگییەکی نییە سەبارەت بەو گفتوگۆیەی سازی دەدەین، هەروەها لێرەدا چاککردنەوەی دی سادە هەن، کە دەکرێ بخزێنرێنە ناو ئەم یاسایانەوە.

تێبینی ئەوە دەکەین(٢٩ــ ١) لە نموونەی (٣٠)، وا دەخوازێ پەنابەرینە بەر ئەو ڕاستییەی کە the + man (پیاو + ەکە) (فرێزی ناو ـ تاک)ە، واتە پێویست بوو

بگەڕێینـەوە بـۆ هـەنگاوێکی پێشـوو لـە داتاشـینەکەدا، تـاکو ڕۆنـانی پێکهاتـەی ئـەم فرێـزە دەستنیشـان بکـەین ( the + man) (پیــاو + ەکــە). (ڕێکخســتنی (٢٩ ـــ ١) و ئــەو یاسـایەی فرێـزە ناوییەکـە (تاک)ەکـە بـۆ the + man (پیـاو + ەکـە) پێشـدەخات، بـە شـێوەیەک وا لـە (٢٩ ــ ١) دەکـات پـێش ئـەم یاسـایەی دوایـی بکـەوێت، ئـەوا بەدیلێکـە بوونی نییە، ئەویش لەبەر چەندەها هۆکار، کە لە خـوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین).

ئیتـر بــەم شـێوەیە ئـەم یاسـایە (٢٩ ـــ ١) وەک (٢٦) دەکەوێتـە دەرەوەی سیسـتەمی ڕێزمـانی ڕۆنـانی فرێزەکـە، کـە سروشـتێکی بـەرایی نموونـەکـەی مـارکۆڤی هـەیـە، ئیتـر لــەم حاڵەتــەدا نــاکرێ بیخزێنینــە دووتــوێی سیسـتەمی ڕێزمانی (خ، ق)ەوە.

بــەڵام یاســای (٢٩ ـــ ١) خواســتەکانی سیســتەمە ڕێزمانییـەکانی جـۆری (خ، ق) زیـاتر لـە یاسـاکەی پێشـوو پێشــێل دەکــات، چونکــە ئــەم یاســایە وا دەخوازێــت بگەڕێینەوە بۆ ڕۆنانی پێکهاتەکان (واتـە مێـژووی پێشـووی داتاشــینەکە)، جگــە لــەوەش ئێمــە هــیچ ئــامڕازێکی گوزارشــتکردنمان نییــە، کــە گوزارشــت لــە مــەرجی هـەڵاوگێڕکردنی شـوێنی توخمـەکان بکـات بـە بـەکارهێنانی

ڕۆنـانی فریزەکـە، هـەروەها تێبینـی ئـەوەش دەکـەین ئـەم یاسـایە بەسـوودە لـە شـوێنەکانی دیکـەی نـاو سیسـتەمی ڕێزمان، بۆ نموونە کاتێک پاشگرەکە (ing) بێت. ئیتر بـەم شێوەیە هەردوو مۆرفیمی (ing, to) ئەرکێکی وێکچوویان لـە فرێـزە ناوییەکـەدا هەیـە، چونکـە هـەردووکیان فرێـزە کارییەکە بۆ فرێزی ناوی دەگۆڕن، بۆ نموونە:

(٣٢)

to prove thet theorem } was difficult
Proving that theorem }

(چەسپاندنی دروستی تیۆرەکە سەختە)

دەتوانین ئەم وێکچوونە بقۆزینەوە، ئـەویش بـەوەی ئـەم یاسـایایە بخەینـە سـەر سیسـتەمی ڕێزمـانی (١٣) ئەمـەی خوارەوە:

(٣٣) فرێزی ناوی ← { ing فرێزی کاری / to }

پاشـــان ئـــەم یاســـایە (٢٩ ـــ ٢) پیـــادە بکـــەین تـــاکو (ing+prove+that+thearem) بگۆڕین بۆ (Proving # that + theorem). شیکردنەوەی زۆر ورد بۆ فریێزی کـــاری (vp) ئـــەوەمان بـــۆ ڕوون دەکاتـــەوە، کـــە ئـــەم وێکچوونە درێژە دەکێشێ بۆ زیاتر لەوەی باسمانکرد.

خوێنـــەر دەتوانێـــت بـــە ئاســـانی لـــە دووبارەبوونـــەوەی شـــوێنەواری (٢٨ ـــ ٣) و (٢٩) تێبگـــات بـــەبێ بەزانـــدنی چوارچێوەی سیستەمی (خ، ق) بۆ ڕۆنانی فریێزەکە، کەوا دەخوازێت وشەی statemant دابڕێژرێت نەک یاسایەکی ڕێزمـانی ئـالۆز بـە ڕاددەیـەکی زۆر دابڕێژرێت، لێرەدا بـە هـەمان شێوە دەبینین وەک لـە حاڵـەتی (بەستنەوە)دا، کـە سـادەکردنی سیسـتەمی ڕێزمـانی بـە ڕاددەیـەکی زۆر لـە تواناداپـە، ئەگـەر بوارمـان بـۆ برەخسێت یاسا ئاڵۆزەکـان دابڕێـــژین زیـــاتر لـــەوەی پشـــت بـــە سیســـتەمێک لـــە سیستەمەکانی شیکردنەوەی ببەستێت بۆ بـەش و پێکهاتـە ڕاستەوخۆکان. دەرفەتی ئەوەمان بۆ خۆمان ڕەخساند، کـە یاسـای (٢٩ ـــ ٢) بـە ئـازادی دابڕێـژین، بۆیـە توانیمـان پێکهاتـەکانی فریێـزی کـاری یاریـدەدەر لـە (٢٨ ـــ ٣)دا دەستنیشـان بکـەین، بـەبێ ئـەوەی توخمـەکانی پشـت بـە یەکـدی ببەسـتن، وەسـفکردنی زنجیرەیـەکی ئـەوتۆ، کـە

پێکهاتبێت لە چەند توخمێکی سەربەخۆ، ئاسانترە لە وەسفی زنجیرەیەک لە توخمەکانی پشت بە یەکدی ببەستن. دەکرێ بە دەربڕینێکی دی بڵێین فرێزی کاری یاریدەدەر لە چەند توخمێکی پچڕ پچڕ پێکدێت ـ بۆ نموونە لە (٣٠)دا ئەم دوو توخمە دەبینین be..ing, have... en، کەچی توخمە پچڕ پچڕەکان ناکرێ لە دووتوێی سیستەمەکانی ڕێزمانی جۆری (خ، ق) باسیان بکەین.[١]

---

١ - هەوڵدەدەین فراوانخوازییەک لە چەمکەکانی ڕۆنانی فرێزدا بکەین، تاکو توخمە پچڕپچڕەکان شرۆڤە بکەین، ژمارەیەک لە زمانەوانان باسی ئەوەیان کردووە، کە پەیڕەوکردنی ئەم کارە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک تووشی کێشەمان دەکات، هەروەها مرۆڤ دەتوانێت چەند کەلێنێکی سیستەمەکانی ڕێزمانی (خ، ق) ڕاستبکاتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی وەسفێک، کە ئالۆزتربێت دەربارەی ڕۆنانی فرێز، پێم وایە ئەم بۆچوونە هەڵەیە و ئەنجامی ڕێزمانی هەڕەمەکی لێ ناکەوێتەوە، کە ئالۆز و بێسوود بێت. وا پێدەچێت چەمکەکانی ڕۆنانی فرێز بەکەڵکی بەشێکی بچووکی زمان بێت، دەتوانین بەشەکانی دی زمانەکە دابتاشین، ئەویش لەڕێگەی پراکتیزەکردنێکی دووبارەی کۆمەڵەیەکی سادەی گۆڕانی لەسەر ئەو هێڵەی بە دەستمان دەکەوێت لە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزەکە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت سیستەمی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز فراوانتر بکەین، تاکو هەموو زمانەکە ڕاستەوخۆ بگرێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا سیستەمی ڕێزمانی دەستنیشانکراوی ڕۆنانی فرێزەکەمان لە کیس

ئێمە ئەم پارچانەمان بە پچڕ پچڕی هەژمارکرد لە (٢٨ ـ ٣)، پاشان ئەم پچڕ پچڕیەمان خستە ناوی لە ڕێگەی یاسا ڕێزمانییەکانی دیکەوە دامانەپاڵی، کە زۆر سادە و ساکارن، ئەویش (٢٩ ـ ٢)، پاشان لە خوارەوە دەبینین، لە بەشی حەوتەم ئەم شیکردنەوەیەی توخمی (کار) دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت، وەک بنەمایەک بۆ شیکردنەوەیەکی فراوان بۆ چەند توخمێکی گرنگی ڕێزمانی ئینگلیزی.

**٥ـ٤:** ئەمە نموونەی سێیەمە بۆ بێکەڵکی چەمکەکانی ڕۆنانی فریز. با پەیوەندی نێوان (بکەردیار و بکەرنادیار) بە نموونە بهێنینەوە، ڕستەکانی (بکەرنادیار) لە زمانی ئینگلیزیدا بە هەڵبژاردنی توخمی be + en لە یاسای (٢٨ـ ٣)دا دادەڕێژرێت، بەڵام ئەم توخمە چەندەها کۆت و

---

دەچێت و سادەیی گۆڕانەکانیشمان لەدەستدەچێت، ئەم ئاراستەیە خاڵی سەرەکی پێکهێنانی ئاستەکان فەرامۆش دەکات (بڕوانە کۆپلەی یەکەم ٣ـ١)، واتە بونیادنانەوەی ئاڵۆزی فراوانی زمانی ڕاستەقینە بەشێوەیەکی ڕێکتر و جوانتر، ئەویش بە وازهێنان لەو ئاڵۆزیەی لە ئەنجامی چەند ئاستێکی زمانەوانییەوە بەرهەم دێن، کە هەریەکە لە خودی خۆیدا سادەیە.

بەندی لەسەرە، کە وای لێدەکەن تاک و دەگمەن بێت لە نێوان توخمەکانی فرێزی کاری یاریدەدەر، لەوانە بۆ نموونە ئێمە be + en هەڵنابژێرین، مەگەر لە حاڵەتێکدا کار (ک) لەدوایدا دێت (تێپەڕ) بێت (بۆ نموونە was + eaten = (خورا) بواری ئەوەی هەیە، کەچی was + occurred بواری ئەوەی نییە)، بەڵام توخمەکانی دیکەی فرێزی کاری یاریدەدەر بۆیان هەیە لەگەڵ کارەکان بەبێ هیچ قەید و شەرتێک بەکاربهێنرێن، مەگەر لە هەندێک حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێت، be + en ناوترێت ئەگەر لەپاش (کار)ەکەی فرێزی ناوی هەبوو، هەروەک لە (٣٠)دا بەدی دەکرێت (بۆ نموونە ناتوانین بە گشتی Np + is + v + en + Np (فرێزی ناوی + is + ک + en + فرێزی ناوی) ئەگەر کار (ک) (تێپەڕ) بێت، ئەوا ئەم ڕستەیە نادۆزینەوە (Lunch is eaten John)[1]. ئەگەر (کار)ەکە (تێپەڕ) بوو، ئەوا فرێزی (ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە) by + Np (by + فرێزی ناوی) بەدوای خۆیدا دێنێت> پێویستە لەسەرمان

---

١ - تێبینی ئەوە بکە ڕستەکە بە شێوازی (بکەرنادیار) پێویستی بە (by) هەیە، پێش فرێزی ناوی کۆتایی ( John lunch is eaten by). (وەرگێڕ).

هـەڵبژێرین، (ئـەوا ئەوکاتـە ئـەم ڕسـتەیەمان be + en دەسـتدەکەوێت John is eaten by John و ئـەم ڕستەیەشمان دەستناکەوێت eating by John هتد. لـە کۆتاییـدا تێبینـی دەکـەین پەرەپێـدانی (١٣) تـاکو بگاتـە سیسـتەمی ڕێزمـانی تـەواو، پێویسـتی بـە دانـانی چەنـدەها کۆت و بەند هەیە لەسـەر پرۆسـەی هـەڵبژاردنی (کار)ەکـە دەربـارەی (بکـەر) و (بـەرکار)، بـۆ ئـەوەی دەرفـەت بـۆ دروستبوونی ئەم ڕستانە برەخسێت:

John admires sincerity. (جۆن ڕاستگۆیی بەدڵە)
Sincerity fnghtens John. (ڕاستگۆیی جۆن دەترسێنێت)
John play golf. (جۆن یاری گۆلف دەکات)
John dinks wine. (جۆن مەی دەخواتەوە)

لـە هـەمان کاتـدا پێچەوانـەی ئـەم ڕسـتانە بـە نارِسـتە لەقەڵەم دەدەین:

Sincerity admires John. (ڕاستگۆیی بەدڵیەتی جۆن)
John frightens Sincerity. (جۆن دەترسێنێت ڕاستگۆیی)
golf plays john. (گولف یاری دەکات جۆن)
wine drinks John. (مەی دەخواتەوە جۆن)

بەڵام ئەو کۆت و بەندە بەیەکداچووانە کارەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە، ئەگەر be + en هەڵبژێرین، وەک بەشێک لە کارە یاریدەرەکە، بگرە ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لە هەڵبژاردنی توخمەکانی هەیە، خۆیان دەهێڵنەوە، لەگەڵ بەرەواژبوونی ڕێکخستنەکەی پێشووی، واتە ڕستەیەک لە جۆری hp1 - V - Np2 (فرێزی ناوی یەکەم + ک + فرێزی ناوی دووەم) دەتوانین ڕستەکەی بەرانبەری بدۆزینەوە (Np2 - is + ven - by + Np1) (فرێزی ناوی دووەم ـ is شێوازی بەرکار ـ by + فرێزی ناوی یەکەم). ئەگەر هەوڵبدەین (بکەرنادیار) دابڕێژین و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بکەینە ناو سیستەمی ڕێزمانی (١٣)ەوە، ئەوا پێویستە لەسەرمان هەموو ئەم کۆت و بەندانە جارێکی دی بنووسینەوە بە پێچەوانەی ئەو پۆلێنکارییەی (be + en)یان بۆ دەستنیشان دەکەین، وەک بەشێک لە (کار)ە یاریدەرەکە، ئایا ئەمە دووبارە یان دووقاتکردنە؟ چ وشەیەک بەرانبەر (repetition) ناڕێک دادەنێت (ئەمە جگە لەو کۆت و بەندانەی تایبەتن بە توخمی be +en) ، کە ناتوانین لێی دەرباز بین، مەگەر لە حاڵەتێکدا (بکەرنادیار) لە سیستەمی ڕێزمانی ڕۆنانی

فرێز دووربکەینەوە، پاشان بیخزێنینە ناوی بە بەکارهێنانی یاسایەکی ڕێزمانی وەک ئەم یاسا ڕێزمانییەی خوارەوە:

**(٣٤) ئەگەر ڕ١ ڕستەیەکی ڕێزمانی بێت و هەڵگری ئەم شێوەیە بێت:**

**Np1 - aux - v - Np2**

**(فرێزی ناوی یەکەم ـ کاری یاریدەدەر ـ کار ـ فرێزی ناوی دووەم).**

کەواتە ئەو هێڵەی بەرانبەر دەبێتەوە و ئەم شێوەیەی وەرگرتووە:

Np2 - aux + be + en - v - by + Np1

(فرێزی ناوی دووەم – کاری یاریدەدەر + be + en ـ ک ـ by + فرێزی ناوی یەکەم) بە هەمان شێوە ڕستەیەکی ڕێزمانییە.

بۆ نموونە ئەگەر ئەمە ڕستە بێت John - Sincerity - c - admire (جۆن ـ ث ـ بەدڵیەتی ڕاستگۆیی)، کەواتە ئەم هێڵە Sincerity - c + be + en - admire - by + John (ڕاستگۆیی ـ ث + be + en ـ بەدڵیەتی ـ by + جۆن)، کە (٢٩) و (١٩) لەسەر پیادە دەکەین، لەم حاڵەتەدا ڕستەکە بەم شێوەیەی لێ دێت:

(Sincerity is admired by John)

(وەرگێڕانــی وشــەیی: ڕاســتگۆیی بەدڵیــەتی لەلایــەن جۆنەوە).

ئێستا دەتوانین توخمی (be + en) و هەموو کۆت و بەندە تایبەتەکانی پەراوێز بخەین، کە لە (٢٨ ــ ٣) دان، مەسەلەی be + en پێویستی بە (کاری تێپەڕ) هەیە، ئەم توخمەش پێش کار + فرێزی ناوی دروست نابێت، هەروەها پێویستە لەپێش کار + by + فرێزی ناویدا بێت، کە تیایدا کارەکە تێپەڕە، بە هەمان شێوەش ڕەنگدانەوەی شوێنی هەردوو فرێزە ناویەکەیە، هەموو ئەم بابەتانە ئەنجامی دینامیکی ئەم یاسایەن (٣٤). ئەم یاسایە پەلدەکێشێت بۆ سادەکردنەوەیەکی مەزن و فراوان لە سیستەمی ڕێزمانیدا، کەچی لە (٣٤)دا دەکەوێتە دەرەوەی سیستەمەکانی ڕێزمانی (خ، ق) لە خودی خۆشیدا لە یاسای ڕێزمانی (٢٩ ـ ٢) دەچێت، کەوا دەخوازێت ئاماژە بە ڕۆنانی پێکهاتەکانی ئەو هێڵە بکات، کە لەسەری پیادە دەبێت، پاشان دەبێتە هۆی هەڵاوگێڕکردنی پێگەی توخمەکانی ئەم هێڵە بە شێوازێکی دەستنیشانکراو لە ڕووی ڕۆنانەوە.

**٥ـ٥:** لێرەدا سێ یاسامان باسکرد، کە ئەمانەن: (٢٦) و (٢٩) و (٣٤)، کە وەسفی زمانی ئینگلیزی سادەتر دەکەن و ناتوانرێت بخرێنە ناو سیستەمی ڕێزمانی (خ،ق)ەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە تەرزی ئەم یاسایانە هەن، کە لە خوارەوە هەندێکیان باسدەکەین. ئەگەر لە توێژینەوەی سیستەمەکانی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزی لە زمانی ئینگلیزی قووڵ ببینەوە، ئەوا دەتوانین بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕوونی بکەینەوە، کە سیستەمەکانی ئەم ڕێزمانە ئاڵۆز و بێسوودن، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت ئەم جۆرە یاسایانەی بخەینە ناوییەوە.

ئەگەر بەوردی لە ئەنجامی ئەم یاسایە تەواوکارییە بکۆڵینەوە، دەبینین دەبێتە هۆی دروستبوونی چەمکێکی نوێ دەربارەی ڕۆنانی زمانەوانی، دەتوانین هەر یاسایەکی ئەم ڕێزمانە بە (ڕێزمانی گوێزانەوە) ناوزەد بکەین، ڕێزمانی گوێزانەوە T(ت) لە هێڵێکی دیاریکراودا کاردەکات، یان لە کۆمەڵە هێڵێک هەروەک لە (٢٦)دا هاتووە، کە ڕۆنانێکی پێکهێنانی دیاریکراوی هەیە و بۆ هێڵێکی تازە دەگۆڕێت، کە ڕۆنانێکی داتاشراوی تازەی پێکهاتەکانی هەیە، ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسەیە بەوردی پێویستی بە توێژینەوەیەکی درێژ و ئاڵۆز هەیە لە

دەرەوەی ئـەم تێبینیانـەوە، بـەڵام ئێمـە نـاتوانین هاوکێشـە جەبریە سروشـتییەکان پێشـبخەین، کـە هەندێک ئـاڵۆزن بۆ چەنـد گۆڕانێـک، کـە چەنـد سـیفەتێکیان لـەو پێویسـتییانە بـۆ هەژمار دەکرێت، کە بۆ وەسفی ڕێزمان پێویستن.[1]

لـە ڕوانگـەی ئـەم نموونـە کەمـەوە دەتـوانین هەنـدێک خەسڵەتی سـەرەکی سیستەمی ڕێزمانی گوێزانـەوە بـزانین، ڕوون و ئاشــکرایە، کــە پێویســتە پــۆلێنێکی دیــاریکراو دەستنیشـان بکـەین بـۆ پیـادەکردنی ئـەم گوێزانەوەیـە، بـۆ نموونـە: گـۆڕینی (بکـەرناديار)(٣٤) پێویســتە پـێش (٢٩) پیادە بکرێت، چونکە پێویستە بەتایبـەتی لـەپێش (٢٩ـ١)دا بێت، تاکو ژمارەی(تاک، کۆ)، کە تایبەتە بە توخمی کـار لـە ڕســتە تازەکــەدا هــەمان ژمــارەی بــەرکارە لــە ڕســتەی (بکەرناديار)دا، هەروەها پێویستە لەپێش (٢٩ـ٢)ەوە بێت، تـاکو یاسـا ڕێزمانییەکـەی دوایـی بەشـێوەیەکی ڕاسـت و

---

١ ـ بڕوانـە ئـەم وتـارەم: (سـێ نموونـە بـۆ وەسـفکردنی زمـان)، هەروەها بۆ زیاتر شارەزابوون لە هاوکێشـەی جەبری سیسـتەمی ڕێزمـانی گوێزانـەوە، بڕوانـە وتارەکـانم: (ڕۆنـانی لـۆیکی تیـۆری زمانەوانی) و (شیکردنەوەی گوێزانەوە). بڕوانە:
Z.S.Harris, Co – occurrence and Trans Formation in Linguistic structure, Languege 33. 283 -340.

دروست لەسەر توخمە تازەکە (be + en) پیادە بێت، کە خراوەتە نێو ڕستەکەوە. (کاتێک گفتوگۆمان دەربارەی تێخزانی (٢٩ـ١) یان تێنەخزانی بۆ ناو سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق) کرد، وتمان ئەم یاسایە نابێ پیادە بکرێت پێش ئەو یاسایەی فرێزە ناوییەکە ـ تاک شیدەکاتەوە بۆ the + man (پیاو + ەکە) هتد. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتەش ڕوونە، یاسای (٢٩ ـ ١) پێویستە پاش (٣٤) پیادە بێت، بەڵام (٣٤) پێویستە پێش شیکردنەوەی فرێزی ناوی تاک پیادە بکرێت، ئەگینا پەیوەندییەکانی هەڵبژاردنی ڕاست و دروستمان لە نێوان بکەر و کار و نێوان کار و فاکتەر(بەرکار) لە (بکەرنادیار)دا دەستناکەوێت.

دووەم: تێبینی دەکرێت هەندێک گوێزانەوە زۆرەملێ و هەندێکیشیان ئارەزوومەندانەیە، گوێزانەوەکە بۆ نموونە (٢٩) پێویستە لەسەر هەموو داتاشینەکان پیادە بکرێت، ئەگینا لە ئەنجام ڕستەکە دروست نابێت[1]، بەڵام

---

١ - تەنها بەشی سێیەمی ئەم سێ یاسایانە لە (٢٩ـ١) زۆرەملێیە، واتە ڕابردوو لەوانەیە بکەوێتە دوای فرێزی ناوی ـ تاک)ەوە، یان فرێزی ناوی ـ کۆ)یە، هەر کاتێک هێمای (C)(ث) لە (٢٩ـ١)مان بەرچاو کەوت، ئەوا پێویستە پەرەی پێ بدەین، لەوانەیە بە شێوازی دی و جودا، ئەوکاتە دەتوانین ئەلتەرناتیڤەکان پۆلێن بکەین و

گوێزانەوەی (٣٤) گۆڕینی (بکەرنادیار) دەکرێ لە هەموو حاڵەتەکاندا پیادە بکرێت یان پەراوێز بخرێت. ئەنجامیش ڕستەیەکی لێ دروست دەبێت، کەواتە (٢٩) گوێزانەوەی زۆرەملێیە و (٣٤)یش گوێزانەوەی ئارەزوومەندانەیە.

ئەم جیاوازییەی نێوان گوێزانەوەی زۆرەملێ و گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە پەلماندەکێشن بۆ جیاکردنەوەی سەرەکی نێوان ڕستەکانی زمان. با گریمانە بکەین سیستەمێکی ڕێزمانی (ک)مان هەیە و بەشی (خ، ق) و بەشی گوێزانەوەکان گرتۆتەخۆ، با گریمانە بکەین بەشی دووەمی (گوێزانەوەکان) لە چەند گوێزانەوەیەکی زۆرەملێ و گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە پێکدێت، کەواتە دەکرێ ناوکی زمان دەستنیشان بکەین (بەپێی چەمکی سیستەمی ڕێزمانی (ک) بەوەی کۆمەڵە ڕستەیەک دەستماندەکەون دوای پیادەکردنی گوێزانەوە زۆرەملێیەکان لەسەر هێڵە کۆتاییەکانی سیستەمی ڕێزمانی (خ، ق)، بەشی گوێزانەوەکانی سیستەمی ڕێزمانی بەشێوەیەک ڕێکدەخرێت، کە دەکرێ لەگەڵیدا گوێزانەوەکان لەسەر ڕستەکانی ناوک پیادە بکرێن (یان

---

هەموویان بکەینە ئارەزوومەندانە، تەنها ئەوەی دوایی نەبێت و لەم حاڵەتەدا ئەوەی دوایی زۆرەملێ دەبێت.

ڕاستتر بڵێین لەسەر ئەو شێوانەی کە پشت بە ڕستەکانی ناوک دەبەستێت، واتە لەسەر هێڵە کۆتاییەکانی بەشی (خ، ق)ی سیستەمی ڕێزمانی پیادە بکرێن)، یان لەسەر چەند گوێزانەوەیەکی پێشووتر پیادە بکرێن، ئیتر بەم شێوەیە هەر ڕستەیەکی زمان یان لە ڕستەی ناوکەوە پەیدا دەبێت، یان لەو هێڵانە دادەتاشرێت، کە یەک ڕستە پشتیان پێدەبەستێت لە ڕستەکانی ناوک، لە ڕێگەی پیادەکردنی یەک گوێزانەوە یان زیاتر.

لەمەی پێشووتر بۆمان دەردەکەوێت، سیستەمی ڕێزمانی لە سێ بەشی سروشتی پێکدێت، سیستەمی ڕێزمانی لەسەر ئاستی ڕۆنانی فرێز زنجیرەیەکی لە سیستەمی ڕێزمانی لە جۆری س ـ ص و لە ئاستەکانی خوارتیش هەیە، هەروەها کۆمەڵێک یاسای مۆرفۆفۆنیمی (وشەسازی ـ دەنگی) هەیە، کە شێوەیەکی سەرەکی (س ـ ص)ی هەیە. نێوان هەردوو ئەم زنجیرەیە (ڕۆنانی فرێز و مۆرفۆنیمی) کۆمەڵە ڕێزمانێکی گوێزانەوە دەیانبەستێتەوە. ئیتر بەم شێوەیە سیستەمی ڕێزمان ئەم شێوەیە یان نزیکی ئەم شێوەیەی خوارێ وەردەگرێت:

**(٣٥) خ : ڕستە**

**ق: س ← ص** <br>
**س ن ← ص ن** } **ڕۆنانی فریز**

**ت ١** <br>
**ت ع** } **ڕۆنانی گوێزانەوە**

**ز ← و** <br>
**ز م ← و م** } **ڕێزمانی مۆرفۆفۆنیمی (وشەسازی ـ دەنگسازی)**

ئەگەر خوازیاری ئەوە بین ڕستەیەک لەم جۆرە بەرهەم بهێنین، بە بەکارهێنانی سیستەمی ڕێزمانی، ئەوا دەبێ داتاشینێکی فراوان دروستبکەین، کە بە ڕستە دەستپێبکات، پاشان دەچینە سەر ڕێزمانی (ق)، ئیتر لەمەوە هێڵی کۆتاییمان دەستدەکەوێت، کە زنجیرەیەکە لە مۆرفیمەکان،

مـەرجیش نییـە بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت پـۆلێن کرابێـت، پاشـان دەچینـە سـەر زنجیـرەی گوێزانـەوەکان (گ١)، کـە دادەڕێـژرێن، ئینجـا هـەموو گوێزانـەوە زۆرەملێیەکان پیادە دەکەین، لەوانەشە هەندێک گوێزانەوە ئارەزوومەندانەش پیادە بکەین، دەشکرێ ئەم گوێزانەوانە هەمان پۆلێن دووبارە بکەنەوە بۆ هێڵەکان یان حەواڵەیان بۆ بکەن و هەندێک مۆرفیم لابەرن. لەم پرۆسەیەوە هێڵێک لە وشە دروست دەبێت، پاشان دەگوازرێنەوە بۆ ڕێزمانی مۆرفۆفۆنیم، کە ئەمەش هێڵی وشەکان بۆ هێڵی فۆنیمەکان دەگوازینەوە. بەشی ڕۆنانی فرێز لە سیستەمی ڕێزمان، چەند یاسایەکی ڕێزمانی وەک (١٣) و (١٧) و (٢٨) لەخۆ دەگرێت، بەڵام بەشی گوێزانەوەکان، یاساکانی وەک (٢٦) و (٢٩) و (٣٤) لەخۆ دەگرێـت، کـە دارِشـتنێکی ڕاسـت و دروست دەکرێت بـەپێی چـەمکێکی ئـەوتۆ، کـە دەبێ وەک (١٩) پـەڕەیان پـێ بـدرێت. ئـەم کورتەیـەی پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی ڕسـتەکان پێویسـتە (دەکـرێ بەئاسـانی) بگشـتێندرێت، تـاکو یاسـای ڕێزمـانی وەک (٢٦) دابمـەزرێنین، کـە زامنـی ئـەوە بـن ئەرکـەکانی خۆیـان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست جێبەجێ بکەن، کە کار لە چەنـد ڕسـتەیەک دەکـات و بواریشـی بـۆ گوێزانـەوەکان

دەرەخسێنێت، کە جارێکی دی دووبارە لەسەر گوێزانەوەکان پیادە بێت، تاکو ڕستەی ئاڵۆزترمان دەستبکەوێت.

کاتێک گوێزانەوەی زۆرەملێ لە بەرهەمهێنانی ڕستەدا ناوزەد دەکەین، ئەوا ڕستە بەرهەمهاتووەکە بە ڕستەی ناوەکی ناودەنێین، هەروەها توێژینەوەی بەشە تایبەتەکەی ڕۆنانی فریز و بەشی تایبەتی ڕێزمانی مۆرفۆفۆنیمی لە سیستەمی ڕێزمانی ئەوە دەردەخات، کۆمەڵەیەکی سەرەکی یاسای زۆرەملێ هەڵبهێنجرێن، کە پێویستە پیادە بکرێن هەر کاتێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕستەکان دەیگەیەنێ. لەم کۆپلانەی دوایی لە بەشی چوارەمدا باسی ئەوەمان کرد، کە یاساکانی ڕۆنانی فریز دەبێتە هۆی گەیشتن بە چەمکی ڕۆنانی زمانەوانی و (ئاستی نوێنەرایەتی)، کە جیاوازییەکی جەوهەری هەیە لەو چەمکەی لە ڕێزمانی مۆرفۆفونیمی(وشەسازی ـ دەنگی) دەستمان دەکەوێت. لە هەموو ئاستێکی خوارەوە کە لەگەڵ بەشی خوارتری سێیەم سیستەمی ڕێزمان یەکاویەک دەبن، گوتن بەگشتی لە زنجیرەیەک لە توخمەکان پێکدێت، کەچی ڕۆنانی فریز ناتوانین دابەشیان بکەینەسەر ئاستی بەشەکی، گوتن لەسەر ئاستی ڕۆنانی

فریز لە کۆمەڵە هێڵێک پێکدێت و نمایان دەبێت، کە ناتوانین لەسـەر ئاسـتەکانی سـەرەوە و خـوارەوە پۆلینیـان بکـەین. ئـەم هێڵانـەی نمایـان دەبـن لـە وێنـەی (١٥) دەچـن، گـوتن لەسەر ئاستی گۆێزانـەوە نوێنەرایـەتییان ڕووت و ڕەهـاترە بەپێی زنجیرەیەکی گوێزانەوەکان کـە لێی دادەتاشـرێن. لـە کۆتایشـدا لـە ڕسـتەی نـاوک پێکـدێن (بـە گوزارشـتێکی دی دەڵێـین لـەو هێڵانـە پێکـدێن، کـە پشـت بـە ڕسـتەی نـاوکی دەبەستن)، لێرەدا پێناسەیەکی گشتی و سروشتی هەیـە بـۆ ئاستە زمانەوانییەکە، کە هـەموو ئـەم حاڵەتانـە (٥١) لـەخۆ دەگرێـت، پاشـان دەبینـین هـۆی مـەعقولمان هەیـە وامـان لێدەکات هـەموو ڕۆنانێـک بـە ئاسـتێکی زمانـەوانی هـەژمار بکەین.

کاتێـک شـیکردنەوەی گوێزانــەوە بەشـێوەیەکی ڕاسـت دادەڕێـژرێن، دەبینـین توانـای زیـاترە لـە وەسـفکردن لـە بنەڕەتەوە بە گوێرەی ڕۆنـانی فرێزەکـە، هـەروەها وەسـفی ڕۆنـانی فرێزەکـە توانـای زیـاترە لـە ڕووی ناوەرۆکـەوە لـە پرۆسەکانی مارکۆڤ، کە یـەک حاڵـەتی سنووورداری هەیـە، کە چەند ڕستەیەک لە چەپەوە بۆ ڕاست بەرهەم دەهێنێت. زمانەکانی وەک (١٠ ـ٣) دەکەوێتـە دەرەوەی چوارچێوەی وەسفی ڕۆنانی فرێز، کـە چەنـد یاسـایەکی ڕێزمـانی هەیـە،

پابەنـد نییـە بـە دەوروبـەر (ڕێزمـانی نادەوروبـەر)، کـە دەکـــــرێ دابتاشـــــرێن، ئـــــەویش بـــــە بـــــەکارهێنانی گوێزانەوەکان[1]. تێبینیکردنی ئەوەی سیسـتەمی ڕێزمـان بـە ڕاددەیـــەکی زۆر ســـادەتر دەبێـــت، کاتێـــک ئاســـتی گوێزانـەوەکان دەدەینـە پـاڵی، مـادام زەرورەت لەوەدایـە ئێستا ڕۆنانی فریێزی ڕاستەوخۆ دابینبکرێت، بۆ ڕستەکانی نـاوک، بـەم شـێوەیە هێڵـەکانی کۆتـایی سیسـتەمی ڕێزمـانی (خ، ق) ئەوە دەبێت، کە ڕستەی ناوک پشتی پێ دەبەستن، ئیتر لەم حاڵەتەدا ڕستەی ناوک بە شێوازێک هەڵدەبژێرین، کـە بەهۆیـەوە دەتـوانین هێڵـەکانی کۆتـایی دابتاشـین، کـە ناوکەکـە بەئاسـانی لەڕێگـەی وەسـفی (خ، ق) پشـتی پـێ دەبەستێت، بـەڵام ڕسـتەکانی دی دەتـوانین دایانبتاشـین لـە

---

1 - بـا وا دابنێـین (ک) سیسـتەمی ڕێزمـانی (خ، ق)ە و هێڵێکـی دەستپێکی هەیە، ڕستەکە و کۆمەڵە هێڵێکی سنووردار لە أ و ب، کە ئـەنجام و بەرهـەمی کۆتـایی ئـەم سیسـتەمەیە، ئـەم سیسـتەمەی ڕێزمـــانیبوونێکی ڕاســـتەقینەی هەیـــە، بـــا گریمانـــە بکـــەین (ک) سیسـتەمێکی ڕێزمانییـە و (ک) لـەخۆ دەگرێت، لـە هـەمان کاتیشـدا بەشـێکە لـە ڕۆنـانی فریێزەکـە لەناویـدا گوێزانـەوەکان (گ) دەبێتـە تەواوکاری، کە لە هەموو هێڵەکان کاردەکات لـەو شـوێنانەی ڕسـتە لەخۆ دەگرن، پاشان دەیگۆڕێت (ض + ض)، لەم حاڵەتەدا ئـەنجامی (ک + ک) دەبێتە (١٠ ـ ٣) بڕوانە ٢.٤.

هێڵـــەکانی کۆتـــایی، لـــە ڕێگـــای ئـــەم گوێزانەوانـــەی دەستنیشـــانکردنیان ئاســـانە. زۆر نموونـــەمان بـــەرچاو کـەوتووە لـەم سـادەکردنەی لـە شـیکردنەوەی گوێزانـەوە بەرهەمهاتووە، لە کاتێکدا توێژینـەوەی گشتگیر بـۆ زمـانی ئینگلیزی چەندەها نموونـەمان دەربـارەی ئـەم گوێزانەوانـە پێشکەش دەکەن.

پـاش ئەمانـە خـاڵێکی دیکـە هەیـە لـە سیسـتەمەکانی ڕێزمانی جۆری (٣٥)، کە شایانی باسکردنە، تێگەیشـتنێکی هەڵـە دەربـارەی هەیـە، چەنـد سیسـتەمێکی ڕێزمانیمـان دارِشـت بـەو حیسـابەی ڕسـتەن، ئـەم دارِشـتنە هەندێکجار بووەتە هۆی بوونی شـتێک، کـە لـە نـارێکی و ناهەماهـەنگی و نـەگونجانی تیـۆرە ڕێزمانییەکـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، بـەو پاسـاوەی سیسـتەمی ڕێزمـانی گرنگـی بـە بۆچـوونی قسەکەرەکە دەدات و گرنگی بە بۆچوونی گوێگرەکە نادات، هـەروەها گرنگـی بـە پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی گوتنـەکان دەدات و گرنگـــی بـــە پرۆســـە پێچکراوەکـــە نـــادات بـــۆ شـیکردنەوەی ڕۆنـانی گوتنـە دیاریکراوەکـان و گێرانـەوەی پێکهێنانی ئەم ڕۆنانە. لە ڕاستیدا سیستەمە ڕێزمانییـەکانی باسـمانکردن لـە نێـوان قسـەکەر و گـوێگر و لـە نێـوان پێکهێنانی گوتنەکان و شـیکردنەوەیان بێلایـەنن، سیسـتەمی

ڕێزمـــان باســـی چـــۆنێتی شـــیکردنەوەی گـــوتنێکی دیاریکراومان بۆ ناکـەن، بـەڵکو ئـەم دوو ئەرکـەی پێویسـتە قسەکەر و گوێگر پێیان هەستن لە بنەڕەتدا یەک شتن، ئـەم دوو ئەرکە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمەکانی ڕێزمانی جۆری (٣٥)، هەموو سیستەمێک لـەم سیستەمانە تەنها وەسفێکی بۆ کۆمەڵێکی دیـاریکراوی گوتنـەکانن، واتـە ئەوەی سیسـتەمەکە بەرهـەمیان دەهێنێت، لێرەدا دەتـوانین بـــەم سیســـتەمە ڕێزمانییـــە جـــارێکی دی پەیوەندییـــە شێوەییەکانی نێوان ئـەم گوتنانـە پێکبهێنینـەوە بـە گوێرەی چەمکەکانی ڕۆنـانی فرێز و ڕۆنـانی گوێزانـەوە و ئـەوانیتر، لەوانەشە بتوانین ئـەم مەسـەلەیە لەڕێگـەی وێکچواندنی بـە تیۆری کیمیـائی ڕوون بکەینـەوە، کـە گرنگی بـەو پێکهاتانـە دەدات، کە ڕۆنانێکی ئەوتۆیان هەیە، لـە توانایدایـە دروست بـبن لــەڕووی ڕۆنــانی سروشــتییەوە بەرهــەم بهێنــرێن، هەروەها سیستەمی ڕێزمانی ئەو گوتنانەی لە توانـادا هـەن لـە ڕووی ڕێزمانییـەوە بونیـاد بنرێن و بەرهـەم بێنن، ئـەم تیـۆرەش تایبەتـە بـە شـێوازەکانی شـیکردنەوەی جـۆر و پێکهێنانی پێکهاتەی دیـاریکراو بەرهـەم دەهێنێت، هـەروەها مرۆڤ دەتوانێت پشت بە سیستەمی ڕێزمانی ببەستێت، بۆ

توێژینـــــەوەی چەنـــــد مەســــــەلەیەکی تایبـــــەت، وەک شیکردنەوەی گوتنی تایبەت و پێکهێنانیان.

(٦)

# دەربارەی ئامانجەکانی تیۆری زمانەوانی

**٦ـ١:** لــه هــەردوو بەشــی ســێیەم و چوارەمــدا دوو نموونــەی ڕۆنــانی زمانــەوانیمان پەرەپێــدا: یەکــەمیان نموونەیـەکی تیـۆری سـادەی پەیوەندییـە و ئـەوی دیکـەش نموونەیەکی شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەیە بۆ بەشـەکانی پێکهاتــە ڕاســتەوخۆکان، کــە بــە شــێوەیەکی شــێوەیی داڕێژراون، بینیمـان هەریەکـەیان بێسـوودن و دەسـتنادەن، لە (٥ـ١)یشدا نموونەیەکی زۆر لێهاتوومان پێشنیازکرد، کە ڕۆنــانی فریــز و گوێزانــەوە ڕێزمانییــەکان بەیەکــەوە دەلکێنێت، لەوانەشە بتوانێت خۆی لە خەوشەکانی ئەم دوو نموونەیـە لابـدات و پێش ئـەوەی لـە توێژینـەوەی ئـەم دوو پێشنیازە بەردەوام بین، پێویسـتە هەندێک بۆچوون ڕوون بکەینــەوە، کــە وەک دەروازەیــەک بــۆ چوونــە نــاو ئــەم توێژینەوەیە پشتیان پێدەبەسترێت.

گرنگیــدانی بنــەڕەتیمان لــەم گفتوگۆیــەدا بــۆ ڕۆنــانی زمانەوانی مەسەلەی پاساوخوازی سیستەمەکانی ڕێزمانـە، چونکـە سیسـتەمی زمـانی لـە بنەڕەتدا تیـۆری زمانەوانییـە، هـەموو تیـۆرێکی کـردەیش پێویسـتە پشـت بـە ژمارەیـەکی کـەمی تێبینییـەکان ببەسـتێت و هەوڵبـدات شـرۆڤەی ئـەم دیاردانـە بکـات، پاشـانیش پێشـبینی دیـاردەی نـوێ بکـات،

ئـەویش لـە ڕێگـەی داڕشـتنی یاسـای ڕێزمـانی گشـتی بـە گـــوێرەی پێکهاتـــەی گریمانـــەیی هـــەروەک (کوتلـــە) و (ئەلیکترۆن) (بۆ نموونـە لـە فیزیـادا)، بەهـەمان شـێوە هـەر سیستەمێکی ڕێزمانی لە زمانی ئینگلیزیدا پێویستە پشت بە زەخیرەیـــەکی ســـنووورداری گوتنـــەکان (تێبینییـــەکان) ببەسـتێت و ژمارەیـەکی دیـاریکراوی ڕێزمان(یاسـا) لـەخۆ دەگرێت، کە بەگوێرەی چەند فۆنیمێک و چەند فرێزێک، کـە پێشـوتر باسـمانکردن دادەڕێـژرێن لـە زمـانی ئینگلیزیـدا (پێکهاتەی گریمانەیی)، ئەم یاسا ڕێزمانییانە گوزارشـت لـە پەیوەندییـە بونیادگەرییـەکان دەکـەن لـە نێـوان ڕسـتەکانی زەخیـرە و ژمارەیـەکی زۆری ئـەو ڕسـتانەی سیسـتەمی ڕێزمـــانی بەرهـــەمیان دەهێـــنن و دەکەونـــە دەرەوەی زەخیرەکـە (پێشـبینییەکان). لێـرەدا مەسـەلەی پەرەپێـدان و ڕوونکردنـەوەی پێوەرەکانمـان ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە، کـە بەهۆیانـــەوە دەتـــوانین سیســـتەمی ڕێزمـــانی ڕاســـت و دروسـتی هـەموو زمانـەکان دیـاری بکـەین، واتـە تیـۆری ڕاستەقینەی ئەم زمانە بدۆزینەوە.

لێـرەدا ئێمـە باسـی دوو پێوەرمـان لـە (٢ـ١) کـرد، زۆر ڕوون و ئاشـکرایە هـەموو سیسـتەمێکی ڕێزمـانی پێویسـتە مەرجـــە دەرەکییـــەکانی بەکـــەڵکبوونی تیـــادا دەســـتەبەر

بووبێـت، بـۆ نموونـه ئـەو ڕسـتانەی سیسـتەمی ڕێزمـانی بەرهـەمیان دێنێـت، پێویسـتە لـەلای ئـاخێوەرانی زمانەکـە پەسەندکراوبن، لـەم بەشـەی هەشتەمیشـدا ژمارەیـەکی دی لەم مەرجە دەرەکییانە باس دەکـەین و لـە هـەمان کاتیشـدا مـەرجی گشـتاندنی سیسـتەمەکانی ڕێزمـان دادەڕێـژین. لـە سیستەمی ڕێزمانی زمـان دەخـوازین بـە گـوێرەی تیـۆرێکی دیاریکراوی ڕۆنانی زمانەوانی وشەکانی (فـۆنیم) و (فرێـز) بـە سـەربەخۆیی بـەبێ زمـانی دیکـە دەستنیشـان بکـرێن،[١] ئەگـەر مەرجـە دەرەکییـەکان یـان مەرجـەکانی گشـتاندن لابەرین، ئـەوا نـاتوانین لـەنێو ژمارەیـەک لـە سیسـتەمەکانی ڕێزمان سیستەمێکی دیاریکراو هەڵبژێرین، کە هـەریەکـەیان لەگـەڵ زەخیرەیـەکی دیـاریکراودا بگونجێـت، بـەڵام لــە (٢ــــ١)دا تێبینمــانکرد ئــەم دوو مەرجــە پێکــەوە بــە

---

١ ــــ وا هەسـتدەکەین ئـەم دوو مەرجـە هاوشـێوەیە لەگـەڵ بۆچوونەکـەی هیلمسـێلف، کـاتێ قسـەی لەسـەر دەسـەڵاتی تیـۆری زمانەوانی دەکات، بڕوانە:

L.Hielmslev, Prolegomena to a theory of Language = Memoir F, Indiana University Poblication Anthropology and Linguistics (Baltimore, 1953) , p.8.

تاقیکردنەوەیەکی لیهاتوو هەژمار دەکرێت، بۆ بەکەڵکهاتنی تیـۆری گشـتی ڕۆنـانی زمانـەوانی و بـۆ ئـەو کۆمەڵـە سیستەمەی ڕێزمان، کە ئەم تیۆرەی زمانە دیاریکراوەکان پێماندەبەخشێت.

تێبینـی ئـەوە دەکرێـت تیـۆری گشـتی و سیسـتەمەکانی ڕێزمـانی تایبـەت بـەگوێرەی ئـەم بۆچوونـە هەمیشـە بـە بـەردەوامی لـە هـەموو سـەدەکاندا چەسپاو نـابن، چونکـە پێشـکەوتن و پـاکژکردن لـە ئـەنجامی دۆزینـەوەی چەنـد ڕاستەقینەیەکی تـازە دەربـارەی چەنـد زمـانێکی دیـاریکراو یان لە چەند بۆچوونێکی تیۆرییـەوە دەربـارەی ڕێکخستنی پێدراوە زمانەوانییەکان هەڵهێنجرابێت، واتە لە نموونەیـەکی تـازەی ڕۆنـانی زمانەوانییـەوە دەسـتکەوتبن، نـەک لـەم بیرۆکەیەی پەلمان بکێشێت بۆ بازنەیـەکی بـەتاڵ، دەتـوانین لـە هـەموو کاتێکـدا هەوڵبـدەین بـەوردی تیـۆری گشـتی دابڕێـژین و بەهـەمان شـێوە سیسـتەمەکانی ڕێزمـانی سـەر بەو تیۆرە دابڕێژین، کە مەرجە دەرەکییەکانی بەکەڵکهاتنی تیادا دەستەبەر بێت، کە پشت بە تاقیکردنەوە ببەستێت.

تا ئێستا ئەم پرسیارە جەوهەرییەمان نەکردووە: ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان تیۆری گشتی و سیسـتەمەکانی ڕێزمـان، کـە لیـوەی بەرهـەم دێـن؟ ئایـا مانـای (لیـوەی

بەرهـەم دێـن) لـەم بـوارەدا چییـە؟ ئەمـە مەسـەلەیەکە تیۆرەکـەمانی تیـادا جیـاوازە و لەگـەڵ زۆر لـە تیۆرەکـانی ڕۆنانی زمانەوانیدا جیاوازی هەیە.

دەکـریٚ بـەهێزترین مـەرج دابنێـین لەسـەر ئـەم پەیوەندییـەی نێـوان تیۆرێـک و ڕۆنـانی زمانـەوانی و سیستەمەکانی ڕێزمـانی دیـاریکراو ئەوەیـە، کـە ئـەم تیـۆرە زمانەوانییـە پێویسـتە بەشـێوەیەکی کردەیـی میکـانیکی ڕۆنـانی سیسـتەمێکی ڕێزمانیمـان پـێ ببەخشـێت، کـە لـە زەخیرەی قسـەکانەوە هەڵدەهێنجرێت، با بڵێین ئـەم تیـۆرە شـێوازێکمان پێدەبەخشـێت بـۆ دۆزینـەوەی سیسـتەمی ڕێزمـانی، لێـرەدا مـەرجێکی لاوازتـر هەیـە لـەوەی پێشـوتر باسـمانکرد، ئـەویش ئەوەیـە تیۆرەکـە پێویسـتە شـێوازێکی کردەیی میکانیکیمـان پـێ ببەخشـێت، بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەوەی ئایـا سیسـتەمی ڕێزمـانی پێشـنیازکراو بـۆ زەخیرەیـەکی تایبـەتی قسـەکان باشـترین سیسـتەمی زمانەوانییە، کە زەخیرەکەی لێ کۆکرابێتـەوە، ئـەم تیـۆرەی گرنگی بە چۆنێتی ڕۆنـانی سیسـتەمی ڕێزمـانی نـادات، ئایـا دەکـرێ دەربـارەی بوترێـت، کـە شـێوازێکی سیسـتەمە ڕێزمانییەکەمان بداتێ.

لێرەدا مەرجێکی لاوازتر هەیە لەو دوو مەرجەی باسمانکردن، ئەویش ئەوەیە ئایا ئێمە زەخیرەیەکمان دەستدەکەوێت و دوو سیستەممان هەبێت بۆ ڕێزمانێکی پێشنیازکراو، کە (ک١) و (ک٢)ە، ئەوا پێویستە تیۆرەکە هەواڵی ئەوەمان بداتێ، کە هەردوو سیستەمەکە کامیان باشترن ئایا (ک١) یان (ک٢)، کە زەخیرەکە لێوەی کۆکراوەتەوە، لەم حاڵەتەدا دەڵێین تیۆرەکە شێوازی هەڵسەنگاندنی سیستەمی ڕێزمانیمان پێشکەش دەکات.

دەتوانین ئەم تیۆرانە بەم وێنانە ڕوون بکەینەوە:

**(٣٦)**

**(١)**




(٢)




(٣)



وێنـەی (٢٦ــ١) تیۆرێـک دەخاتـەڕوو، کـە وێنـای دەکـەین وەک ئــەوەی  ئامێرێکــە، زەخیرەکــە دەکەینــە نــاوی و ئەنجامەکـەش سیسـتەمێکی ڕێزمـانی لـێ دەکەوێتـەوە، بـەم شێوەیە تیۆرەکە شێوازێکی دۆزینەوەمان پێشکەش دەکات. کەچی وێنـەی (٣٦ــ ٢) لـە ئامێرێـک پێکدێت، کـە پشـت بـە سیســــتەمی ڕێزمــــانی و زەخیــــرەوە دەبەســــتێت، و ئەنجامەکەش (بەڵێ) یان (نـەخێر) دەبێت، واتـە سیسـتەمی ڕێزمانی ڕاست و دروستە یاخود نەء.

کەواتـە ئـەم تیـۆرە شـێوازێکمان پێشـکەش دەکـات، کـە شـێوازی بڕیـارە سـەبارەت بـە سیسـتەمەکانی ڕێزمـان، هــەروەها وێنــەی (٣٦ـــ ٣) تیۆرێکــە لەســەر هــەردوو سیستەمی ڕێزمانی (ک١) و (ک٢) و زەخیرەکە نەشـونوما دەکات و بەرهەمەکەشی سیستەمی باشترینە لە نێوان ک١ و ک٢، لەبەرئەوە ئەم تیۆرە شێوازێکمان پێدەبەخشێت بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمەکانی ڕێزمان[1].

ئـەو بۆچوونـەی لێـرەدا وەریـدەگرین پێـی وایـە هـیچ مـەعقوڵ نییـە لـە تیـۆرە زمانەوانییەکـە زیـاتر داوا بکـەین

---

[1] - لێرەدا پرسیاری سەرەکی وەکخۆی دەمێنێتەوە، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەجیاتی یەک سیستەم کۆمەڵەیەکی بچووک لە سیستەمەکانی ڕێزمانمان لا پەسەند بێت.

لـەوەی شـێوازێکی کردەیمـان پێبـدات بـۆ هەڵسـەنگاندنی سیسـتەمەکانی ڕێزمـان، واتـە ئێمـە لێـرەدا لاوازتـرین بیروبۆچوونـەکانی بەردەسـتمان وەردەگـرین، کـەچی زۆربـەی پێشـنیازەکانی پەرەپێدانی تیـۆری زمانـەوانی بـە گوێرەی تێگەیشتنم لەم پێشنیازانە هەوڵدەدات، بۆ ئـەوەی خواستەکانی بەهێزترین ئەو سێ مەرجە بەدەست بێنین[٢].

---

١ - بۆ نموونە ئاماژە بە:

B.Bloch Ased – of postulats for phonemic analysis Lanyvaye, 24. 3 -46.(1946).

Z.S.Harris from phoneme to morpheme Language, 31.190 -222(1955).

C.F.Hockeh, Atorml sment ment of morphemic araly sis studies in Linguistics, 10.27 -39(1952).

هەرچەندە شێوازەکانی دۆزینـەوە ئامـانجی ڕوون و ئاشـکرای ئـەم پرۆژانـەی باسمانکردن، کـەچی زۆرجـار پاش توێژینەوەیـەکی ورد، دەبینین ئەو تیۆرەی نووسـەرەکە پـەرەی پێدەدات، تـەنها شێوازمان پێدەدات، واتـە شـێوازی هەڵسـەنگاندنی سیسـتەمەکانی ڕێزمـان، بـۆ نموونـە (هۆکت) دەڵێت لـە (وەسـفی ڕووکەشـی بـۆ شـیکردنەوەی مـۆرفیم)، کـە مـەرامی ئـەو پەرەپێدانـەی (شـێوازی ڕووکەشـی بەهۆیـەوە کەسـێک بتوانێـت لـە سـفرەوە دەسـتپێبکات و بگاتـە وەسفێکی تەواوی تەرزی زمانێک لـە زمانـەکان (لاپـەڕە ٢٧)، بـەڵام ئـەوەی ئـەنجامی دەدات، هـیچ نییـە تـەنها وەسـفێکە بـۆ هەنـدێک

واتە لە هەوڵدایە چەند شێوازێک بۆ شیکردنەوە پێشکەش بکات، کە توێژەر بۆی هەیە بە شێوەیەکی کردەیی بەکاریان بهێنێت، ئەویش ئەگەر کاتی هەبێت بۆ ڕۆنانی سیستەمی ڕێزمانی زمانێک لە زمانەکان لە پێدراوە خامەکانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، گومانم لەوە هەیە ئەم ئامانجە بە شێوەیەکی بەسوود بەدی نەیەت، هەروەها لەو باوەڕدام هەر هەوڵێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە پەلدەکێشێت بۆ شێوازی شیکردنەوەی ئاڵۆز، کە دواتر ناتوانێت هیچ چارەیەک بۆ زۆر لەو پرسیارانە دەربارەی ڕۆنانی زمانەوانی پێشکەش بکات. لەو باوەڕدام ئێمە ئەگەر هیواکانمان کەم بکەینەوە و تەنها ویستمان شێوازی هەڵسەنگاندنی سیستەمەکانی ڕێزمان پەرەپێبدەین، ئەوکاتە دەتوانین زیاتر گرنگی بە مەسەلە سەرەکییەکانی ڕۆنانی

---

خەسڵەتی ڕووکەشی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی، پاشان پێوەرێک پێشنیاز دەکەن، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت توانای ڕێژەیی بۆ دوو چارەسەری لە توانایدا هەبێت بۆ شیکردنەوەی مۆرفیم، بەمەش دەتوانین ئەگەری زۆر لێهاتوو هەڵبژێرین یان بەشێوەیەکی هەرەمەکی یەکێک لە ئەگەرە یەکسانەکان دەستنیشان بکەین لەڕووی لێهاتوویی، بەڵام کارایی لەوانی دی هەرچی چۆنێک بێت زیاترە.

زمانەوانی بدەین و بگەینە ئەنجام و چارەسەری پێویست. ناتوانین بەرچاوڕوونی دەربارەی ئەم بۆچوونە پەیدا بکەین، مەگەر لە ڕوانگەی بەرەوپێشبردن و بەراوردکردنی تیۆرەکانی ئەم جۆرانە نەبێت، با تێبینی ئەوە بکەین، کە لاوازترین ئەم سێ مەرجە هێزێکی وای هەیە، دەبێتە زامنی ئەم سێ جۆرەی ئەم مەرجەیان تیدا دەستەبەر دەبێت. لە بواری زانستدا تەنها چەند بوارێک هەیە مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواو دەتوانێت ڕێگای metheod یان شێوازی گشتی(کردەیی) پەرە پێبدات، پاشان دەتوانین بەهۆیەوە تیۆرێک لە تیۆرەکان هەڵبژێرین، ئایان چۆن Style وەردەگێڕدرێت بۆ هەموو ئەمانە لەگەڵ پێدراوەکانی بەردەستمان دەگونجێن.

کاتێک باس لە چەمکەکانی تیۆری زمانەوانی دەکەین، سروشتی شێوازەکەی بە وشەی (کردەیی) دادەنێین، ئەم خەسڵەتە تەمومژاوییە جەوهەرییە بۆ ئەو زانستەی پشت بە تێبینی و تاقیکردنەوە دەبەستێت، بۆ نموونە خوازیارین سیستەمی ڕێزمانی لە ڕێگەی پێدانی یەکێک لە خەسڵەتە سادەکانییەوە دابمەزرێنین وەک بۆ نموونە درێژی. ئیتر لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین مادام شێواز بۆ Procedure بەکاردەهێنین، کەواتە پێویستە شێوازی

Method لـــەڕووی کردەییـــەوە بـــۆ هەڵســـەنگاندنی سیستەمەکانی ڕێزمـان بـەکاربێنین، چونکـە ئێمـە دەتـوانین ژمـارەی هێماکـان بژمێـرین، کـە ئـەم سیسـتەمانە لـەخۆ دەگرێت، بەهـەمان شـێوە بەڕاسـتی دادەنـین، لێرەدا بڵێین شــێوازێکمان بــۆ دۆزینــەوە هەیــە، مــادام ئێمــە دەتــوانین هــەموو زنجیرەکـانی هێمـا سـنووردارەکان، کـە ژمارەیـان سنووردارە ڕێکبخەینەوە، کە لێوەی سیستەمەکانی ڕێزمان بـە گـوێرەی پێـوەری درێژیەکـەی بونیـاد دەنێین، هـەروەها دەتـوانین هەریـەک لـەم زنجیرانـە بـۆ ناسـینی سیسـتەمی ڕێزمانی تاقیبکەینەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین دەتوانین پاش ماوەیـەکی کـەم کـورتترین زنجیرەمـان دەسـتدەکەوێت، کـە بژاردەکــەمان دەســتەبەر دەکــات، کــەچی ئەمــە تــەرزی شـێوازی دۆزینـەوە نییـە بـۆ ئەوانـەی لـە هەوڵـدان مەرجـە بەهێزەکە بەدەست بێنن، کە پێشووتر باسمان لێوەکرد.

با گریمانە بکەین ئێمە وشەی (سادەیی) بەکاردێنین، بۆ ئامـاژەکردن بـە کۆمەڵـە خەسڵەتێکی ئـەم سیسـتەمانە، لـەم حاڵەتەدا لە بەرنامەی ئەو جۆرەی پێشنیازمان کرد، سێ ئەرکی سەرەکیمان بۆ تیۆرە زمانەوانییەکە دەستدەکەوێت، یەکـەم زۆر گرنـگ و پێویسـتە بـەوردی بـاس لـە (ئەگـەر بکـرێ بـە تاقیکردنـەوەی کردەیـی ڕەوشـتکاری) پێـوەرە

دەرەکییەکان بەکەڵکهاتنی سیستەمەکانی ڕێزمان بکەین. بەشێوەیەکی گشتی و ڕوون و ئاشکرا، تاکو بتوانین سیستەمەکانی ڕێزمان لەمجۆرە بۆ زمانە دیاریکراوەکان سێیەم پێشنیاز بکەین، پێویستە شیکردنەوە و دەستنیشانی چەمکی سادەیی بکەین، کە خوازیارین لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەدا بەکاری بێنین لە نێوان سیستەمەکانی ڕێزمان بەگشتی لە جۆرە ڕاست و دروستەکە. پیادەکردنی هەردوو ئەرکەکە دەبێتە هاریکارمان بۆ دارشتنی تیۆری گشتی ڕۆنانی زمانەوانی، کە چەمکەکانی وەک مۆرفیم لە (ز) و فریز لە (ز) و (گوێزانەوەکان لە (ز) و زمانی هەرەمەکی (ز) دەستنیشان دەکرێن، بە گوێرەی خەسڵەتە فیزیکییەکان (ڕاستەقینەکان) و خەسڵەتە شێوەییەکانی سیستەمی ڕێزمانی زمانی (ز)[1]، بۆ نموونە کۆمەڵە فۆنیمێکی زمانی (ز) دەستنیشان دەکەین بەو حیسابەی کۆمەڵە توخمێکن و هەڵگری خەسڵەتی فیزیکی دیاریکراو و خەسڵەتی دابەشکارین، کە لە سادەترین سیستەمەکانی ڕێزمانی زمانی (ز) ئەگەر ئەم تیۆرەمان لەلا دروستبوو،

١- ئیتر بەم شێوەیە تیۆری زمانەوانی لە (میتازمان)ی دادەڕێژرێت بۆ ئەو زمانەی سیستەمە ڕێزمانییەکەی پێ دەنووسرێتەوە، ئەوا دەبێتە میتامیتازمان و سیستەمی ڕێزمانی بۆ دادەڕێژرێت.

لـەو کاتـەدا دەتـوانین دەستنیشـانی ئـەوە بکـەین، کـە ئایـا سادەترین سیستەمەکانی ڕێزمان دەسـتمان دەکـەون (واتـە ئەو سیستەمە ڕێزمانییانـەی تیۆرەکە بۆمـانی دەستنیشـان دەکــەن) مەرجــە دەرەکییــەکانی بــە کــەڵکهاتنمان بــۆ دەستنیشــان دەکـەن یـاخود نـەء. ئیتـر بـەردەوام دەبـین لەسەر پاکژکردنەوەی چەمکەکانی سادەیی لـەلای خۆمـان، بـە هـەمان شـێوەش جیاکارییـەکانی ڕووکەشـی سیسـتەمی ڕێزمـانی تـاکو مەرجـە دەرەکییـەکانی سیسـتەمی ڕێزمـانی دابـین دەبـن، کــە هــەڵیان دەبژێرێــت[١]. تێبینــی ئــەوەش دەکەیت، ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی کردەیی هـەواڵی ئـەوەمان نــاداتێ، کــە چــۆن سیســتەمێکی ڕێزمــانی بــۆ زمــانێکی دیـاریکراو لـە زەخیرەکـەوە بونیـاد بنێـین، بـەڵام پێویسـتە هەواڵمان بداتێ، کـە چۆن ئـەم جۆرە سیسـتەمەی ڕێزمـان دابمـەزرێنین، ئیتـر بـەم شـێوەیە پێویسـتە توانـای ئـەوەمان

---

١- لەوانەشــە لــەکاتی توێژینەوەکــەدا پێوەرەکــانی بەکــەڵکهاتن پاکبکرێنـەوە، واتـە ئێمـە لەوانەیـە بڕیـار بـدەین ئـەم تاقیکردنەوانـە لەسـەر دیـاردە زمانەوانییـەکان جێبـەجێ نـابن، بابـەتی تیۆرەکـە پێشــوتر دەستنیشــان نــاکرێن، بــەڵکو بەشــێوەیەکی بەشــەکیانە ئەگەری پێشکەشکردنی شرۆڤەیەکی ڕێکوپێک بۆ چەند دیاردەیـەک دەستنیشان دەکەن.

هـــــەبێت، دوو سیســــتەمی پێشـــنیازکراوی ڕێزمـــان هەڵسەنگێنین.

لەم دوو کۆپلەیەی پێشووی ئەم توێژینەوەیە جەختمان لەسەر ئەرکی دووەمی ئەم سێ ئەرکەی ئاماژەمان پێدان و ئەوەشمان بە گریمانە دانا، کە چەند ڕستەیەکی ڕێزمانی ئینگلیزی هەن، هەروەها بیرۆکەیەکمان دەربارەی سادەیی هەیـــە و هەوڵیشـــماندا جـــۆری سیســـتەمی ڕێزمـــانی دەستنیشان بکەین، کە لە توانادایە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ڕستە ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی سادە بەرهەم بهێنن. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سادە گوزارشت لە تیۆرە زمانەوانییـــە گشـــتییەکە بکـــەین بەشـــێوەیەکی دیکـــە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان دایێ، وتمان یەکێک لەو چەمکانەی پێویســـتە لـــە تیـــۆرە زمانەوانییەکـــەدا دەستنیشـــان بکرێـــت ((ڕســـتەیە لـــە (ز) ))، هـــەروەها پێناســـەکان چـــەمکی وەک (گوتنەکـەکانی (ز) و...... هتد دەگرێتـەوە. کەواتـە تیـۆری گشتی گرنگی بە ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆمـەڵێک ڕســـتەی ڕێزمـــانی و کۆمـــەڵێک ڕســـتەی تێبینیکـــراو دەدات، توێژینەوە لە ڕۆنانی یەکەم توێژینەوەیـەکی بەراییـە، کە لـە گریمانەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت، مانای ئەوەیە ئێمە پێش

ئەوەی ئەم پەیوەندییە ڕوون بکەینەوە، پێویستە خەسڵەتە ڕووکەشەکانی هەر کۆمەڵەیەک لەم دوو کۆمەڵەیە بزانین.

لە بەشی حەوتەمیشدا بەردەوام دەبین لە توێژینەوەی ئاڵۆزی ڕێژەیی ئەو شێوازانەی لە وەسفی ڕۆنانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێن، هەروەها بەتایبەتی گرنگی بە مەسەلەی ئەگەری سادەکردنەوەی سیستەمی ڕێزمانی دەدەین، ئەویش ئەگەر تەرزێکی ئەو ڕستانەمان وا دانا، ڕستەی ناوکن یان وا باشترە بە ڕستەی داتاشراویان هەژمار بکەین لە ڕێگەی گوێزانەکانەوە، بەم شێوەیە دەگەینە چەند بیروبۆچوونێک دەربارەی ڕۆنانی زمانی ئینگلیزی لە بەشی پێنجەمیشدا پێشنیاز دەکەین، کە بەڵگەیەکی سەربەخۆ هەبێت، پاڵپشتی لەم شێوازە بکات بۆ هەڵبژاردنی سیستەمەکانی ڕێزمان، واتە هەوڵدەدەین ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە سیستەمەکانی ڕێزمانی سادە هەندێک لە مەرجە دەرەکییەکانی بەکەڵکهاتن دابین دەکات، لە کاتێکدا سیستەمەکانی ڕێزمانی ئەم مەرجە دەرەکییانە دابین ناکەن، کە ئاڵۆزترن و چەند بیروبۆچوونێکی جودا لەخۆ دەگرن بۆ دەستنیشانکردنی ڕستەی ناوک. ئەم ئەنجامانە تەنیا هەر کۆمەڵە پێشنیازێکن و هەرواش دەمێننەوە، تاکو دەتوانین پێناسەیەکی ورد بۆ چەمکی

سـادەیی پێشـكەش بكـرێن، كـە بـەكاری دەهێنـین، لـەو باوەڕەدام ئـەم جۆرە پێناسـەیە دەكرێ پێشكەش بكرێت، بـەڵام ئەمـە دەكەوێتـە دەرەوەی چوارچێـوەی ئـەو توێژینەوەیـەی ئێمـە وا لەسـەروبەندی ئەنجامدانیـداین، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕوون و ئاشـكرایە، كـە زۆربـەی بیروبۆچوونـەكان دەربـارەی ئـاڵۆزی ڕێژەییـەوە پێـی دەگەین، لە خوارەوە بە ڕاست و دروستی دەمێنێتەوە لە دووتوێی هەر پێناسەیەكی مەعقول بۆ (سادەیی سیستەمی ڕێزمان)[1].

---

١- بڕوانـە وتارەكـەم: ڕۆنـانی لـۆجیكی تیـۆری زمانـەوانی، بـۆ شـارەزابوون دەربـارەی گفتوگـۆكردنی شـێوازی هەڵسـەنگاندنی سیسـتەمەكانی ڕیزمـانی بـە گـوێرەی خەسـڵەتە ڕووكەشـیانەی سادەیی، هەرچی چۆنێک بێت ئێمە سوودی شێوازەكانی دۆزینەوە ڕەتناكەینەوە، تەنانەت ئەوانەی كەڵكی بەشەكشیان هەیە، چونكە ئـەم شـێوازانە لەوانەیـە چەنـد تێبینییـەكی بـەهادار بـۆ زمانـەوانی ڕاهێنـراو پێشـكەش بكـەن، یـان پـەلمان بكێشـێت بـۆ كۆمەڵەیـەكی بچووكی سیستەمەكانی ڕێزمان، كە بكرێ هەڵبسەنگێنرێن، گرنگ ئەوەیە لەلامان تیۆری زمانەوانی تۆمارێكی شێوازە ئاڵۆزەكان نییە، بە هەمان شێوە پێویستە گومانی ئەوە نەبەین، كە چەند شێوازێكی ئامێری بۆ دۆزینەوەی سیستەمەكانی ڕێزمان پێشكەش بكەین.

تێبینی ئەوەش دەکرێت سادەیی پێوەرێکی ڕێکوپێکە و پێوەری کۆتایی تاک و تەنها سادەیی سیستەمەکە هەموویەتی، کاتێک چەند حاڵەتێکی دیاریکراو تاوتوێ دەکەین، تەنها ئەوە دەتوانین ئاماژە بۆ چۆنێتی کاریگەری بڕیارێک دەربارەی هەموو ئاڵۆزییەکە بکرێت، ڕاست و دروستی ئەم مەسەلەیە شتێکی ئەزموونییە، مادام ئێمە بەشێک لە سیستەمی ڕێزمانی سادە دەکەین، ئەوا لەهەمان کاتدا بەشەکانی دیکە ئاڵۆز دەکەین، بەڵام ئەگەر بینیمان سادەکردنی بەشێک لەم سیستەمە ڕێزمانییە دەبێتە هۆکاری سادەکردنی بەشەکانی دیکە، لەوکاتەدا هەست دەکەین چووینەتە سەر ڕێگایەکی ڕاست، هەوڵیشدەدەین لە خوارەوە ئەوە ڕوونبکەینەوە، کە شیکردنەوەی گوێزانەوەیی دەربارەی بەشێک لەم ڕستانە زۆرجاران ڕێگەخۆشکەرن بۆ شیکردنەوەی سادەترین جۆرەکانی دیکە.

بەکورتی ئێمە لەم پێگەیەدا گفتوگۆ دەربارەی گەیشتنمان بە سیستەمی ڕێزمانی سازنادەین و هەوڵدەدەین سادەییەکەی دەستنیشان بکەین، بۆ نموونە: چۆن مرۆڤ دەگاتە شیکردنەوەی گوزارشتە کردەییەکەی لە (٥-٣) باسکرا، ئەم مەسەلانە ناچنە چوارچێوەی بابەتی

توێژینەوەکە، کە پێشووتر لەسەرەوە دەستنیشانمانکرد، لەوانەیە مرۆڤ بگاتە سیستەمی ڕێزمانی لە زگماکەوە یان لەڕێگەی گومان و پێشبینی یان لە ڕێگەی تێبینی بەشەکی شێوازەکانەوە یان بە پشتبەستن بە شارەزایی ڕابردووەوە....هتد، بێگومان لە توانادایە وەسفێکی ڕێک و پێک بۆ شێوازە بەسوودەکانی ئەم شیکارییە پێشکەش بکەین، بەڵام گومان هەیە لەوەی ئێمە دەتوانین ئەم شێوازانە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و سادە و گشتگیر دابڕێژین، کە بکرێ بە شێوازێکی کردەیی ئامێریانە بۆ دۆزینەوە هەژماریان بکەین. بەهەر حاڵ ئەم مەسەلەیە ناچێتە چوارچێوەی توێژینەوەکەمانەوە، لێرەدا ئێمە ئامانجی کۆتاییمان پێشکەشکردنی ڕێگاچارەیەکی بابەتیانەیە، کە پشت بە شتە سروشتییەکان نابەستێت، بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی ڕێزمانی لە کاتی دەستەبەربوونیدا و بەراوردکردنی بە سیستەمەکانی ڕێزمانی پێشنیازکراوی دی، گرنگ ئەوەیە لەلامان وەسفی شێوەی سیستەمەکانی ڕێزمان بکەین (بە هەمان شێوە سروشتی بونیادی زمانەوانی) و پشکنینی ئەنجامە سەلمێنراوەکان، تاکو نموونەیەکی دیاریکراوی ڕۆنانی زمانەوانی وەربگرین، نەک لە ڕوانگەی پرەنسیپەکەیەوە،

ئـــەوە ڕوون بکەینـــەوە، کـــە چـــۆن مـــرۆڤ دەســـتی بـــە سیستەمی ڕێزمانی زمانێک لە زمانەکان دەگات.

**٦ـــ٢:** ئەگـەر واز لـەو مەرامـە بێنـین، کـە خوازیـاری دۆزینـــــەوەی شـــــێوازێکی کـــــردەیین، بـــــۆ دۆزینـــــەوەی سیسـتەمەکانی ڕێزمـان، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا هەنـدێک لـەو گرفتانە لە ڕووی شێوازەوە جێگەی مشتومڕ بوون، ڕوو لـە نـەمان دەکـەن. با باسـی پشتبەسـتنی ئاسـتەکان لەسـەر یەکدی بکـەین، مۆرفیمـەکان ئەگـەر دەستنیشـان بکرێن بـە پشتبەسـتن بـە مۆرفیمـەکان، لەهـەمان کاتیشـدا مەسـەلە مۆرفۆلۆجییەکان بەهەند وەرگیرا دەربارەی شیکردنەوەی فـۆنیم، لەوانەیـە لـەم حاڵەتـەدا تیـۆرە فۆنیمیەکـە بەهاکـەی خـۆی لەدەسـتبدات، بـەهۆی ئـەم بازنـە بەتاڵـەوە، کـەچی پشتبەسـتنی ئاسـتەکان بەیەکدی پـەل بـۆ بازنەیـەکی بـەتاڵ ناکێشـێت، چونکـە لـەم حاڵەتـەدا بـۆ نموونـە دەتـوانین کۆمەڵەیـەکی تاقیگـەیی لـە فۆنیمـەکان دەستنیشـان بکـات، هـەروەها بـە هـەمان شـێوە کۆمەڵـە مـۆرفیمێکی دیکـە بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ دەستنیشـان بکـەین، لـەم حاڵەتـەدا دەتوانین جووتەیەک لە کۆمەڵە فۆنیمەکان و جووتەیەک لـە کۆمەڵـە مۆرفیمـەکانی زمـانێکی دیـاریکراو دەستنیشـان

بکەین، بەو حیسابەی جووتەیەکی گونجاو و ڕێکەوتووی پێکهاتوون لە کۆمەڵە فۆنیمێکی تاقیگەیی و کۆمەڵە مۆرفیمێکی تاقیگەیی، لەوانەشە پەیوەندی سازاندن بەشێوەیەکی بەشەکی بە گوێرەی خواستەکانی سادەیی دابڕێژرێن، واتە ئێمە فۆنیم و مۆرفیمی زمانێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکەین، بەوەی فۆنیم و مۆرفیمی تاقیکراون، کە لە نێوان خۆیاندا پەل دەکێشن بۆ سادەترین سیستەمەکانی ڕێزمان، هەروەها بۆ هەندێک مەسەلەی دیکەش پەل دەکێشن، ئەمەش شێوازێکی ئاسانمان بۆ دابین دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئاستە باوەڕپێکراوەکان، کە پشت بە یەکدی دەبەستن بەبێ خۆهەڵقورتاندن بۆ ناو بازنەیەکی بەتاڵ، بێگومان ئەم شێوازە پێمان نالێن چۆن فۆنیم و مۆرفیمەکان بە شێوازێکی ئامێری ڕاستەوخۆ دەدۆزینەوە، بەڵام لێرەدا هیچ تیۆرێکی فۆنیمی یان مۆرفۆلۆجی دیکە لە ئارادا نییە، کە ئەم مەرجەی تیادا دەستەبەر بووبێت، هیچ هۆکارێکیش نییە ئەو گومانەمان بۆ دروستبکەن، کە ئەم مەرجە لە چوارچێوەیەکی تێبینیکراودا دەستەبەر دەبێت. بەهەرحاڵ کاتێک بنمیچی ئامانجەکانمان نزم دەکەینەوە و وایان لێدەکەین پەرەپێدانی شێوازی هەڵسەنگاندن بە ئامانج بگرن، ئەوا لەم حاڵەتەدا

هــیچ پاســاوێک نابێــت بــۆ بەرهەڵســتکردنی پرۆســەی تێکـەڵکردنی ئاسـتەکان[1]. ئیتـر لـە کـاتی دەستنیشـانکردنی ئەو ئاستانەی پشت بەیەکدی دەبەستن، هـیچ سـەختییەک بەدی ناکەین لە خۆپاراستن لەم بازنە بەتاڵە.[2]

---

١ - لە تیۆرە زمانەوانییە وەسفییەکاندا و لە تیۆری بونیادگەریشدا نابێ ئاستەکان تێکەڵ بکرێن(وەرگێڕ).

٢ - بڕوانـە: ز.س.هـاریس: شـێوازەکانی زمانـەوانی بونیادگـەری (شیکاگۆ) ١٩٥١ (پاشکۆی ٧-٤ و پاشکۆی ٨-٢ و هەردووبەشـی ٩-٢ بۆ نموونە)، بۆ شارەزابوون لـەم شـێوازانەی پـەلمان دەکێشـن بـۆ ئـەو ئاسـتانەی پشـت بەیەکـدی دەبەسـتن، وا دەبیـنم ڕەخنـەی (Fowler فـاولر) لەسـەر شـێوازە مۆرفۆلۆجییـەکان کـە هـاریس پێشنیازی کردبوو (بڕوانە گۆڤاری (Language) ٢٨، ٥٠٤ ـ ٥٠٩ (١٩٥٢)، دەتـوانین وەڵامیـان بدەینـەوە بـەبێ هـیچ سـەختییەک لـەو پێشـنیازەی لەسەرەوەباسـمانکرد، بـەبێ ئـەوەی بکەوینـە بازنەیـەکی بەتاڵەوە، پەرتوکی سیستەمی دەنگی و بە هەمان شێوەش وتاری:
Two fundamental problems in phonemics, Studies in Linguistics 1.33 – (1949).

هەروەها:

R. Jakobson, the phonemic and grawmatical aspects of Language and their interlation, proceedings of the Sicth intermtional congress of liguistics 5-18, (paris, 1948).

پێویسـتە مەسـەلەکە پەلکێشـمان بکـات، بـۆ ئـەوەی مۆرفیمـەکان بـەوە دابنێـین چەنـد جـۆرێکن لـە زنجیـرە فۆنیمییـەکان، واتـە بـە مانـا ئازادەکـەی نـاوەرۆکی فـۆنیمی ڕاستەقینەیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی چەند سەختییەک

---

هەروەها بڕوانە:

K.I.pike, Grammatical prerequisites to phonemic analysis, word 3. 155 – 72 (1947).

ئەوەی پایک وتویەتی دەکرێ بەشێوەیەکی ڕووکەشی دابڕێژرێت، بەبێ ئەوەی بکەوینە ناو بازنەیەکی بەتاڵـەوە، کە زۆر لـە تـوێژەران هەسـتیان پێکـردووە، ئـەویش بـە بـەکارهێنانی پێناسـەی دووبـارە، کـەچی شـرۆڤەیەکی وردی پێشـنیازەکەی ناکـات، بـەڵام مـن وای دەبینـم کـە سـەرکەوتن لـەم بـوارەدا دروسـت نابێـت، پاشـان ئێمـە ئەگەر قەناعـەت بێنین بـەوەی پشـت بەیەکدی ببەسـتن، ئـەویش بـە بەکارهێنانی پێناسەی ڕاستەوخۆ وەک پێشتر بینیمان.

پشتبەستن بە دوو ئاستی فۆنیم و مـۆرفیم لەسـەر یەکدی پێویسـتە جودایـان بکەینـەوە لـەوەی ئایـا زانیارییـە مۆرفۆلۆجییـەکانمان بـە گرنگ هەژمارکرد بۆ دەستنیشانکردنی زمانێک لـە زمانـەکان لەوانـە نووسـینی فـۆنیم، لەگـەڵ ئەوەشـدا خوێندنەوەیـەکی تـەواوی ڕێزمـان بەبێ ئاماژەکردن بە ئاستەکانی دیکە پێشکەش بکات، بڕوانە:

N.chomsky, M.Holle, F. Lukoff on accent and juncture in Erqlisa, for Roman Jakobson(is Gravenhage, 1956), 65 – 80.

کاتێک چەند حاڵەتێکی ناسراو لە زمانی ئینگلیزیدا باس دەکەین وەک (took /tuk/)، لەم حاڵەتەدا سەختەکە بەشەکانی ئەم وشەیە و مۆرفیمی شێوازی ڕابردوو بەیەکەوە ببەستینەوە، کە لەسەر شێوازی (t) لە ,

(freymd, framed) لە /d / و (walked, wakt)

و.......هتد دەردەکەون. ئێمە دەتوانین خۆمان هەموو ئەم سەختیانە بپارێزین، ئەگەر مۆرفۆلۆجی (سیستەمی وشەسازی) و فۆنۆلۆجی (سیستەمی دەنگی) لە دوو ئاست بەجودا دابنێین، بەڵام پشتببەستن بەیەکدی، و بە یەک سیستەمی ڕێزمان لە ڕێگەی ڕێزمانی مۆرفۆفۆنیمەوە (وشەسازی ـ دەنگسازی) بەیەکەوە بەسترابێتنەوە، وەک لە (١٩)دا دەردەکەوێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا (took) لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی بۆ take + ڕابردوو ئاماژە دەکات، هەروەها (walked) بە (walk+ ڕابردوو) ئاماژەی بۆ دەکرێت، پاشان ڕێزمانە مۆرفیمییەکان (١٩ ـ ٢) و (١٩ ـ ٥) هەڵدەستێت بە گۆڕینی ئەم دوو هێڵە لە مۆرفیمەکانی بۆ (tuk) و (wakt) یەک لەدوای یەک، تاکە جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا هەبێت ئەوەیە، کە (١٩ ـ ٥) یاسایەکی ڕێزمانییە، کە خەسڵەتی گشتگیری لەخۆ گرتووە، زیاتر لە یاسای ڕێزمانی (١٩ ـ ٢)، ئەگەر واز لە

بیرۆکەی ئاستە بەرزەکان بێنین کە لە ڕووی پیتئامێزەوە لە چەند توخمێکی ئاستە نزمەکان پێکدێت، (من لەو گومانەدام ئێمە پێویستە واز لەم بیرۆکە بێنین) دەبێتە مەسەلەیەکی سروشتی، کە تەنانەت سیستەمە ڕووتییەکانی نوێنەرایەتی ئاستی زمانەوانی دروست دەکات، وەک ڕۆنانی گوێزانەوە (لێرەدا هەموو گوتەیەک بە زنجیرەیەک لە گوێزانەوەکا دەردەکەوێت، کە بەهۆیەوە هێڵی کۆتایی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز دادەتاشرێت).

ناچار نین واز لەو هیوایە بێنین، کە بە دوای شێوازێکدا بگەڕێین کردەیی بێت لە ڕێگای وەرگرتنی یەکێک لەم دوو بۆچوونەی خوارەوە: ئەو ئاستانەی پشت بەیەکدی دەبەستن یان چەمکی ئاستە زمانەوانییەکان بەو حیسابەی سیستەمی ڕووتن بۆ گوزارشتکردن و بەیەکدییەوە بەستراونەتەوە لەڕێگەی یاسای ڕێزمانی گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا من لەو باوەڕەدام ڕەخنەگرتن لە تێکەڵکردنی نێوان ئاستەکان و بیرۆکەی ئەوەی هەر ئاستێک دەقاودەق لە توخمەکانی ئاستی خوارەوە پێکدێت، لە بنەڕەتەوە سەرچاوە دەگرێ لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی شێوازی دۆزینەوەی سیستەمەکانی ڕێزمان. ئینجا ئەگەر واز لەم ئامانجە بێنین، واتە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی شێوازی

دۆزینەوەی سیستەمەکانی ڕێزمان، ئەگەر جیاوازی بکەین لە نێوان شێوازە بەسوودەکان و نێوان تیۆری بونیادگەری زمانــەوانی، لــەم حاڵەتــەدا هــیچ هۆکارێــک نامێنێــت بــۆ پارێزگاریکردن لەم دوو بۆچوونەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، کە گومان لەسەریان هەیە.

چەنــدەها بیروبۆچــوونی بــاوی دیکــە هەیــە، کــە وا پێــدەچێت زۆربــەی گرنگییەکــەی لەدەســتبدات، ئەگــەر ئامانجــەکانمان بــەو شــێوازەی پێشــنیازم کــرد دابڕێــژین، هەندێکجار دەوترێت توێژینەوە لە تیۆری ڕێزمانی هێشتا کاتی نەهاتووە، ئەویش بەهۆی بوونی چەند سەختییەک لە هەندێ حاڵەتدا بەبێ هیچ چارەسەرییەک لەسەر ئەم دوو ئاستە نەک ئاستە ڕێزمانییەکە، ئەو ئاستەش لە ئاستی دەنگسازی و ئاستی مۆرفۆلۆجی پێکدێن، ڕاستە ئاستە باڵاکانی وەسفی زمانەوانی پشت بەو ئەنجامانە دەبەستن، کە لە ئاستە خوارەکانەوە دەستکەوتوون، کەچی بە پێچەوانەشەوە ئەم پرۆسەیە ڕاستە، بۆ نموونە لەسەرەوە تێبینیمان کرد، کە هیچ مانایەک بگرە هیچ هیوایەک نییە بۆ دەستنیشانکردنی پرەنسیپەکانی پێکهێنانی ڕستە بە پشتبەستن بە فۆنیمەکان و مۆرفیمەکان، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان نییە لەسەر ئەوەی ئەم ئەرکە بێکەڵکە و

زەروور نییە لە ئاستە نزمەکاندا، تەنها پەرەپێدانی ئاستە بەرزەکان وەک ڕۆنانی فریز، بەهەمان شێوە وتمان وەسفی ڕۆنانی فریز لەڕێگەی شیکردنەوەی پێکهاتەکان سەرکەوتوو نابێت، مەگەر لە چەند سنوورێکی دیاریکراو بترازێت، لەبەر ئەوە پەرەپێدانی ئاستی ڕووت و ڕەهای گوێزانەوەکان هەر خۆی بە تەنها ڕێگاخۆشکەرە بۆ پەرەپێدانی شێوازی سادەتر و بەکەڵکبوونی بۆ شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بۆ بەشە بچووکەکانی لە دووتوێی سنوورێکی تەسکتردا، سیستەمی ڕێزمانی سیستەمێکی ئاڵۆزە، کە چەندەها هێڵ و بەستەری هەمەچەشنەی هەیە، کە بەشەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە، ئینجا ئەگەر بخوازین بەشێک لە سیستەمی ڕێزمانی بە تەواوەتی پەرە پێبدەین، ئەوا بەسوودە بگرە زەروورە زۆرجاران سروشتی سیستەمەکە هەموو وێنا بکەین، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدام ئەو بیرۆکەی دەڵێت پێویستە تیۆری ڕێزمانی چاوەڕێی سەختییەکانی فۆنۆلۆجی بێت، ئەمە بیرۆکەیەکی بێ پاساوە، لە هەردوو حاڵەتدا مرۆڤ گرنگی بە مەسەلەی شێوازەکانی دۆزینەوە بدات یاخود نەء، لەو باوەڕەشدام ئەم حاڵەتە بەهێز بووە لەڕێگەی وێکچوونی هەڵە لەنێوان زنجیرەی پەرەپێدانی تیۆرە زمانەوانییەکە و ئەو

زنجیرەیـەی دەوترێـت دەربـارەی پرۆســەکانی دۆزینـەوەی ڕۆنانی ڕێزمان.

(٧)

# چەند گوێزانەوەیەک لە زمانی ئینگلیزدا

**٧ـ١:** پاش ئەوەی هەندێک لە چوارچێوەی بابەتەکە دەرچووین، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ توێژینەوەی ئەنجامەکانی بەکارهێنانی شێوازی گوێزانەوە لە وەسفکردنی ڕێزمانی ئینگلیزی، ئامانجمان دەستنیشانکردنی ناوکەکەیە بە شێوازێک بەهۆیەوە بتوانین هێڵەکانی کۆتایی ناوکەکە پشتی پێدەبەستێت دابتاشین، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی سادەی ڕۆنانی فریز، کە بنەمایەکمان پێدەبەخشێت، دەتوانین بەهۆیانەوە هەموو ڕستەکان دابتاشین، ئەویش بە بەکارهێنانی گوێزانەوەی سادە؛ گوێزانەوەی زۆرەملێ لە حاڵەتی ناوکدا و گوێزانەوەی زۆرەملێ و ئارەزوومەندانە لە حاڵەتی ڕستەی ناناوکی.

ئەگەر بخوازین گوێزانەوەکان بەشێوەیەک دەستنیشان بکەین، کە ڕوون و ئاشکرا بێت، لەسەرمان پێویستە شیکردنەوەی ئەو هێڵانە وەسف بکەین، کە گوێزانەوەیان لەسەر پیادە دەبێت، بە هەمان شێوەش گۆڕینی بونیادگەری، کە پرۆسەی گوێزانەوەکە دروستی دەکات لەم هێڵانە وەسف بکەین. گۆڕینی (بکەرنادیار) لە زمانی ئینگلیزی لەسەر چەند هێڵێک پیادە دەبن، کە ئەم شێوەیەیان وەرگرتووە:

Np – aux – V – Np (فریـزی نـاوی ـ کـاری یاریـدەدەر ـ کـار ـ فریـزی نـاوی)، ئـەم هێڵـە کاریگـەری دەبێت و شـوێنگەی هـەردوو فریـزە ناوییەکـە دەگۆڕێت و هەریەکـەیان شـوێنی ئـەوی دی دەگۆڕێـت، پاشـان (by) دەخرێتە پاڵی پێش فریزە ناوییەکەی دوایی، ئینجا be + en دەداتە پاڵی بۆ کارە یاریدەدەرەکە (بڕوانە ٣٤). بڕوانە ئێستا تێخزاندنی ئامرازی نەرێ not یان n't لە فریزی کاری یاریدەدەر. سادەترین ڕێگا بۆ وەسفی ئەرێ بەکارهێنانی گوێزانەوەکە پێش (٢٩ ـ ٢) پیادە بێت و بچێتە ناو (not) یان (n't) پاش مۆرفیمەکەی دووەم دەربارەی فریزە بەرهەمهاتووەکە لەبارەی (٢٨ ـ ٣)، ئەگەر بێتو ئەم فریزە دوو مۆرفیم بەلای کەمیەوە لەخۆبگرێت یان پاش مۆرفیمی یەکەم ئەم فریزە ئەگەر فریزەکە یەک مۆرفیمی هەبوو، کەواتە ئەم گوێزانەوە، ن ـ نەرێ لە چەند هێڵێکدا کاردەکات، کە دەکرێ بۆ سێ بەش شیبکرێتەوە بە یەکێک لەم سێ ڕێگایەی خوارەوە:

**(٣٧)**

**(١) (فریزی ناوی ـ ث ـ کار...) NP - C - V...**

**(٢) (فریزی ناوی ـ ث + م ـ ...) NP - C + M**

NP - C + have… (...have +فریزی ناوی ـ ث)(٣)
NP - C + b-… (...be + فریزی ناوی ـ ث) (٤)

لێـــرەدا هێماکـــان وەک لـــە (٢٨) و (٢٩)دا هەیـــە و توخمـەکانی نـاو شـوێنی خاڵـەکان هـیچ گرنگییـەکی نییـە، ئەگـەر هێڵێکمـان هــەبێت بکرێتــە ســێ بەشــەوە، بــە بـەکارهێنانی شـێوازێک لـەم شـێوازانە، ئـەوا (ث ــ نـەرێ not) یان (n’t) پاش بەشی دووەمـی هێڵەکە دەداتـە پاڵی. بـۆ نموونـە ئەگـەر (ن ــ نـەرێ) لەسـەر هێڵـی کۆتـایی جێبـەجێ بکرێت: They - ∅ + can - come، کە نموونەیەکە بۆ (٣٧ ـ ٢)، ئەوا (they - ∅ + can + n’t - come)مان دەستدەکەوێت و لە دوایشدا (they can’t come)مان دەستدەکەوێت، ئەگەر ئـەم گوێزانـەوە لەسـەر they - ∅ + have - en + come پیادە بکرێت، کە نموونەی (٣٧ ـ ٣)ە، ئەوا ئەم هێڵەمان دەستدەکەوێت:
they - ∅ have + n’t + en + come، لە کۆتایشـدا they haven’t come ئەگـەر لەسـەر هێڵـی (they - ∅ + be - ing + come)مـان پیادەکرد، کە نموونەی (٣٧ ـ ٤)، ئەم هێڵە بەرهـەم دێت they - ∅ + be + n’t - ing + com، لـە کۆتاییدا (the are n’t

دروست دەبێت. بەم شێوەیە ئەم یاسایە (coming
بەشێوەیەکی ڕاست و دروست کاردەکات، ئەگەر ئەم سێ
حاڵەتەی کۆتایی لە (٣٧) هەڵبژێرین.

با گریمانە بکەین ئێمە نموونەی (٣٧ — ١)مان
دەستنیشانکردووە، واتە هێڵێکی وەک(٣٨):

John – s – come (٣٨)

کە ڕستەیەکی ناوکمان پێدەبەخشێت (John comes)
بەگوێرەی (٢٩ ـ ٢)، ئەگەر ن ـ نەرێ لەسەر (٣٨) پیادە
بکرێت، ئەوا هێڵی (٣٩) دروست دەبێت:

John - s + n’t - come(٣٩)

بەڵام ئێمە ئەوەمان دەستنیشانکرد، کە (ن — نەرێ)
پێش (٢٩ — ٢) پیادە دەبێت، ئەمەش ئەو یاسایەیە، کە
نووسینی پاشگر دووبارە دەکاتەوە + ک تا ک + پاشگر
#. کەچی یاسای(٢٩ ـ ٢) لەسەر (٣٩) پیادە نابێت، چونکە
(٣٩) زنجیرەی پاشگر + ک لەخۆ ناگرێت. با ئێستا لەگەڵ
سیستەمی ڕێزمانیدا هەڵوەستەیەک بکەین، یاسای ڕێزمانی
گوێزانەوەی زۆرەملێی خوارەوە، کە پاش (٢٩) پیادە
دەبێت.

(٤٠) # پاشگر # do + پاشگر

لێرەدا (do) هەمان ئەو توخمەیە کە کاری سەرەکی دروست دەکات لە (John does his home work)، بڕوانە (٢٩ ــ ٣) سەبارەت بە خزاندنە ناوی # ، یاسای (٤٠) دەڵێت کاری (do) دەخرێتە پاڵی، بۆ ئەوەی هەستێت بە هەڵگرتنی پاشگرە هەڵنەگیراوەکە، ئەگەر (٤٠) پراکتیزە بکەین و یاسا ڕێزمانییە مۆرفۆلۆجییەکان لەسەر (٣٩) پراکتیزە بکەین، ئەوا ئەم داتاشینەمان دەستدەکەوێت (John does n’t come)، هەردوو یاساکە (٣٧) و (٤٠) لەم حاڵەتەدا یارمەتی پرۆسەی داتاشینی سەرجەم فۆڕمە ڕێزمانییەکان دەدەن، تەنها بۆ ڕستەی نەرێ.

(As it stands) ئەم شێوازە بۆ گوێزانەوەی نەرێ لەهەر داڕشتنێکی دی سادەترە، کە لەجیاتی بێت و لە ڕۆنانی فرێزدا بەرچاومان بکەوێت و خەسڵەتی شێوازی گوێزانەوەمان بۆ دەردەخات (لەسەر تێخزاندنی نەرێ لە ڕستەی ناوکدا) بەشێوەیەکی ڕوونتر و ئاشکراتر ئەگەر حاڵەتی دیکە هەبن و پێویستییان بە هەمان داڕشتن هەبێت (واتە (٣٧) و (٤٠) لەبەر هۆکاری سەربەخۆ، ئەم جۆرە حاڵەتانە بێگومان بوونیان هەیە.

با جۆری ئەم پرسیارانە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) ( yes – or – no) ناسراون وەرگرین، وەک لە:( have they

(did they arrive), (canthey arrive), (arrived دەردەکەوێت. دەتوانین هەموو ئەم ڕستانە بەرهەم بهێنین، تەنها ئەم ڕستانە، ئەویش بە بەکارهێنانی گوێزانەوەی پرسیارەکە، پرسیار، کە لە هێڵێکدا کاردەکات، دەکرێ شیبکرێتەوە، وەک لە (٣٧)دا هاتووە، ئیتر شوێنی بەشی یەکەم و بەشی دووەم لەناو ئەم هێڵانەدا دەگۆڕێت، بەگوێرەی ئەوەی ئەم بەشانە لە (٣٧) دەستنیشانکراون، ئیتر بەشی دووەم جێی بەشی یەکەم دەگرێتەوە، ئێمە بە مەرجی دەگرین پرسیار، کە پاش (٢٩ ـ ١) و پێش (٢٩ ـ ٢) پراکتیزە دەبێت، ئەگەر ئەم گوێزانەوە لەسەر ئەم هێڵانە پراکتیزە دەبێت:

(٤١)

1- they - ∅ - arrive

2-they - ∅ + can + arrive

3-they - ∅ + have - en - arrive

4-they - ∅ + be + ing + arrive

ئەمەش لە جۆری (٣٧ ـ١ـ٤)ە، کە ئەم هێڵانەی بەرهەمهێناوە:

(٤٢)

1-∅ - they - arrive

2-∅ + can - they - arrive

3-∅ + have - they en + arrive

4-∅ + be – they - ing + arrive

ئەگەر یاسا زۆرەملێیەکانمان لەسەر ئەم هێڵانە(٢٩ ــ ٢، ٣) و (٤٠) پراکتیزەکرد، پاشان لەجیاتی مۆرفۆفۆنیمەکان، ئەوا دەتوانین(٤٣) دابتاشین.

(٤٣)

1-do they arrive

2- can they arrive

3-have they arrive

4-are they arriveing

بە نووسینی فۆنیمی، ئەگەر یاسا ڕێزمانییەکانمان لەسەر (٤١) ڕاستەوخۆ پراکتیزەکرد، بەبێ بەکارهێنانی پرسیار، ئەوا ئەم ڕستانەمان دەستدەکەوێت:

(٤٤)

1-they arrive
2- they can arrive
3-they have arrived
4- they are arriveing

ڕستەکانی (٤٣، ١ ـ ٤) خودی ئەو ڕستە پرسیاریانەن، کە بەرانبەر (٤٤، ١ ـ ٤) دەبنەوە، لە حاڵەتی (٤٢ـ ١)یشدا، (do) دەخرێتە پاڵی بە بەکارهێنانی یاسای (٤٠)، تاکو توخمی (∅) هەڵبگرێت، کە پێی نەبەستراوەتەوە، ئەگەر (ث) بۆ (s) یان ڕابردوو پەرەپێبدرێت بە بەکارهێنانی یاسای (٢٩ ـ ١)، ئەوا لەم حاڵەتەدا یاسای(٤٠) کاری (do)ی دەهێنا، تاکو توخمی هەڵبژێردراو هەڵگرێت، ئیتر ڕستەی وەک (does he arrive) و (did he arrive)مان دەستدەکەوێت، ئێمە تێبینی دەکەین پێویستیمان بە هیچ یاسایەکی مۆرفۆفۆنیمی نوێ نییە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم بابەتانە:

/duw/ ← ∅ + do

/ does/ ← s + do

/did/ ← ڕابردوو + do

چونکــه ئێمــه پێویســتیمان بــەم یاســایه هەیــه بــۆ شــرۆڤەکردنی شــێوازی (do)، کاتێــک دەبێتــه کــارێکی ســەرەکی. بڕوانــه بــه هــەمان شــێوه، کــه پرسـیار پێویسـته پــاش (٢٩ ــ ١) پراکتیــزه بکرێــت، ئــەگینا هەڵەیــەک لــه ژمارەی (تاک، کۆ) له ڕستەی پرسیاریدا ڕوودەدات.

له کاتی شیکردنەوەی فرێزی کاری یاریدەدەر لـه (٢٨) و (٢٩)، (s) بـه مـۆرفیمی کەسـی سـێیەمی تـاک هـەژمار دەکەین و ∅ ئـەو مۆرفیمەیه، کـه لـه پاشگری کارەکەدایه بـۆ سـەرجەم جۆرەکـانی دی بکـەرەکان. بـەم شـێوەیه کـار (s) وەردەگرێت، ئەگـەر ئـەو نـاوەی لـه شـوێنی بکەردایـه مـۆرفیمی ∅ (arrives the bay) هـەبێت. ئیتر مـۆرفیمی ∅ دەبێته پاشکۆی بکەرەکه ئەگـەر بکەرەکه (s)ی هـەبێت (the boys arrive)، لێـرەدا ئەلتـەرناتیڤی دیکـه هەیـه باسـمان نـەکرد، کـه لابردنـی مـۆرفیمی سـفر(∅)ه، کـاتێ دەوترێت هیچ پاشگرێک له ئارادا نییه لـەو کاتـەی بکەرەکه کەسـی سـێیەمی تـاک نـەبێت، بـەڵام لێـرەدا دەبینـین ئـەم ئەلتەرناتیڤه ناپەسەندە، چونکه پێویسته مـۆرفیمی (∅)مـان هەبێت، ئەگینا لـه (٤٢ ــ ١)دا هـیچ پاشـگرێک بـوونی نابێت کـه کـاری (do) هــەڵیبگرێت، بـەم شـێوەیه یاسـای (٤٠)

لەسەر (٤٢ ـ ١) پراکتیزە نابێت. لێرەدا چەندەها حاڵەتی دیکەی زۆر و زەبەن هەن، کە شیکردنەوەی گوێزانەوە پێماندەبەخشێت، کە چەندەها هۆکاری گرتۆتەخۆ و پاڵپشتە، یان بوونی مۆرفیمی سفر ∅ لادەبات. با تێبینی ئەم حاڵەتە نەرێنییە بکەین، لێرەدا ئەو پێشنیازەی دەڵێت (کارە تێنەپەڕەکان) دەتوانین شیان بکەینەوە بۆ چەند کارێک، کە بەرکارەکەیان (سفر)ە، لەم حاڵەتەدا گوێزانەوەی (بکەر نادیار) (٣٤) بە گوویزانەوەی ڕستەیەکی وەک:

((John - slept - ∅)) بۆ نارستەی ((by John ∅ - was slept) (was ← slept by John)، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم شیکردنەوەی (کارە تێنەپەڕەکان) ڕەتبکەینەوە. پاشان دەگەڕێینەوە بۆ مەسەلە گشتییەکەی ڕۆڵی گوێزانەوە لە دەستنیشانکردنی بونیادی پێکهاتەکان لە (٧ـ ٦).

کرۆکی ڕاستەقینەی گوێزانەوەی پرسیار ئەوەیە، کە ئێمە خەریکە هیچ نادەینە پاڵ سیستەمی ڕێزمان لەپێناو وەسفکردنی ئەم گوێزانەوەیە. دابەشکردنی ڕستە ئەم گوێزانەوەیە دەخوازێت، بە هەمان شێوە ئەو یاسایەی (do) گۆێزانەوەکەی بدەینە پاڵی لە شوێنی بەشەکانی

ڕستەکە، کە پرسیار دروستی دەکات، ئەویش بە فراوانکردنی سیستەمی ڕێزمانەکە، بۆ ئەوەی ڕستەی پرسیاری بگرێتەوە لە جۆری (بەڵێ) و (نەخێر). بە گوزارشتێکی دی دەڵێین شیکردنەوەی گوێزانەوە ڕاستییەک ڕووندەکاتەوە، کە گوزارشت لەوە دەکات، ڕستەی نەرێ و ڕستەی پرسیاری لە بنەڕەتدا یەک بونیادن، بۆیە دەکرێ ئەم ڕاستییە بقۆزینەوە بۆ ئاسانی وەسفکردنی ڕستەی زمانی ئینگلیزی.

کاتێک باسی فرێزی کاری یاریدەدەر دەکەین، بابەتی دارشتنمان پەراوێزخست، ئەو دارشتنانەی توخمی (do) تیایاندا هێزێکی توندیان هەیە، هەروەک لەم ڕستەیە یان هێڵەدا دەردەکەوێت (John does come) و..... هتد. با گریمانەی ئەوە بکەین مۆرفیمی (A)(ش) بوونی هەیە، کە گوزارشت لە توندییەکی ئەوتۆ دەکات لە پرۆسەیەکی بەرانبەردا سەرچاوەی گرتووە و ئەم یاسایە مۆرفۆفۆنیمیەی خوارەوەی لەسەر پیادە دەبێت:

**(٤٥) ..A..V.. → ..V..X (..ک.. + ش ← ک..)**

لێرەدا (ا) گوزارشتێکی توند و گرانە، پاشان گوێزانەوەی (ث) دادەنێین، کە پێویستی بە شیکردنەوەی

ڕۆنانی هێڵەکان هەیە، وەک ئەوەی  ن ـ نەرێ دەیخوازێت (واتە (٣٧) )، و مۆرفیمی (ش) دەداتە پاڵ ئەم هێڵانە لەو شوێنەی (ن ـ نەرێ) مۆرفیمی + no یان n't دەدرێتە پاڵ، هەروەک چۆن (ن) ـ نەرێ ئەم ڕستانە بەرهەم دەهێنێت:

**(٤٦)**

**١ـ John doesn't arrive (لە هێڵی John # s + n't # arrive بە پیادەکردنی یاسای ٢٤٠)**

**٢ـ John can't arrive (لە هێڵی John # s + can + n't # arrive)**

**٣ـ John hasn't arrived (لە هێڵی John # + s + have + n't + en + arrive)**

بە هەمان شێوە (گ ـ ش) ئەم ڕستانە بەرهەم دەهێنێت، کە دەکەوێتە بەرانبەری :

**(٤٧)**

**١ ـ John does arrive (لە هێڵی John # S + A # arrive بە پیادەکردنی یاسای ٢٤٠)**

**٢ ـ John can arrive (لە هێڵی John # S + can + A # + arrive)**

٣ـ John hasn’t arrived (لە هێڵی John # S + have + nn’t#en + arrive)

کەواتە گوێزانەوەی (گ ـ ش) واتای (تەوکید) دەدات بە دەستەوە، چونکە ڕستەکانی (John arrives) ( John can arrive)، (John has arrived) تەوکید دەکات.

بە هەمان ئەو شێوەیەی (ن ـ نەرێ) ئەم ڕستانە (نەرێ) دەکات، ئەمە ئاسانترین چارەسەرییە لە ڕووی ڕووکەشەوە، هەروەک پێدەچێ پشت ببەستێ بە کاردانەوەی ئاخێوەرێکی زمان ڕاست و دروست بێت.

لێرەدا چەند نموونەیەکی دی هەیە لە گوێزانەوە، کە هەمان ئەم شیکردنەوەیەی ڕستەکان دەستنیشانی دەکەن، واتە (٢٧). با گوێزانەوە گ ـ سۆ (SO) وەرگرین، کە هێڵەکانی (٤٨) بۆ بەرانبەرەکانی لە (٤٩) دەگۆڕێت.

**(٤٨)**

**1- John - s - arrive, i - ∅ - arrive**

**2- John - s + can – arrive, i - ∅ + can - arrive**

**3-John - s + have - en + arrive, i - ∅ + have + en + arrive**

(٤٩)

1- John - s - arrive - and - so - ∅ - i

2- i - John - s + car - arrive - and - so - ∅ + have

3- i - John - s + have - en + arrive - and - so - ∅ + have

پــاش پیــادەکردنی یاســاکانی (٢٩ ــ ٢، ٣٠) و (٤٠) و یاســا مۆرفۆفۆنیمییــەکان، لــە ئەنجامــدا ئــەم ڕســتانە دادەتاشین:

(٥٠)

**1-John arrives and so do I.**

**(جۆن دەگات هەروەک چۆن من دەگەم)**

**2-John can arrive and so can I.**

**(جۆن دەتوانێت بگات هەروەک چۆن من دەگەم)**

**3-John has arrived and so have I.**

**(جۆن گەیشت هەروەک چۆن من گەیشتم)**

گوێزانــەوەی (گ ــ ســۆ) لــە ڕســتەکەی دووەم، کــە هــەموو جووتەیــەکی وەک (٤٨) کاردەکــات، بەشــی ســێیەم

لەم ڕستەیە بە مۆرفیمی (SO) قەرەبوو دەکرێتەوە، پاشان شوێنی بەشی یەکەم و سێیەم دەگۆڕێت، ئیتر یەکێکیان دەچێتە شوێنی ئەوی دی و بەم شێوەیە (توخمی SO شوێنی فرێزە کارییەکە دەگرێتەوە)، هەروەها (جێناو)ی (he) شوێنی فرێزە ناوییەکە دەگرێتەوە، گوێزانەوەی (گ ـ سۆ) لەگەڵ گوێزانەوەی (بەستنەوە) کاردەکات، بۆ ئەوەی (٤٩)مان پێ ببەخشێت، هەرچەندە ئێمە ئەم بابەتەمان بە شێوەیەکی ورد و درێژ باسنەکرد، کەچی ڕوون و ئاشکرایە شیکردنەوەی (٣٧)ی ڕستەکان و یاسای(٤٠) هەردووکیان جەوهەرین بۆ ئەم گوێزانەوەیە، ئیتر پێویستمان بە شتێکی تازە نییە، کە بخرێتە سەر سیستەمی یاساکان تاکو ڕستەی وەک (٥٠) بگرێتەوە، چونکە ئەم ڕستانە بە گوێرەی تەرزی گوێزانەوە دادەڕێژرێن، کە (نەرێ) و (پرسیار) و ڕستە (ئەرێ)کان پشتی پێدەبەستن.

لێرەدا بەڵگەیەکی دیکەی گرنگ هەیە، ئاماژە بۆ گرنگییەتی جەوهەری ئەم شیکردنەوەیە دەکات، کە لێرەدا شایانی باسکردنە، بڕوانە ئەم دوو ڕستە ناوکییە:

**(٥١)**

**1-John has a chance to live.**

2-John is my friend.

هـەردوو هێڵـی کۆتـایی هـەردوو ڕسـتەی (٥١) پشـتیان پێدەبەستن، ئەمانەن:

**(٥٢)**

1-John + c + have + a + chance + to + live

2-John + c + be + my + friend

لێرەدا (have) لە (٥٢ ـ ١) و (be) لە (٥٢) (٢) کاری سەرەکین، تێبینی بکە ئێستا چۆن گوێزانەوەی (ن ـ نەرێ) و (پ ـــ پرسـیار) و (گ ـــ سـۆ) لەسـەر ئـەم دوو هێڵـەن، گوێزانەوەی (ن ـــ نـەرێ) لەسـەر هـەموو هێڵێک، شـێوەی (٣٧) هەیـە و not یـان n’t دەدرێتـە پاڵی لـە نێوان بەشـی دووەم و سـێیەم، هـەروەک چـۆن وتمـان، بـەڵام (٥٢ ـــ ١) نموونەیەکە بۆ (٣٧ ـ ١) و (٣٧ ـــ ٢) پاش پیادەکردنی (ن ـ نەرێ) لەسەر (٥٢ ـ ١) ئەمانەمان دەستدەکەوێت (٥٣ ـــ ١) یان (٥٣ ـ ٢).

(٥٣)

1-John - c + n’t - have + a + chance + to + live

John doesn’t have a chance to live.

2- John - c + have + n’t - a + chance + to + live

(John hasn’t a chance to live).

هەردوو ڕستەکەی (٥٣) ڕێزمانین، هەروەک چۆن have کارێکی (تێپەڕ)ی تاک و تەرایە، کە دەتوانێت ئەم دوو شێوازەی (نەرێ)ی بۆ بەکاربهێنین، هەروەها ئەو (کار)ە (تێپەڕ)ە تەنهایەیە، کە دەکرێ بە شێوەیەکی تەماوی بە گوێرەی (٣٧) شیبکرێتەوە، واتە ئێمە ( John doesn’t read books)مان بەرچاو دەکەوێت، کەچی (John readsn’t books) نادۆزینەوە.

بە هەمان شێوەی گوێزانەوە ـ گ ـ پرسیار لەسەر (٥٢ ـ ١) جێبەجێ دەبێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی یەکێک لەم دوو ڕستەیەی (٥٤) و گوێزانەوەی ت ـ سو یەکێک

لەم دوو ڕستەیە لە (٥٥)مان پێدەبەخشێت، مادام هەردوو گوێزانەوەکە پشت بە شیکردنەوەی بونیاد (٣٧) نابەستن.

**(٥٤)**

**1-does John have a chance to live?**

**2-has John a chan - ce to live?**

**(٥٥)**

**1-Bill has a chance to live and so does John.**

**2- Bill has a chan ce to live and so has John.**

لە حاڵەتی کاری تێپەڕی دیکەدا شێوازەکانی وەک (٥٤ ــ ٢) و (٥٥ ــ ٢) لە توانایدا نییە، بۆ نموونە ( reads Bill reads books so reads ) یان (John books? John) نابینین و بەرچاومان ناکەوێت، کەچی تێبینی دەکەین ئاکاری (have) ول پێدەچێ نامۆ بێت و ئەنجامێکی دینامیکییە بۆ ئەو یاسایەی ناومانهێنان، ئەمەش ئەو پرسیارە چارە دەکات، کە لە (٢ ــ ٣)دا وروژێنرا دەربارەی ڕێزمانیبوونی (٣) و نارێزمانیبوونی (٥).

با ئێستا لە (٥٢ ـ ٢) ڕابمێنین، ئێمە ئەم مەسەلەیەمان ڕووننەکردەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بڵێین لە سادەترین سیستەمەکانی ڕێزمانی ڕۆنانی فریز هیچ هۆکارێک نییە بۆ تێخزاندنی (be) لە دووتوێی جۆری کارەکان. واتە ئەم سیستەمەی ڕێزمان (be) لە دووتوێی جۆری ک(کار) هەژمار ناکرێت، هەروەک چۆن یەکێک لە جۆرەکانی فریزی کاری لە (کار + فریزی ناوی) پێکدێت، بە هەمان شێوە یەکێک لە جۆرەکان be + گوزارە، هەرچەندە (be) کارێکی یاریدەدەرە لە (٥٢ ـ ٢) لە نێوان شیکردنەوە ڕەخساوەکاندا لە (٣٧) لەسەر (٥٢ ــ ٢) جێبەجێ نابێت، مەگەر (٣٧ ـ ٤) نەبێت. ئیتر بەم شێوەیە گوێزانەوەی نەرێ، گوێزانەوەی پرسیار، گوێزانەوەی ــ سۆ لەسەر (٥٢ ــ ٢) جێبەجێ دەبێت، ئیتر یەک لەدوای یەک ئەم ڕستانە بەرهەم دێن (جگە لە (٢٩ ــ ١)، کە هەر جێبەجێ دەبێت.

**(٥٦)**

**1-John - s + be + n’t - my + friend**

**(← John is n’t my friend)**

**2- s + be - John - my + friend**

(→ is John my friend)

3-Bill - s + be - my + friend - and - so - s + be - John

(→ Bill is my friend and so is John)

لێرەدا تەرزەکانی لەسەر (be) دەپێورێن (وەک John readsn’t books) هتد. لەگەڵ کارە ڕاستەقینەکاندا، بە هەمان شێوەش گ ـ ش لەجیاتی (John is here)، ئەم ڕستەیەمان (John does is here) پێدەبەخشێت، هەروەکو کارە ڕاستەقینەکان.

ئەگەر خوازیاری ئەوەین ڕێزمانی ئینگلیزی بە پشتبەستنێکی تەواو بە ڕۆنانی فرێز وەسف بکەین، ئەو تەرزانەی (be) و (have)یان تیادایە بە ناوازە دەردەکەون، لە کاتێکدا بڕوامان وایە ئەم تەرزانە پێدەچێت ناوازە بێت، کەچی لە سیستەمی ڕێزمانیی سادەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بۆ شرۆڤەکردنی حاڵەتە پێوەرییەکان دامانناون، ئیتر ئەم ئاکارەش دەبێتە ئاکارێک بۆ ئەم دوو کارە (be) و (have) وەک نموونەیەک بۆ ئاکاری پێوەری ڕێکخراو لەسەر ئاستە قووڵەکە، ئەمیش

ئەگــەر بڕوانینــە ڕۆنــانی زمــانی ئینگلیــزی لــە ڕوانگــەی شیکردنەوەی گوێزانەوە.

تێبینی بکە بوونی (have) وەک کارێکی یاریدەدەر لـە هێڵەکانی کۆتایی، وەک هێڵی John + c + have + en + arrive ( کـە ڕسـتەی نـاوک وەک John has arrived) پشـتی پێدەبەسـتن، شـیکردنەوەیەکی تـەمومژی لەسەر پیادە نابێت. ئەمە نموونەیەکە بۆ (٣٧ ـ ٣) نـەک بـۆ (٣٧ ـ ١)، واتە دەکرێ شیکردنەوەی بـۆ بکرێت، وەک (٥٧ ـ ١) نەک وەک (٥٧ ـ ٢).

**(٥٧)**

**١ـ John - c + have - en + arrive**

**(فرێزی ناوی ـ ث + have - ...، واتە (٣٧ ـ ٣) ).**

**٢ـ John - c - have - en + arrive**

**(فرێزی ناوی ـ ث ـ ک...، واتە (٣٧ ـ ١) )**

ئــەم هێڵــە نموونەیــەک نییــە بــۆ (٣٧ ـــ ١)، مــادام بــەکارهێنانی (have) لــەم نموونەیــەدا (کــار) نییــە، هەرچەنــدە هەنــدێک نموونــەی (have) وەک لــە (٥٢ ـــ ١)دایــە (کــار)ن. کەواتــە ڕۆنــانی فرێــز هێڵــی کۆتــایی لــە

داتاشـــینەوە دەستنیشـــان دەکرێـــت، ئـــەویش لەڕێگـــەی بـــەدواداچوونی بەشـــەکان تـــاکو گرێکوێرەکە(واتـــە خـــاڵی بەیەککگەیشـــتنی لقـــەکان)، بـــەو شـــێوازەی لـــە (٤ ـــ ١) باسمانکرد، بەڵام (have) لە (٥٧)دا ناتوانین بیگەڕێنینەوە بـۆ هـیچ گرێیـەکی ناونیشـانداری ک(کـار) لـە پرۆسـەی داتاشینی ئەم هێڵە. کەچی دەکرێ (٥٢ ـ ١) بەشێوەیەکی تەومژ شیبکرێتەوە مادام (have) لە (٥٢ ـ ١)دا بکرێ و بـــۆ (ک) بگەڕێنرێتـــەوە، هـــەروەها دەکـــرێ بێگومـــان بگەڕێنرێتـــەوە بـــۆ (have)، واتـــە بـــۆ خـــودی خـــۆی بگەڕێنرێتەوە. لەو وێنەیەی گوزارشت لە داتاشینی هێڵی (٥٢ ـــ ١) دەکـات و لـەم حاڵەتـەدا (٥٧ ـــ ٢) نـەدەبووە شـیکردنەوەیەکی قەدەغـەکراو، ئەمـەش بێگومـان داتاشـینی هێڵـــە نارێزمانییەکانمان(نارســـتە) لەکۆڵدەکاتـــەوە، وەک (does John have arrived, John doesn’t have arrived) و... هتد.

لەم کۆپلەیەدا بینیمان ژمارەیەکی زۆری دیاریدەکات، کە پێدەچێ جیاواز بن، دەتوانین لە نێوانیاندا سازانێکی ئاسان و سروشـتی ئـەنجام بـدەین، ئـەویش ئەگـەر بۆچـوونی شـیکردنەوەی گوێزانـەوە وەرگـرین ـ پەیڕەوبکـەین، بـەم شـێوەیە سیسـتەمی ڕێزمـانی زمـانی ئینگلیـزی سـادەتر و

پێوەرانەتر دەبن، ئەمەش مەرجێکی سەرەکییە پێویستە لە هەموو چەمکەکانی ڕۆنانی زمانەوانیدا دەستەبەر ببن (واتە لە هەموو نموونەیەکی سیستەمی ڕێزمانی)، لەو باوەڕەدام ئەم خاڵانە پاساوێکی پڕ بە پێست بۆ ئەو شتانەی وتمان پێشکەشدەکەن، کە چەمکەکانی ڕۆنانی فرێز لەڕووی جەوهەرەوە پڕ بە پێست نییە، هەروەها تیۆری بونیادی زمانەوانی پێویستە بەرەوپێشببرێت بە گوێرەی ئەو هێڵانەی گریمانەمانکردن لە باسی شیکردنەوەی گوێزانەوەیی.

(**٧ــ٢**): دەتوانین بەئاسانی شیکردنەوەی ئەو ڕستە پرسیاریانە بکەین، کە پێشوتر پێشکەشمانکردن، تاکو ڕستە پرسیارییەکانیش بگرێتەوە، وەک:

**(٥٨)**

**١- (ئایا جۆن چی خوارد؟) what did John eat**

**٢- (کێ سێوەکەی خوارد) who ate an apple**

ناکرێ وەڵامەکەی بە بەڵێ یان نەخێر بێت. ئاسانترین شێواز بۆ تێخزاندنی ئەم جۆرەی ڕستەکان لە دووتوێی

سیسـتەمەکانی ڕێزمـان، دانـانی گوێزانـەوەی بژاردەیـەکی نوێیە، کە لەم جۆرە هێڵە کار بکات:

**(٥٩) س ـ فرێزی ناوی ـ ص**

لێرەدا (س، ص) شوێنی هەر هێڵێک دەگرێتـەوە (لەوانـە بەتایبـەتی هیچ(سـفر)یش، واتـە لەوانەیـە شـوێنگەی یەکـەم یـان سـێیەم بـەتاڵ بێـت) گ ــ هــ بـە دوو هـەنگاو کـار دەکات:

**(٦٠) گ ـ هـ ١**

ئـەو هێڵـەی لـە جـۆری (س ــ فرێـزی نـاوی ــ ص)ە بـۆ هێڵێکی حەواڵە دەکات، کە بەرانبەری بێت و ئەم شـێوەیەی هەبێت:

(فرێزی ناوی ـ س ـ ص: واتە بەشی دووەم لە شـوێنی بەشی یەکەم دادەنێت لـە هێڵـی (٥٩). بـەم شـێوەیە هـەمان کـاری دەبێـت کـە گ ــ پرسـیار ئـەنجامی دەدات (بڕوانـە (٤١)، (٤٢) (٢) گ ـ هـ ٢ ، کە ئەو هێڵەی لە فرێز ــ س ــ ەوە هاتووە بۆ (who ـ س ـ ص) حەواڵەی دەکات، ئەگەر فرێـــزە ناوییەکـــە ئامـــاژە بـــۆ بوونـــەوەرێکی زیندوو(بوونەوەرێکی ژیر) بکات یـان ئامـاژە بـۆ what ــ

س ــــ ص بکــات، ئەگــەر فرێــزە ناوییەکــە ئامــاژە بــۆ بوونەوەرێکی نازیندوو(ناژیر) بکات.[1]

ئیتر لێرەدا بە مەرج گ ـ هـ لەسەر ئەم هێلانە پیادە دەکەین، کە پێشتر لەسەری پیادەکرابوون، گ ـ پرسیار، ئەوەمان دەستنیشانکرد ت ـ پرسیار پاش (٢٩ ــ ١) و پێش (٢٩ ـ ٢) پیادە دەکرێت، کەچی گ ـ هـ پاش گ ـ پرسیار و پێش (٢٩ ــ ٢) پیادە دەکرێت و پیادەکردنی بەگشتی لەسەر گ ـ پرسیار دەوەستێت، واتە تەنها لەسەر ئەو هێلانە پیادە دەبێت، کە لە گ ـ پرسیارەوە بەرهەم دێن. ئەم مەرجە وا دەکات گوێزانەوەیەک پشت بە گوێزانەوەیەکی دی ببەستێت، کە گشتاندنی بیرۆکەیەکی جیاکارییە لە نێوان گوێزانەوەی زۆرەملێ و گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە، دەتوانین ئەم بیرۆکەیە بەئاسانی بخزێنینە

---

١ - بە شێوازێکی سادەتر دەتوانین پیادەی پرۆسەی گوێزانەوە گ ـ هـ ـ فرێزی ناوی ـ ص لە ڕووی فرێزی ناوییەوە بەوە ببەستینەوە (he, him یان it)، پاشان گ ـ هـ٢ ، وا دەستنیشان بکەین گوێزانەوەکە هەموو هێڵێکی (ز) بۆ wh + ز حەواڵە دەکات، کە wh مۆرفیم بێت، ئیتر ڕێزمانە مۆرفۆفۆنیمیە ئینگلیزییە ڕێزمانییەکان دەخەینە ناو ئەمەوە: he + wh: ← have

What←it + wh: huwm ← him + wh

ناو سیستەمی ڕێزمانییەوە، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە، هێڵی کۆتایی (٥٨ ـ ١) و (٥٨ ـ ٢)ە بە هەمان شێوە (٦٢)و (٦٤) ئەمەیە:

**(٦١)**

**John – c – eat + an + apple**

**(فریزی ناوی ـ ث ـ ک)**

ئەم هێڵە ( - ) ئاماژە بەو شیکردنەوە دەکات، کە گوێزانەوەی گ ــ پرسیار هێناویەتی، هێڵی (٦١) نموونەیەکە بۆ (٣٧ ــ ١) وەک ئاماژەمان پێدا، ئەگەر گوێزانەوەی زۆرەملێ تەنها لەسەر (٦١) پراکتیزە بکەین و ڕابردوو لە کاتی دووبارە نووسینەوەی (ن) بەپێی یاسای ڕێزمانی (٢٩ ــ ١) هەڵبژێرین، ئەوا دەتوانین (٦٢) دابتاشین:

**(٦٢)**

**#John # eat + past # an # apple #**

**(→ John ate an apple)**

ئەگەر (٢٩ ـ ١) و گ ـ پرسیار لەسەر (٦١) پراکتیزە بکەین، ئەوا دەتوانین (٦٣) دابتاشین.

**(٦٣)**

**past – John – eat + an + apple**

**(ڕابردوو ـ جۆن ـ دەخوات ـ سێو ـ ئامڕازی نەناسراوی)**

لێرەدا ث(C) ڕابردووە، ئەگەر (٤٠) لەسەر (٦٣) پراکتیزە بکەین و (do) بخەینە ناوی، بۆ ئەوەی ڕابردووەکە هەڵگرێت، ئەوا ئەم شێوازەی پرسیارە سادەیەمان بۆ دروست دەبێت:

**(٦٤)**

**did John eat an apple?**

**(ئایا جۆن سێوەکەی خوارد؟)**

بەڵام ئەگەر گ ـ هـ لەسەر (٦٣) پراکتیزە بکەین، یەکەم شت (٦٥)مان بۆ بەرهەم دێت لە ڕێگەی گ هـ ١، پاشان (٦٦) لەڕێگای گ ـ هـ٢.

**(٦٥)**

**John – past – eat + an + apple**

**(جۆن ـ ڕابردوو ـ دەخوات ـ سێو ـ ئامڕازی نەناسراوی)**

**(٦٦)**

**who – past - cat + an + apple**

**(کێ ـ ڕابردوو- دەخوات + سێو + ئامڕازی نەناسراوی)**

پاشـان ئـەم یاسـایە (٢٩ ــ ٢) و ڕێزمـانی مۆرفۆفـۆنیمی پراکتیزە دەکرێت، پاشان ئیتر (٦٦) بۆ (٥٨ ـ ٢) دەگۆڕێن، ئیتـر بـەم شـێوەیە ئەگـەر بخـوازین (٥٨ ــ ٢) دابتاشـین، پێویســتە لەســەرمان یەکــەمجار گ ـــ پرســیار پراکتیــزە بکەین، پاشان گ ـ هـ لەسەر هێڵی کۆتـایی (٦١) پراکتیـزە دەکەین، کە ڕستەی ناوکی (٦٢) پشتی پیدەبەستێت. دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کارکردنی گ ـ هـ١ لەم حاڵەتەدا لـەوەدا قـۆرخ دەبێـت، کـە شـوێنەواری گ ـــ پرسـیار لابـەرین و ئەمەش حاڵەتی نـەبوونی گۆڕینی شـوێنگەی توخمـەکان لـە (٥٨ ـ ٢)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

کاتێک گ ـ هـ لەسـەر هێڵێک پیادە دەکـەین، یەکـەمجار فرێزی نـاوی هەڵدەبژێرین، پاشـان فرێـزی نـاوی بەرانبـەر توخمـەکانی دی دادەنێین، بـۆ ئـەوەی (٥٨ ــ ٢) دابتاشـین، ئـەوا دێـین گ ـــ هـــ لەســەر (٦٣) پیـادە دەکـەین، پاشـان

فرێزی ناوی (جۆن) دادەنێین. با گریمانە بکەین ئێمە ئێستا گ ـ هـ لەسەر (٦٣) پیادە دەکەین، ئینجا فرێزی ناوی an + apple (ئامرازی نەناسراوی ـ سێو) دیاری دەکەین، ئیتـــر (٦٣) لـــەپێناو بـــەدیهێنانی ئـــەم گوێزانەوەیـــە شیدەکەینەوە وەک لە خوارەوەدا دەردەکەویت:

**(٦٧)**

**past + John + eat – an + apple**

**(ڕابردوو+ جۆن + دەخوات ـ ئامرازی نەناسراوی + سێو)**

ئەمـەش هێڵێکـە لـە جـۆری (٥٩)، لـەم حاڵەتـەدا (ص) شـوێنەکەی بەتاڵـە ئەگـەر گ ــ هــ لەسـەر (٦٧) پراکتیـزە بکـەین، ئـەوا دەتـوانین یەکـەمجار (٦٨) دابتاشـین لەڕێگـەی گ ـ هـ١، پاشان (٦٩) لەڕێگای (گ ـ هـ٢)ەوە دادەتاشین:

**(٦٨)**

**an + apple – past + John + eat**

**(ئامرازی نەناسراوی + سێو ـ ڕابردوو+جۆن+ دەخوات)**

**(٦٩)**

**what – past + John + eat**

**(چی ـ ڕابردوو + جۆن + دەخوات)**

ئێستا ناتوانین (٢٩ ــ ٢) لەسەر (٦٩) پراکتیزە بکەین، هەروەها ناتوانین لەسەر (٣٩) و نە لەسەر (٤٢ ــ ١)، پراکتیزەی بکەین، چونکە (٦٩) هێڵێکی بەشەکیانەی تیادا نییە لە جۆری پاشگر + ک، لەم حاڵەتەدا (٤٠) لەسەر (٦٩) پراکتیزە دەکەین و توخمی (do) دێنین تاکو مۆرفیمی ڕابردوو هەڵبگرێت، پاشان یاساکانی دی پراکتیزە دەکەین و لە کۆتاییدا (٥٨ ـ ١) دادەتاشین.

گ ـ هـ هەروەک لە (٥٩) ـ (٦٠) داڕێژراوە، بۆی هەیە بە هەمان شێوە ڕستەی پرسیارمان بۆ شرۆڤە بکات، کە بە ــ wh دەستپێدەکەن، وەک (what will he eat) (what has he been eating) و... هتد، و دەکرێ بە ئاسانی فراوانی بکەین، بۆ ئەوەی بە ئاسانی چەند ڕستەیەکی پرسیارئامێز بگرێتەوە، وەک ( what book did he read) و ...هتد.

تێبینی ئەوە دەکرێت گ ــ هــ١ وەک لە (٦٠ ــ ١)دا دەستنیشانکراوە، ئەرکی ئەم گوێزانەوەیە ئەنجامدەدات گ ــ پرسیار، واتە هەردوو توخمی یەکەم و دووەم دەچنە شوێنی توخمەکانی دی لەو هێڵەی لەسەری پراکتیزە دەکرێت. تەنها ئەوە ماوەتەوە بابەتی شوێنەواری

گوێزانەوەکان بۆ بە ئاوازداری باس بکەین، با وا گریمانە بکەین، کە ئێمە دوو جۆری سەرەکی بە ئاوازکردنمان بۆ ڕستەکان لەلایە، کە ئاوازی نزمن we asseut بە ڕستەکانی ناوکەوە دەیانبەستینەوە، ئاوازە بەرزەکان بە ڕستە پرسیارییەکانەوە بەستراونەتەوە لە جۆری (بەڵێ) یان (نەخێر)ن، کەواتە شوێنەواری گ ــ پرسیار بەشێوەیەکی بەشەکی لەناو جەرگەی ئاوازەکەی یەکێک لەم دوو جۆرەدایە بۆ جۆرەکەی دی، لە (٦٤) ئاوازە نزمەکە بۆ ئاوازێکی بەرز دەگوازرێتەوە، بەڵام بینیمان گ ــ هــ١ پاش (-) پرسیار پراکتیزە دەبێت و شوێنەواری گوێزانەوەکە هەمان شوێنەواری گ ـ پرسیارە، کەواتە گ ـ هـ١ ئاوازە بەرزەکە بۆ پێشتر دەگوازرێتەوە، کە ئاوازی نزمە. دەتوانین ئەمە بە شرۆڤەیەک بۆ ئەو ڕاستەقینەیە دابنێین، کە پرسیار لە (٥٨، ١ ـ ٢)دا ئاکارێکی ئاوازیانەی نزمی هەیە وەک ئاوازی ڕستە گوزارەییەکان، فراوانکردنی ئەم گفتوگۆیە بۆ ئەوەی دیاردەکانی ئاواز بگرێتەوە زۆر لە سەختی و دژواری ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە لەم حاڵەتەدا بێت کورت و پوختە تا ڕاددەیەک هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت. بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پەرەپێدانی ئەم جۆرە

گفتوگۆیـــه و فراوانکردنـــی، بـــۆی هەیـــه بەرهەمـــدار و بەسوودبێت.

لێرەدا بە کورتی دەڵێین هەر چوار ڕستەکە:

(٧٠)

١- John ate an apple (= ٦٢)

٢- did John eat an apple (= ٦٤)

٣- what did John eat (= ٥٨ - ١)

٤- who ate an apple (= ٥٨ - ٢)

هەموو ئەمانە لە هێڵی کۆتاییەوە داتاشراون، ئەی چی دەربـــارەی وشـــەی (underlying) ئـــەم وشـــەیە بەبەردەوامی وەرناگێڕدرێت، (٧٠ ـ ١) ئەمەیە ( kernel sentenee) ڕستەیەکی ناوکە، کە ناتوانین وەریبگێڕین بۆ ڕستەیەکی بەرایی، مادام گوێزانەوەکان دەچنە ناو (مێـژووی گوێزانـەوە) تـەنها کۆمەڵـە گوێزانەوەیـەکی زۆرەملـێن. ڕسـتەی (٧٠ ــ ٣) و (٧٠ ــ ٢) لـە (٦٢)وە داتاشـراوە، ئـەویش بـە پراکتیزەکردنـی گ ــ پرسـیار و هەردوو ڕستەی (٧٠ ـ ٣) و (٧٠ ـ ٤) لە ناوکەوە زیاتر دوورن، وەک لە ڕستەی (٧٠ ـ ٢)، چونکە هەردووکیان لە

(٦١)ەوە داتاشـێنراون، ئـەویش بـە پراکتیزەکردنـی گ ــ پرسـیار یەکـەمجار، پاشـان بـە پراکتیزەکردنـی گ ـ هــ و بـەکورتی ئامـاژە بـۆ ئـەم شـیکردنەوەیەش لـە (٨ ــ ٢)دا دەکەین.

**٧ـ٣:** لە (٥ ـ ٣)دا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە هەندێک فرێزی ناوی هەن لە جۆری to + فرێزی کاری و ing + فرێزی کاری.(to prove the theorem), ( proving the theorem)، بڕوانـە (٣٢) ــ (٣٣) لـە نێـوان ئەمانـە فرێزی لەم جۆرانەی دەبینی (to be cheated) ( being cheated)، کـە لـە (بکـەر نادیـار)ەوە داتاشـراوە، بـەڵام ڕستەکانی (بکەرنادیار) لە ناوکەکەدا لابران، کەواتە فرێزە ناوییـەکانی جـۆری to + فرێـزی کـاری و ing + فرێـزی کــاری لـــە دووتـــوێی ڕێزمـــانی ناوکیـــدا داناتاشـــرێت بـــە پراکتیزەکردنـی یاسـای ڕێزمـانی وەک (٣٣)، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لەڕێگـەی گوێزانـەوەی ناوییـەوە دابتاشـرێت، کـە ڕسـتەی جـۆری فرێـزی نـاوی ـ فرێـزی کـاری بـۆ فرێـزی ناوی جۆری to + فرێزی کاری یان ing + فرێزی کاری

دەگوازرێتـەوە[1]. لێـرەدا بـەدرێژی بـاس لـە بونیـادی ئـەم کۆمەڵــە گرنگــە ناکــەین، کــە فرەڕەهەنــدن دەربــارەی گوێزانـەوە ناوییـەکان، بـەڵکو تـەنها کورتەیـەک پێشـکەش دەکەین دەربارەی وەسفی گوێزانەوەی ئەو گرفتـەی لـە (٢ ـ ٣)دا وروژێنرا.

یـەکێک لـە گوێزانـەوە ناوییـەکان گوێزانـەوەی (گ ــ ئاوەڵناو)ە، کە لەسەر هێڵی جۆری (٧١) کاردەکات.

**(٧١)**

**T – N – is – Adj**

**(ئامراز ـ ناو ـ is ـ ئاوەڵناو)**

پاشان بۆ فرێزی ناوی دەیگوازێتەوە هاوشێوەی جۆری T - Adj - N (ئامراز + ئاوەڵناو + ناو)، بەم شێوەیە

---

١ - ئـەم گوێزانــەوە ناوییــە پێشــکەش دەکرێـت، بـەو حیســابەی گوێزانەوەیـەکی گشـتییە وەک (٢٦) و لـە دوو ڕسـتەدا کاردەکـات، یـەکێکیان لـە فرێزی نـاوی ـ فرێزی کـاری بۆ to + فرێزی کـاری (یـان ing ـ فرێـزی کـاری) دەگۆڕێـت، پاشـان وای لێـدەکات لــە ڕســـتەکەی دیکـــەدا شــوێنی فرێـــزە ناوییەکــە بگرێتـــەوە. بـــۆ شارەزابوونی زیاتر بڕوانە:

Atrans from tional approach to syntax proceeding of the University of texax symposium of 1958.

the boy is tall (کوڕەکە درێژە) بۆ ئەم شێوازە دەگوازرێتەوە the tall boy (کوڕە درێژەکە)[2] و........هتد. زۆر ئاسانە بەلامانەوە ڕوونی بکەینەوە ئەم گوێزانەوەی سیستەمی ڕێزمانی تاراددەیەکی زۆر سادەتر دەکات و پێویستیشە بەم ئاراستەیەدا بڕوات نەک بە ئاراستە بەرەواژەکە. ئەگەر ئەم گوێزانەوەیە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست دابڕێژین، دەبینین دەبێتە یارمەتیدەرمان بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتانەی لە (ئاوەڵناو) ـ (ناو) پێکدێن، لە ناوکەکە وەدەریان بنێین، پاشان بیانکەینە ناو سیستەمی ڕێزمانییەوە لە ڕێگەی (گ ـ ئاوەڵناو)ەوە.

لە سیستەمی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێزدا ئەم یاسایە هەیە:

**(٧٢)**

**ئاوەڵناو ← کۆن، درێژ،...**

---

[1] - واتە دیاررخراو (ناو) و دیارخەر(ئاوەڵناو) بگۆڕدرێت بۆ فرێزی ناوی، کە لە (ئاوەڵناو) و (مەوسوف) پێکدێت، (ئاوەڵناو) لە زمانی ئینگلیزیدا لەپێش (مەوسوف)ەوە دێت، بەلام لە زمانی عەرەبیدا پێویست ناکات شوێنی (ئاوەڵناو)ەکە بگۆڕدرێت، بەڵکو پێویستە تێبینی ئەوە بکەین (ئاوەڵناو) لە زمانی عەرەبیدا دەبێ لەگەڵ (مەوسوف) بگونجێت.(وەرگێڕ).

که هەموو توخمەکان تۆمار دەکات، که بۆیان هەیه له دووتوێی ڕستەی ناوکەوه بوونیان هەبێت، که شێوەی (٧١)یان وەرگرتووه. کەچی وشەکانی جۆری (sleeping) لەم لیستەدا بەدیناکرێن، هەرچەندە ئێمە ڕستەی وەک (٧٣)مان دەستدەکەوێت:

(٧٣)

The child is sleeping.

**(منداڵەکه نووستووه).**

ئەمەش هۆی ئەوەیه، که(sleeping) ئەگەر له دووتوێی (٧٢)دا نەنووسرێت، ئەوا (٧٣) بەهۆی گوێزانەوەی (٢٩ ـ ٢)ەوه دادەتاشرێت، که (پاشگر + ک بۆ ک + پاشگر # ) دەگۆڕێت، ئەویش لەو هێڵه کۆتاییەی پشتی پێدەبەستێت، که (٧٤)ه.

(٧٤)

the + child + c + be - ing - sleep

لێرەدا (be + ing) بەشێکه له کاری یاریدەدەر، بڕوانه (٢٨ ـ ٣). لەپاڵ (٧٣)شدا ڕستەکانی وەک ( the child will sleep (منداڵەکه دەخەوێت)، (the child sleeps)

(منداڵەکـە دەخەوێت)،...هتـد، لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی چەنـد ئەگەرێکی جودای کارە یارمەتیدەرەکە.

بــەڵام وشــەی وەک (interesting) پێویســتە لــە دووتـــوێی لیســـتی (٧٣)دا بنووســـریت، وشـــەی (interesting) لە ڕستەکانی وەک (٧٥).

**(٧٥)**

**the book is interesting.**

**(پەرتووکەکە سەرنجڕاکێشە.)**

بـە (ئاوەڵنـاو) دادەنرێت، نـەک بـە بەشـێک لـە کارەکـە، هـەروەک ڕوونـە لـە نـەبوونی ڕسـتەی the book will (interest) و ڕسـتەی (the book interests) و... هتد.

لێرەدا بەڵگەیەکی سەربەخۆ هەیە، کە ئەم شیکردنەوەیە پاڵپشـــت دەکـــات ســـەبارەت بـــە هـــەردوو وشـــەی (interesting) و (sleeping) ، کە لە ئاکاری (very) و ئـەوانی دیـدا تێبینـی دەکـەین، بـۆی هەیـە لەگـەڵ چەنـد (ئاوەڵناو)ێکـــدا بـــەکاربهێنرێت نـــەک لەگـــەڵ هـــەموو (ئاوەڵناو)ەکانـدا و ســادەترین ڕێگـاش بـۆ شـرۆڤەکردنی

ئاکـاری (very) ئەوەیــە، کــە ئــەم یاســایە بخەینــە نــاو سیستەمی ڕۆنانی فریزەوە:

**(٧٦)**

**ئاوەڵناو ← very + ئاوەڵناو**

وشـەی (very) بـۆی هەیـە لـە (٧٥)دا بـوونی هـەبێت و بەگشتیش لەگەڵ (interesting) بەکاربهێنرێت، بەڵام ئـەم وشــەیە لــە (٧٣)دا نایــەت و لــە بەکارهێنانــەکانی دیکــەی وشـەی (sleeping)یشـدا بوونی نابێت، ئەگـەر بمانـەوێت پارێزگاری لـە سـادەترین شـیکردنەوەکانی وشـەی (very) بکـەین، پێویسـتە (interesting) بـەبێ (sleeping) لـە (٧٢)دا بنووسین، بەو حیسابەی (ئاوەڵناو)ە.

تـــەنها ئـــەوە مـــاوە شـــێوازی دەستنیشـــانکردنی گوێزانەوەکانی ڕۆنانی پێکهاتـەکان بـاس بکـەین، هەرچەنـدە ئێمە ئاماژەمان بە گرنگی ئەم بابەتە کرد، بەتایبەتی ئەگـەر بخـوازین گوێزانـەوەکان پێکـەوە کۆبکەینـەوە و یـەکێک لـەو مەرجــە گشــتییانەی سەپێنراونەتەســەر ڕۆنــانی پێکهاتــە داتاشراوەکان ئەم مەرجەیە:

**(٧٧)**

**ئەگەر (س) بریتی بێت لە (ز) لە سیستەمی ڕێزمانی ڕۆنانی فریزەکە و هێڵی (ص) لە ڕێگەی گوێزانەوە هاتووە، کە هەمان ڕۆنانی (س)ی هەیە، کەواتە (ص) بە هەمان شێوەی (ز)ە.**

بەتایبەتی ڕستەکانی (بکەر نادیار) هەرچەندە لە (ناوک)دا لایبەرین، لەم حاڵەتەدا ئێمە دەڵێین فریز ـ by (وەک لە the food was eaten ـ by the man) فریزێکی ئامرازی پەیوەندییە لە ڕستەی (بکەر نادیار)دا. مەرجی (٧٧)یش بوار بەمە دەدات، چونکە ئێمە لە سیستەمی یاساکانی (ناوک)ەوە دەزانین (by) + فریزی ناوی فریزێکی ئامرازی پەیوەندییە. لێرەدا مەرجی (٧٧) بەوردی دانەڕێژراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین پێشی بخەین تاکو ببێتە یەکێک لەو کۆمەڵە مەرجانەی سەپێنراونەتە سەر ڕۆنانی پێکهاتە داتاشراوەکان.

با ئێستا تێبینی (٧٣) بکەین، وشەی (sleeping) لەڕێی گوێزانەوەوە داتاشراوە، واتە لە (٢٩ ــ ٢)ەوە هەمان شێوەی وشەی (interesting) هەیە، (واتە کار + پاشگر)ە، کە لە سیستەمی ڕۆنانی فریزەکەیەوە دەزانین

(ئاوەڵناو)ە، کەواتە ئەمە مانای ئەوەیە دەکرێ (٧٣) بۆ هێڵێک شیبکرێتەوە، کە شێوەی (٧١)ی هەیە تاکو گوێزانەوەی (گ ـ ئاوەڵناو)ی لەسەر پراکتیزە بکرێت، ئینجا بۆ ئەم فرێزە ناوییە گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت:

**(٧٨)**

**the sleeping child.**

**(منداڵە نووستووەکە).**

بە هەمان شێوە ئەم ڕستەیە لە (٧٥) (the interesting book) بەرهەم دێنێت، ئیتر بەم شێوەیە وشەی (sleeping) هەرچەندە لە (٧٢) هەڵاوێرکرا، کەچی وەک (ئاوەڵناو)ێک بۆ ناوەکان بەکارهێنرا.

بەڵام ئەم شیکردنەوەیەی (ئاوەڵناو)ەکان (واتە هەموو ئەو شتانەی پێویستمان دەبن بۆ شرۆڤەکردنی ڕستە ڕاستەقینەکان) وشەی (sleeping) ناخاتە ناو شوێنی ئەو (ئاوەڵناو)ەی داگیری دەکات، وەک (interesting) لە دووتوێی (ناوک)ەکەدا هێشتمانەوە، بۆ نموونە (sleeping) ناچێتە ناو بواری (very)ەوە، لەبەر ئەوەی (very) کارەکان وەسف ناکات، کەواتە (very) لە

هــــەردوو (٧٤) و (٧٣)دا بـــــوونی نابێـــت، و هـــــەموو بەکارهێنانــەکانی (sleeping) وەک ســیفەتی هاوبــەش لــە بەکارهێنانـدا بـوونی دەبێت و لـە حاڵەتێکدا وەک (کـار) لـە (٧٤)دا بـەکاردەهێنرێت و بـوونی دەبێت. بـە هـەمان شـێوە پێویستیمان بە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز هەیـە، کـە ئـەم فرێـزە کارییە بۆ (٧٩) شیدەکاتەوە.

**(٧٩)**

**کاری یاریدەدەر + seem + ئاوەڵناو**

هـەروەها یاسـای دیکـە بـە شـیکردنەوەی فرێـزی کـاری ئەنجام دەدەن بۆ:

کــاری یاریــدەدەر + کــار + فرێــزی نــاوی، و کــاری یاریــدەدەر + be + ئاوەڵنــاو. کــەچی (sleeping) لــە دەوروبــــەری (______ seems)دا لـــــەم سیســــتەمە ڕێزمانییـەدا نایـەت، وا پێدەچێت سـادەترین سیسـتەم بـۆی هەیە بۆ ڕستە ڕاستەقینەکان دابمەزرێنرێت.

کاتێــک ئـــەم گفتوگــۆ کورتـــە بـــە شـــێوازێکی وردتــر ســـــازدەکەین، ئـــــەوا ســــــادەترین سیســــــتەمی ڕێزمـــــانی گوێزانـەوەی ڕسـتەکانی نـاو زمـان هەڵـدەهێنجین و (٨٠) دووردەخاتەوە، کەچی (٨١) بەرهەم دێنێت.

(٨٠)

1- the child seems sleeping.

2-the very sleeping child.

(٨١)

1-the books seems interesting.

2-the very interesting book.

کەواتە ئەو جیاوازییانە دەبینین لە هەڕەمەکی دەچن، کە لە (٢ ـ ٣)دا ئاماژەمان پیدان لە نێوان (٣) (have = you a book on modern musice) و (٤) (= ٨١ ـ ١) لەلایەک و (٥) (= ready a book on modern music ?) و (٦) (= ٨٠ ـ ١) لەلایەکی دیکەوە بنجێکی بونیادی ڕوون و ئاشکرای هەبێت؛ لە ڕاستیدا نموونەکانی دیکەن لە سیستەمی ئاستێکی بەرزتر، بەو حیسابەی ئەنجامگەلێکن بۆ سادەترین سیستەمەکانی ڕێزمانی گوێزانەوە. دەتوانین بڵێین هەندێک ئاکاری زمانەوانی وا پێدەچێت هەڕەمەکی بن بەپێی ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز هیچ شرۆڤەیەکی نییە، وا دەردەکەوێت سیستەمێکی سادەیە

کاتێک بۆچوونی گوێزانەوە پەیڕەو بکەین، ئینجا ئەگەر گوزارشتەکانی (٢ ــ ٢) بەکاربهێنین، لەوکاتەدا دەڵێین ئەگەر قسەکەرێک بخوازێت شارەزایی زمانەوانی سنووورداری خۆی بە بەکارهێنانی ڕۆنانی فرێز و گوێزانەوەکان بە سادەترین شێوە نمایان بکات و لەگەڵ شارەزاییەکەیدا بگونجێت، ئەوا (٣) و (٤) بە ڕستەی ڕێزمانی هەژمار دەکات، لە کاتێکدا (٥) و (٦) ڕەتدەکاتەوە.

**٧ــــ ٤:** لە (٢٨)، ٥ ــ ٣، توخمەکانی کار بۆ کاری یاریدەدەر+ کار شیکردنەوەمان ئەنجامدا، پاشان ڕەگە کارییەکانمان بۆ پۆلینی (ک) نووسی، کەچی لێرەدا ژمارەیەکی زۆری پێکهاتە بەرهەمدارەکانی توخمی (ک)، کە شایانی باسکردنن، بوونیان هەیە، مادام ئەو پێکهاتانە بەشێوەیەکی ڕوون تیشک دەخەنەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی، لە سەرەتادا پێکهاتەی وەک (کار + پیت) وەکخۆی تێبینی بکە، وەک ئەوەی لە (bring in) و ( call

وەک تـەرزی (up) و (drive away)دا هەیـە[1]، لێـرەدا تـەرزی جۆری (٨٢) هەیە، کەچی تەرزی جۆری (٨٣) بوونی نییە:

**(٨٢)**

**1-the police brought in the criminal.**

**2- the police brought the criminal in.**

**(٨٣)**

**the police brought in him.**

ئێمـە دەزانـین توخمـە دابڕاوەکـان نـاکرێ بـە ئاسـانی لـەتوێی ڕێزمـانی بونیـادی فرێـزدا بـاس بکـرێن، کەواتـە مەسـەلەیەکی سروشـتییە کـە ئـەم پێکهاتانـە بـە خسـتنەپاڵی ئەم ئەگەرەی خوارەوە شی بکرێتەوە بۆ (٢٨ ـ ٢):

---

١ - لێرەدا نووسـەر بـاس لـە جیاکردنـەوەی پیت و کـار دەکـات، ئەمـەش مەسـەلەیەکی بژاردەییـە، ئەگـەر ئـەو توخمـەی جودایـان دەکاتـەوە نـاو بێت، لـەم حاڵەتـەدا جیاکردنەوەکە زۆرەملێیە ئەگـەر توخمی جوداکردنەوەکە (جێناو) بێت، لە زمانی عەرەبیدا تێبینی بکە بەکارهێنانی هەندێک پیت لەگەڵ کارەکانی وەک (حـەزی لـە) (ڕقـی لــە) ئەمــەش لەگــەڵ پێکهاتــەکانی زمــانی ئینگلیــزی لــە ڕووی جوداکردنەوە جیاوازییان هەیە.(وەرگێڕ)

(٨٤)

ك ←ك١ + پیت

لەگـەڵ کۆمەڵــە ڕێزمــانێکی تــەواوکاری تــاکو بۆمــان ڕوونبێتــەوە، کــە کــام (ك١) لەگــەڵ پیتێکــی دیــاریکراودا بــەکاردەهێنرێت، بـۆ ئـەوەی وا بکـەین حاڵـەتی (B2ii) لـە توانایـدا هــەبێت، ئـەوا گوێزانەوەیـەکی ئارەزوومانـدانـە گ. ئارەزوومەندانـــە/ جـــودا بـــۆ بەرهـــەمهێنانی (٨٢ ـــــ ٢) دادەمـەزرێنین، ئـەم گوێزانەوەیـە لـە چەنـد هێڵێکـی ئـەوتۆدا کاردەکـات، کــە ئـەم شـیکردنەوە بونیادەیـەی خـوارەوەی هەیە:

(٨٥)

س ـ ك١ ـ پیت ـ فرێزی ناوی

لەم حاڵەتەدا هەردوو توخمی سێ و چوار هەریەکـەیان شـوێنی ئـەویتر دەگرێتـەوە لـەو هێڵـەی لەسـەری جێبـەجێ دەبێـت، تـاکو (٨٢ ــ ٣) بگرینـەوە و (٨٣) هـەڵاوێر بکـەین، پێویســتە بڵێــین ئــەم گوێزانــەوە زۆرەملێیــە ئەگــەر فرێــزە ناوییەکـەی تیایدایـە بـەرکارێکی (جێنـاو) بێـت، ئەوکاتـە بـە هەمان شێوە گوێزانەوەی زۆرەملێ گ ـ زۆرەملـێ / جـودا،

کــه کاریگەرییــەکی بونیــادی هــەبێت دادەنێــین گ ــــ ئارەزوومەندانە / جودا ئـەنجام دەدات، بـەڵام لـەو هێڵانـەی کاردەکات، کە ئەم شیکردنەوە بونیادەی خوارەوەی هەیە:

(٨٦)

**س ـ ک١ ـ جێناو**

ئێمـە دەزانـین گـۆڕینی (بکـەرنادیار) لـە هـەموو هێڵێکـدا کاردەکات، کە ئەم شێوەیەی هەبێت: فرێزی ناوی ـ کـار ـ فرێزی ناوی. ئەگەر گوێزانەوەی (بکەرنادیار) دەستنیشـان بکـەین، ئـەوا پـێش گ ــ ئارەزوومەندانـە/ جـودا یـان گ ــ زۆرەملــێ/ جــودا پراکتیــزە دەبێــت، ئیتــر دوو ڕســتەی (بکـەرنادیار)مان دەسـتدەکەوێت، هـەروەک لـەم ڕسـتەیەدا بەدیدەکرێت:

(٨٧)

1- the criminal was brought in by the police.

2- he was brought in by the police.

لە (٨٢)دا ئەمەش دەبێ ڕوودات.

ئەگـەر لـە توێژینـەوەی فرێـزی کـاری بـەردەوام بـین، دەبینین پێکهاتەیـەکی گشـتی گرتۆتـەخۆی، کـە ئەمەیـە: کـار

+ تـەواوکار (ک + تـەواوکار)، ئـەم پێکهاتەیـەش زۆر لـە ئاکـــاری پێکهاتەیـــەک دەچێـــت، کـــە لـــە (کـــار + پیـــت) پێکهاتووە، کە پێش کەمێک باسی کرد. ئێستا تێبینی ئەم دوو ڕستەیە بکە:

**(٨٨)**

**Every one in the lab considers.**

**(٨٩)**

**John is considered incompetent by everyonein the lab.**

ئەگـەر بمانـەوێت (٨٩) لـە (٨٨) دابتاشـین لـە ڕێگـەی گـۆڕینی (بکـەر نادیـار)، پێویسـتە (٨٨) بـۆ ئـەم بونیـادەی خوارەوە شیبکەینەوە:

فرێزی ناوی١ ــ کار ـ فرێزی ناوی٢

لێرەدا فرێزی ناوی١ = everyone + in + the + lab

هـــەروەها فرێـــزی نـــاوی٢ = John . واتـــە پێویســـتە لەسەرمان (نادیار) نەک تەنها لەسەر (٨٨)، بەڵکو پێویستە لەسەر هێڵی کۆتایی (٩٠)یش پراکتیزە بکەین، کە دەکەوێتە پێش (٨٨)ەوە.

(٩٠)

every one in the lab ------ considers in competent ----- John

لێـرەدا ئێسـتا دەتـوانین (٨٨) لـە (٩٠) دابتاشـین لـە ڕێگـەی گوێزانەوەیـەک، کـە لـە گ ــ زۆرەملـێ / جـودا دەچێت. با گریمانـە بکـەین ئێمـە بـۆ سیسـتەمی ڕێزمـانی ڕۆنانی فرێز یاسای (٩١) لەپاڵ (٨٤) دادەنێین.

(٩١)

ک ← ک أ + تەواوکار

ئێستا دەتوانین گ ـ زۆرەملێ / جود فراوانتر بکەین و وای لێبکەین لەسەر چەند هێڵێکی ئەوتۆ پراکتیزە بێت، کە شـێوەی (٩٢)ی هەیـە، سـەرباری ئـەو هێڵانـەی شـێوەی (٨٦)یان هەیە وەک باسمانکرد.

(٩٢)

س ـ ک أ ـ تەواوکار ـ فرێزی ناوی

ئـــەم گوێزانەوەیـــە پاکتـــاوکراوەی گوێزانـــەوەی گ. زۆرەملـێ / جـودا بـۆی هەیـە (٩٠) بـۆ (٨٨) بگۆڕێت. ئیتـر

بەم شێوەیە شێوازی چارەسەرکردنی کار + تەواوکار لە شێوازی چارەسەرکردنی (کار + پیت) دەچێت. پێکهاتەی یەکەم  لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر باوە.[1]

---

[1] - ئەگەر لە توێژینەوەی بابەتەکە بەردەوام بین، دەبینین زۆربەی پێکهاتەکانی جۆری: کار + تەواوکار، کە دەتوانین دایانبتاشین بە بەکارهێنانی یاسای (٩١)، پێویستە لە ناوکەکە دووربخرێتەوە و لە ڕێگەی گوێزانەوە دابتاشرێت لە هێڵی (John is in competer) هتد، بەڵام ئەم مەسەلەیە ئاڵۆزە و پێویستی بە توێژینەوەیەکی دوورودرێژ هەیە بۆ تیۆری گوێزانەوە کە لە سەرووی توانامانەوەیە، بڕوانە وتارەکەم بەم ناونیشانە (پێکهاتەی لۆژیکی تیۆری زمانەوانی: شیکردنەوەی گوێزانەوە، بە هەمان شێوە (ڕوانگەی گوێزانەوەیی بۆ ڕستەسازی).

ئەم دوو پیکهاتەیە جیاکار و خەسڵەتی دیکەیان هەیە، کە بەکورتی ئاماژەمان پێدان، لە ڕاستیدا هیچ ڕوون نییە ئەم گوێزانەوەیە زۆرەملێ بێت، لە بەرکاری درێژی ئاڵۆزەکاندا دەتوانین چەند ڕستەیەکی وەک: they consider incompetent - everyone who is unable.... دەستبکەوێت، ئیتر بەم شێوەیە دەتوانین گ ـ ئارەزوومەندانە / جودا نەک گ ـ زۆرەملێ / جودا فراوان بکەین، تاکو ئەم ڕستانە بگرێتەوە، گرنگ ئەوەیە لە خەسڵەتە ڕێزمانییەکانی بەرکار بکۆڵینەوە، کە پاڵپشتن بۆ پرۆسەی گوێزانەوە یان فەرامۆشی دەکەن و دەیسڕنەوە، لێرەدا چەندەها خەسڵەتی دیکە هەن بەدەر لە درێژی، کە زۆر گرنگن بۆ ئەم مەسەلەیە،

٧ــ ٥: بەکورتی باسی ئەو فاکتەرانەمان کرد، دەبنە یاسا بۆ دروستبوونی شێوەیەکی تایبەتی هەر گوێزانەوەیەک لە گوێزانەوەکانی باسمانکردن، گرنگ ئەوەیە توێژینەوە دەربارەی ئەوە بکەین، کە ئەم سیستەمە ناوازەیە. لەو باوەڕەدام دەکرێ ئەوە بچەسپێنین کە هەر حاڵەتێک لەم حاڵەتانەی لەسەرەوە توێژینەوەمان دەربارەی کرد، جگە لە حاڵەتەکانی دی، زۆر لە ڕەهەندی ڕوون دەگرنەخۆ، کە ڕوون و ئاشکران و دەکرێ بە ئاسانی بگشتێندرێن لە ڕووی پەیوەندییان بە بنەمای سادەییەوە ڕستەکانیان پێ دەستنیشان دەکرێن، کە بۆ ناوکەکان دەگەڕێنەوە، ئایا ئەو گوێزانەوانە چین پێویستیمان پێیان هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ڕستەی دی نەک ناوکەکان، بۆ هێنانەوەی نموونەی دەربارەی ئەمە، بە کورتی شرۆڤەکردنی گوێزانەوە بۆ (نادیاری) ئەنجام دەدەین.

لە (٥ــ٤)دا ئەوەمان ڕوونکردەوە، کە سیستەمی ڕێزمانی ئاڵۆزتر دەبێت، ئەگەر (بکەر دیار) و (بکەر

---

هەروەها لێرەدا ئەگەری دیکە هەن بۆ (بکەرنادیار)، کە لێرەدا لەبەر بێ دەرفەتی باسیان ناکەین، هەرچەندە باسکردنیان لەم شوێنەدا گرنگە.

نادیـــار) لـــە بەشـــی ناوکیـــدا بگرێتـــەخۆ، ئەگـــەر (بکـــەر نادیار)ەکـە لـە ناوکەکـە دەربهێنـین، پاشـان لـە ڕێگـەی گوێزانەوەوە جارێکی دیکە تێیبخزێنرێت، کە وا لە بکەر و بەرکارەکـە دەکـات لـە (بکـەر دیـار)دا شـوێنیان بگـۆڕن لەمیانەی ڕستە تازەکەدا، پاشان ئەمە ( is + v + en + by) لـە شـوێنی کارەکـە دادەنێـت. ئـەم مەسـەلەیە دوو پرسـیار دەوروژێنێـت دەربـارەی نـاوازەبوونی ئـەم سیستەمە، کە ئەمانـەن: یەکەمجار پرسیار دەکەین: ئایا گرنگە هـەردوو فرێزە ناوییەکە شوێنی یەکدی بگرنـەوە؟ دووەم پرسیاریشمان ئەوەیە: ئایا دەتوانین بکەر نادیار، کە ناوکەکە دەستنیشان بکەین، بۆ ئـەوەی (بکـەر دیار)ی لێـوە دابتاشـین لـە ڕێگـەی گوێزانـەوەی (بکـەر دیـار)، یەکـەمجار تێبینـی مەسـەلەی گـۆڕینی شـوێنی بکـەر و بەرکارەکـە بکـە، کـە چـۆن یـەکێکیان شـوێنی ئـەوی دی دەگرێتـەوە، ئایـا ئـەم گۆڕانیـە پێویسـتە، یـان دەتـوانین گوێزانـەوەی (نادیـار) وەسـف بکـەین بـەوەی ئـەم کـارەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

**(٩٣)**

**فرێزی ناوی١ـ کاری یاریدەدەر ـ ک ـ فرێزی ناوی٢**

جارێکی دی بەم شێوەیە دەنووسرێتەوە:

فرێزی ناوی١ ـ کاری یاریدەدەر + be + en ـ ک ـ by + فرێزی ناوی٢

(بکەر نادیار)ی ڕستەی (John loves mary) دەبێتە (John is loved by mary).

لە (٥ ـ ٤)دا وتمان ئێمە لەگەڵ (٩٣)دا ڕێکناکەوین، بەڵکو ئارەزووی ئەوە دەکەین گۆڕانکارییەک لە شوێنی بکەر و بەرکارەکە ئەنجام بدەین (لەسەر بنەمای بوونی ڕستەیەکی وەک (٩٤) و نەبوونی ڕستەیەکی وەک (٩٥).

**(٩٤)**

**1- John admires sincerity - sincerity is admired by John.**

**2- John plays golf - golf is played by John.**

**3- Sincerity frightens john johns - John is frightened by John.**

(٩٥)

1- Sincerity admires John - John is admired by sincerity.

2-golf plays John - John is played golf.

3-John frights sincerity - sincerity is frightened by John.

ئێمە وتمان ئەم تیۆرە پێویستی بە پێشخستنی بیرۆکەی (پلەی ڕێزمانی) هەیە، بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم جیاکارییە، پێم وایە ئەم ئاراستەیە دروستە و چەمکێکی ڕوونیشی هەیە، کە ئاماژە بەوە دەکات ڕستەکانی (٩٤) لە (٩٥) ڕێزمانیترن، بەڵام ئەمیان بە گوێرەی خۆی لە هەموو زیاتر ڕێزمانییە لە ڕستەکانی وەک ( sincerity admires eats) و... هتد، واتە هەر سیستەمێکی ڕێزمانی ناوە ڕووتەکان لە ناوەکانی ڕاگەیاندن جیابکاتەوە، ئەوا بە پێشڤەچوو هەژمار دەکرێت و جیاوازی نێوان (٩٤، ١ ـــ ٣) و (٩٥، ١ـــ ٣) وەک نموونەیەک دەستنیشان دەکات، بێگومان تیۆری زمانەوانی پێویستە ئامرازێکی هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم جیاکارییە. بەهەر حاڵ، مادام ئێمە لەم گفتوگۆیەماندا باسی

شیکردنەوەی جۆریمان نەکرد، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە بەڵگەیەکی بەهێزتر هەیە لەوەی وتمان دژ بە (٩٣) ...,in fact، لە ڕاستیدا هەر سیستەمێکی ڕێزمانی تاک و کۆ لەیەک جیابکاتەوە، توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیدەرمان بێت لە چەسپاندنی ئەوەی (بکەر نادیار) پێویستی بە جێگۆڕکێی هەردوو فرێزە ناوییەکە هەیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، تێبینی ئەم پێکهاتەیە بکە: کار + تەواوکارەکەی، کە لە (٧ ـ ٤)دا باسمانکرد، دەبینین لەپاڵ ڕستەکانی وەک (٨٨) و (٨٩) ئەم ڕستانەشمان بەرچاو دەکەوێت:

**(٩٦)**

**all the people in the Lab consider John afool.**

**(هەموو کارمەندانی تاقیگەکە، جۆن بە گەمژە دەزانن).**

**(٩٧)**

**John is considered afool by all the people in the lab.**

**(وەرگێڕانی وشەیی: هەموو کارمەندانی تاقیگەکە جۆن بە گەمژە دەزانن = جۆن هەموو کارمەندان لە تاقیگەکە بە گەمژەی دەزانن).**

بینیمان لە (٧ ـ ٤)، کە (٩٦) لەڕێگەی گوێزانـەوەی گ ـ زۆرەملـــێ / جـــودا داتاشـــراوە لـــەو هێڵـــەی پشـــتی پێدەبەستریێت، کە ئەمەیە:

**(٩٨)**

**all the people in the Lab - consider fool - John.**

**(فریێزی ناوی ـ کار ـ فریێزی ناوی)**

لێرەدا کاری (consider a fool) دەبێتە نموونەیەک بـــۆ (٩١). وەک بینیمـــان گوێزانـــەوەی (بکـــەر نادیـــار) ڕاســتەوخۆ لەســەر (٩٨) جێبــەجێ دەبێت، ئەگــەر (بکــەر نادیار)ەکـە کـاری کـرد بەشـێوەیەک بەرکارەکـە شـوێنی بکەرەکـە بگرێتـەوە، ئـەوا بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت (٩٧) لــە (٩٨) بەرهــەم دێنێــت، بــەو حیســابەی (بکــەر نادیار)ە بۆ هێڵی (٩٦)، کەچی ئەگەر (٩٣) پـەیڕەو بکـەین

و وەریگرین وەک پێناسەیەک بۆ (بکەر نادیار)، ئەوا ڕستە نارێزمانییەکە (نارستەکە)ی خوارەوە دادەتاشین:

**(٩٩)**

**all the people in the lab are considered a fool by John.**

(وەرگێڕانـی وشـەیی: (هـەموو کارمەنـدانی تاقیگەکـە لەلایـەن جۆنـەوە بـە گـەمژە دادەنـرێن)، ئـەویش بـە پراکتیزەکردنی ئەم گوێزانەوەی لەسەر (٩٨).

لێرەدا ئەوە گرنگە بڵێین شێوازێکی کارمان دۆزیوەتەوە، کە ئەمەیە (consider a fool)، کە پێویستە لە ڕووی ژمـارەوە لەگـەڵ بکـەر و بەرکارەکـەی بگونجێـت[١]. ئـەم جـۆرە کارانـە بەڵگەیـەکی یەکلاکـەرەوەن لەسـەر ئـەوەی (بکەر نادیار) پشت دەبەستێت بە گۆڕان لە شوێنی بکەر و بەرکارەکە.

---

١ - ڕێککـەوتنی نێـوان (afool) و (John) لـە (٩٨)، بێگومـان بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی شیکردنەوەی پێکهاتەکان لە (کار + تـەواوکار + فرێـزی نـاوی) پێکدێن، وەک لـە پـەراوێزی پێشـتر باسمانکرد.

لێرەدا تێبینی پرسیارەکەی دیکە بکە: ئایا دەتوانین (بکەرنادیار) لە ڕستەکانی ناوک هەژمار بکەین لەجیاتی (بکەردیار)، زۆر ئاسانە ببینین ئەم جۆرە پێشنیازە پەل بۆ سیستەمی ڕێزمانی ئاڵۆزتر دەکێشێت. ئەگەر (بکەر دیار) بە بەشێک لە ڕستەی ناوکی دابنێین، ئەوا سیستەمی ڕۆنانی فرێزەکە (٢٨) لەخۆ دەگرێت، لەم حاڵەتەدا be + en) لە (٢٨ ــــ ٣) دووردەخاتەوە، بەڵام ئەگەر (بکەرنادیار) بە بەشێک لە ڕستەی ناوک هەژمار بکەین، ئەوا پێویستە لەسەرمان (be + en) لە (٣٨ ـ ٣) دابنێین، لەگەڵ سەرجەم شێوازەکانی کاری یاریدەدەر، بە هەمان شێوەش پێویستە یاسای ڕێزمانی تایبەت بدەینە پاڵی بەو یاسا ڕێزمانییەشەوە، کە دەڵێ دەبێت کار (ک) ئەگەر (تێنەپەڕ) بێت، ئەوا ناتوانێت کاری یاریدەدەر be + en) وەرگرێت، (واتە is occurred)مان دەستناکەوێت، بەڵام ئەگەر کارەکە (تێپەڕ) بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا be + en ) وەردەگرێت، واتە (lunch eats by John) نابینین، ئەگەر هەردوو ئەلتەرناتیڤەکە بەراورد بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کامیان لە هەموویان ئاڵۆزترە بەشێوەیەکی ڕێژەیی: بۆیە ناچار دەبین (بکەر دیار) نەک (بکەر نادیار) بە ڕستەی ناوکی دابنێین.

تێبینی ئەوە بکە ئێمە ئەگەر (بکەر نادیار) لە دووتوێی ڕستەی ناوکی لەجیاتی (بکەر دیار) دەستنیشان بکەین، ئەوا چەند ئاستەنگێکمان لە جۆری دیکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کەواتە پێویستە گوێزانەوەی (بکەر دیار) لەسەر سەرجەم هێڵەکانی لەم جۆرە پیادە بکەین:

**(١٠٠)**

**فرێزی ناوی ١ ـ کاری یاریدەدەر ـ be + en ـ ک ـ by ـ فرێزی ناوی٢**

**دەیگوازینەوە بۆ: فرێزی ناوی٢ ــ کاری یاریدەدەر ــ ک ــ فرێزی ناوی١**

ئەم گوێزانەوەیە بۆ نموونە:

**(١٠١)**

**the wine was drunk by the guests.**

بۆ ئەم ڕستەیە دەگوازینەوە: ( the guests drank the wine)، لێرەدا کاری (drunk) لە (١٠١) لە ( en + drink)ەوە بەرهەمهاتووە، بەڵام لێرەدا ئاوەڵناوی (drunk) پێویستە لە دووتوێی (٧٢)دا بینووسین لەپاڵ (old) و (interesting) دادەتاشین، بەم شێوەیە وا

پێدەچێت سادەترین سیستەمی یاسای ڕۆنانی فریز لە زمانی ئینگلیزیدا پشت بەم ڕستەیە دەبەستێت.
(١٠٢)

John was drunk by midnight.

بێگومان بە هەمان شێوە پشت بە هێڵی کۆتایی پێشووتری خۆی دەبەستێت، ئەوەی دەتوانین شیبکەینەوە بە گوێرەی هێڵی (١٠٠)، واتە لێرەدا هیچ ڕێگایەکی بونیادی نییە بۆ جیاکردنەوەی (١٠١) و (١٠٢) بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەردووکیانمان بە ڕستەی (ناوک) هەژمارکرد، کەچی پراکتیزەکردنی گوێزانەوەی بۆ (بکەر دیار) لەسەر (١٠٢) ڕستەیەکی ڕێزمانیمان پێدەبەخشێت.

ئەگەر هەوڵبدەین بۆ زمانی ئینگلیزی سادەترین سیستەمی ڕێزمانی دابنێین، کە بەشێک لە ڕۆنانی فریز و بەشێکی دیکە لە گوێزانەوەکان لەخۆ بگرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبینین ناوکەکە لە ڕستەی هەواڵگەیاندنی سادە پێکدێت، کە (بکەر دیار)ن، لەوانەشە ژمارەیەکی کەمی ئەم ڕستانە پێکبهێنن، دەتوانین ڕستەکانی دیکەش بە شێوەیەکی سادە دابنێین، بەو حیسابەی گوێزانەوەین،

هــــەموو گویێزانەوەیـــەک لـــەم گویێزانەوانـــەی باســـمان لێوەکردن، دەتوانین ڕوونی بکەینەوە، کە پێچەوانە ناکرێن، واتە پراکتیزەکردنی گویێزانەوەی ئاسانترە لە ئاراستەیەکی دیـاریکراودا وەک لـە ئاراسـتەیەکی دیکـەدا، بـە هـەمان شــێوەش لـــە گــۆڕینی (بکـــەر نادیـــار) وەک پێشـــووتر باسمانکرد. ئەم ڕاستییە ئەو شتەمان بۆ شرۆڤە دەکات، کە لەلای ڕێزماننووسە دێرینەکان باوە دەست بە ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی دەکەن بۆ نموونە، بە توێژینەوە لە ڕستە سادەکان لە (هۆکار ـ ڕووداو) پێکهاتوون، هەروەها باس لە پەیوەندییە ڕێزمانییە سادەکان دەکەن، وەک (دیارخراو ـ دیارخەر) یان (کار ـ بەرکار)، هیچ ڕێزماناسێکیش نییە توێژینەوەیـەکی تـازە دەسـتپێبکات دەربـارەی بونیـادی پێکهاتـە ئینگلیزییـەکان بـە توێژینـەوەی ڕسـتەی وەک: (whom have they nominated) وەک هـەوڵێک بـۆ شـیکردنەوەی بـۆ دوو بـەش... هتـد، پاشـان هەنـدێک توێژینـەوەی ورد و درێـژ هـەن لـەبارەی ڕۆنـانی زمـانی ئینگلیزی ڕستە پرسیارییەکان باسناکەن، کەچی هـەموویان ڕسـتە هەواڵگەیاندنـە سـادەکان باسـدەکەن. شـیکردنەوەی گوێزانـەوەی شـرۆڤەیەکی سـادەمان پێدەبەخشـێت بـۆ ئـەم هەماهەنگنەکردنە (وا پێدەچێت ئەم شییکردنەوەیە نەبێت،

هەرەمەکی دروست دەبێت) بۆ ئەو گریمانەیەی ڕێزماننووسەکان کار و پرۆژەکانیان لەسەر بنەمای زگماکی ڕاست و دروستی زمان بونیاد ناوە.[1]

---

١ ـ کاتێک لە هەردوو شێوەکە نزیکترینیان بۆ شێوە بنەڕەتییەکە دەستنیشان دەکەین، ئەوا ئەو لۆجیکە پەیڕەو دەکەین، کە (بلۆمفیلد) لە وشەسازی هێناویەتی، کاتێ دەڵێت: ئەگەر دوو شێوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی وەکیەک بوون، ئەوا لەوانەیە مەسەلەیەک سەرهەڵبدات، کە کامیان شێوە بنەڕەتییەکەن، لەوانەشە بونیادی زمان هاریکارمان بێت لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، مادام یەکەکیان بە بنەما دادەنێین، ئەوا دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونێکی ئەوتۆ، کە پاساوی بۆ وەسفکردن نییە، ئەگەر دووەمیشیان بە بنەما دانا، ئەوا دەبێتە هۆی سادەکردنی وەسفەکە ( Language, New York, 1933) بلۆمفیلد دەڵیت: ئەم مەسەلەیە زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەیەکی دەستکرد دابنێین، کە شێوە سروشتییەکەی لێ بتاشین، ئەم تێبینییە گرنگ و بەسوودە لە بواری شیکردنەوەی گوێزانەوە بۆ نموونە کاتێک ئەم هێڵە کۆتاییەی خوارەوە دادەنێین:

John - c - have + en – be + ing – red

(جۆن ـ ث ـ have + en – be - ing + دەخوێنێت)

ڕستەی ناوکی لێ دادەتاشین:

John has been reading. (جۆن دەیخوێند).

(**٧ ـ ٦**): لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە شایانی باسکردنە، پێش ئەوەی بابەتی گوێزانەوەکانی ئینگلیزی بەجێبهێڵین. لە بەرایی بەشی پێنجەمدا وتمان، یاسای ڕێزمانی (بەستنەوە) لە بواری شیکردنەوەی پێکهاتەکان پێوەرێکی بەسوودمان پێدەبەخشێ، ئەم یاسایە زۆر سادە دەبێت ئەگەر پێکهاتەکانمان بە شێوازێکی دیاریکراو دەستنیشانکرد، ئەم یاسایە ئێستا شرۆڤە دەکەین بەو حیسابەی گوێزانەوەیە، لێرەدا چەند حاڵەتێکی دیکەی زۆریش هەن، ئاکاری ڕستەی گوێزانەوەی لەسەر جێبەجێ دەکەین. بەڵگەیەکی بەهێز و یەکلاکەرەوەش هەیە بۆ بونیادی پێکهێنانی خودی ڕستەکە.

بۆ نموونە تێبینی ئەم دوو ڕستەیە بکە:

**(١٠٣)**

**1-John knew the boy studying in the Library.**

**(جۆن کوڕەکەی ناسی لە کتێبخانەکە دەخوێنێت).**

**2- John found the boy studying in the Library.**

**(جۆن کوڕەکەی بینی لە کتێبخانە دەخوێنێت)**

بەشێوەیەکی سروشتی لەم دوو ڕستەیەوە لە ڕووی بونیادی ڕێزمانییەوە دەردەکەوێت جیاوازییان هەیە(ئەمەش بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەگەر بخوازین بیدەینە پاڵ(٣ ـ١)( not running round the streets ) (نەک ئەوەی لە شەقامەکاندا دەگەڕێت)، بەڵام من لەو گومانەدا نیم ئێمە دەتوانین چەند بەڵگەیەک لەسەر ئاستی ڕۆنانانی فریز بدۆزینەوە، کە ببنە پاساو بۆ شیکردنەوەی هەردوو ڕستەکە بۆ پێکهاتە جوداکان،[1] شیکردنەوەی سادە لە هەردوو حاڵەتدا ئەمەیە (فرێزی ناوی ـ کار ـ فرێزی ناوی ـ ing + فرێزی کاری).

ئێستا بڕوانە ئاکاری هەردوو ڕستەکە لە کاتی پراکتیزەکردنی پرۆسەی گوێزانەوەی (بکەر نادیار)، دەبینین جیاوازە. ڕستەکانی (١٠٤) لە زماندا بوونی هەیە، کەچی لە (١٠٥)دا ئەو ڕستانە بەدیناکەین.[2]

---

١ - تێبینی ئەوە بکە ئەم حاڵەتە پراکتیزە ناکرێتە سەر هەردوو ڕستە عەرەبییەکە، چونکە هەردووکیان جودان (خوێنەر(الدارس) .... (یدرس)دەخوێنێت)، کە یەکەمیان ئاوەڵناوە و ئەویدیکەشیان (کاری ڕانەبردوو)ە.(وەرگێڕ).

٢ - ڕستەکانی (١٠٤) بەبێ گوزارشتە گریمانەییەکە بۆی هەیە دابتاشرێت، ئەویش بە پیادەکردنی گوێزانەوەی دووەم (لابردنەکە)،

(١٠٤)

**1-the boy studying in the library was known(by John).**

**(وەرگێڕانی وشەیی: كوڕە خوێنەرەكەی كتێبخانەكە (لەلایەن جۆنەوە) ناسرا)**

**2- the boy studying in the library was found (by John).**

**(وەرگێڕانی وشەیی: كوڕە خوێنەرەكەی كتێبخانەكە (لەلایەن جۆنەوە) بینرا).**

**3-the boy was found studying in the library (by John).**

**(وەرگێڕانی وشەیی: كوڕەكە بینرا لە كتێبخانەكە (لەلایەن جۆنەوە) ).**

---

بۆ نموونە (the boy was seen by John) دەگوازرێتەوە(وەرگێڕانی وشەیی: كوڕەكە بینرا لەلایەن جۆنەوە) تاكو دەگاتە (the boy was seen) (كوڕەكە بینرا).

(١٠٥)

**the boy was known studyoing in the library (by John).**

**(وەرگێڕانی وشەیی: کوڕەکە لەلایەن (جۆن)ەوە ناسرا، کە لە کتێبخانەکە دەیخوێند)**

گوێزانـەوەی (بکـەر نادیـار) تـەنها لەسـەر ئـەو ڕسـتانە جێبەجێ دەبێت، کە ئەم شێوەیەیان هەیە:
(فرێزی ناوی ـ کـار ـ فرێـزی نـاوی). ئەگـەر بمانـەوێت (١٠٤ ـــ ٢) دابتاشـین، ئـەوا پێویسـتە (١٠٣ ـــ ٢) بـەم شێوەیەی خوارەوە شیبکەینەوە:
**(١٠٦)**

**John - found - the boy studying in the library.**

**(جۆن ـ بینی ـ کوڕە خوێنەرەکە لە کتێبخانەکە)**

فرێـزی نـاوی (the boy studying in the library) (کـوڕە خوێنەرەکـە لـە پەرتووکخانەکەیـە)، لێـرەدا دەبێتـە بـەرکار و ڕسـتەی (١٠٣ ـــ ١)یـش شـیکردنەوەیەکی

هاوشێوەیە بۆی، مادام ڕستەی (بکەر نادیار)ی (١٠٤ ـ ١)مان بەرچاو بکەوێت.

کەچی ڕستەی (١٠٣ـ ٢) بە هەمان شێوە ڕستەی (بکەر نادیار)ی (١٠٤ ـ ٣)ە و لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (١٠٣ ـ ٢) نموونەیەکە بۆ ئەم پێکهاتەیە: کار + تەواوکار، کە لە (٧ ـ ٤) باسمان لێوەکرد.

واتە بە پیادەکردنی گوێزانەوەی گ ـ زۆرەملێ / جودا داتاشراوە لەو هێڵەی پشتی پێدەبەستێت، کە (١٠٧)ە.

(١٠٧)

John - found studying in the library - the boy.

(جۆن ـ بینرا لە کتێبخانەکە دەخوێنێت ـ کوڕەکە)

لێرەدا کاری (found)(بینرا) و تەواوکارەکە (studying in the library) (لە کتێبخانەکە دەخوێنێت). گوێزانەوەی (بکەر نادیار) ڕستەی (١٠٧) بۆ (١٠٤ ـ٣) دەگوازرێتەوە، هەروەک چۆن (٩٠) بۆ (٨٩) دەگوازرێتەوە، بەڵام (١٠٣ ـ ١) گوێزانەوەی ئەم هێڵە نییە:

John - knew studying in the library - the boy.

(جۆن ـ ناسی دەخوێنێت لە کتێبخانەکە ـ کوڕەکە)

ئەمەش هەمان شێوەی ئەم هێڵەیە (١٠٧) مادام (١٠٥) ڕستەیەکی ڕێزمانی نەبێت، کەواتە لە ڕێگەی توێژینەوەی ڕستە ڕێزمانییەکانی (بکەر نادیار) دەتوانین بڵێین (John found the boy studying in the library) (= ١٠٣ ـ ٢) دەکرێ شیکردنەوەیەکی ناڕوونی بۆ بکەین، ئەویش بە دوو شێواز: یەکەمیان فریزی ناوی ــ کار ــ فریزی ناوی، لێرەدا بەرکارەکەیە (the boy studying in the library, دووەم فریزی ناوی ـ کاری یاریدەدەر + کار ـ فریزی ناوی ــ تەواوکار، ئەمەش گوێزانەوەی هێڵی (١٠٧)، کە کارێکی لێکدراوە found studying in the library) (بینی لە کتێبخانەکە دەخوێنێت)، کەچی ڕستەی John knew the boy studying in the library)(= ١٠٣ ــ ١) یەکەم شیکردنەوەی هەیە، ئەم شیکردنەوەیە سەبارەت بە (١٠٣) پێی گەیشتین لەگەڵ زمانی زگماکدا دەگونجێت، بە هەمان شێوە نموونەیەکی دیکەشمان هەیە، بڕوانە ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

**(١٠٨)**

**John came home.**

(جۆن  بۆ ماڵەوە هاتەوە).

(John)(جۆن) و (home) (ماڵەوە) دوو فریزی ناوین و came (گەڕایەوە) کارە، لەگەڵ ئەمەشدا توێژینەوە لە شوێنەواری گوێزانەوەکان لەسەر (١٠٨) ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم ڕستەیە ناکرێ شیکردنەوە بکرێن، بەو حیسابەی فریزێکی ناوی ـ کار ـ فریزی ناوی)ە، چونکە ناتوانین (home was come by John) دابتاشین بە گوێزانەوەی (بکەر نادیار)، بە هەمان شێوەش ناتوانین (John come what did) بە پیادەکردنی گوێزانەوەی شێوازی پرسیارکردن گ ـ هـ، کەواتە پێویستە (١٠٨) بە شێوازێکی دی شی بکەینەوە (ئەگەر بمانەوێت وەسفی گوێزانەوە زیاد لە پێویست بکەین)، لەوانەیە بتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە شییان بکەینەوە:

فریزی ناوی ـ کار ـ (ئاوەڵکار). ئەگەر ئەم خاڵانە هەڵاوێر بکەین، هیچ بەڵگەیەکی بەهێزمان دەستناکەوێت، کە شیکردنەوەی (١٠٨) قەدەغە بکات، بە پێچەوانەوە بیگۆڕێت بۆ فریزی ناوی ـ کار ـ فریزی ناوی، لێرەدا home (ماڵەوە) بەرکارە بۆ کاری come (گەڕایەوە).

پێم وایە ئەم بۆچوونەم ڕاستە، ژمارەیەکی بەرچاوی پێوەرە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی بونیادی پێکهاتەکان گوێزانەوەن، بنەمای سەرەکی حاڵەتەکەش ئەمەیە: ئەگەر گوێزانەوەمان بەرچاوبکەوێت، کە سیستەمی ڕێزمان سادە بکات و لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی دی لە زۆر بوارەکاندا پەلکێشمان بکات (واتە کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕێزمانی بەم گوێزانەوەیە دابخرێن)، کەواتە هەوڵدەدەین بونیادی پێکهاتەی ڕستەکان بەو شێوازەی ئەم گوێزانەوەیە وا لێبکات هەمیشە ببێتە ڕستەیەکی ڕێزمانی، ئیتر بەم شێوەیە توانای سادەترکردنی سیستەمی ڕێزمانمان زیاتر دەبێت.

لەوانەیە خوێنەر هەست بەوە بکات، کە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێتەوە، یان لەوانەیە هەست بە دژیەک بکات لەو تێڕوانینەی باسمانکرد، چونکە ئەم بۆچوونە گوێزانەوەکانی وەک (بکەر نادیار) لەسەر بنەمای چەند شیکردنەوەیەکی دیاریکراوی ڕۆنانی فرێز دەستنیشاندەکات، پاشان ئاکاری ڕستەکان لەکاتی پیادەکردنی ئەم گوێزانەوەیە تێبینی دەکەین، ئەویش لە کاتی پیادەی ئەم گوێزانەوەیە تاکو شێوازی ڕۆنانی فرێزی ئەم ڕستانە دەستنیشان بکەین. لە (٧ ـ ٥)دا ڕاستەقینەی

ئەم ڕستەیەمان بەکارهێنا: John was drunk by midnyht(= ١٠٢) هیچ شێوازێکی (بکەر دیار)ی نییە وەک بەڵگەیەک لەسەر گوێزانەوەی (بکەرنادیار) بۆ (بکەر دیار).

لە (٧ ـ ٦)یشدا ڕاستەقینەی ئەم ڕستەمان بەکارهێنا: (John came home)(= ١٠٨)، هیچ شێوازێکی (بکەر نادیار)ی نییە وەک بەڵگەیەک دژ بە شیکردنەوەی ئەم ڕستەیە بۆ ئەم پێکهاتانە: فریزی ناوی ـ کار ـ فریزی ناوی. بەڵام ئەگەر بەردەوام بین لەم گفتوگۆیە، بەوردی لە هەموو حاڵەتێک لەم حاڵەتانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هیچ دژیەکێک یان بازنەیەکی بەتاڵ لەم باسەدا بوونی نییە، بۆیە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا گرنگی بە کەمکردنەوەی ئاڵۆزی سیستەمی ڕێزمانی دەدەین، هەوڵماندا ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە شیکردنەوەی پێشنیازکراو لەو ئەلتەرناتیڤانەی پەراوێزمانخستن سادەترە، سیستەمی ڕێزمانی لە هەندێک حاڵەتدا سادەتر دەبێت لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر گوێزانەوەیەکی دیاریکراو پەراوێز بخەین، لە هەندێک حاڵەتدا وا باشترە جارێکی دی بونیادی پێکهاتەکان دەستنیشان بکەینەوە. ئیتر بەم شێوەیە بەو ئاراستەیەدا دەچین، کە لە بەشی شەشەمدا

دەستنیشانمان کرد، لەو بەشەدا هەوڵماندا ڕۆنانی فریز و گوێزانەوەکان بقۆزینەوە بۆ بونیادی سیستەمی ڕێزمانی ئینگلیزی سادەتر لە هەر ئەلتەرناتیڤێکی دی پێشنیازکراو، لێرەدا بابەتی گرنگیدانمان ئەوە نییە چۆن بتوانین بگەینە سیستەمی ڕێزمانی بە شێوازێکی دینامیکی، بە پشتبەستن بە زەخیرە ئینگلیزییەکە، هەرچەندە ئەم زەخیرەیە فراوانیش بن. گرنگیدانمان بە ئامانجە لاوازەکە هەڵسەنگاندنە لەجیاتی دۆزینەوە، ئەم پرۆسەیەش لەوە دەمانپارێزێت بکەوینە ناو بازنەیەکی بەتاڵەوە لەو حاڵەتانەی ئاماژەمان پێدان. سازان لەگەڵ سروشتیبوون و شرۆڤەکردنی حاڵەتەکان وا پێدەچێت نامۆ بێت، بەڵگەیەکی گرنگمان پێشکەش دەکەن لەسەر ڕاست و دروستی ئەو دەروازەیەی لێی چووینە ناو بابەتەکەوە، بڕوانە بەشی پێنجەم.

(٨)

# توانای شرۆڤەکردی تیۆری زمانەوانی

(٨ـــ١): تـا ئێسـتاکه وامانـدانا کـاری زمانـەوانی بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان بـۆ دۆزینـەوەی ئامرازێکـە (بـە سیسـتەمی ڕێزمـانی هـەژمار دەکرێـت)، کـە ڕسـتەکانی زمـانێکی دیـاریکراو بەرهـەم دەهێنێـت، و ڕسـتەی ئـەوتۆ پێکناهێنێت لەو زمانەدا بوونی نەبێت، بینیمان ئەم چەمکەی پەیوەست بە چالاکییە زمانەوانییەکانەوە پەلماندەکێشێت بۆ وەسـفکردنی زمانـەکان بـەگوێرەی کۆمەڵـە ئاسـتێکی نوێنەرایەتی بە شێوەیەکی ئاسایی، کە هەندێکیان ڕەهایین و خاوەن بەهان، ئەمەش بەتایبەت وامان لێدەکات ڕۆنانی فرێز و بونیادی گوێزانەوەکان دابمەزرێنین، بەو حیسابەی هـەردووکیان دوو ئاستی جیاکارن لـە ڕووی نوێنەرایـەتی ڕسـتە ڕێزمانییەکانـەوە. ئێسـتاش دەچینـە سـەر باسـکردنی شـێوازی ئامانجـە زمانەوانییـەکان بـەگوێرەی چەمکـە سـەربەخۆ و جۆراوجۆرەکـان، کـە پەلماندەکێشـێت بـۆ بیروڕای هاوشێوە دەربارەی بونیادی زمانەوانی.

لێـرەدا چەنـدەها ڕاسـتەقینە هـەن دەربـارەی زمـان و ئاکاری زمانەوانی، کە پێویستی بە شـرۆڤەیەک هەیـە بـەس نییـە بـۆی، بڵێـین ئـەم هێڵـە (کـە لەوانەیـە کـەس بەرهـەمی نەهێنابێت) ڕستەیە یان ڕستە نییە. مەسـەلەیەکی لۆجیکییـە

پێشــبینی ئــەوە بکــەین لــە سیســتەمەکانی ڕێزمــان ئــەم ڕاستەقینانە هەندێکیان شرۆڤە بکرێن، بۆ نموونە زۆر لە ئـاخێوەرانی زمـانی ئینگلیـزی وای بـۆ دەچـن زنجیرەیـی فۆنیمی / a neym / بۆی هەیە بە ناڕوونی لێی تێبگەین، بەو حیسابەی (aname)ە، یان (an aim)ە. ئینجا ئەگەر سیستەمی ڕێزمانی پێی گەیشتین لە یەک ئاست پێکدێت، تەنها باس لە فۆنیمەکان دەکات، لەم حاڵەتەدا نەماندەتوانی ئـەم ڕاسـتەقینەیە شـرۆڤە بکـەین، بـەڵام ئەگـەر ئاسـتی نوێنەرایـەتی مۆرفۆلـۆجی پـەرە پـێ بدەین، دەبینـین لەبـەر چەنـد هۆیـەکی سـەربەخۆ، کـە ناچـارین مۆرفیمـەکانی (name), (aim), (an), (a) دابنێین، کە پەیوەندییان بە شـێوەکانی ئـەم فۆنیمانـەوە هەیـە /o/ و /an/ و /aym/ و /neym/ ، ئـەنجامی دینـامیکی بـۆ هەولـدان بـۆ داڕشـتنی مۆرفۆلۆجی (وشەسازی) بە سادەترین شێوە ئەوەیە، ئێمە زنجیـــرەی فـــۆنیمی /aneym / بدۆزینـــەوە، کـــە نوێنەرایەتییـــەکی نـــاڕوونی هـــەبێت لەســـەر ئاســـتی مۆرفۆلۆجی (وشەسازی)، بەگشتی دەڵێین نموونەیەکمان هەیە لە (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی)، ئەگەر بمانەوێت زنجیرە فۆنیمـەکان بـە زیـاتر لـە یـەک ڕێگـا لەسـەر ئاسـتی دیـــاریکراوی بەکـــەڵکهاتنی سیســـتەمەکانی ڕێزمـــان

شیبکەینەوە، چونکە دەتوانین بەکەڵکهاتنی سیستەمەکانی ڕێزمان تاقیبکەینەوە، بەوەی پرسیار بکەین، ئایا هەموو حاڵەتەکانی (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی) بە حاڵەتی ڕاستەقینەی ناڕوونی هەژمار دەکرێن یان نەء، ئایا هەموو حاڵەتەکانی ناڕوونی ڕاست و دروست لە ڕاستیدا حاڵەتی (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی)[1] هەژمار دەکرێن؟، هەروەها بەگشتی دەڵێین ئەگەر بیرۆکەی شێوەیەک لە شێوەکانی سیستەمی ڕێزمانی پەلمانبکێشێت بۆ سیستەمی ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو، ئەوا ئەم بژاردەیەمان بۆ دەستەبەر ناکات، لەم کاتەدا دەتوانین گومان لە بەکەڵکهاتنی ئەم

---

١ ـ ئاشکرایە مەسەلەی ناڕوونی ناکرێت هەموویان بە شێوەیەکی شکاریی ڕستەسازی شی بکەینەوە، بۆ نموونە پێشبینی ئەوە ناکەین سیستەمی ڕێزمان شرۆڤەی ناڕوونی تایبەت بە شتەکانمان بۆ بکات، کە ئاماژەیان بۆ دەکەن: (son)(کوڕ) و (sun)(ڕۆژ) و (light)(سووکی کێش، ڕەنگی کراوە ـ کاڵ) ...نزیک لەمە لە زمانی عەرەبیدا واژەی (العین) (کانی ئاو یان چاوی مرۆڤ)دەگرێتەوە.(وەرگێڕ).

هەروەها هۆکت لە وتارەکیدا دوو نموونە بۆ وەسفی ڕێزمانی بەکاردەهێنێت، بیرۆکەی ناڕوونی پێکهاتەیی تا سەربەخۆیی ژمارەیەک لەو چەمکە زمانەوانییانە ڕوونبکاتەوە، بە شێوازێک لە (marnner) دەچێت، واتە ئەو شێوازەی لێرەدا پێشنیازمانکرد.

بیرۆکە و خودی تیۆرە زمانەوانییەکەش بکەین، کە پشتی پێدەبەستێت، کەواتە لێرەدا هۆکارێکی پەسەند هەیە بۆ دانانی ئاستێکی مۆرفۆلۆجی(وشەسازی)، ئەویش ئەوەیە ئەم ئاستە ئەو ناڕوونییە شرۆڤە دەکات، کە لە /aneym/دا بەرجەستە دەبێت، ئەگەر ئەم ئاستەش نەبووایە ئەوا بەبێ شرۆڤە و بەبێ ڕوونکردنەوە دەمایەوە.

کاتێک زنجیرەیەکی فۆنیمی نوێنەرایەتیەکی ناڕوونی دەبێت، ئەوا حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی)مان بۆ دەستەبەر دەبێت، با وا گریمانە بکەین دوو زنجیرەی فۆنیمی بە شێوەیەکی وێکچوو یان یەکانگیر لەسەر یەکێک لە ئاستەکان شیتەڵدەکرێت، لەم حاڵەتەدا وا پێشبینی دەکەین هەردوو زنجیرەکە پێویستە بە شێوازێکی وێکچوو تێبگەن بە تەواوەتی وەک چۆن پێویست دەکات لەو حاڵەتانە تێبگەین، کە دوو نوێنەرایەتیان هەیە و لە یەک شێوازەوە وەرگیراون، بۆ نموونە: ئەم دوو ڕستەیە جیاکارن:

(١٠٩)

1- John played tennis.

(جۆن یاری تێنسی کرد).

2- My friend likes music.

(هاوڕێیەکەم حەزی لە موزیکە).

ئەم جیاکارییەشیان لەسەر ئاستی فۆنیمی و ئاستی مۆرفیمییە، بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆنانی فرێز هەردوو ڕستەکە بەم شێوەیە نمایان دەبن: فرێزی ناوی ـ کار ـ فرێزی ناوی، بە هەمان شێوەش، ڕوون و ئاشکرایە هەردووکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان لێیان تێدەگەین، بەو حیسابەی هەردووکیان لەیەک دەچن و ناشکرێ شرۆڤەی ئەم ڕاستەقینەیە لە سیستەمی ڕێزمانیدا بکرێ، کە لە ئاستی وشەکان یان مۆرفیمەکان نەترازێت، ئەم جۆرە نموونانە پاساوێکمان دەدەنێ بۆ دامەزراندنی ئاستی ڕۆنانی فرێز، کە کیانێکی جودای لەو ئاستە هەیە، کە لە بەشی پێنجەمدا باسمانکرد. ئەم گوزارشتانەی وەک ( old ،(they are flying planes) , (men and women those specks on the ) هەروەک لەم ڕستانەدا هەیە (my friends are...) و (horizon are.... ئەمانە هەموو بە ناڕوونی شیدەکرێنەوە لەسەر ڕۆنانی فرێز، هەرچەندە شیکردنەوەیەکی ناڕوونانە ناکرێن لەسەر هەر

ئاستێک، کە لەوە خوارتربێت، لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین، شیکردنەوەی دەربڕینێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی ڕۆنانی فریز بە یەک هێڵ نمایان نابێت، بەڵکو بە وێنەیەکی وەکو (١٥) دەردەکەوێت، یان بە کۆمەڵە هێڵێک دەردەکەوێت، کە گوزارشتی لێ بکەین[١].

لێرەدا پێشنیاز دەکەین بیرۆکەی (تێگەیشتن لە ڕستە)، پێویستە بەشێوەی بەشەکی بەپێی بیرۆکەی (ئاستی زمانەوانی) شرۆڤە بکرێت، کەواتە بۆ تێگەیشتن لە هەر ڕستەیەک، پێویستە یەکەمجار بونیادی شیکارییەکەی لەسەر هەموو ئاستە زمانەوانییەکان دووبارە بکەینەوە،

---

١ - واتە ئەوەی پێی دەوترێت (هێمای فریز)، لە وتارەکانمدا: (بونیادی لۆجیکی تیۆری زمانەوانی) و (سێ نموونەی وەسفی زمان)ە، بڕوانە سێ نموونە بۆ شارەزابوون لە (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی) لە (they are flying plans) لە دووتوێی سیستەمی ڕێزمانی ڕۆنانی فریز، ئەگەر سیستەمی ڕێزمانی گوێزانەوە بدەینە پاڵ سیستەمی ڕۆنانی فریز، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ئەم ڕستەیە نموونەیەکە بۆ ناڕوونی گوێزانەوە نەک (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی) لە دووتوێی ڕۆنانی فریزدا، بگرە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان نییە لەسەر بوونی (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی)، کە تەنها ئاستی ڕۆنانی فریز بگرێتەوە، دوای ئەوەی سیستەمی ڕێزمانی گوێزانەوە پەرە پێبدەین.

دەتوانین کەڵکی ژمارەیەک لەو ئاستە زمانەوانییە ڕوون و ڕەهایانە تاقیبکەینەوە، بەوەی پرسیارێک بکەین و بڵێین ئایا سیستەمەکانی ڕێزمان لەسەر ئەمە بونیادنران، دەتوانن هاریکارمان بن یان نەء، لەسەر پێشکەشکردنی شیکردنەوەیەکی پەسەند بۆ بیرۆکەی (تێگەیشتن)، حاڵەتەکانی ویکچوون لەسەر ئاستێکی باڵای نوێنەرایەتی و حاڵەتەکانی وێکنەچوون (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی) بە حاڵەتی توند هەژمار دەکرێن، کە بوونی ئاستی باڵاتر دەسەلمێنن، ئەگەر ئەم چوارچێوەیەمان لا پەسەند بێت. بەگشتی ئێمە ناتوانین هیچ ڕستەیەک بەجوانی تێبگەین، مەگەر لە حاڵەتێکدا بە لای کەمییەوە کار بکەین لەسەر ئەوەی ئایا چۆن ئەم ڕستەیە لەسەر هەموو ئاستەکان شیدەکرێتەوە، بە هەمان شێوەش سەرجەم ئاستە باڵاکانی ڕۆنانی فرێز و بونیادی گوێزانەوە وەک لە ئایندەدا تێبینی دەکەین.

توانیمان ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە بەکەڵکنەهاتنی تیۆری بونیادی زمانەوانی ناگاتە پێگەی ڕۆنانی فرێز، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی حاڵەتەکانی ناڕوونی و ویکچوون لە تێگەیشتندا، کە هیچ شرۆڤەیەکیان نەبێت لەسەر ئاستەکانی خوارەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندەها حاڵەت بەبێ شرۆڤە

دەمێننەوە، تەنانەت پاش دەستنیشانکردنی ڕۆنانی فریز و پراکتیزەکردنی لەسەر زمانی ئینگلیزی. شیکردنەوەی ئەم حاڵەتانە بەڵگەیە لەسەر گرنگی دەستنیشانکردنی ئاستێکی باڵاتری شیکردنەوەی گویزانەوە بە شێوازێکی جودا لە (٥ ـ ٧)، لێرەشدا تەنها ژمارەیەکی کەمی نموونە دەربارەی ئەم مەسەلەیە باس دەکەم.

(**٨ ـــ ٢**): لـە (٧ ــ ٦) نموونەیـەکی ئـەم ڕسـتەیەمان بینـی، واتـە ( I found the boy studying in the library) = (١٠٣ ــ ٢)، نـاتوانین نـاڕوونی لـەم ڕسـتەیە ڕوون بکەینەوە بەبێ پەنابردنە بەر پێوەرە گوێزانـەوەکان، بینیمان ئەم ڕستەیە لە یەکێک لە شرۆڤەکانیدا لـە ئـەنجامی گوێزانەوەی زۆرەملێ/ جودا ئەم هێڵە بەرهەم دێت:

(I found studying in the library - the boy)، لە شرۆڤەی دووەمیشدا بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە: فرێزی نـاوی ــ کـار ــ فرێـزی نـاوی. ئەمـەش پێکهاتـەی بـەرکارە (the boy studying in the library)، لێرەدا ڕوونـە شـیکردنەوەیەکی گوێزانـەوەیمان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، لـە هـەردوو حاڵەتدا ئـەم ڕستەیە ڕستەیەکی گوێزانەوەیـە بـۆ هەردوو هێڵی کۆتایی، کە لەپێش ئەم دوو ڕستە سـادەیەی خوارەوەن:

(١١٠)

**1-I found the boy.**

**(کوڕەکەم دۆزییەوە).**

**2-The boy is studying in the library.**

**(کوڕەکە لە کتێبخانە دەخوێنێتەوە).**

کەواتە ئەمە حاڵەتێکی گرنگە بۆ ڕستە ناڕوونەکان، کە تیایاندا ئەنجامێک بەدیدەکرێت دەربارەی پراکتیزەکردنی گوێزانەوە لەسەر هێڵەکانی خودی ناوک، کەچی ئەمە نموونەیەکی ئاڵۆزە، پێویستی بە توێژینەوەیەکی ورد و درێژ هەیە، دەربارەی ئەو شێوازەی بەهۆیەوە گوێزانەوەکان بونیادی پێکهاتەی ڕستەکان دەستنیشان دەکەن، لێرەدا هەندە سەخت نییە نموونەی سادەتر بۆ ناڕوونییەک بدۆزینەوە، کە لە ئەنجامی گوێزانەوە بەرهەم هاتبێت.

ئەم فرێزە (١١١) تێبینی بکە، کە دەکرێ لەناویدا بە ناڕوونی تێی بگەین (hunters) (بکەر)ە وەک لە (١١٢ ـ ٢)دا دەبینرێت.

(١١١)

the shooting of the hunters.

(كوشتنی ڕاوچییەکان)

(١١٢)

1-the growling of Lions.

(نەڕاندنی شێرەکان)

2- the raising of flowers.

(ناشتنی گوڵەکان)

هیچ ئامرازێکی باش لەسەر ئاستی ڕۆنانی فرێزەکان نییە، بۆ شرۆڤەکردنی ئەم ناڕوونییە، هەموو ئەم فرێزانە بەم شێوەیە نمایان دەبن:

ئامرازی ناسراوی + کار + ing + of + فرێزی ناوی[1]، بەڵام لە پرۆسەی شیکردنەوەی گوێزانەوەدا

---

١ - ڕاستە (١١١) دەتوانرێت بە ناڕوونی نمایان بکرێت لەڕێگەی (shoot)، کە بە کارێکی تێپەڕ یان تێنەپەڕ هەژمار بکرێت، کەچی لێرەدا ڕاستەقینە جەوهەرییەکە ئەوەیە، پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی (١١١) ناڕوونن، واتە (hunters ڕاوچییەکان) لەوانەیە بکەر یان بەرکار بن، دەشکرێ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لەناو ڕۆنانی فرێزدا دەستنیشان بکرێن بە گوێرەی وێنەی (١٥) هتد...، بەڵام لە

شرۆڤەیەکی دینامیکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە، کە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە شیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی ڕێک و ورد، کە دەتوانین سیستەمی ڕێزمانی سادە بکەین، ئەگەر ئەم فرێزانە (١١١) و (١١٢) لە ڕستەی ناوک لابەرین، ئینجا بیخەینە ناو سیستەمەکەوە، ئەویش لەڕێگەی گوێزانەوە. ئەگەر بمانەوێت فرێزەکانی وەک (١١٢ ـــ ١) شرۆڤە بکەین، پێویستە گوێزانەوەیەک دابنێین، کە هەموو ڕستەیەک ئەم شێوەیەی هەبێت بیگۆڕێت: (فرێزی ناوی ـ ث ـ ک)، بۆ فرێزێک ئەم شێوەیەی هەبێت: (نیشانەی ناسراوی ـ ک + ing ـ of + فرێزی ناوی)، ئەم گوێزانەوەیە بە شێوەیەک دادەڕێژێت، کە ئەنجامەکەی فرێزی ناوی بێت. ئەگەر خوازیار بین شرۆڤەی (١١٢ ـــ ٢) بکەین، ئەوا گوێزانەوەیەک دادەنێین، هەموو ئەو ڕستانەی ئەم شێوەیەیان هەیە: (فرێزی ناوی١ ـــ ث ـــ ک ـــ فرێزی

---

دووتوێی ئەم چەمکە هیچ هۆکارێک بوونی نییە، بۆ ئەوەی بڵێین پەیوەندی بکەر بە کار یان پەیوەندی کار بە بکەر لە (١١١) بوونی هەیە، ئەگەر ئەم سێ کارەمان شیکردەوە بۆ سێ جۆری تێپەڕ، تێنەپەڕ، تێپەڕ یان تێنەپەڕ، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەم پۆلێنکردنە نامێنێت.

ناوی)٢ بیانگۆڕێت بۆ: نیشانەی ناسراوی ـ ک + ing ـ + of فرێزی ناوی٢)، یەکەمی ئەم دوو گوێزانەوەیە ئەم ڕستەیە (lions growi) (شێرەکان دەنەڕێنن) دەگۆڕێت بۆ (the growling of lions)(نەڕاندنی شێرەکان)، پاشان گوێزانەوەی دووەم ئەمەیە( John raises flowers) (جۆن گوڵەکان دەچێنێت) دەگۆڕێت بۆ ( the raising of flowers)(چاندنی گوڵ)، کەچی ئەم دوو ڕستەیە (the hunters shoot) (کوژرانی ڕاوچییەکان) لە ئەنجامی دوو گوێزانەوەی جوداوە هاتوون، کە بە ناڕوونی نمایان دەبن لەسەر ئاستی گوێزانەوە و ناڕوونی لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان (١١١)، کە لە ئەنجامی ئەو ڕاستەقینەیەوە بەرهەمهاتووە، کە پەیوەندی (shoot) (دەکوژێت) بە (hunters) (ڕاوچییەکان) لە هەردوو ڕستەی ناوک ئەم گوزارشتەیان لێوە دەردەچێت، ئەم ناڕوونییەش لە (١١٢)دا نابینین، مادام ئەم ڕستەیە ( they growl lions)(ئەوان شێرەکان دەنەڕێنن) و ڕستەی (raise flowers)(گوڵەکان دەچێنن) دوو ڕستەی ڕێزمانی سەر بە ڕستە ناوکییەکە نین.

بڕوانە بۆ نموونە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

**(١١٣)**

**1-the picture was painted by a new technique.**

**(وێنەکەم بە شێوازێکی تازە نەخشاند).**

**2-the picture was painted by areal artist.**

**(وەرگێڕانی وشەیی: وێنەکەم بە قەڵەمی هونەرمەندێکی ڕاستەقینە نەخشاند).**

ئــەم دوو ڕســـتەیە واتـــای جـــودا دەدەن بەدەســـتەوە، هەرچەنـدە بـە یـەک شـێوە نمایـان دەبـن: فرێـزی نـاوی + was + کار + en - by + فرێزی ناوی، لەسەر ئاستی ڕۆنانی فرێزەکە، بـەڵام مێژووی گوێزانـەوەیان جیاوازییـان هەیە، ڕستەی (١١٣ ـ ٢) (بکەر نادیـار)ی ئـەم ڕسـتەیە( a rcal artist painted the picture)( وێنەکێشـێکی ڕاسـتەقینە وێنەکـەی نەخشـاندووە). و ڕسـتەی (١١٣ـــ ١) لەم ڕستەیە داتاشراوە ( John painted the picture by anew technique ) (جـۆن وێنەکـەی بەشـێوەیەکی نـوێ نەخشـاند)، ئـەویش بـە بـەکارهێنانی دوو گوێزانـەوە: یەکــەمیان (بکــەر نادیــار)، و دووەمیشــیان لابــردن، کــە بکەرەکـە لـە (بکـەر نادیـار) لادەبـات، لـەم حاڵەتـەدا هـیچ

سـەخت نییـە ڕەگەزدۆزییـەکی تـەواو بـە تـەرزی (١١٣) بدۆزینەوە.

**(١١٤)**

**John was frightenet by the new methods.**

**(جۆن لە شێوازە تازەکان سڵەمییەوە، جۆن بە شێوازە تازەکان ترسێنرا)**

لەوانەیە مەبەست ئـەوە بێت، جـۆن کەسـێکی ئاگـادارە، شێوازە تازەکان دەیترسێنێت یان شـێوازە هاوچەرخـەکانی ترساندنی خەڵکی بەکارهێنران بۆ ترساندنی جۆن (ئەمـەش دەبێتـە شـرۆڤەیەکی وا، کـە ئەگـەری لـەوانی دی زیـاترە، ئەگـەر وشـەی (being) دوای (was) بـەکاربهێنین. ئـەم ڕسـتەیە (١١٤) لەسـەر ئاسـتی گوێزانـەوەی دوو شـیکردنەوە هەیـە، کـە ئەمانـەن (١١٣ ــ ١) و (١١٣ ــ ٢)، ئەمەش شرۆڤەی ناڕوونییەکەی دەکات.

**(٨ ـ ٣)**: لێرەدا نموونەیەکی بەرەواژ پێشکەش دەکەین: واتە نموونەیەک بۆ ئـەو ڕستانەی بـە شـێوازێکی وێکچـوو لێیان تێدەگەین، هەرچەندە لە ڕووی ڕۆنانی فریز و ئاستی نوێنەرایەتییەوە جیاوازییان هەیە، بڕوانـە ئـەم ڕستانەی لـە (٧ ـ ٢) باسمانکردن.

**(١١٥)**

**1-John ate an apple.**

**(جۆن سێوێکی خوارد) ـ ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە**

**2-did john eat an apple?**

**(ئایا جۆن سێوەکەی خوارد) پرسیار ـ بەڵێ یان نەخێر.**

**3-what did john eat ?**

**(ئایا جۆن چی خوارد) پرسیار ـ پرسیارێکی گشتی.**

**4-who ate an apple?**

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە (١١٥) دوو تەرزی ڕستە لەخۆ دەگرێت: هەواڵگەیاندن (١١٥ ـ ١) و پرسیاری (١١٥، ٢ ـ ٤)، ئەو ڕستانەی پرسیاریان بە شێوەیەکی سروشتی بۆ دوو تەرز دابەش دەکرێن: پرسیاری بەڵێ ــ یان ــ نەخێر (١١٥ ـ ٢) و پرسیاری گشتی (١١٥، ٢ ـ ٤)، کەچی زۆر زەحمەتە بنەمایەکی ڕووکەشیانە بۆ ئەم پۆلێنە بدۆزینەوە، کە هەرەمەکی و تایبەتی بێت، ئەگەر ڕستەکانمان بەگوێرەی ئاوازە ئاساییەکەی پۆلێنکرد، ئەوا (١١٥ ــ ١) و (١١٥ ــ ٣) (١١٥ ــ ٤) ئاوازی ئاسایی (نزم)یان هەیە بۆ ڕستە هەواڵگەیاندنەکان، بە پێچەوانەی

(١١٥ ــ ١)، كـه ئـاوازێكی بـەرزيان هەيـە، بـەڵام ئەگـەر ڕستەكان لەسەر بنەمای ڕێكخستنی وشەكان پۆلێن بكەين، هـەردوو (١١٥ ــ ١) و (١١٥ ــ ٤) دەبينـين ئـەم ڕێكخسـتنە ئاساييەيان هەيە:

فرێـزی نـاوی ــ كـار ــ فرێـزی نـاوی، هــەردووكيان پێچەوانــەی (١١٥ ـــ ٢) و (١١٥ ـــ ٣)ن، كــە ڕێكســتنی بــەرەواژيان هەيــە بــۆ ئــەم ڕێكخســتنە: بكــەر + كــاری ياريدەدەر. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو سيستەمەكانی ڕێزمـانی ئينگليـزی ئـەم ڕسـتانە بـەو شـێوازەی ئاماژەمـان پێدا لـە (١١٥) پۆلێن دەكرێن، هەموو ئاخێوەرانی زمـانی ئينگليـزی ئــەم ڕســتانە بــەگوێرەی ئــەم تــەرزە تێدەگــەن. تيــۆری زمانــەوانی هۆكــارە ڕەواكــانی ئــەم پۆلێنــە ناخەنــەڕوو، پێويستە بە نەگونجاو هەژمار بكرێن.

نوينەرايــەتيكردنی هێڵێكــی تايبــەت لەســـەر ئاســـتی گوێزانـــەوەكان، شـــێوەی هێڵـــی (هێڵـــەكانی) كۆتـــايی گوزارشـــتيان لێـــدەكات، كـــە هێڵەكـــە و زنجيـــرەی گوێزانـەوەكان لـە ڕێگەيـەوە هێڵی (هێڵـەكانی) لـەو هێڵـەوە دادەتاشـرێن، كـە پشـتی پێدەبەسـتن. لـە (٧ ــ ١ ــ ٢)دا گەيشتينە ئەم ئەنجامانـە دەربـارەی ئـەم ڕسـتانە (١١٥) (= (٧٠) هەريەكە لەم ڕستانە لە هێڵی كۆتـايی پێش خۆيانـەوە

بەرهەم هاتوون، کە ئەوەیە (١١٦) جۆن ث ـ دەخوات + نیشـــانەی نەناســـراوی + ســـێو (=، ٦١)، ئەمـــەش لـــە دووتـــوێی سیســـتەمی ڕێزمـــانی ڕۆنـــانی فریـــز داتاشـــراوە. ڕستەی (١١٥ ـ ١) لە (١١٦)ەوە داتاشراوە بە پیادەکردنی گوێزانـــەوەی زۆرەملـــێ، کەواتـــە بـــە گـــوێرەی پێناســـەی ڕســـتەکانی (نـــاوک)ن، بـــەڵام ڕســـتەی (١١٥ ـــ ٢) لـــە (١١٦)ەوە داتاشراوە، ئـەویش بـە پیادەکردنی گوێزانـەوەی زۆرەملـێ و گوێزانـەوەی گ ـ پرسـیار، هـەردوو ڕسـتەی (١١٥ ـــ ٣) و (١١٥ ـــ ٤) دادەتاشـــرێن بـــە پیـــادەکردنی گوێزانـەوەی زۆرەملـێ و ث ـ پرسـیار، و ث هـــ. هـەردوو ڕستەکەش لە دەستنیشانکردنی فریزە ناوییەکەی لەسـەری پیادە دەبن ث ـ هـ جیاوازییان هەیە، با وا گریمانـە بکـەین تـــەرزی ڕســـتەکان بەگشـــتی بـــە گـــوێرەی مێـــژووی گوێزانەوەی ڕستەکە دەستنیشـانیان دەکـەین، واتـە لەسـەر ئاســـتی نوێنەرایـــەتی گوێزانـــەوە نمایـــان بـــین. کەواتـــە دابەشکردنە سەرەکییەکان لـە (١١٥) ڕسـتەی نـاوکی (١١٥ ـ ١)ن لەلایەک و (١١٥، ٢ ـ ٤)یشن لە لایەکی دیکـەوە، کـە هـەموویان گ ـ پرسـیار لـەخۆ دەگرن لـە ڕووی نمایانـەوە گوێزانـەوەن، کەواتـە ڕسـتەکانی (١١٥، ٢ ـ ٤) هـەموویان پرسـیارین، هـەروەها (١١٥، ٣ ـ ٤)یـش پـۆلێکی بەشـەکی

پێکـدەهێنن لــە ڕســتە پرســیارییەکان، مــادام لــە ڕێگــەی پیادەکردنی گوێزانەوەی سەرباری بەشـەکی (گ ـ هــ)ەوە داتاشراون، ئیتر بەم شێوەیە کاتێک سادەترین جۆرەکانی سیســتەمی ڕێزمــانی گوێزانــەوە بــۆ (١١٥) دادەڕێــژین، دەبینین پۆلێنی سروشتی و ئاسایی ڕاست و دروستی ئـەم ڕســـتانە نوێنەرایـــەتی گوێزانـــەوەی بەرهـــەمهاتوو پێشکەشمانی دەکەن.

# (٩)

# ڕستەسازی و واتاسازی

**٩ـ١:** چەند نموونەیەکی ئەو ڕستانەمان بینی، کە بە چەند شێوەیەک واتا دەدەن بەدەستەوە و یەک نوێنەرایەتی لێڵیان هەیە لەسەر ئاستی گوێزانەوە نەک لەسەر ئاستەکانی دیکە، هەروەها چەند نموونەیەکی دیکەشمان لەو ڕستانە ناسی، کە نوێنەرایەتییەکی وێکچوویان هەیە لەسەر ئاستی گوێزانەوە. ئەمەش پاساوێکی سەربەخۆ و پاڵنەرێکە بۆ وەسفکردنی زمان بەگوێرەی بونیادی گوێزانەوە، ئینجا بۆ دامەزراندنی نوێنەرایەتی گوێزانەوە، بەو حیسابەی یەکێکە لە ئاستە زمانەوانییەکان، لە سروشتی کرۆکیدا لە ئاستەکانی دیکە دەچێت، پاشان ئەمە ئەو پێشنیازە پاڵپشت دەکات، کە دەڵێن پرۆسەی (تێگەیشتن لە ڕستەکان) دەکرێ بە شێوەیەکی بەشەکی شرۆڤە بکرێت، بە پشتبەستن بە ئاستی زمانەوانی، واتە بۆ ئەوەی لە ڕستەیەک تێبگەین، پێویستە ڕستەکانی ناوکی ئەم ڕستەیەی لێوە دەرچووە بناسین(بەوردتر دەکرێ بڵێین پێویستە هێڵەکانی کۆتایی بناسین، کە ڕستەکانی ناوک پشتیان پێدەبەستن). هەروەها دەبێ ڕۆنانی فرێزی هەریەک لەم پێکهاتە بەراییانە و مێژووی گوێزانەوەی ڕستەکە و پێشڤەچوونی

ڕستەکانی ناوک بناسین[١]. ئیتر بەم شێوەیە مەسەلەکە دەبێتە گشتی بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی تێگەیشتن بە واتاکانی، مەسەلەی شرۆڤەی چۆنێتی تێگەیشتن لە ڕستەکانی ناوک، کە بە توخمە سەرەکییەکانی ناوەرۆک هەژمار دەکرێت، کە ئەو ڕستە ئالۆزانەی لێی دادەتاشرێن، ببێتە ڕستەی ئاسایی و پەسەند لە ژیانی ڕاستەقینەدا، ئەویش لە ڕێگەی پێشڤەچوونی گوێزانەوە.

چووینە ناو زەوییەکی سەختەوە، کاتێک وتمان بونیادی گوێزانەوە بۆی هەیە هەندێک زانینمان بۆ دەستەبەر بکات، دەربارەی واتا و چەمک. لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا جۆرێک لە شڵەژان دروست بووە و پێویستی بە ڕوونکردنەوە و داڕشتنی ورد هەیە، زیاتر لەوەی چەند مەسەلەیەکی پەیوەست بە بەستنەوەی نێوان ڕستەسازی و واتاسازی چارەسەر بکات. پرسیاری گرنگ لەوەدایە (ئایا چۆن ئامرازەکانی ڕستەسازی بەردەست لە زمانێکی

١ - ئەگەر نوێنەرایەتی و گوێزانەوە وردتر دابڕێژین، دەبینین ناسیینی گوێزانەوەی هەر ڕستەیەک (ڕۆنانی فرێزی هێڵەکانی ناوکیش دەگرێتەوە، کە ڕستەکەی لێ داتاشراوە) پێویستمان پێیان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی ئەو فرێزەی بۆ گوێزانەوە داتاشراوە.

دیاریکراو لە چوارچێوەی بەکاربردنی ڕاستەقینەی ئەو زمانەدا بەکاردەهێنرێن؟)، کەچی توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان ڕستەسازی و واتاسازی جەخت لەم پرسیارە گرنگە ناکەنەوە، بەڵکو مەسەلەیەکی لاوەکی و پرسیارێک بە شێوەیەکی نادروست باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەو بابەتەی زمانەوانانی سەرقاڵکردووە ئەمەیە: ئایا ناسینی واتا پێویستە یان نەء بۆ دۆزینەوەی سیستەمی ڕێزمان یان بژاردەکردن و دەستنیشانکردنی؟ ئەوانەی بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە، لەم هەڵوێستە توندە دەردەکەوێت (ئایا چۆن پیاو دەتوانێت سیستەمی ڕێزمان دابڕێژێت بەبێ پەنابردنە بەر واتا؟).

پێویستە لەم تێبینیانەی وتمان هەڵە تێنەگەین لە بەشی هەشتەم دەربارەی بوونی ڕەهەندی واتایی بۆ توێژینەوە لە ڕستەسازی، بەو حیسابەی ئاماژە بە بەهێزکردنی ئەو بیرۆکە دەکات، کە سیستەمی ڕێزمان لەسەر بونیادی واتا دادەمەزرێت. ئەو تیۆرەی لە بەشەکانی (٣ ـ ٧) کورتمان کردەوە، بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە ڕووکەش بەست نەک (واتا)، هەروەها لە بەشی هەشتەم ئاماژەیەکی کورتمان کرد بۆ هەندێک لەو ڕێگایانەی بۆیان هەیە شیاو بن بۆ توێژینەوە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینە بۆ ئامرازەکانی

ڕستەسازی بەردەست لە هەر زمانێکدا بێت. لەوانەشە بتوانین ئەم مەسەلەیە لەڕێگەی گفتوگۆی نەرێنییەوە زیاتر ڕوونبکەینەوە، لەبەر ئەگەری دۆزینەوەی بنجە واتاییەکانی تیۆری ڕستەسازی.

(**٩ــ٢ــ١**): زمانەوانەکان هەوڵی زۆریان خستەگەڕ لەپێناو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: ئایا چۆن دەتوانین سیستەمێکی ڕێزمانی دابڕێژین بەبێ پەنابردنە بەر واتا؟ ئەم پرسیارە بە شێوازێکی هەڵە داڕێژراوە، چونکە گومانمان لەلا دروست دەکات، کە مرۆڤ دەتوانێت سیستەمی ڕێزمان بە پەنابردنە بەر واتا دابڕێژێت، ئەمەش بۆچوونێکە هیچ پاڵپشتێکی ئەوتۆی نییە، چونکە مرۆڤ بۆی هەیە لەسەر بنەمای لۆجیکی پرسیارەکەی پێشوو: چۆن مرۆڤ دەتوانێت سیستەمی ڕێزمان بەبێ زانینی ڕەنگی قژی قسەکەرەکانی ئەو زمانە نەزانێت؟ ئەو پرسیارەی پێویستە بکرێ ئەمەیە:

ئایا چۆن دەکرێ سیستەمی ڕێزمان بونیاد بنرێت؟ من هیچ هەوڵێکی ورد و درێژ نازانم بۆ پەرەپێدانی تیۆری بونیادی ڕێزمان، کە بە شێوەیەکی لاوەکی پشت بە چەمکەکانی واتا یان هەر پێشنیازێک ببەستێت، کە ڕوون

و ورد بێت، بۆ بەکارهێنانی زانیاری واتایی لە بواری بونیادنانی سیستەمەکانی ڕێزمان یان هەڵسەنگاندنیان. بێگومان زانیاری ئاسایی دەربارەی شێوەی زمانەوانی بۆ زمانەوان زۆر بەسوودە لە بواری شێوە زمانەوانییەکەدا، واتە لە بواری سیستەمی ڕێزمانی، هەروەها ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی تیۆری ڕێزمانی لەجیاتی پشتبەستن بە ئاساییبوون، پشت بە شێوازێکی بابەتیانەی ورد ببەستریت، بەڵام ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە لەسەر ئەوەی ئاساییبوون دەربارەی واتا لە بواری توێژینەوەی ڕاستەقینەدا لە شێوە زمانەوانییەکەدا بەسوودە، من پێموایە ئەو پێشنیازانەی پاڵپشتن بۆ بەکارهێنانی واتا لە بواری شیکردنەوەی ڕێزمانی بەکەڵکهاتنیان بەڕوونی دەرناکەوێت، ئەویش بەهۆی ناڕوونی ئەم پێشنیازانە و مایلبوون بە تێکەڵکردنی نێوان (ئاساییبوون لەبارەی شێوەی زمانەوانی) و (ئاساییبوونی واتا)، هەردووکیشیان تەنها ناڕوونی و بێکەڵکی بەکارهێنانیان لە تیۆری زمانەوانیدا کۆیان دەکاتەوە، کەچی ئەم جۆرە پێشنیازانە ناسراو و بڵاون، لەبەر ئەوە زۆر بەسوودە هەندێکیان بەکورتی گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، هەرچەندە چەسپاندن و سەلماندنی ئەمە لەم حاڵەتەدا دەکەوێتە سەر ئەستۆی

ئـەو زمانەوانـەی پێـی وایـە دەتوانێـت بیرۆکـەی ڕێزمـانی بەگوێرەی چەمکەکانی واتا پەرە پێبدات.

**٩ـ٢ـ٢:** لێرەدا هەندێک بۆچوونی بـاو هـەن، کـە پشـت بـە سیستەمی ڕێزمانی دەبەستن لە بواری واتادا، کە ئەمانەن:

**(١١٧)**

**١ـ دوو گوتە لە ڕووی فۆنیمەوە جیاکار نابن، تەنها لە حاڵەتێکدا ئەگەر واتاکانیان جودا بێت.**

**٢ـ مۆرفیمەکان بچووکترین دانەن، کە واتایان هەیە.**

**٣ـ ڕستە ڕێزمانییەکان ئەو ڕستانەن، کە ناوەرۆکێکی واتاییان هەیە.**

**٤ـ پەیوەندی ڕێزمانی بکەر ـ کار، واتە (فریزی ناوی ـ فریزی کاری لە پرۆسەی شیکردنەوەی ڕستەدا) لەگەڵ (واتای بونیادگەریی) گشتی، هۆکار، ڕووداو یەکدەگرێتەوە.**

**٥ـ پەیوەندی ڕێزمانی کار ـ بەرکار (واتە کار ـ فریزی ناوی ـ لە شیکردنەوەی فریزی کاری، لەگەڵ ئەو واتایە یەکدەگرێتەوە، کە ڕووداوەکە بونیاد دەنێت، کە ئەمەیە: ڕووداوەکە ـ ئامانج یان ڕووداوەکە ـ بەرکارەکە.**

**٦ـ ڕستەی (بکەردیار) و ڕستەی (بکەر نادیار)، کە بەرانبەر یەکن، هەردووکیان لە دوای یەکدا دێن.**

**٩ــــ٢ـــــ٣:** زۆر لــــە زمانـــــەوانان گوزارشـــــت لـــــە بیروبۆچوونەکانیان دەکەن دەربارەی جیاکاری فۆنیمی و دەڵێن جیاکاری فۆنیمی بەگوێرەی واتای هەڵسەنگاندن(یان بە هاوواتا لە چەمکی باو) دەستنیشان بکرێن، هەروەک لە (١١٧ ـ ١)دا هاتووە. بەڵام بەخێرایی بۆمان دەردەکەوێت (١١٧ ــ ١) بە نـەنگی و خەوشـەکانیەوە ناکرێت پەسـەند بکرێت، بەو حیسابەی پێناسەی جیاکاریی فۆنیمییە، ئەگەر ویســـتمان گفتوگـــۆی لـــەبارەوە نەکـــەین، ئـــەوا دەبـــێ بیسـەلمێنین، چونکـە هـەردوو گوتەکـەی باسـمانکردن دوو ئاماژەن و تەرز نین. کەچی هەندێک گوتـە هـەن ئامـاژە و هێمان و لە ڕووی فۆنیمەوە یەک واتایان هەیە(هاوواتا)، و هەنـدێک گوتـە هـەن ئامـاژەن و وێنەیـەکی فۆنیمیـان هەیـە، کـــەچی لـــە ڕووی واتـــاوە جودان(ڕەگـــەزدۆزی). کەواتـــە ئـەوەی لـە (١١٧ ــ ١)دا هـاتووە ڕاسـت نییـە لـە هـەردوو ئاراسـتەکەدا، چونکـە ڕاسـت نییـە ئەگـەر لـە چەپـەوە بـۆ ڕاســـت بخوێندرێتـــەوە وەک (bachelor)(ڕەبـــەن) و unmarried man پیاوی بێ ژن)، هـەروەها نموونـەی

گرنگتـــــر لەمــــە وەک هاوواتـــــای تەڵاقـــــدراو وەک (ekinamiks) و /iykinamiks/ = economics (ئـابووری) و riysin و rgisvin و a dult و adult بـاڵغ و (ڕۆزی ـ ئازوخـە) و چەنـدەها وشـەی دی، / ration = / که لەپاڵ یەکدیدا دەیانبینین لـە یـەک شـێوازی قسـەکردندا، کـە لـە ڕاسـتەوە بـۆ چـەپ نـاخوێنرێن، وەک لـەم وشـانەدا بەرچاومان دەکەوێت، وەک (bank) (کەناراو) و (bank) بانک[1] و metal (کـان ـ مەعدەن) و (medal) (لـە چەند شـێوەزارێکدا (نیشـان ـــ وسـام) )، چەنـدەها نموونـەی دیکەش هەن لەم بارەیەوە. واتە دەتوانین بڵێین ئەگەر دوو گوتـە بـە دوو ئامـاژە دابنێین، کـە سـەر بـە تـەرزێکی یـەک گوتـە بـن، لەسـەر بنـەمای ئـەو چەمکانـەی لـە (١١٧ ـ ١)دا هـاتوون، لـەم کاتـەدا دەکەوینـە هەڵەیەکـەوە لـەکاتی پۆلێنی چەندەها حاڵەتی زۆر.

---

[1] - بڕوانە ئێمە ناتوانین بڵێین (bank) (کەنار) و bank (بانک)، یەک وشەن، بەڵام دوو جار وتراون، چونکە ئەم مەسەلەیە پێویستە لێی بکۆڵینەوە، کە دەڵێین دوو وتە، دوو ئاماژە پێکدەهێنن و بە یەک وشە دادەنرێن، واتای ئەوەیە لەسەر ئاستی فۆنیمی جیاکار نین، ئەمەش مەسەلەیەکە پێوەری وشە وێکچووەکانمان لە (١١٧ - ١)دا بۆ دیاری دەکات.

دەکرێ بۆچوونێکی لاوازتر لەو چەمکانە پێشکەش بکەین، کە لە (١٧ ــ ١)دا هاتوون، با گریمانە بکەین سیستەمێکی دەنگی ڕەهامان هەیە، کە پێشتر لەپێش شیکردنەوەی هەر زمانێکەوە دەستنیشانکراون، بە دووردرێژی بە شێوەیەک چەند نووسینێکی هەمەچەشن بۆ دوو گوتەی جیاکار زامن بکات لە ڕووی فۆنیمەوە لە هەر زمانێک لە زمانەکان، لەوانەشە چەند حاڵەتێکی هێما جۆراوجۆرەکانمان بەرچاو بکەوێت، کە بەشێوەیەکی هاوشێوە و یەکانگیر بنووسرێت لەم نووسینە دەنگییەدا، با گریمانە بکەین دەستنیشانکردنی واتای ناڕوونی گوتەیەک بە هێما وترا بێت، بەو حیسابەی کۆمەڵە واتایەکە بۆ هەموو هێماکان، کە بە پیتی دەنگی دەنووسرێن، بە هەمان شێوە گوتەکە هێمایەکەی پێ دەنووسرێت، ئێستا دەتوانین (١١٧ ــ ١) دابڕێژینەوە بەشێوەیەک (واتای ناڕوون) جێی (واتاکە) بگرێتەوە، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دۆزینەوەی ئامڕازێک بۆ دۆزینەوەی گرفتی هاوشێوەکان، ئەگەر توانیمان زەخیرەیەکی چڕ بەدەستبێنین، بەشێوەیەک هەموو شێوەک لە شێوە جیاکارانەی دەنگ، بۆ هەر وشەیەک لە ڕووی یەک واتاوە کە وشەکە هەڵی بگرێت. لەوانەشە ئەم

دەروازەیــە بــۆ شــتی دوورتــر پــەل بکێشــێت و توانــای مەســەلەی وشــە هاوواتاکــانی بــۆ دەســتەبەر ببێــت، ئیتــر دەتوانین بەم ئامرازە جیاکاری فۆنیمی سنووردار بکات، ئەویش لەڕێگەی گەڕانی چڕ لەدوای واتای وشەکان، کە بە هێما دەنگییەکان لە زەخیرەیەکی فراواندا تۆمارکراون. سەختی دەستنیشانکردنی ژمارەی واتاکان، کە ژمارەیەک لە وشەکان بەشداری تیادا دەکەن، بەشێوەیەکی کردەیی ورد و قەبەبوونی ئەم ئەرکە، سەرکەوتنی ئەم دەروازەیە دەخاتە گومانەوە.

**٩ــ٢ــ٤:** خۆشبەختانە پێویست نییە ئەم پرۆگرامە ئاڵۆزە پەیڕەو بکەین، تاکو جیاکاری فۆنیمی دەستنیشان بکەین، هەموو زمانەوانەکان لە ڕووی کردەییەوە چەند ئامرازێکی سادەتر بەکاردەهێنن، تا گریمانە بکەین یەکێک لە زمانەوانان گرنگی بە زانینی ئەمە دەدات:

ئایا (metal) و (medal) هەردووکیان لەڕووی فۆنیمەوە جیان لە چەند شێوەزارێکی زمانی ئینگلیزی، چونکە لە واتای ئەم دوو وشەیە ناکۆڵێتەوە، مادام زانیارییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئامانجەکەیەوە نییە، ئەو لەم حاڵەتەدا دەزانێت واتای ئەم دوو وشەیە جودایە،

یـان گرنگـی بـەم مەسـەلەیە نـادات، بـەڵام گرنگـی بـەوە دەدات، ئەم دوو وشەیە لە ڕووی فۆنیمەوە جیان یان نـەء. لەوانەیـە تـوێژەری مەیـدانی تاقیکردنـەوەی جووتۆکـەکان بەکاربهێنێت، ئەویش بە پەنابردنە بەر دوو هەواڵدەر یان یـەک هەواڵـدەر و ئـامێرێکی تۆمـاری دەنگـی، بـۆ نموونـە لەوانەیـــە تـــوێژەر زنجیرەیـــەکی هەڕەمـــەکی بـــۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو وتانەی گرنگن لەلای ئامادە دەکات، پاشان بڕیاردەدات ئایا قسەکەرەکە دەتوانێت بەشێوەیەکی سیستەمیانە ئەم دوو وشـەیە: (medal ،metal) لـە یـەک جـودا بکاتـەوە یـان نـەء، ئەگـەر تـوانی بەشـێوەیەکی سیستەمیانە لە یەکتر جودایان بکاتـەوە، ئـەوا تـوێژەر بـۆی هەیـە تاقیکردنەوەیـەکی تونـدتر پیـادە بکـات، ئەوکاتـە لـە قسـەکەرەکە داوا دەکـات هـەردوو وشـەکە چەنـد جارێـک دووبارە بکاتەوە، پاشان پیادەکردنی جووتۆکەکە جارێکی دیکە دووبارە دەکاتەوە بە گوێرەی وتنی گوتەبێژەکە، جا ئەگەر جوداکردنەوەکە پاش دووبارەکردنـەوە سیسـتەمیانە بێت، ئەوا توێژەرەکە بڕیار دەدات هەردوو وشەی metal و medal لـە ڕووی فۆنیمـەوە جیاکـارن. تاقیکردنـەوەی جووتۆکـەکان و تاقیکردنـەوەکانی دی پەیوەسـت پێیانـەوە پێـــوەرێکی کردەیـــی ڕوون و ئاشـــکرامان پـــێ دەدەن

دەربارەی جیاکاری فۆنیم، کە بەهۆیەوە دەتوانین واز لە (واتا) بێنین[٢].

---

[١] - لۆنسبری Lounsbury لەم وتارەیدا Asemantic anlysis of the pawnee kinship usage Language 32,158 - 94(1956): (شیکردنەوەی واتایی بە بەکارهێنانی واژەکانی خزمایەتی لە زمانی باونی، گۆڤاری زمان، ٣٢، ١٥٨ ـ ٩٤ (١٩٥٦)، پەنابردنە بەر (هاوواتا) مەسەلەیەکی گرنگ و پێویستە بۆ جیاکردنەوەی فرەیی ڕەها و بەرانبەریی: (ئەگەر زمانەوانێک ئینگلیزی نەزانێت، دەربارەی وشەی (cat) یەکەم بە دەنگێکی هەڵوەستەی هەناسەیی، پاشان بە دەنگی هەڵوەستەی ناهەناسەیی پێشی قورگ، ئەوا پێدەرە دەنگییەکان هەواڵی نادەنێ، کە ئایا ئەم دوو شێوازە بەرانبەر دەبنەوە (جیاواز دەبن) یاخود نا، بۆیە دەبێ پێویستە پرسیارم لێ بکات، من هەواڵدەرم، ئایا واتای شێوازی یەکەم جیاوازی لەگەڵ واتای شێوازەکەی دووەم هەیە، بۆیە پێی دەڵێم لەوکاتەدا دەتوانێت لە شیکردنەوەی فۆنیمی خۆی بەردەوام بێت، ئەم ئاراستەیە ناکرێ شێوازێکی گشتی بێت، با گریمانە بکەین زمانەوان ئەمانە تۆمار دەکات fiymeyl # faks, /viksin/, /ekinamiks/ , //iykinamiks/ پاشان هەواڵدەرەکە پرسیار دەکات ئایا ئەم جووتۆکە جیاواز و هەمەچەشنن لە واتادا یاخود نا، ئەوا لەم کاتەدا وەڵامەکەی نەخێر دەبێت، لەم کاتەدا بە هەڵەیەکی خاوەن شیکردنەوەکەی فۆنیمی هەژمار دەکات، ئەگەر شێوازەکەی پێشووی پەیڕەوکرد بەشێوەیەکی پیتانە، پاشان لێرەدا ژمارەیەکی

زۆرتری ئاخێوەرانی ئینگلیزی هەن، کە جیاوازی ناکەن لە نێوان (metal, medal)، هەرچەندە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەین، دەڵێن ئەوان دەزانن ئەم دوو وشەیە جیاوازییان هەیە، وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە کەسانە، کە هەواڵدەرن لەسەر پرسیارەکەی (لۆنسبری)، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربارەی واتا زیاتر مەسەلەکە دەشڵەژێنێ. دەشکرێ بیروبۆچوونی لۆنسبری لە ڕاستییەوە نزیکتر بێت، ئەگەر پرسیارەکەی بگۆڕین، ئایا یەک واتایان هەیە بۆ ئەم پرسیارە؟ ئایا هەردووکیان یەک پرسیارن؟ ئەمەش توێژەر لەوە دەپارێزێت، کە بکەوێتە ئەو هەڵانەی لە پرسیارەکانی دەربارەی واتا سەرهەڵدەدەن، کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەوە نییە، بەڵام ئەو پرسیارەی لەم شێوەیەیدا پەسەند نییە، چونکە واتای ئەوەیە داوا لە هەواڵدەرەکە دەکات کارێکی زمانەوانی ئەنجام بدات، ئەم پرسیارە تاقیکردنەوەیەکی کردەیی ئاکارەکە لەخۆ دەگرێت (وەکو تاقیکردنەوەی جووتۆکەکان) دەربارەی هەواڵدان دەربارەی ئاکارەکەی، هەواڵدەرە کردەییەکان دەربارەی ئاکارە زمانەوانییەکان لەوانەیە لە هەواڵدەر چاوەڕوانی وەڵام بکات، کەچی خوازیارە داوای لێدەکات گوزارشت لە بیروبۆچوونی دەربارەی ئاکارەکەی بکات، تاقیکردنەوە کردەییەکانی بیروبۆچوونە زمانەوانییەکان لەوانەیە لە هەواڵدەرەوە چاوەڕوانی وەڵام بن، کەچی لێی داوا دەکەن کە گوزارشت لە ئاکارەکەی بکەن، وەک بۆ نموونە بیروڕای دەربارەی (هاوواتا) و جیاکاری فۆنیمی و هتد، چونکە لەوانەیە پشت بە بۆچوونی هەواڵدەرەکە ببەستێت، لەسەر چەند کارتێکەرێکی زۆر و زەبەن، کە هیچ پەیوەندییەکی بە

زمانەوانان وا ڕاهاتوون بڕواننە ئاراستە ناواتاییەکان لە بواری توێژینەوەی سیستەمی ڕێزمان، بەو حیسابەی چەند ئەلتەرناتیڤێکی ئەوتۆن، ئەگەری بوونیان هەیە دەربارەی ئاراستە واتاییەکان، لەبەر ئەوەی زۆر ئاڵۆزن ڕەخنەیان لێدەگیرێت، بگرە لە ڕوانگەی بنەماوە ئەگەر بکرێت، بەڵام بینیمان لە حاڵەتی جیاکاری فۆنیمی بە لایەنی کەمەوە پێچەوانەکەی تەواوە، لێرەدا شێوازێکی ڕوون هەیە بەشێوەیەکی ڕێژەیی و پراکتیزەیی بۆ دەستنیشانکردنی جیاکاری فۆنیم بەگوێرەی ئامڕازی دی وەک لە نموونەی تاقیکردنەوەی جووتۆکەکاندا هەیە، لەوانەیە وەک سەرەتا بتوانرێت پەرە بە تاقیکردنەوەی واتایی وێکچووی تاقیکردنەوەی جووتۆکەکان و تاقیکردنەوەکانی دی بدرێت، بەڵام وا پێدەچێت ئەم شێوازە ئاڵۆز بێت و پێویستی بە شیکردنەوەیەکی فراوان هەیە دەربارەی زەخیرەیەکی چڕ و فراوان، و زمانەوانان بخاتە قۆرتێکەوە، وەک هەوڵێکی شکستخواردوو بۆ

---

بابەتەکەوە نەبێت، ئەمەش جیاوازییەکی گرنگە، پێویستە بەوردی ڕەچاو بکرێن، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر خوازیاری ئەوەبووین، گرنگی بنەما کردەییەکەی سیستەمی ڕێزمانی بپارێزین.

دەستنیشـانکردنی ئـەو مانایانـەی کـە بۆیـان هەیـە ببنـە زەخیرەی دەنگی.

**٩ـ٢ـ٥**: لێـرەدا سـەختییەکی دیکـەی بنـەڕەتی هەیـە، پێویستە باسی لێوە بکەین لـەکاتی گفتوگۆکردن دەربارەی هەر شێوازێک پشت بە بەکارهێنانی واتا دەکات لـە بواری جیاکاری فۆنیمی، تـا هەنووکە پرسیارمان نـەکردووە، کـە ئایا ئەو واتایانەی بە هێما جیاکارەکان دەبەخشرێت (یـەک وێنـەی فۆنیمیان هەیە) یـەک شتن، یان تـەنها وێکچوون، ئینجـا ئەگـەر وێکچـوو بـن، ئـەوا هـەموو سـەختییەکانی جیاکاری فۆنیمی هاوشێوەی خۆیان دەبیننەوە(بـەگوێرەی پێـوەرێکی گـەورەتر، ئـەویش بـەهۆی ئـەو ناڕوونییـەی لـە بابەتەکـەدا بەدیـدەکرێت) لـە ڕووی دەستنیشـانکردنی وێکچوونی واتاوە. چونکە پێویستە لەسـەرمان دوو واتـای جیاکار دەستنیشـان بکـەین، تـا ڕاددەیـەکی زۆر بـۆی هەیـە لەگەڵیاندا بـە یـەک واتایـان بزانین، بـەڵام ئەگـەر هەوڵماندا بڵێین واتاکـان هەمیشـە یـەکن و واتـای وشـەکە تـوخمێکی چەسـپاوە و گـۆڕانی بەسـەردا نایـەت لـە هـەموو بەکارهێنانێکی وشـەکەدا، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا دەکەوینـە نـاو بازنەیـەکی بەتاڵـەوە و واش پێـدەچێت تاکـە شـێوازی

پاڵپشتی ئەم هەڵوێستە ئەوەیە، کە واتاکان بە یەکێک لە هێماکان هەژمار بکەین، بەو حیسابەی ڕێگایەکە بەهۆیەوە هێماکانی ئەم تەرزەی پێ بەکاردەهێنرێن (یان دەکرێ بەکاربهێنرێت) و جۆری ئەو حاڵەتانەش دەکرێ تیایدا بەکاربهێنرێن و ئەو تەرزەش و هاوشێوەکانیشی بەگشتی دەیوروژێنێت، کەچی زۆر سەختە ئەم ناوەرۆکەی واتا تێبگەین، بەبێ تێگەیشتن لەم ناوەرۆکەی واتاکە بەبێ بیرۆکەیەکی پێشوەخت دەربارەی گوتەی تەرزەکە یان تەرزی گوتەکە؟ کەواتە پێویستە هەر شێوازێک بۆ چارەسەری ئەم جیاکارییە فۆنیمە بەگوێرەی ئەوەی وتمان بۆ چەمکی واتایی لە بازنەیەکی بەتاڵدا خولدەخواتەوە یان پشت بە جیاکارییەکی ئاڵۆزتر دەبەستێت لەو جیاکاریەی بۆ ڕوونکردنەوەی بەکاردەهێنرێت، سەرباری ئەو بەرهەڵستی و ڕەخنانەی پێشتر دەربارەی ئەم شێوازە لە ئارادا هەیە.

**٩-٢-٦:** ئێستا چۆن دەتوانین ئەم پەسەندکارییە گشتییە دەربارەی بۆچوونێک شرۆڤە بکەین، وەک ئەوەی لە (١٧ - ١)دا هاتووە، لەو باوەڕەدام ئەم مەسەلەیە دوو شرۆڤەی هەیە، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو گریمانەیەیە، کە دەڵێ شێوازە واتاییەکانی خێرا دەستدەکەون، هەم سادەشن و

هەم پێویستیمان بە شیکردنەوە نییە. کەچی هەر هەوڵێک بۆ وەسفکردنی وردی ئەم بۆچوونە وەهمەکەمان لەلا ناهێڵێت. شێوازی واتایی وەسفکردنی بیرۆکە ڕێزمانییەکە، پێویستی بە پەرەپێدانی ورد و درێژ هەیە، هەروەک لە شێوازە ناواتاییەکەدا بەدیدەکرێت، ئەوەشمان بینی، کە شێوازی واتایی جیاکاری فۆنیمی چەندەها سەختی و دژواری تیادایە.

سەرچاوەی دووەم لە (١١٧ ـ ١)دا هاتووە، پێم وایە جۆرێکە لە تێکەڵکردنی (واتا) و (وەڵامدانەوەی هەواڵدەرەکە). لێرەدا چەند تێبینییەک ڕەچاو دەکەین، وەک: (دەستنیشانکردنی بەرانبەریی لەنێوان شێوازەکان لە پرۆسەی شیکردنەوەی زمانەوانی بەشێوەیەکی کردەیی بە پشتبەستن بەو جیاوازییانەی لە وەڵامی واتادا هەیە، هەروەها لە (٩ـ٢ـ٣)دا تێبینیمان کرد، ئێمە ئەگەر بەرانبەریی لەڕێگەی (meaning resprnse)ەوە دەستنیشان بکەین، بە وەڵامدانەوەی واتا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوا دەگەینە بڕیارێکی هەڵە لە زۆر حاڵەتدا، ئەگەر هەوڵیش بدەین خۆمان دووربگرین لەو سەختیانەی ڕاستەوخۆ دەردەکەون، کە پەلماندەکێشن بۆ پێکهاتەیەکی ئاڵۆز، کە ناوەڕۆکی ئەوتۆمان پێدەبەخشن، بوونیان

ئەستەمە، بۆیە ناتوانین ئەم پێشنیازە بەجدی وەرگرین، بە هەمان شێوە بینیمان لە (٩ـ٢ـ٥)دا ئەم پێشنیازە سەختی بنەڕەتی دیکەی تیادایە، وەک سەرەتا بەم شێوەیە ئێمە ئەگەر شرۆڤە بەوە بکەین، کە بە شێوەیەکی پیتانە لە (١١٧ ـ ١)دا هاتووە، لەم حاڵەتەدا پێویستە ڕەتبکرێتەوە، چونکە هەڵەیە.

بەڵام ئەگەر (واتا) لەم گوزارشتە لابەرین، ئەوا ئاماژەیەکی پەسەندمان دەستدەکەوێت، وەک ئامڕازی تاقیکردنەوەی جووتۆکەکان، بەڵام هیچ پاساوێک نییە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو وەڵامانەی لە تاقیکردنەوەدا شرۆڤە دەکرێن، بەو حیسابەی لە هەموو حاڵەتێکدا واتایین.[1]

١ - پێویستە مرۆڤ نەشلەژێت، بەهۆی ئەوەی داوا لە هەواڵدەرەکە بکات، لە تاقیکردنەوەی جووتۆکەکان وتەی هێماکان بە پەنابردنە بەر واتا دەستنیشان بکرێت، وەک ئەوەی داوای لێ بکرێت ئەم وتانە دەستنیشان بکات، بە پشتبەستن بەو نمرانەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستنیشانکراون یان بە پشتبەستن بە ئەستێرەناسی....هتد. ئێمە ناتوانین شێوازێک بۆ تاقیکردنەوەی جووتۆکەکان بەکاربهێنین، بەو حیسابەی بەڵگەیەکە بە پشتبەستن بە تیۆری ڕێزمانی لەسەر واتا، هەروەها ناتوانین وەک بەڵگەیەک بەکاریان بهێنین، لەسەر ئەوەی زمانەوانی پشت بە ماتماتیک دەبەستێت.

هـــەروەها هـــیچ پاســـاوێک نییـــە بـــۆ پەرەپێـــدانی تاقیکردنەوەیـــەکی کردەیـــی ســـەروای شـــیعری، وا دەردەکـەوێ، کـە (pill) و (bill) نـزیکن، بەشـێوەیەک لـە (bill) و (ball)دا نایـانبینین، ئـەم تاقیکردنەوەیـە هـیچ ئاماژەیـەکی تیـادا نییـە، چونکـە دەستنیشـانکردنی فـۆنیم لـە بنەڕەتـدا سـەروایەکی تـەواوە و هـیچ هۆکارێـک نییـە ببێتـە پاساو بۆ پاڵپشتی لە بوونی کاردانەوەی واتایی نەبینراو لە حاڵـەتی (bill) و (bill)دا، هـەروەها بـە هـەمان شـێوە کاردانەوەیەکی واتایی لە (bill) و (pill)یشدا نییە.

لێـرەدا شـتێکی سـەیرە ئەوانـەی ڕەخنـەیان لـە بونیـادی تیۆری زمانەوانی هەبوو لەسەر گوتـەکان، وەک ئـەوەی لـە (١١٧ ـ ١)دا هەیە، بەوە تۆمـەتبارکران، کـە واتـا فـەرامۆش دەکـەن، بـەڵام ئەمـە بـە پێچەوانـەوەی ئەوانـەی پێشـنیازی شـتێک دەکـەن، کـە لـەوە دەچـێ لـە (١١٧ ــ ١)دا هـاتووە، ئەوانـە بـە فراوانـی شـرۆڤە بـە واتـا دەدەن، تەنانـەت هـەر وەڵامێک بۆ زمان، بۆ ئەو زمانەی پێی دەڵێن (واتا)، ئەگـەر ئەم بۆچوونـەش وەربگرین، ئـەوا واژەی (واتـا) لـە هـەموو کرۆک و گرنگییەک دادەڕنن، من دەبینم کە هـەر کەسێک بیـەوێت (توێژینـەوەی واتـا) وەک فرێزێک وەرگرێت، بـەو حیسـابەی بەشـێکی گرنگـی توێژینـەوەی زانسـتی وەسـف

دەكات، لەو حاڵەتەدا پێویستە ئەم تێكەڵییەی نێوان (واتا) و (وەڵامدانەوەی زمان) ڕەتبكاتەوە، بەهەمان شێوەش هەموو ئەو شتانە ڕەت بكاتەوە، كە لە (١١٧)دا هاتوون.

**٩ـ٢ـ٧:** بێگومان ناتوانین ئەوە بسەلمێنین، چەمكە واتاییەكان هیچ گرنگییەكیان لە سیستەمی ڕێزماندا نییە، هەروەها ناكرێ بیسەلمێنین، كە هەموو كۆمەڵەیەكی دی لە چەمكەكانی پەیوەست بەم بابەتەوە بێسوودن. كەچی باسكردنی ئەم پێشنیازانە هەمیشە پەلمان دەكێشن بۆ ئەنجامێك، كە ئەمەیە: تەنها بنەمای ڕووكەشی كۆڵەكەیەكی چەسپاو و بەرهەمدارمان بۆ دەستەبەر دەكات، كە بەهۆیەوە سیستەمێكی ڕێزمان دەتوانین دابمەزرێنین. سازدانی توێژینەوەیەكی ورد لە هەموو پێشنیازەكان، كە پشتگیری لە بەكارهێنانی واتا لە سیستەمی ڕێزماندا دەكەن، مەسەلەیەكە لە دەرەوەی ئەم توێژینەوەیەدایە و هیچ سوودێكی ئەوتۆی نییە، بەڵام ئێمە دەتوانین بەكورتی باس لەو نموونانە بكەین، كە ڕوونترن و بیروڕا باوەكان بە درۆ دەخەنەوە، وەك ئەوەی لە (١١٧ ـ ١)دا هاتووە.

هەندێك لە مۆرفیمەكانی وەك (to) لە ( I want to go)(من دەمەوێ بڕۆم)دا و ئەم توخمە بەتاڵە (do)، كە

وەک پاڵپشتێک بەکاردەهێنرێت، هەروەک لە ( did he come?) بەکاردەهێنرێت، بڕوانە (٧ـ١)، سەختە ئەگەر بڵێین لەبارەیەوە واتایەکی سەربەخۆی هەیە، قسەکەشمان ڕاست و دروستە ئەگەر بڵێین چەمکی سەربەخۆی واتا ئەگەر بەشێوەیەکی ڕوون داڕێژرا، لەوانەیە واتایەکی تایبەت بگەڕێنێتەوە بۆ چەند توخمێک، کە مۆرفیم نین، وەک (gl) لە (gleam) و (glimmer) و (glow)، ئەم نموونانە ئەو شتانە هەڵدەوەشێننەوە، کە لە (١١٧ ـ ٢)دا هاتوون، ئەوەش ڕوون دەکەنەوە، کە مۆرفیمەکان پێویستە بەجۆرێک دەستنیشان بکرێن، کە توخمی بچووکی واتادارن. لە بەشی دووەمیشدا باسمان لەو هۆکارانە کرد، کە وامان لێدەکەن (ناوەرۆکی واتایی) وەک پێوەرێکی گشتی بۆ ڕێزمانیبوون ڕەتبکەینەوە، هەروەک لە (١١٧ ـ ٣)دا هاتووە. لە حاڵەتێکدا ڕستەکانی وەک ( John received a letrer) (جۆن نامەیەکی بۆ هات) و (the fight stqpped) (وەستانی شەڕ) ئاماژەیەک ڕووندەکات، بۆ نەبوونی پاساوێک بۆ ئەو شتانەی لە (١١٧ ـ ٤)دا هاتوون، دەربارەی پەیوەندی ڕێزمانی بکەر ـ کارێک، کە (واتای ڕۆنانی هەبێت) کارتێکەر ــ ڕووداو، ئەگەر واتاکە وەرگرین، بەو حیسابەی چەمکێکی

سەربەخۆی سیستەمی ڕێزمانییە، بە هەمان شێوە وەک لە (١١٧ ــ ٥)دا هاتووە، دەکرێ بڵێین واتای بونیادی وەک ڕووداو ــ ئامانج بە پەیوەندی ــ کار ــ بەرکارەوە بەستراونەتەوە، مەسەلەیەکە ئەم ڕستانە بە دووریان دەگرن، وەک:

(I will disrcgard his incompetence).

(من چاوپۆشی دەکەم دەربارەی نەبوونی کارامەییەکەی)، یان ڕستەی: (I missed the train) (بە شەمەندەفەرەکە نەگەیشتم). دەتوانین ئەمە هەڵوەشێنینەوە (١١٧ ـ ٦) دژ بەوەی لە (١١٧ ــ ٦)دا هاتووە، دەربارەی وەسفکردنی بارودۆخێک، کە ئەم ڕستانەی تیادا بە ڕاست و دروست هەژمار دەکرێن (دابەشکردنی چەندی) وەک:

(everyone in the room knows at least two language.)

(هەموو کەسێک لە ژوورەکە بە لای کەمییەوە دوو زمان دەزانێت).

کەچی ئەو ڕستانەی بەرانبەریان دەبنەوە لە ڕستەکانی (بکەر نادیار):

(at least two languages are known by every one in the room).

(دوو زمان هەیە بە لای کەمییەوە هەر یەکێک لەوانەی لە ژووررەکەدان دەیانزانن)[1]. بە گوێرەی شرۆڤەی ئاسایی ئەمە واتای ڕستەکانە: واتە ئەگەر یەکێک لە ژوورەکەدا تەنها زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی بزانێت و کەسەکەی دیکەش تەنها شارەزای زمانی ئیسپانی و ئیتاڵی بێت، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات، کە پەیوەندی واتایی بە لاوازترین شێوەکانی(هاوشێوەی ڕاستەقینە) بەگشتی لەنێوان (بکەر دیار) و (بکەر نادیار) دروست نییە.

**٩ـ٣:** ئەم نموونە دژواتایانە ئەوەمان لەلا نەشارێتەوە، کە چەند خاڵێکی وەکیەک هەیە لە نێوان بونیادەکان و ئەو توخمانەی لە شیکردنەوەی ڕێزمانی ڕووکەشی دەدۆزرێنەوە و لە نێوان ئەرکی واتایی دیاریکراودا. لەنێوان گوتەکانی (١١٧)دا هیچ گوتەیەکی ڕاست و دروست بەدی ناکرێت، هەندێکیشیان زۆر لە ڕاستییەوە

---

١ - ڕستەکانی یەکەم بە شێوەیەکی گشتی ئەم واتایانە دەگەیەنن (هەریەکە دوو زمان دەزانێت، بە لای کەمییەوە، بەڵام ڕستەی (بکەرنادیار) واتاکەی ئەوەیە دوو زمان هەن، هەر یەکێک لە ژوورەکە دەیانزانێت، و جیاوازییەکەشی لە ڕووی واتاوە ڕوونە لە نێوان هەردوو ڕستەدا. (وەرگێڕ).

نزیکن، کەواتە وا پێدەچێت هاوشێوەیی لەنێوانیاندا هەیە، هەرچەندە ئەو هاوشێوەییە تەواو نییە لە نێوان خەسڵەتە ڕووکەشی و واتاییەکان لە زماندا، لەڕاستیدا مەسەلەی گونجان و سازان کەلێنی تیادا دروست دەبێت، بێسوودبوونی واتاکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەگەیەنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی وەک بنەمایەک بۆ وەسفە ڕێزمانییەکە پشتی پێدەبەسترێت.[1] شیکردنەوەیەکی وردی هەموو ئەو شتانەی پشت بە واتا دەبەستن، ئەم مەسەلەیە دەچەسپێنن و ئەوەش ڕوون دەکەنەوە، کە توێژەر بۆی

---

[1] - هۆکارێکی دی وامان لێدەکات گومان بەرین، کە سیستەمی ڕێزمان ناکرێ بە شێوەیەکی کارا لەسەر بنەمایەکی واتایی پەرەی پێ بدرێت، ئەمەش لە حاڵەتە تایبەتەکەی جیاکاری فۆنیمی باسمان لێوەکردووە لە (٩.٢.٥). بەگشتی وا پێدەچێت توێژینەوەی واتا تێر و تەژی بێت لە سەختی و دژواری، تەنانەت دوای ئەوەی توخمە زمانەوانییەکان هەڵگری واتا و پەیوەندییەکانیانن، ئیتر بەم شێوەیە هەر هەوڵێک بۆ توێژینەوەی واتا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جودا لەم دەستنیشانکردنە، مەسەلەیەکە ناتوانین بە دەربڕینێکی دی بیری لێ بکەینەوە، بەڵکو پێویستە لە ئەرکە واتاییەکانی بکۆڵینەوە، بەڵام ناتوانین توخمی واتایی ڕەها بدۆزینەوە، کە ناسینیان پێش سیستەمی ڕێزمان کەوتبێت و بکرێ بەکاریان بێنین، بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی سیستەمی ڕێزمان.

هەیە هەڵە بکات و چەند خاڵی گرنگ فەرامۆش بکات و چەندەها گشتاندنی دەربارەی بونیادی زمانەوانی لەبیر بچێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە نزیکەوە پراکتیزەی چەند بەڵگەیەکی واتایی نارِوون بکات، بۆ نموونە بینیمان پەیوەندی (بکەردیار) و (بکەر نادیار) وەک نموونەیەکە بۆ بەشی گشتی سەرەکی بونیادی زمانەوانی ڕووکەشی، هەروەها وێکچوونی نێوان (بکەر دیار) و (بکەر نادیار) و (نەرێ) و ڕستەکانی هەواڵگەیاندن و پرسیاری و ئەوانی دی لە پەیوەندییە گوێزانەوەکان دەرناکەون، مەگەر توێژینەوەیەکی گشتگیر ساز بدرێت دەربارەی (بکەر دیار) و (بکەر نادیار) بەپێی چەند چەمکێکی تەنها وەک هاوواتا.

بوونی سازان لەنێوان خەسڵەتە ڕووکەشیی و واتاییەکان، ڕاستییەکە ناتوانین نکوڵی لێبکەین، پێویستە لە حاڵەکانی ئەم هاوشێوەییە بکۆڵینەوە لە دووتوێی تیۆرێکی گشتگیرتری زمان، کە تیۆری شێوەی زمانەوانی و تیۆری بەکارهێنانی زمانیش لەخۆ بگرێت، بەو حیسابەی بەشە لقەکانی ئەم تیۆرە پێکدەهێنن. لە بەشی هەشتەمیشدا بینیمان چەند پەیوەندییەک لە شێوەی تەرزی گشتی هەن، لە نێوان ئەم دوو بوارەی شایانی توێژینەوەی قوڵترن.

پاش دەستنیشانکردنی بونیادی ڕێزمانی زمان، دەتوانین لەو شێوازە بکۆڵینەوە، کە بەهۆیەوە ئەم بونیادە ڕێزمانییە بەکاردەهێنرێت، کاتێک زمان ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی ئەنجام دەدات. توێژینەوە لە ئەرکی واتای بونیادی ئاستەکە، وەک لە بەشی هەشتەمدا بە کورتی ئاماژەمان پێدا، لەوانەیە هەنگاوێکی مەعقوڵ بێت بە ئاراستەی دارشتنی تیۆرێک بۆ بەیەکگەیشتنی ڕستەسازی و واتاسازی. ئێمە لە بەشی هەشتەمدا ئاماژەمان بەوە کرد، کە پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان شێوەی زمان و بەکارهێنانیان، بۆیان هەیە هەندێک نزیککەرەوەمان پێ ببەخشن، بۆ بەکەڵکهاتنی تیۆرێک لە تیۆرە زمانەوانییەکان و ئەو سیستەمە ڕێزمانیانەی لێوەی دەردەچن و سەرچاوە دەگرن، ئیتر دەتوانین تیۆرە شێوەییەکان بە گوێرەی تواناکانیان هەڵبسەنگێنین، بۆ شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵە ڕاستەقینەیەک، کە پەیوەندییان بەو شێوازەوە هەیە، ڕستەکانیان پێ بەکاردەهێنرێن و لێیان تێدەگەین. بە واتایەکی تر لە چوارچێوەی ڕستەسازی ئەو زمانە داوا دەکەین سیستەمی ڕێزمان ڕوونی دەکاتەوە، کە توانای پاڵپشتکردنی وەسفی واتایی هەبێت، بێگومان ئێمە تیۆری بونیادی ڕووکەشی دەنرخێنین، کە پەل بکێشێت بۆ

سیستەمەکانی ڕێزمان، کە ئەم مەرجە بە شێوەیەکی تەواو جێبەجێ بکات.

لــەوە دەچــێ ڕۆنــانی فریــز و بونیــادی گوێزانــەوە هــەردووکیان ئـامڕازی ڕستەسـازی بەردەسـت لـە زمانـدا پێشکەش بکەن، لەپێناو ناوەرۆک و گوزارشتی لێدەکەن. سیستەمی ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو پێویستە ڕوونی بکاتەوە، کە چۆن ئەم بونیادە ڕووت و ڕەهایانەی زمان باسیان لێوە دەکەین، جێبەجێ دەبن، لە کاتێکدا پێویستە لەسەر تیۆری زمانەوانی کاربکات، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایانــەی سیســتەمی ڕێزمــان و شــێوازەکانی هەڵســەنگاندنی سیســتەمەکانی ڕێزمــان و هــەڵبژاردنی یەکێکیان.

گرنگە ئەوە بزانین تێخزاندنی چەند مەسەلەیەکی وەک ئەوانەی لە بەشی هەشتەمدا لە بواری تیۆری سەروو باســمانکردن، کــە سیســتەمی ڕێزمــان و واتاســازی و خاڵەکانی بەیەکگەیشتنیان چارەسەر دەکات، مانای ئەوە نییە سروشتی ڕووکەشی تەواوی خودی تیۆری بونیادی ڕێزمانیمــان گۆڕیــوە، لەپێشــدا بــەکورتی لــە (٣ ــ ٧)دا باسمان لە پەرەپێدانی هەندێک چەمکی زمانەوانی بنەڕەتی کرد، بە گوێرەی چوارچێوەی ڕووکەشی تەواو و واماندانا

گرفتـی توێژینـەوەی ڕستەسـازی، دانـانی ئامڕازێکـە بـۆ دروستکردنی کۆمەڵـە ڕستەیەکی ڕێزمانی، کـە پێشـوەخت ناسراون، هـەروەها توێژینـەوەی خەسڵەتی سیسـتەمەکانی ڕێزمـان ئـەم کـارە بەشـێوەیەکی کـارا ئـەنجام دەدەن، ئەوکاتە هیچ چـەمکێکی واتـایی وەکو (هێمـا) و (نـاوەڕۆک) ڕۆڵیان لە گفتوگۆکەماندا نەبوو. بێگومان ئەو تیـۆرەی هێڵـە گشـتییەکانیمان باسـکرد، چەنـد خەسـڵەتە ــ وا باشـترە شرۆڤە بکرێت ـ وەک پێدەچێت ـ ئەویش بە پشتبەستن بـە چەنـد چـەمکێکی ڕێزمـانی وەک بەرهەمـداری و ئـازادی بەستنەوە لەگەڵ ئەوانی دی و بارستایی لـەباتیکردن، نـەک بە پشتبەستن بە هەر توخمێک لە توخمەکانی واتاکە.

(١٠)

# پوخته

لەم گفتوگۆیەی سازماندا، جەختمان لەسەر ئەم خاڵانە کردەوە: خوازیارین تیۆری زمانەوانی شێوازێکمان پێ ببەخشێت، بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمەکانی ڕێزمان. هەروەها پێویستە بەڕوونی تیۆری بونیادی زمانەوانی لەنزیکەوە جیابکەینەوە، سەبارەت بەو شێوازانەی دەبنە پاڵپشتمان، بۆ دۆزینەوەی سیستەمەکانی ڕێزمان، هەرچەندە ئەم نامیلکەیە بێ هیچ گومانێک پشت بە ئەنجامی سیستەمە زمانەوانییەکە دەبەستێت و هەوڵدان بۆ پێشڤەبردنی ئەم نامیلکەیە، لەوانەیە بەشدارییەکی بەرجەستە بکات (وەک لە پێشوودا ڕوویدا) لە دارشتنی تیۆری زمانەوانی، ئەگەر ئەم بۆچوونەمان وەرگرت، هەموو ئەو ڕەخنە و هۆکاری ڕەخنانە لادەچن، کە ئاراستەی پرۆسەی ئاوێتەکردنی ئاستەکان دەکرێن، هەروەها ئەو پاڵنەرانەش لادەچن، کە دەبنە مایەی ئەوەی بڕوامان لەلا دروست بێت، توخمەکانی ئاستی بەرزتری پیتانە لە توخمەکانی ئاستی خوارتر پێکدێن، یان باوەڕبوون بەوەی توێژینەوە لە ڕستەسازی هێشتا زووە، ئەگەر هەموو ئەو گرفتانە چارەسەر نەکەین، کە

پەیوەستن بە دەنگسازی فۆنەتیک) و بە گرفتەکانی مۆرفۆلۆجی (وشەسازی).

وا باشترە زانستی ڕێزمان وا لێی بکۆڵدرێتەوە، کە زانستێکە جیاوازی لەگەڵ واتاسازیدا هەیە، ئیتر ناکرێ بیرۆکەی ڕێزمانیبوون دیارییبکرێت، بەو شتەی واتای هەیە (هەروەها چەندە نزیککردنەوەی تیادابێت، کەچی هیچ پەیوەندییەکی بە چەمکی ئەگەری ئامارییەوە نابێت). کاتێک ئەم توێژینەوە ڕووکەشی و سەربەخۆیە ئەنجام دەدەین، دەبینین نموونەی سادەی زمان، کە لە پرۆسەکەی مارکۆڤدا بەرجەستە دەبێت، کە حاڵەتی سنووردارە و ڕستە لە چەپەوە بۆ ڕاست بەرهەم دێنێت، پەسەندکراو نییە، بە هەمان شێوە پێویستیمان بە ئاستی زمانەوانی ڕەهایی هەیە، وەک ڕۆنانی فریز و بونیادی گوێزانەوە، ئەویش لەپێناو وەسفکردنی زمانە سروشتییەکان.

دەتوانین وەسفی زمانی ئینگلیزی زۆر سادە بکەینەوە و یەکێکی تازە و گرنگمان دەستبکەویت، دەربارەی بونیادە ڕووکەشییەکەی، ئەویش ئەگەر وەسفە ڕاستەوخۆکە سەبارەت بە ڕۆنانی فریزەکە لە ناوکی ڕستە سەرەکییەکە قۆرخ بکەین (ڕستەی سادەی هەواڵگەیاندنی بکەر دیار، کە فریزی کاری لێکدراو یان فریزی ناوی لێکدراوی تێدا

نـەبێت)، پاشـان هـەموو ڕسـتەکانی دی لـەم ڕسـتەیەوە دادەتاشـین، ئـەویش بـە بـەکارهێنانی گوێزانـەوە بـە دووبارەکردنـەوە و بـە پێچەوانەشـەوە، دوای ئـەوەی کۆمەڵە گوێزانەوەیەک دەدۆزینەوە، کە ڕستەی ڕێزمانی بۆ ڕسـتەی ڕێزمـانی دی دەگـۆڕن، ئـەوا ئەوکاتـە دەتـوانین بونیـادی پێکهاتـەی چەنـد ڕستەیەکی دیـاریکراو لەڕێگـەی توێژینـەوە لـە ئاکارەکـانی دەستنیشـان بکـەین، لـەکاتی دانەوانـدنی بـۆ ئـەم گوێزانەوەیـە لەگـەڵ بـەکارهێنانی لەجیاتییەکانی شیکردنەوە بۆ پێکهاتەکان.

لەبـەر ئـەوە سیسـتەمەکانی ڕێزمـان وا دادەنێـین لـە بونیـادی سـێینە پێکهـاتوون، چونکـە سیسـتەمی ڕێزمـان زنجیرەیەک یاسای هەیە، کە بەهۆیانەوە دەتوانین جارێکی دی ڕۆنـانی فرێزەکـەی بونیـاد بنێـین، بـە هـەمان شـێوەش زنجیرەیـەکی ڕێزمـانی مۆرفۆفـۆنیمی (وشەسـازی ـــ دەنگسـازی) هەیـە، کـە هێڵـە مۆرفیمـەکان بـۆ هێڵـی فـۆنیمی دەگۆڕێـت، ئـەم دوو زنجیرەیـە زنجیرەیـەکی دی پێکـەوە دەیانبەستێتەوە، کە لـە ڕێزمـانی گوێزانـەوە پێکهـاتووە، کـە هێڵەکانی ڕۆنانی فرێزەکە دەگۆڕێت بۆ چەند هێڵێکی تازەی ئـەو ڕسـتە ڕێزمانیانـەی پێشـووتر هـەبوون، ئەمـەش گریمانەیـەکی بـەهێزە و بیرۆکەیـەکی سـادەیە، بەڕاشـکاوی

پەنامان بۆ برد یان بە پەلار بە شیکاری بەجێمانهێشت، بەڵام ئەم کەلێنانە و کەلێنەکانی دیکەش هەن، بۆ پەرەپێدانی تیۆری ڕێزمانی ناتوانین چاکیان بکەین، یان کەمیان بکەینەوە، ئەویش لەڕێگەی دامەزراندنی ئەم تیۆرە لەسەر بنەمایەکی واتایی بەشەکیانە.

له (٣ـ٧)دا زمانمان وا خوێند، بەو حیسابەی ئامڕازە و هەوڵماندا بونیادەکەی وەسف بکەین، بەبێ ئاماژەکردن بۆ ئەو شێوازەی ئەم ئامڕازەی پێ بەکاردەهێنرێت. پاڵنەری ئەم مەرجە شێوەییەی سەپاندمانە سەر سیستەمەکانی ڕێزمان سادەیە ـ لێرەدا وا پێدەچێت بنەمایەک لە ئارادا نەبێ، کە تیۆرێکمان دەربارەی بونیادی زمانەوانی پێشکەش بکات، کە یەکلاکەرەوە و کارا و بەرهەمدار بێت، ئەو مەرجەی دەڵێ ئەم تیۆرە پێویستە بەتەواوەتی شێوەیی بێت، بەجۆرێک لەگەڵ ئارەزووی دارشتنی ئەم تیۆرە بگونجێت، بە شێوازێک وای لێدەکات بە شێوەیەکی بەسوود بە تیۆرێکی هاوتەریبی واتایی ببەسترێنەوە. لە بەشی هەشتەم ئاماژەمان بەوەدا، کە ئەم تویژینەوە شێوەییەی بونیادی زمان، بەو حیسابەی ئامڕازێکە تێڕوانینێکی تیژمان پێدەبەخشێت، بۆ بەکارهێنانی

ڕاستەقینەی زمان، واتە بۆ پرۆسەی تێگەیشتن لە ڕستەکان.

**٤ـ٩:** ئەگەر خوازیاری ئەوەبین ڕستەیەک لەو ڕستانە تێبگەین، ئەوا پێویستە چەند مەسەلەیەکی دی بزانین، سەرباری شیکارکردنی لەسەر هەموو ئاستەکان، پێویستە بزانین واتای مۆرفیمەکان یان وشەکان[1] چییە، کە

[1] - گودمان وتی ـ بە بۆچوونم ـ بیرۆکەی واتای وشەکان بە لای کەمییەوە بەشەکییە، پێویستە تەنها ئاماژە بە دەربڕینەکان بکات، کە ئەم وشانەیان تیادایە، بڕوانە:

N. Goodman, On likeness of meaning, Analysis, vol 10. no.1 (1949).

هەروەها لەم وتارەی:

On some differences about meaning Analysis.v.13, no. 4 (1953).

ڕای گودمان ئەوەیە جارێکی دی بەشێک لە تیۆری واتا داڕێژین بە گوێرەی چەمکە ڕوونەکانی تیۆری هێماکان، هەروەها زۆربەی زۆری گفتوگۆکانمان وا پێدەچێت بەو شێوەیە لێی تێبگەین، کە ئاماژە دەکات بە دووبارە داڕشتنەوەی بەشەکانی تیۆری واتا، کە چارەسەری ئەو شتە دەکات، پێی دەوترێت (واتای بونیاد) بەگوێرەی تیۆری بونیادی ڕێزمان، کە پێویستی بە واتا نییە. بەشێک لە سەختی تیۆری واتا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە

ڕستەیان لێ پێکدێت، و ئەو شتانەی ئەم مۆرفیم یان ئەم وشانە لە جیهانی دەرەکیدا ئاماژەیان بۆ دەکەن. مەسەلەیەکی سروشتییە لەم سیستەمانەی ڕێزمانەوە پێشبینی نەکەین، کە لەم بوارەدا سوودیان بۆمان هەبێت، ئەم بۆچوونانە بابەتی واتاسازین. کاتێک واتای وشەیەکی دیاریکراو وەسف دەکەین، زۆرجاران دەبینین گونجاوە یان پێویستە ئاماژە بۆ چوارچێوەی ڕستەسازی بکەین، کە لە دەوروبەری ئەم وشەیەدا هەیە، بۆ نموونە کاتێک واتای (hit) (لێدەدات) وەسف دەکەین، ئەوا بێگومان کاریگەری (بکەر) ڕووداو و بەرکارەکەی وەسف دەکەین، بە گوێرەی هەردوو چەمکی (بکەر) و (بەرکار)، کەوا پێدەچێت باشترین شیکاری بۆیان ئەوەیە، کە بە بەشێک لە چەمکە شێوەییەکانی تیۆری سیستەمی ڕێزمانیان

---

(واتا) زۆرجار بەگشتی بەکاردەهێنرێت، تاکو هەموو بەشەکانی زمان بگرێتەوە، کە زانیارییەکی کەممان دەربارەیان هەیە، ئەگەر ئەم مەسەلەیەش ڕاست و دروست بێت، ئەوا ژمارەیەکی هەمەچەشنمان دەربارەی لایەنەکانی ئەم تیۆرە دەستدەکەوێت، کە بۆی هەیە لە دووتوێی بوارەکانی دیکەی زماندا جێی ببێتەوە، لە کاتی پەرەپێدانی ئەم بوارانە.

دابنێـــین[1]. مەســـەلەیەکی سروشـــتییە ژمارەیـــەکی زۆری وشـە یان مۆرفیممـان بـەرچاو بکـەوێت، کـە سـەر بە یـەک پۆلێنی ڕێزمـانی بن و بەشـێوەیەکی واتـایی وەسـف بکرێن هاوشێوەی ئـەوەی بەشـێوەیەکی بەشـەکیانە باسیانمانکرد، واتە وەسفکردنی کارەکـان بـەگوێرەی چەمکەکانی بکـەر و بـەرکار و....هتـد. ئەمـەش عاجبـاتی نییـە، چونکـە مانـای ئەوەیـە ئامرازەکـانی ڕستەســازی بەردەســت لــە زمانــدا بەشــێوەیەکی سیســتەمیانە بــەکاردەهێنرێن، بــەڵام ئێمــە بینیمان پرۆسـەی گشتاندن لـەم بەکارهێنانـە سیستەمییەوە پەیدا دەبێت و گێڕانـەوەی (واتـای بونیادگـەریی) بـۆ جـۆر یـــان پێکهاتـــە ڕێزمانییـــەکان، بـــەو شـــێوەیەی (واتـــا فەرهەنگییەکان)ی پێ دەدرێنە پاڵ وشـە یـان مۆرفیمـەکان، هەنگاوێکی ئەوتۆیە ڕاست و دروستییەکەی جێی گومانە.

---

[1] - ئـەم جـۆرە وەسـفکردنەی وشـەی (hit) لـە گوێزانـەوەکانی وەک: (Bill was hit by John) (وەرگێڕانـی وشـەیی: (بێـل لەلایـەن جۆنەوە لێدرا) و hitting Bill was wrong (لێی دا لەنێوان هەڵـە) ....هتد، ئەگـەر بتـوانین بـەڕوونی وردەکارییـەکانی وەک پێویسـت و گشتاندنەکان دەربارەی ئەوەی گوێزانەوەکان بـەگوێرەی ڕسـتەکانی نـاوک بخەینـەڕوو، کـە نابنـە بنـەما بۆیـان، تێگەیشـتنیان دەسـتەبەر دەبێت.

لێرەدا بەکارهێنانێکی دی باو هەیە، بەڵام جێی گومانە دەربارەی بیرۆکەی (واتای بونیادگەریی)، کە پەیوەندی بەو واتایانەوە هەیە ناوزەد دەکرێت بە (مۆرفیمە خاوەن ئەرکە ڕێزمانییەکان)، وەک (ing) و (ly) و پیتەکان و...هتد. ئەگەر بڵێین واتاکانی ئەم مۆرفیمانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازییان هەیە لەگەڵ واتای ناو و کار و ئاوەڵناوەکان و لەوانەشە جیاوازی لەگەڵ جۆرە گەورەکانی دیکەشدا هەبێت، زۆرجاران پاڵپشت دەکرێت بە پەنابردنە بەر ئەو ڕاستەقینەیەی ئەم مۆرفیمانە دابەش دەکرێنە سەر زنجیرەیەک کەرتی بەتاڵ، یان بێمانا، ئەنجام ڕواڵەتی ڕستە وەردەگرێت، بگرە لە توانایدایە کاتیگۆری ڕێزمانی ئەم توخمە بێواتایانە دەستنیشان بکرێن، بۆ نموونە ئەم زنجیرەیە وەردەگرین: (pirots karulize eta lically)، ئێمە دەزانین ئەم سێ وشەیە لەم زنجیرەیەدا (ناو) و (کار) و (ئاوەڵکار)ن، بەهۆی (s) و (ize) و (ly) لەدوای یەک، کەچی ئەم خەسڵەتە بەشێوەیەکی برگەییانەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لەوانی دیکە جیاناکاتەوە، مادام لە زنجیرەکانی وەک: (the pirots karul...........yesterday) یان (give him...... water) (بە هەمان شێوە بۆشاییەکان

دەستنیشـــان دەکـــرێن، بـــەو حیســـابەی گـــۆڕانی کـــاتی ڕابـــردوون لـــە حاڵـــەتی یەکەمـــدا و (the) (ەکـــە) یـــان (some) (هەندێک)...هتد، نـەک (a) ئامرازی نەناسـراوی لـــە حاڵـــەتی دووەمـــدا. دەتـــوانین ئـــەم ناچارییـــەمان بـــۆ بـەکارهێنانی بـەتاڵی ـ بۆشـایی لـەجیاتی وشـە بێواتاکـان و ئـەوانی دی لـە هـەردوو نموونەکـەدا شـرۆڤە بکـەین، بـە پەنابردنـــە بـــەر ئـــەو ڕاســـتییەی(ناو) و (کـــار) و (ئاوەڵناوەکان)....هتـد لـە کاتیگۆرییـەکانن وەکـو ئـامرازی (ناسـراوی) و (نـەرێ) و (پاشـگر)، کـە بـە کـار و ئـەوانی دییـەوە دەلکـێن. بەگشـتی کاتێـک زنجیرەیـەک لـە مـۆرفیم دابەش دەکەینە سـەر زنجیرەیـەک بۆشـایی، ئـەوا دەتـوانین دەستنیشانی ئەو توخمانە بکـەین، کـە لـە شـوێنە بەتاڵـەکان دادەنێـین، بـۆ پێکهێنـانی ڕسـتەیەکی ڕێزمـانی، هەرچەنـدە جیـــاوازی نێـــوان مۆرفیمـــەکان دەکـــرێ ڕێزمانـــە مۆرفۆفۆنیمـەکانی لەسـەر پیـادە بکـەین، کـەچی ڕێزمـانی ڕۆنـانی فرێـز و ڕێزمـانی مۆرفیمـەکان لەپێشـینەن، بـەڵام ڕێزمانی گوێزانەوە بەم جۆرە نین، ئیتر گوێزانـەوە لەسـەر هێڵێکـی دیـاریکراو پراکتیـزە دەبێـت، ئەمـەش وامـان لـێ دەخوازێت هەندێک شـارەزاییمان دەربارەی مێژووی ئـەم هێڵە هەبێت، بەڵام بۆ پراکتیزەکردنی ڕێزمانی ناگوێزانـەوە،

تەنها زانینی شێوەی ئەو هێڵەی یاساکەی لەسەر پیادە دەبێت پێویستە.

وەک ئەنجامێکی دینامیکی بۆ بونیادنانی سیستەمی ڕێزمانی زۆر سادەی زمانی ئینگلیزی بە گوێرەی ئاستە ڕوون و ڕەهاکان، کە لە تیۆری زمانەوانیدا پەرەیان پێدرا، دەبینین ئەو ئاکارەی بە ڕواڵەت لەوە دەچێت نامۆ بێت دەربارەی هەندێک وشەی وەک (have) و (be) و (seem)، لە ڕاستیدا نموونەیەکە بۆ سیستەمیبوون (پێوەر) لەسەر ئاستێکی باڵاتر، هەروەها دەبینین زۆر لەو ڕستانەی دوو شێوەی بەرجەستەیان هەیە لەسەر ئاستێک، هەروەها زۆر لە ڕستە جووتۆکەکان یەک بەرجەستەیان هەیە، یان لە بەرجەستەکردندا بەڕاددەیەکی زۆر لەیەکتر دەچن لەسەر ئاستێک لە ئاستەکان. هەروەها هەردوو بەرجەستەی (ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی) لە زۆر حاڵەتدا ئاماژە بە ناڕوونی لە ڕستە بەرجەستەکەدا دەکات، هەروەها یەک بەرجەستە یان وێکچووەکەی لە حاڵەتی ئەو وتانەی بەشێوەیەکی ئاسایی بە وێکچوویان دادەنێین دەردەکەون.

بە شێوازێکی گشتی دەتوانین بڵێین، کە وا پێدەچێت بیرۆکەی تێگەیشتن لە ڕستەیەک، پێویستە بەگوێرەی

چەمکە ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی بەشەکی شیبکرێتەوە، ئەگەر خوازیاری ئەوەبووین ڕستەیەک تێبگەین، ئەوا زۆر پێوستە جارێکی دی لەسەر هەموو ئاستەکان بەرجەستەی بکەین (هەرچەندە ئەمە بەس نییە)، لەوانە بۆ نموونە ئاستی گوێزانەوەیی، لێرەدا ڕستەی ناوک ڕستەیەکی دیاریکراو لێوەی بونیاد دەنرێت، بە گوزارشتێکی دی دەڵێین یەکێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی شێوەی بونیادی ڕێزمانی دۆزینەوەی چوارچێوەی ڕستەسازییەکەیە، کە بۆی هەبێت شیکردنەوەی واتایی پاڵپشت بکات و بۆی هەبێت بۆ وەسفی واتاکە، سوود لە چوارچێوە ڕستەسازییەکە وەربگرێت، هەرچەندە خاڵەکانی واتاسازی ڕێکخراو وا پێناچێت بەسوود بێت لە بواری دەستنیشانکردنی ئەم چوارچێوەیە، کەچی بیرۆکەی (واتای بونیاد) جیاوازی لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکە هەیە، مەسەلەیەکی گوماناوییە، هەروەها گومان لەوەدا هەیە، ئامڕازە ڕێزمانییەکانی بەردەست لە زماندا، بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەک دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هەریەکەیان واتایەکیان پێوە بلکێنین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین زۆر لە ئامڕازە ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەکاردەهێنرێن، ئەم

جۆره وابەستەگیانە بۆیان هەیە ببنە بەشێک لە ماددەیەکی تیۆری زمانەوانی گشتگیرتر، کە گرنگی بە ڕستەسازی و واتاسازی و خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی نێوانیان بدات.

(١١)

# پاشكۆی یەكەم

# هێما و زاراوەكان

لــەم پاشـكۆیەدا شـرۆڤەیەكی كـورت دەربـارەی هێمـا و زاراوە تــازە و نامۆكــان پێشــكەش دەكــەین، كــە پێشــتر بەكارمان هێنان.

ئاســـــتی زمانـــــەوانی بەرجەســـــتەكردنی گوتـــــەكان فەرهەنگێكی بچووكی هێماكانی هەیە (لەسەر ئاستی فۆنیم پێــی دەوترێــت ئــەلفوبێی زمــان)، كــە دەكــرێ بخرێتــە زنجیرەیـەكی هێڵ، بۆ ئـەوەی كۆمەڵـە هێڵێك لـە هێماكـان پێكبهێنێت، ئەویش بـە گوێرەی پرۆسـەیەك، پێی دەوترێت (تــۆڕی زاراوەی بیــانی) و بــە هێمــای (+) ئامــاژەی پــێ دەكرێت. ئیتر بەم شێوەیە لەسەر ئاستی مۆرفیم لە زمانی ئینگلیـزی ئـەم توخمـە فەرهەنگیانـەمان بـەرچاو دەكـەوێت: the (ەكە)، boy (كوڕ)، s (نیشانەی كۆ)، past (هێمـای ڕابـردوو) (come) (هــات)[1]، جگـە لــە چەنـدەها تـوخمی دی، دەتوانین ئەم هێڵەی لێ دروست بكەین:

(the + boy + s + come + Past)(كـوڕ + ەكـە + نیشـانەی كـۆ + هـات + ڕابـردوو)، ئـەم هێڵـە لەڕێگـەی

١ - مەبەسـت لـەم شـێوازە، ڕەگـە، كاتێـك لەگـەڵ ڕابـردووی كەسـی سـێیەمی تـاك (نائامـادە) یەكدەگرێت، ئینجـا دەبێتـە (هـات... هتـد). (وەرگێڕ).

یاسـا مۆرفۆفۆنیمەکانـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ ئـەم هێڵـە: (Jibsyz∅ keym) دەکەون[١]، کە گوزارشت لـەم گوتەیـە دەکـات (the boys come) (کوڕەکـان هـاتن)، هـەروەها لەسـەر ئاسـتی غـەیری ئاسـتی فـۆنیم پیتـە لارەکانمـان بـەکارهێنا یـان هەڵوەسـتەی هـەڵگۆزینمان بـەکارهێنا، بـۆ ئاماژەکردن بە هێماکـانی فەرهەنگەکـە و ئـەو هێڵانـەی ئـەم هێمایانـە پێکدەهێنن، و لەسـەر ئاسـتی فـۆنیمیش پەیوەنـدی تۆڕکە (+)مان لابرد، و هێڵە لارە ئاساییەکەمان بەکارهێنا، هـەروەک لـەم نموونەیـەی پێش کـەمێک پێشکەشـمان کـرد، هەروەها x (س)، y (ص)، z (ز)، w (و) بـەکارهێنا، وەک کارتێکەری هێڵـەکان، هەندێکجاریش هێڵی بەستنەوەی (-) لــەجیاتی هێمــای (+) بــەکاردەهێنین، تــاکو ئامــاژە بــە (تۆڕەکە) بکەین، مەبەستیش لەمە جەختکردنەوەیە لەسـەر دابەشــکردنە لقــەکانی ئــەم گوتەیــەی مەبەســتمانە لــە چرکەســاتێکی دیــاریکراودا لــەو هێڵــەی گوێزانەوەیــەکی دیــاریکراو دەیســەپێنێت. کاتێــک دەڵێــین گۆێزانــەوەی

---

١ - ئەم هێڵە بە پیتی دەنگی نووسراوە، ڕێزمـانی مۆرفۆفۆنیم؛ هێڵی ڕستەسـازی ڕەهـا نـاکرێ گـۆ بکرێـت دەیگۆڕێـت بـۆ هێڵێکـی وشەسازی ـ دەنگی، کە وێنەیەکی دەنگی هەیە.

شێوازی پرسیارکردن (گ ـ پرسیار) لەسەر هێڵێک ئەم شێوەیەی هەیە:

**(١١٨)**

**Np - have - en - v ( بڕوانە: ٣٧ ـ ٣)**

**(فرێزی ناوی ـ have ـ en + کار)**

لێرەدا بەشی دووەم شوێنی بەشی یەکەم دەگرێتەوە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، گوێزانەوە بۆ نموونە لەسەر ئەمانە جێبەجێ دەبێت:

**(١١٩)**

**they – have – en + arrive**

مادام لەم هێڵەدا (they) بریتییە لە (Np) (فرێزی ناوی) و (arrive) بریتییە (v)(کار) ، لەم حاڵەتەدا گوێزانەوەکە بەم شێوەیەی لێدێت:

**(١٢٠)**

**have + they – en + arrive**

له ئەنجامیشدا ئەمەمان دەستدەکەوێت:

(have they arrived?) (ئایا گەیشتوون؟)

یاسـایەکی وەک y → x (س ــ ص) بەشـێوەیەکی ئـەوتۆ شـرۆڤە دەکرێـت، کـە ئاراسـتەکردنی فەرمانێکـە بـە دووبـارە نووسـینەوەی x(س)، بـەو حیسـابەی y (ص)ە، لێرەدا X(س) و y (ص) هەردووک هـێڵن، ئـەم کەوانانـەش ( ) بـەکاردەهێنین بۆ ئاماژەکردن بۆ ئـەوەی توخمێک لـە توخمــەکان بۆیــان هەیــە بوونیــان هــەبێت، یــان نــەء (ئارەزوومەندانــــە)، هــــەروەها ئــــەم دوو کەوانــــە { } بــەکاردەهێنین بــۆ ئامــاژەکردن بــە بــژاردەی نێــوان توخمەکان، هەردوو یاسای (١٢١ ـ ١) و (١٢١ ـ ٢).

**(١٢١)**

**١ـ a → b (c)　　　　أ ← ب (ث)**

**٢ـ a → {b + c}　　　　أ ← {ب + ث}**

هەردووکیان کورتەی ئەم لەجیاتیانەن:

(a ← b + c)(أ ← ب + ث)، a ← b (أ ← ب)

(١٢)

# پاشكۆی دووەم

# چەند نموونەیەک
# لە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز و ڕێزمانی گوێزانەوە
# لە زمانی ئینگلیزیدا

لـەم پاشـکۆیەدا چەنـد نموونەیـەک لـە زمـانی ئینگلیـزی پێشکەشـدەکەین، کـە لـە گفتوگۆکەمانـدا جـەختمان لەسـەر کردەوە، ئەویش لەبەر ئاسانی پێداچوونەوەی. نمرەکان لـە ڕاستەوە بۆ چەپ ئاماژە بە زنجیرەی ئەم یاسایانە دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئـەم کۆمەڵەیـە کورت و پوختـەی هێڵـە گشـتییەکانی سیسـتەمی ڕێزمـانی لـە جـۆری (٣٥) پێکدەهێنن، و ئەو نموونەیەی لەنێوان دوو کەوانەکەدایە بـە لای چـەپی هەریـەک لـە یاسـایەکان، نمـرەی یاسـای نـاو دەقەکـە پێکـدەهێنێت. هەنـدێک لـەم یاسـایانەمان گـۆڕی بـە پێچەوانـەی ئـەوەی لـە دەقەکـەدا هـاتووە، ئـەویش لـەژێر ڕوونـاکی ئـەو ئەنجامانانـەی پێیـان گەیشـتین یـان لـەپێناو ئـــەوەی پرۆســـەی پێشکەشـــکردنەکەی سیســـتەمیانەتر و ڕێکترە.

**ڕۆنانی فرێز**

خ(هـ): # ڕستە #

یاسا: ١ـ ڕستە ← فرێزی ناوی + فرێزی کاری (١٣ـ١)

٢ـ فرێزی کاری ← کار + فرێزی ناوی (١٣ـ٣)

٣ـ فرێزی ناوی ← (فرێزی ناوی ـ تاک)

فرێزی ناوی ــ کۆ ∅

٤ـ فرێزی ناوی ← تاک ← ئامڕاز + ناو + ∅

٥ـ فرێزی ناوی ← کۆ ← ئامڕاز + ناو + s

٦ـ ئامڕاز ← the (ەکە) (٤ـ١٣)

٧ـ ناو ← man (پیاو)، ball (تۆپ)، تا کۆتایی (٥ـ١٣)

٨ـ کار ← کاری یاریدەدەر + ک (٢٨ ـ ١)

٩ـــــ ک ← hit (لێـــدان) take (وەریگـــــرت)، walk (ڕۆیشت)، read (خوێندییەوە). (٢٨ ــ ٢)

١٠ـ کاری یاریدەدەر ← (be + ing) (have + en) c (m) (٣ـ٢٨)

١١ــ (m) (م) ← shakk, may, can will, musk (٢٨ ـ ٤)

**ڕۆنانی گوێزانەوە**

گوێزانەوە لەڕێگەی شیکردنەوەی بونیادی ئەو هێڵانەوە دەناسرێت، کە گوێزانەوەی لەسەر پیادە دەبێت، و ئەو گۆڕانە بونیادەی گوێزانەوە لەم هێڵانەدا جێبەجێدەکات.

١٢ـ بکەر نادیار = ئارەزوومەندانە

شیکردنەوەی بونیاد: فریٚزی ناوی ـ کاری یاریدەدەر ـــ ک ــ فریٚزی ناوی

گۆڕانی بونیاد: س١ ــ س٢ ــ س٣ ــ س٤ ← س٤ ــ س٢ + be + en ــ س٣ ــ by + س١ (٣٤)

١٣ـ گ زۆرەملێ / جودا ــ ئارەزوومەندانە

شیکردنەوەی بونیاد{س ــک١ــ پیت ـــ جێناو} (٨٦)

شیکردنەوەی بونیاد(س ـ ک٢ ـ تەواوکار ـ فریٚزی ناوی)(٩٢)

گوێزانەوەی بونیاد: س١ ــ س٢ ـ س٣ـ س٤ ← س١ ـ س٢ ـ س٤ ـ س٣

١٤ـ گ ئارەزوومەندانە / جودا ـ ئارەزوومەندانە

شیکردنەوەی بونیاد:س ـ ک١ ـ پیت ـ فریٚزی ناوی (٨٥)

گوێزانەوەی بونیاد: وەک لە (١٣)دا هەیە

١٥ـ گوێزانەوەی ژمارە ـ زۆرەملێ

شیکردنەوەی بونیاد: س ـ ث ـ ص

گوێزانەوەی بونیاد: ث ← s لە بواری فریٚزی ناوی ـ تاک (٢٩ ـ ١)

∅ لە بوارەکانی دیکەدا

ڕابردوو لە هەموو بوارێکدا

١٦ـ گ ـ ڕەتکردنەوەیەکی ئارەزوومەندانە

شیکردنەوەی بونیاد (فرێزی ناوی ـ ث ـ ک...)

فرێزی ناوی ـ ث ـ م ـ ...

فرێزی ناوی ـ ث + have ـ ...

فرێزی ناوی ـ ث + be ـ ...

گـۆڕانی بونیـاد: س١ ــ س٢ ــ س٣ ← س١ ــ س٢ + n't ـ س٣

١٧ـ گ ـ ش ئارەزوومەندانە

شـــیکردنەوەی بونیـــاد: هـــەروەک لـــە (١٦) هەیـــە بڕوانە: (٤٥) ـ (٤٧)

گۆڕانی بونیاد: س١ ـ س٢ ـ س٣ ← س١ ـ س٢ + ش ـ س٣

١٨ـ گ ـ پرسیار: ئارەزوومەندانە

شـــیکردنەوەی بونیـــاد: هـــەروەک لـــە (١٦)دا هەیـــە بڕوانە: (٤١) ـ (٤٣)

گـۆڕانی بونیـاد: س١ ــ س٢ ــ س٣ ← س٢ ــ س١ ــ س٣

١٩ـ گ ـ هـ ـ ئارەزوومەندانە پشت بە گ ـ پرسیار دەبەستێت

گ ـ هـ١: شیکردنەوەی بونیادی: س ـ فرێزی ناوی ـ ص (س یان ص بۆی هەیە بۆشاییەک بێت).

گۆڕانی بونیاد: هەروەک لە (١٨)دا هەیە. (٦٠ ـ ١)

گ ـ هـ٢: شیکردنەوەی بونیاد: فرێزی ناوی ـ س (٦٠ ـ ٢)

گۆڕانی بونیاد: س١ ـ س٢ ← wh + س١ ـ س٢

لێرەدا wh + ناوی گیاندار ← who ، wh + ناوی بێگیان ← what

٢٠ـ گوێزانەوەی کاری یاریدەدەر ـ زۆرەملێ

شیکردنەوەی بونیاد: س ـ af ـ ک ـ ص (لێرەدا af (ث) یان (en) یان (ing)یە: ک = م یان ک (have) یان (be) (٢٩ ـ ١١)

گۆڕانی بونیاد: س١ ـ س٢ ـ س٣ ـ س٤ ← س١ ـ س٣ ـ س٢ # ـ س٤

٢١ـ گوێزانەوەی سنووری وشە: زۆرەملێ

شیکردنەوەی بونیاد: س ـ ص (لێرەدا س # ک یان ص # پاشگر) (٢٩ ـ ٣)

گۆڕانی بونیاد: س١ ـ س٢ ← س١ ـ # س٢

٢٢. گوێزانەوەی do ـ زۆرەملێ
گوێزانەوەی بونیاد # ـ پاشگر (٤٠)
گۆڕانی بونیاد: س١ ـ س٢ ← س١ ـ do + س٢

**گوێزانەوە گشتییەکان**

٢٣. بەستنەوە
شیکردنەوەی بونیاد: ڕستەی یەکەم (ڕ١): ز ـ س ـ و
ڕستەکەی دووەم (ڕ٢): ز ـ س ـ و
لێرەدا (س) توخمی خوارترینە (واتە فرێزی ناوی، فرێزی کاری،....هتد.
(ز، و) هەردووکیان لە بەشی هێڵەکانی کۆتایین
گۆڕانی بونیاد: (س١ ـ س٢ ـ س٣ ؛ س٤ ـ س٥ ـ س٦)
← س١ ـ س٢ + and + س٥ ـ س٣

٢٤ـ گ ـ سۆ (so)
شیکردنەوەی بونیاد:
ڕستەی یەکەم (ڕ١): وەک لە (١٦)دا هەیە
ڕستەی دووەم (ڕ٢): وەک لە (١٦)دا هەیە

گۆڕانی بونیاد: (س١ ـ س٢ ـ س٣؛ س٤ ـ س٥ ـ س٦) س١ ـ س٢ ـ س٣ ـ and ـ so س٥ ـ س٤

له کاتێکدا گ ـ سۆ له گوێزانەوەی بەستنەوە پێکهاتووە

٢٥ـ گوێزانەوەی ناوی : گ ـ to

شیکردنەوەی بونیاد:

ڕستەی (ڕ١): فرێزی ناوی ـ فرێزی کاری

ڕستەی دووەم (ڕ٢): س ـ فرێزی ناوی ـ ص

(لەوانەیە س یان ص بۆشایی بێت)

گۆڕانی بونیاد: (س١ ـ س٢؛ س٣ ـ س٤ ـ س٥) ← س٣ ـ to + س٢ ـ س٥

٢٦ـ گوێزانەوەی ناوی گ ـ ing

هەروەک له (٢٤)دا هەیە، لەگەڵ (ing) له شوێنی (to)دادەنرێت له گۆڕانی بونیاددا

٢٧ـ گوێزانەوەی ناوی گ ـ ئاوەڵناو

شیکردنەوەی بونیاد:

ڕستەی یەکەم (ڕ١): ئامراز ـ ناو ـ is ـ ئاوەڵناو

ڕستەی دووەم (ڕ٢): وەک له (٢٤)دا هەیە

گۆڕانی بونیاد: (س١ ـ س٢ ـ س٣ ـ س٤؛ س٥ ـ س٦ ـ س٧) س٥ ـ س١ + س٤ + س٢ ـ س٧

**ڕۆنانی مۆرفۆفۆنیمی (وشەسازی ـ دەنگسازی)**

یاسای (rules) (١٩) و (٤٥): لێرەدا بەم شێوەیە سێ کۆمەڵە یاسامان هەیە، هەروەک لە (٣٥)دا هەیە، کە ڕێزمانی ڕۆنانی فرێز و ڕێزمانی گوێزانەوە (لەگەڵ گوێزانەوە سادە و گشتییەکاندا)، و ڕێزمانی مۆرفۆفۆنیمییەکان (وشەسازی ـ دەنگسازی). ڕێکخستنی ڕێزمان مەسەلەیەکی جەوهەرییە، لە سیستەمی ڕێزماندا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست داڕێژراوە، پێویستە ئەم ڕێکخستنە لەناو سێ کۆمەڵەکەدا باس بکرێت، هەروەها پێویستە جیاوازی لەنێوان ڕێزمانی ئارەزوومەندانە و ڕێزمانی زۆرەملێ بکەین، لە فەرهەنگدا لە لاپەڕە (٤٥٨) پاشکۆی depudus، هەروەها ناوی پاشکۆی مەرجداری نێوان یاساکان لە بەشە گوێزانەوەکەیدا باس بکرێت، بە لای کەمییەوە پراکتیزەکردنی هەموو ئەم ڕێزمانانە داتاشینێکی فراوانی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک لە (١٣) ـ (٣٠) ـ (٣١)دا هاتووە، کە بە هێڵێک لە فۆنیمەکانی زمان کۆتایی دێت، کە شیکردنەوەیان بۆ دەکەین، واتە بە

گوتەیەکی ڕێزمانی. ئەم دارشتنە مەبەستمان لێی دارشتنی یاسا گوێزانەوەکان نییە، ئینجا ئەزموونی بێت یان شایانی گفتوگۆ بێت، چونکە تا هەنووکە شێوازێکی یەکگرتوومان بۆ هەموو ئەم ڕێزمانە دانەڕشتووە.

## ئەو هێمایانەی لە دەقە ئینگلیزییەکە

## و لە بەرانبەریدا لە وەرگێڕانەکە بەکارهاتوون [1]

أ = a

ش = A

ش = A

ب = b

ح = پیتی بچووک c

ث = پیتی گەورە C

د : d

ق : F

ک = G

ک ک : G

گ ـ نەرێ: T ـ not

---

[1] - هێماکان بۆ ئاسانی پرۆسەی ئاماژەکردن بەکاردەهێنرێن، ئەویش هەندێکجار هەرەمەکین وەک لە x (س) و y (ص)دا هاتوون، لە هەندێک حاڵەتی دی وەک هاندەر بەکاردەبرێت، و ئاماژە بەم وشەیە دەکات (sentence) s = ڕ (ڕستە)، ئەم مەسەلەیەش لە وەرگێڕانەکەدا ڕەچاوکراوە. وەرگێڕ.

گ ـ سۆ : t ـ so

گ ـ پرسیار : t – q

گ ـ ئاوەڵناو : T – adj

گ ـ زۆرەملێ : T – ob

گ ـ ئارەزوومەندانە : T  - sep

ف : پیتی گەورە V

ف : V

ف: پیتی بچووک v

ع = i

غ = j

ض = k

ڵ = L

م: (پیتی گەورە M)

م = (پیتی بچووک) m

ن = n

پرسیار: q

ڕ = s

گ : T

هـ : پیتی بچووک w

و : پیتی گەورە W

س = x
ص = y
ز = z
خ = £

# فەرهەنگی زاراوەکان

**ئارەزوومەندانـــــــــه(optional):** گوێزانـــــــــەوەی ئارەزوومەندانــە (opelltinal trans formation)، بریتییــە لــەو شــتەیەی دەکــرێ پیــادە بکرێــت، بەمــەرجێک شیکردنەوەیەکی ڕاست و دروستی بۆ دەستەبەر ببێت.

**قەرەبوو: Substitution**

**شێواز: procedure**

**شێوازی دۆزینەوە: discovery Procedure**

**شێوازی بڕیار: decision procedure**

**شێوازی هەڵسەنگاندن: evaluation procedure**

**هێما(reference):** پەیوەندی نێوان هێمـا زمانییەکـە و ئەو شتەی لە جیهانی دەرەکیدایە، ئەمـەش بـە واتـا چـەمکی (مــاڵی) دەگەیەنێت(هــەروەک چــۆن لــە پەیوەنــدی نێــوان هێمـای زمانـەوانی (حوشـتر) دەردەکـەوێت، کـە ئامـاژە بـۆ ئاژەڵێک دەکات هەمووومان دەیناسین).

**شلۆڤەکردن (parsing) :** چۆمسکی شـلۆڤەکردن بـەوە لێکدەداتەوە، کە پرۆسەیەکە بریتییە لە دابەشکردنی توخمـە زمانەوانییەکان بۆ پێکهاتەکانیان.

**زۆرەملێ(obligatory):** گوێزانەوەی زۆرەملێ؛ ئەمـەش پێویسـتە پیـادە بکرێـت هـەر کاتێـک شـیکردنەوەی ڕاسـت و دروستی بۆ دەستەبەر ببێت.

**نیشانە ـ پەلار(toker) :** ئاماژە بە تاکە ڕواڵەتی توخمی زمانەوانی دەکات، پێویستیشە لە ڕەهەندی (type) جودای بکەینەوە، بۆ نموونە ئەگەر دەربارەی ژمارەی پیتەکانی وشەی (بەغداد) بڵێین، کە لە پێنج پیت پێکدێت، ئەوە مەبەستمان ئەوەیە ئاماژە بە نیشانەکەی بکەین، بەڵام ئەگەر چوار پیتیان لێ بدرکێنین، ئەوا مەبەستمان ئاماژەکردنە بۆ ڕەهەندەکە.

**بونیاد(ڕۆنان) Structure:** واتای بەیەکەوەبەستنەوەی توخمەکانە بەشێوەیەکی ئاسۆیی، ئەم توخمانە لەم ڕستەیەدا هەن: (پیاوەکە بۆ بازاڕ چوو) بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەیەکەوە بەستراون، ئەویش بەگوێرەی چەند پەیوەندییەکی تایبەت، تاکو بونیادە تایبەتەکەی بەم ڕستەیە پێکبهێنێت، بەڵام ئەگەر بڵێین: ((منداڵەکە ڕۆیشت (بازرگانەکە...هتد) بۆ بازاڕ))، ئەوا لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان پیاوەکە یان منداڵەکە... هتد. بە پەیوەندییەکی ستوونی دادەنرێت، کە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون بکرێنەوە:

**پیاوەکە بۆ بازاڕ چوو.** توخمەکان ئەمانەن:

**منداڵەکە**

**بازرگانەکە**

**هتد.......**

بـــه پەیوەندییـــەکی قەرەبوویی(ســـتوونی) لـــە ڕووی جـۆرەوە بەیەکـەوە دەبەسـترێتەوە، هــەروەک بینیمــان لــە جۆری ناوەکان بە نموونە لەسەرەوە باسمانکرد.

**پاشـکۆیی** (**dependency**): پشتبەسـتنی توخمێـک بـە تـوخمێکی دی، هــەروەک لــە پشتبەســتنی (ئاوەڵنــاو) بــە (مەوسووف ـ ئاوەڵێنراو) لە زمانی عەرەبیدا دەردەکەوێت.

**گوێزانەوە** (**Tranformation**): بەشێکە لـە سیسـتەمی ڕێزمانی لە تیۆرەکەی چۆمسکی، کە لـە ڕێزمانێک پێکدێت توانای لابردن و سەربارکردن و جووڵاندنی توخمـەکان لـە شـوێنی خۆیـان یـان لەبریتـدانانی توخمێـک بـە تـوخمێکی دیکە. گوێزانەوەکان لە تیۆری چۆمسـکی یەکێکە لـە ئاستە زمانەوانییـەکانی ڕێزمـان، کـە بونیـادی قـووڵ بـۆ بونیـادی ڕووکەش دەگۆڕێت، یان هێڵێک بۆ هێڵێکی دی دەگۆڕێت.

**گوێزانــەوەکراو**(**Trans form**): ئـەو ڕسـتەیەی لــە ئەنجامی گوێزانەوە پەیدا دەبێت.

**هاوواتایی: synonymity ـ هاوواتاکان: synonyms**

**پێکهاتە: construction**

**بەرانبــەر** (**contrast**): دوو تــوخم بەرانبــەر یــەک دەبنــەوە، کـاتێ جیاکـار بـن، وەک بەرانبـەربوونی دەنگـی

(س) و (دەنگی (ز) لە زمانی عەرەبیدا سەبارەت بەم دوو واژەیە (سخر) و (زخر).

**دووبارە (ئامرِاز): recursive jevice**

**تەواوکار: complement**

**نوێنەرایـــەتی(representation):** ئـــەو وێنەیـــەی توخمێکی دیاریکراو بەگوێری ئاستێک لێی دەردەکەوێت.

**ئـــاوازا(intonation) ئـــاوازی بـــەرز ( rising intonation)، ئاوازی نزم (falling intonation)**

**هەناسەکردن: aspiration**

**دابەشکردن: distraibution**

**دابەشـــکردنی تـــەواوکار ( comp fementary distribution):** ئەمەش لە حاڵەتێکدا دەبێت، کە توخمێک جێی توخمێکی دی بە گوێرەی کۆت و بەندی دەوروبەری دیاریکراو بگرێتەوە.

**دابەشکردنی ئازاد (free distribution):** ئەمـەش لـە کاتێکدا دەبێـت، توخمێک جێـی تـوخمێکی دی بـەبێ کـۆتی دەوروبەر بگرێتەوە .

**ڕەگ : root**

**ڕەگەزدۆزی: (homonymity)، ڕەگەزدۆزی پێکهاتەیی (constructional homonymity)** : واتە ڕستەیەک لـە

ڕستەکان دوو داتاشین یان زیاتری هەبیت، کە جیاکار بن، ئەم وەسفە ڕووکەشیەی ڕستە شرۆڤەی ناڕوونی واتایی لە ڕستەکەدا دەکات.

**ئاخاوتن ـ قسە (discourse) :** لە کۆمەڵە گوتەیەک (utterances) پیکدێت، بەڵام قسەکردنی نموونەیی idealjiscourse لای چۆمسکی لە چەند ڕستەیەک پیکدێت، کە لە ڕێگەی ڕووت و ڕەهاوە دەستماندەکەوێت.

**دەنگ (vowel):** (بڕوانە دەنگی نەبزوێن (consonant)

قورگی: glottal

**هەواڵگەیاندن (predicate):** هەروەک لە (نیهاد و گوزارە) یان لە بکەر و کاردا دەردەکەوێت.

**هێڵی بەستنەوە (hyphen):** بەم هێمایە ( - ) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

**هێڵی (linear ):** واتە لەسەر شێوازی هێڵ.

**هێڵ(string):** لە بەدواییەکداهاتنی هێڵی هێماکان پێکدێت، ئەم هێمایانەش لەڕێگەی تۆڕێکەوە (concatination) دەبەسترێنەوە.

**هێڵی دەستپێکردن (initial string):** ئەمە یەکەم هێڵی داتاشینە، کە لەکاتی پیادەکردنی بونیادی فرێزدا لەوێوە دەستی پێدەکرێت، کە هەمیشە ڕ = S (ڕستە)یە.

**هێڵی کۆتایی (terminal string):** هێڵی کۆتاییە لە داتاشینەکەدا، ئەمەش دوای پیادەکردنی هەموو یاساکانی ڕۆنانی فرێز.

**واتاسازی(semantics):** ئەو زانستەیە گرنگی بە واتا دەدات، کە بەشی دووەمی زمانە، بەشەکەی یەکەمیش لە شێوە پێکدێت.

**زەخیرە (corpus):** ئەو ماددە خامەیە، کە زمانەوان کۆیان دەکاتەوە، بۆ توێژینەوەیان و گەیشتن بە ئەنجامە زمانەوانییەکان.

**نەبزوێن (consonant):** بەشەکەی دیکەش (دەنگ)ە، کە بزوێنە.

**دەوروبەر (context): دەوروبەری ئازاد ( context free، دەوروبەری جێگیر (context sensitive).**

**تۆڕ (concateiration):** پرۆسەی بەستنەوەی توخمەکانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەناو ڕستەدا، تۆڕ بەم هێمایە (+) ئاماژەی بۆ دەکرێت، بۆ نموونە:

ڕۆیشت + کوڕەکە + بۆ + باخچەکە، لەسەر ئاستی وشەکان؛ ڕۆیشت + ڕابردوو + + کوڕ+ ەکە + بۆ + + باخچە + ەکە لەسەر ئاستی فۆنیم.

**مەرج (condition):** لە کاتی پیادەکردنی چەند گوێزانەوەیەک پێویستیمان بە مەرجێکی تایبەت هەیە، سەرباری وەسفکردنی شیکردنەوەی هێڵەکە و ئەو گۆڕینەی لەناویدا ڕوودەدات. لەم هێڵەدا: (ئەحمە ئەحمەدی بینی)، کە ئەم شێوەیەی هەیە: فریزی ناوی + کار + فریزی ناوی، فریزی ناوی دووەم بۆ (جێناوی جەختکردن) دەگۆڕدرێت (خۆی) himself لەگەڵ نووسینی ئەم مەرجە: فریزی ناوی یەکەم = فریزی ناوی دووەم.

**شێوە ـ فۆرم(form):** زمان دوو لایەنی هەیە: شێوە و واتا. تیۆرە زمانەوانییەکان لە هەوڵدان یەکێک لەم دوو لایەنە یان هەردووکیان بە پەیوەندییەکانی نێوانیشیانەوە بکۆڵنەوە.

**شێوەیی ـ فۆرمیانە(formal):** پەیوەندی بە شێوە و فۆرمەوە هەیە نەک واتا، داتاشینی شێوەیی formalized، وەسفی شێوەیی formalization.


**بەکەڵکهاتن: adequary**

**کات (tense):** ئەو پەیوەندیەیە لەنێوان شێوە و کار و کاتـدا هەیـە، ئـەو ئامرازەیـە زمـان بـەکاری دەهێنێـت، بـۆ گوزارشتکردن لە بەشەکانی کات: ڕابردوو و ڕانـەبردوو و ئایندە.

**فرێز (phrase):** یەکێکـە لـە پێکهاتـەکانی ڕسـتە، ڕسـتە دەکـرێ بـۆ فرێـزی نـاوی و فرێـزی کـاری شـیبکرێتەوە، هەروەک لێرەدا دەبینین: کوڕەکە ـ نامەکەی نووسی.

**سەربار: conjunction**

**گرێ (node):** ئەمەش بە یەکگەیشتنەوەی دوو لقە لـە وێنەیەکدا (یان لە درەختێکدا) و فرێزی لێ پێکدێت.



**پەیوەندی ئارەزوومەندانە: selection alrelation**

**فـــۆنیم (phonemics)**: زانســـتی فـــۆنیم؛ زانســـتی یەکەکانی دەنگ، باس لـە فۆنیمـەکان یـان یەکـە دەنگییـەکان دەکات.

**کاتیگۆری (category)**: ئـەو توخمانـە یـان ئـەو فۆڕمـە ڕەهایانەیە، کە مۆرفیمەکان یان وشـەکان و ئەرکـەکانیان و جیاکارییە واتاییەکانیان دەستنیشان دەکات.

**یاســـا(rule)**: سیســـــتەمی ڕێزمانــــە(grammar)، چۆمســکی سیســتەمی ڕێزمــانی بــە کۆمەڵــە یاســایەکی ڕێزمانی هەژمار دەکات.

**ڕێزمــانی (grammatical ness)**: پلەیەکــە بــۆ هاوشـێوەیەیی ڕسـتەی ڕێزمـانی لـە زمانـدا، **ناڕێزمـانی (ungrammatical)**: واتـــای نەگونجانــــە لەگـــــەڵ ڕێزمانیبوونی زماندا.

**گوتە(utterance)** : ئەو وتانەی یەکێک دەیانڵێت کە بە هەڵوەستەیەک دەستپێدەکەن و بـە هەڵوەستەش کۆتاییان دێـت، ئـەم وتانـە ڕوون و ڕەهاییـان کـەمترە لـە ڕسـتە و پەیوەنـدییان بـە شـوێن و کـات و قسـەکەرەکەوە هەیـە، هــەروەها گوتــەکان ئــەو یەکانــەن، کــە ئاخاوتنیـــان discourse لــێ پێکـدێت، چۆمسـکی گوتەکـە بـە واتـا

ماڵییەکەی بەکاردەهێنێت، واتە ئەو شتەی تاکێک بەگشتی بەکاریدەهێنێت، کە بەشێکە لە چالاکی performance ، بەڵام بەشێک نییە لە توانست competence.

**نارستە (non – sentence):** ئەو زنجیرە نارێزمانییە، کە پەیوەندی بەو رستانەی زمانەوە نییە، کە وا باسیان لێوە دەکەین.

**پاشگر (affix):** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بەگشتی بە رەگەوە دەلکێن.

**زمانێکی خاوەن حاڵەتێکی سنووردار: finite state language**

**زمانی باڵا ـ میتازمان: metalanguage**

**مارکۆڤ Markov:** پرۆسەکانی مارکۆڤ خاوەن حاڵەتێکی سنووردارن finite state Markove processes.

**سەلمێنراو: theorem**

**لێڵ (ambiguous):** ئەم وشەیە چەند پێناسەیەکی هەیە، بۆ نموونە (عین) لە زمانی عەرەبیدا وشەیەکی ناڕوون و لێڵە، (کانی) دەگەیەنێت، هەروەها (چاو)ی مرۆڤیش دەگەیەنێت.

**پچڕپچڕ: (توخمە پچڕپچڕەکان) (discontinuous).** بۆ نموونە have – en بە توخمێکی پچڕپچڕ دادەنرێت، چونکە (en) لەدوای کاری سەرەکی بونیادی ڕووکەشەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە لە بونیادی قووڵەکەدا بە بەشێک لە (have) دادەنرێت.

**زنجیرە (sequence) :** بەدوایەکداهاتنی توخمەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی یان ستوونی.

**سنووردار: finite**

**هەواڵدەر (informant):** ئەو کەسەیە تویژەری کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی زانیاری بەکاری دەهێنێت، کە بەگشتی بە هەمان زمانی وانەکە دەخوێنێت.

ئاست (level): بەگشتی زمان دابەش دەکرێتە سەر چەند ئاستێک، ئەویش لەبەر ئاسانی شرۆڤەی چەند دیاردەیەکی زمانەوانی ناکرێ بەبێ ئەم دابەشکردنە شرۆڤە بکرێن، بۆ نموونە / araqadami / أراق أ د م ى) لە زمانی عەرەبیدا یەک بەرجەستەی هەیە لەسەر ئاستی دەنگی (بڕوانە شێوازی نووسینەکەی بە پیتە دەنگییەکان)، کەچی لەسەر ئاستی ڕستەسازی دوو بەرجەستە هەیە:

١ـ أری قدمی: پێیەکانی خۆم دەبینم، ٢ـ أراق دمی: خوێنمی ڕشت.

ئەگەر ئەم دابەشکردنە بۆ سەر ئاستە جیاوازەکان نەبوونایە، ئەوا نەماندەتوانی ئەم جیاکارییە بکەین.

**فەرهەنگ (lexicon):** بەشێکە لە سیستەمی ڕێزمان لە تیۆری گوێزانەوەی چۆمسکی.

**داتا، پێدراوەکان: data**

**پێکهاتەکان (constituents)**: ئەو توخمانەیە، کە توخمی زمانەوانی لێ پێکدێت، وەک وشە یان فرێز یان ڕستە. بۆ نموونە پێکهاتەی ڕستەی (براکەم بۆ شاری بەسرە گەشتی کرد)، گەشتی کرد (کار)ە، براکەم (فرێزی ناوییە)، بۆ بەسرە (فرێزی بەند)ە، پێکهاتەی فرێزەکە دوایی: بۆ (ئامرازی پەیوەندیی)یە، بەسرە (فرێزی ناوی)یە.

**پێکهاتەی ڕاستەوخۆ(immediate constituents):** ئەو توخمانەی وشە یان فرێز یان ڕستەیان لێ پێکدێت(بڕوانە نموونەکانی پێشتر)، توێژینەوە لە پێکهاتەکان و پەیوەندییەکانیان جێی گرنگی هەندێک لە تیۆرە زمانەوانییەکانن، بەتایبەتی تیۆری بونیاد structural Linguistics.

**مۆرفۆلۆجی(وشەسازی) (morphology):** ئەو توێژینەوە زمانەوانییەیە، کە گرنگی بە مۆرفیمەکان یان

یەکەکانی وشەسازی دەدات، ئەم زانستە بەگشتی گرنگی بە توێژینەوەی بونیادی وشە دەدات، بەبێ لێکدانەوەی پەیوەندییەکانی لەناو ڕستەدا، ئەمەش ئاستی زمانەوانییە، کە جیاوازی لەگەڵ ئاستەکانی دیکەدا هەیە، وەک ڕستەسازی (syntax) و فۆنۆلۆجی Phonology، لێرەدا ڕستەسازی گرنگی بە توێژینەوەی وشە و فریز لەناو ڕستەدا دەدات و فۆنۆلۆجیش لەو ڕێزمانە دەکۆڵێتەوە، کە بەکارهێنانی دەنگەکان لە هەر زمانێکدا بێت ڕێکدەخات.

**پێنوێنی فریز (phrase marker):** وێنەی وەسفی ڕۆنانی فریز، کە لە ئەنجامی پیادەکردنی ڕێزمانەوەیە، کە بە پێنوێنی فریزی سەرەکی ناوزەد دەکرێت، ئەگەر لە ئەنجامی پیادەکردنی ڕێزمانی ڕۆنانی فریزەکە بەرهەم هاتبێت، بەڵام پێنوێنێک لە ئەنجامی پیادەکردنی ڕێزمانی گوێزانەوە بەرهەم هاتبێت، ئەوا بە پێنوێنی فریزی داتاشراو derived phrase ناوزەد دەکرێت و گوزارشت لە پێنوێنی فریز دەکات بە وێنەکێشانی (درەختێک).

**ئامراز: device**

**هەڵوەستە: juncture**

**هێز stress: هێزکراو strssed**

**ڕستەسازی (syntax):** یەکێکە لە ئاستەکانی ڕێزمان، گرنگی بە پەیوەندی نێوان توخمەکانی ناو ڕستەدا دەدات، جیاوازی لەگەڵ مۆرفۆلۆجی(وشەسازی) و فۆنۆلۆجی و ئەوانی تر هەیە، ڕستەسازی لە تیۆرەکەی چۆمسکیدا بە بەشی شەشەم هەژمار دەکرێت لە توێژینەوەی سیستەمی ڕێزماندا.

**ڕێزمان (Grammar):** واتایەکی گشتگیری هەیە، کە مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی و ئاستەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

**سیستەمی ڕێزمانی خاوەن حاڵەتی سنووردار: finite state grammer**

**تیۆر (theory):** تیۆرێک پێویستی بە سەلماندن هەیە.

**تیۆری میتا(باڵا): Metatheory**

**ئاوەڵناو : adject**

**ڕەهەند(type)** جیاوازی لەگەڵ پلار . نیشانە (token) هەیە بڕوانە (پلار).

**ناوک (kernel):** ڕستەی ناوک ئەوەیە لە هێڵە سەرەکییەکەوە دەستماندەکەوێت، یان لە بونیادی قووڵەوە بەدەستی دێنین، ئەویش بە پیادەکردنی تەنها گوێزانەوەی

زۆرەملێ. ڕستەکانی ناوک لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەی هەواڵگەیاندنی ئەرێی بکەردیارن، بەڵام ڕستەکانی دی لێوەی داتاشراون. چۆمسکی جیاوازی لەنێوان ڕستەی ناوک و ڕستە داتاشراوەکاندا کردووە لە کتێبەکەی یەکەمیدا، کە وەرگێڕانەکەیتان دەخەینە بەردەست، بەڵام چۆمسکی ئەم جیاوازییەی لە کتێبێکی گرنگی خۆیدا لابرد، کە کتێبی دووەمیتی و لە ساڵی (١٩٦٥) بڵاوی کردەوە لەژێر ناونیشانی (Aspects of theory of syntax) چەند لایەنێک لە تیۆری ڕستەسازی.

# ناوەرۆک

پێشەکی وەرگێڕ (کوردی)........................................... ٣
پێشەکی وەرگێڕ (عەرەبی)........................................... ٥
پێشکەشکردن........................................................ ١٧
پێشەکی............................................................. ٢٢
(٢) سەربەخۆیی سیستەمی ڕێزمان.................................. ٢٦
(٣) تیۆری یەکەمی زمانەوانی........................................ ٤٢
(٤) ڕۆنانی فریز............................................................ ٦٤
(٥) دەستنیشانکردنی وەسفی ڕۆنانی فریز.............................. ٨٦
(٦) دەربارەی ئامانجەکانی تیۆری زمانەوانی............................. ١٣٤
(٧) چەند گویزانەوەیەک لە زمانی ئینگلیزدا.............................. ١٦٢
(٨) توانای شرۆڤەکردی تیۆری زمانەوانی................................. ٢٣٤
(٩) ڕستەسازی و واتاسازی................................................. ٢٥٣
(١٠) پوختە................................................................ ٢٨٢
(١١) پاشکۆی یەکەم/ هێما و زاراوەکان................................ ٢٩٥

(١٢) پاشــكۆی دووەم/ چەنــد نموونەیــەک  لــە ڕێزمــانی ڕۆنانی فریز و ڕێزمانی گوێزانەوە لە زمانی ئینگلیزیدا......٣٠٠
ئـەو هێمایانـەی لـە دەقـە ئینگلیزییەکـە و لـە بەرانبەریـدا  لـە وەرگێڕانەکە بەکارهاتوون..................................٣١٠
فەرهەنگی زاراوەکان.......................................٣١٣